# هەزارمێرد

ژمارە ( ٦ ) سالی دووەم
کانوونی یەکەم ١٩٩٨

ەرزە گۆڤارێکی زانستییە، لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان ئەدوێ



ڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەواری وەزارەتی ڕۆشنبیری
کومەتی هەرێمی کوردستان دەری ئەکات

ژماره (٦)
سالی دووەم
کانوونی یەکەم ١٩٩٨

# هەزارمێرد

وەرزە گۆڤـــــارێکی زانســــــتییە
لـە شـــوێنەوار و مێـــژووی کوردســـتان ئـــەدوێ
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەوار دەری ئـەکات

خاوەن ئیمتیاز
جەمال عەبدول

سەرنووسەر
دکتۆر نەبەز مەجید ئەمین

سکرتێری نووسین
کەمال نوری مەعروف

دەستەی نووسین :
رافیـدە عەبـدوڵلا عەبـدوسـەمـەد
هاشـــم حەمـــە عـــەبدوڵلا
نەســـرین خواکـــــەرەم

ناونیشان : سلێمانی - بەڕێوەبەرێتی گشتیی شوێنەوار ژمارەی تەلەفۆن : ٢٢٢٣٧٢

# هەزارمێرد

ژمارە (٦)
ساڵی دووەم
کانوونی یەکەم ١٩٩٨

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە
لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان ئەدوێ

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەوار دەری ئەکات

# ناوەرۆك


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| وتەیەكی پێویست | جەمال عەبدول | ٣ |
| ئەشكەوتی شانەدەر ... شوێنێكی چاخی بەردین | گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە دانا عومەر | ٤ - ٣٨ |
| نەخشە هەڵكەندراوەكانی تاقۆسان | گۆڕینی لەفارسییەوە حەسەن عەبدولكەریم | ٣٩ - ٥٥ |
| چیرۆكی دۆزینەی ئێسكی پەیكەری سێ‌لاوی نیاندەرتاڵ بەشی دووەم و كۆتایی | گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە رزگار عومەر | ٥٦ - ٧٢ |
| ئەژدەهاك لەنێوان ئەفسانەو مێژوودا | گۆڕینی لە فارسییەوە حەسەن عەبدولكەریم | ٧٣ - ٩١ |
| ڕوانگە خاكناسییەكانی شوێنەوار زانی لە عێراقدا | گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە مەهاباد جەمال | ٩٢ - ١٠٤ |
| لێكۆڵینەوەیەكی سەرەتایی لەسەر پاشماوەكانی شوێنەواری كەریم شایەر | كەمال نوری مەعروف | ١٠٥ - ١١٩ |
| بەڵگەنامەیەكی دووەم حكوومەتی كوردستانی باشوور | سدیق ساڵح | ١٢٠ - ١٢٥ |
| شانشینی شێر | گۆڕینی لەئینگلیزییەوە هاشم حەمە عەبدوڵلا | ١٢٦ - ١٣٤ |
| خورماڵ و شوێنەوارە دێرینەكانی | مێژوونووسێك | ١٣٥ - ١٤١ |
| ئاگری پەرستگای زەردەشتی سپی لەقەڵای شیلە | شوێنەوار ناسێك | ١٤٢ - ١٥٨ |
| شوێنەواری سەرمەیدان لە گوندی سوێرەڵەی دەشتی كۆیە | كەمال نوری/ هاشم حەمە عەبدوڵلا | ١٥٩ - ١٦٦ |


# المحتويات


| الموضوع | الكاتب | الصفحة |
|---|---|---|
| المشطوب الهكاري .. القسم الثالث | بقلم باحث | ١٦٨-١٨٣ |
| كنز زيويه ... | نسرين خوا كرم | ١٨٤ - ١٩٥ |
| كوردستان الجنوبية . تعليق عن اثارها وتأريخها القديم | ترجمتها من الانكليزية رافدة عبدالله عبدالصمد | ١٩٦ - ٢٠٣ |



نەخشەی بەرگ و دەرهێنانی هونەری: هەیاس

یاریدەدەری هونەری: نەهلە رۆكسی

كۆمپیوتەر: وەزارەتی ڕۆشنبیری

چاپ: چاپخانەی تیشك

تیراژ: ٣٥٠


**بەرگی پاشەوە**

وێنەی پیرەمێردی شاعیر

# ووته‌یه‌كی پێویست

جه‌مال عه‌بدول

وا دیسان ژماره‌یه‌كی نوێی گۆڤاره تاقانه‌كه‌ی شوێنه‌وارو مێژووی وه‌زاره‌تی رۆشنبیری ، كه‌وته‌وه به‌رچاوی په‌رۆش و دڵسۆزانی مێژووی ئه‌م كورده زۆر لێكراوه‌و له كاتێكدا كه گه‌لانی هوشیارو خواپێداوی وڵاته پێشكه‌وتوو گه‌شنده ژێره‌كانی جیهان ، به دڵ و گیان و هه‌موو توانایه‌كیان ئاسه‌وارو شوێنه مێژوویی و دێرینه‌كان و به‌ڵگه‌نامه‌و نووسراوه گرنگه‌كانی خۆیان له كتێبخانه‌و مۆزه‌خانه‌و ئه‌رشیڤه نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی خۆیاندا ئه‌پارێزن و هه‌موو تاكه كه‌سێكیان ئه‌و شتانه به هی خۆیان ئه‌زانن و كۆمه‌ك و هاوكاریان ئه‌كه‌ن و هه‌رچی بابه‌تێكی تایبه‌تی و خێزانیشیان هه‌بێ ئه‌یسپێرن به‌و شوێنانه بۆ خزمه‌ت كردن و سوود لێوه‌رگرتنیان ، به‌ڵام هه‌زار داخ ، ئێمه‌ی ناهوشیارو نرخ نه‌زانیوی ئه‌و بابه‌ته گشتی و نه‌ته‌وه‌ییانه كه بنه‌مای مێژوو قه‌واڵه‌ی دێرینی وره‌سه‌نیی بوونی نه‌ته‌وه‌ییمانه ، به ناره‌واو بێ به‌زه‌ییانه تاڵانفرۆش ئه‌كه‌ین و زۆر به داخیشه‌وه تا ئێستا ته‌نانه‌ت حیزب و كۆمه‌ڵه‌و رێكخراوو مه‌ڵبه‌نده زانستی و رۆشنبیری و فه‌رمانگه‌كانی خۆشمان وه‌ك پێویست به ده‌نگمانه‌وه نایه‌ن و ئه‌رشیف و مۆزه‌خانه‌كان به هی خۆیان نازانن و هیچیان لادانێن و پێ ناسپێرن ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا كه جاره‌ها نامه‌یان بۆ نێردراوه‌و ئاگادار كراون .

سه‌رباری هه‌موو ئه‌مانه‌ش ، رێكخراوی یونسكۆ ، كه یه‌كێك له ئه‌ركه هه‌ره گرنگه‌كانی ئه‌ستۆی پاراستن و بوژاندنه‌وه و گه‌شه‌پێكردنی كولتوری گه‌لانه له جیهانداو بایه‌خ پێدان و خزمه‌تكردن و پارێزگاریی شوێنه‌وارو ئاسه‌واره‌كانێتی ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا جاره‌ها به دیدارو به نووسراوو نامه‌ی تایبه‌ت داوامان لێ كردوون و په‌یوه‌ندیمان كردووه به به‌رپرسه‌كانیانه‌وه له هه‌موو ئاستێكدا ، به‌ڵام به داخه‌وه تا ئێستا هیچ سودێكی نه‌بووه‌و جاره‌ها ئه‌وه‌شمان خستۆته به‌رچاو كه پێویسته به هاوكاری و هاوئاهه‌نگی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیرانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان و وه‌زاره‌ته په‌یوه‌ندیداره‌كانی بریاری (٩٨٦) ، كارێك بكرێت ، كه به‌شێكی كه‌می ئه‌و پاره‌یه ، ئه‌گه‌ر به شێوه‌یه‌كی ناراسته‌وخۆش بێت ، چاره‌سه‌ری پێویستی و ناته‌واوییه زۆرو زه‌به‌نده‌كانی وه‌زاره‌تی رۆشنبیری و خزمه‌تی لایه‌نه روناكبیری و فه‌رهه‌نگییه‌كانی پێ بكه‌ین به‌ڵام به داخه‌وه تا ئێستا ئه‌ویش بێ سوود بووه‌و داهاتی حكومه‌تیش ئه‌وه‌نده نییه كه وه‌ك پێویست بتوانێ داخوازییه‌كانمان بۆ دابین بكات .

به هیوایین له ژێر سایه‌ی ئاشتی و ئارامیی تاسه‌ری كوردستان و یه‌كێتیی ریزه‌كانی گه‌له‌كه‌ماندا بتوانرێت دڵسۆزانه له‌داهاتی یه‌كگرتوو گشتگری كوردستان ، ئاورێكی دڵسۆزانه له وه‌زاره‌تی رۆشنبیری بدرێته‌وه و پێویستییه فه‌رهه‌نگییه‌كانی بۆ دابین بكرێت و مێژوونووس و رۆشنبیرو شاره‌زایانی شوێنه‌وار هاوكاریی گۆڤاره‌كه‌یان بكه‌ن و ( هه‌زار مێرد) به هی خۆیان بزانن و له به‌رهه‌می نووسین و توێژینه‌وه مێژوویی و شوێنه‌وار زا نییه‌كانیان بێ به‌شی نه‌كه‌ن ، له هه‌ر كوێیه‌ك و به‌هه‌ر ناوێكه‌وه بێ .

## ئەشکەوتی شانەدەر ....

# شوێنێکی چاخی بەردین لەکوردستانی عێراق و پەیوەندی بەردەوام بوونی چاخی بەردین لەعێراقدا

نووسینی /رالف . س . سۆلکی
هاوکار لە نووسینگەی بیرۆی مرۆڤزانی ئەمەریکی
دانا عومەر لە ئینگلیزییەوە گۆڕیویە

پێشەکی : بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوە شوێنەوارزانییەکانی خۆرئاوا لێکۆڵینەوەکان لە خۆرهەلات زۆر دوا کەوتووە . ئەم راستیەش بە تایبەتی لە عیراقدا وەدەرئکەوێ . ئەو عیراقەی کە ناسراوە بە دۆزینەوەی شوێنەوارزانییەکان تیایدا بۆ ماوەی پتر لە (١٠٠) ساڵ . بەهەرحاڵ ، هەمووی نزیکەی (٢٥) ساڵ لەمەوبەر بووکە یەکەم هەڵکەندنی شوێنەواری پاشماوەکانی مرۆڤی چاخی بەردین ئەنجام درا لەوێ و هەتا ئەم نزیکانەش هیچ لێکۆڵینەوەیەك یان پشکنینێك لەم بوارەدا ئەنجام نەدراوە لە عیراقدا .

مەبەست لەم نووسینە پتەوکردنی ئەو زانیاریە لاوازو کەمەیە کە تا ئێستا وەدەستمان کەوتووە لە بارەی چاخی بەردینەوە لە عیراقدا بە شێوەیەکی کورت ، لەگەڵ بایەخدان بە پشکنین و لێکۆڵینەوەکانی نووسەر خۆی لە ئەشکەوتی شانەدەری کوردستانی عیراق . گرنگترین دۆزینەوە بەرچاوەکانی دوو وەرزی کارکردن لە ئەشکەوتی شانەدەر بریتین لە دوو دانە : یەکەم کۆمەڵکردنی هەندێ زانیاری شوێنەوارزانی تر لەسەر ئەو زانیارانەی کە تا ئێستا هەمان بووەو زانیومانە لەبارەی پەیوەندی چینایەتی گڵ لە عیراقداو دووهەم دۆزینەوەی پاشماوەی ئێسکە پەیکەری منداڵەکەی ئەشکەوتی شانەدەر . کارەکە ، کە لەسەر پارەو بودجەی (بروس هاوی) پەیمانگەی (سەمشۆنی) لەو وەرزەدا ئەنجام ئەدراو دیسان لە لایەن بودجەو یارمەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسەواری عیراق هەردوو تیمی نێرراوی هەردوو پەیمانگەکە بە هاوبەشی هەستاون . بۆیە لێرەدا ئەڵێم کە ئێمە زۆر قەرزاری د. (ناجي الأصيل)ی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسەوارەکان لە عیراق کە بە تایبەتی خۆی زۆر بە گەرمییەوە بە دوای

ئیش و کارەکانی ئێمەدا گوێ قولاغ بووە ، هەروەها زۆر قەرزاری خۆی و پەیمانگەکەین ، چونکە بەرێوەبەرایەتی گشتیی ئاسەوار نەك هەر پارەو بودجەی کارەکەی گرتە ئەستۆی خۆی لە ئەشکەوتی شانەدەرو شوێنەکانی تر بەڵکو هەرچی پێویست بوو لە فەرمانبەرو کارگوزارو کەرەسەو کارئاسانی کە بمانویستایە بۆی ئامادە کردبوویین و خستبوویە بەر دەستمان لەهەردوو وەرزی ئیش و کارەکانمانا لەگەڵ رێزو سوپاسی بێ پایاندا بۆی . ئەم راپۆرتە کارێکی سەرەتاییەو زانیارییە راستەقینەکان هێشتا هەر بەرێوەیە تا شیتەڵ و شیکار بکرێ . نزیکە ٢٥ کۆی گشتیی بارستایی و قەبارەی ئەشکەوتەکە هەڵکەندراوە لەم دوو وەرزی کارکردنەدا . لە وەرزی یەکەمدا چاڵەکە هەڵکەندرا لە نێوان ٦ - ١٦ ی ئۆکتۆبەر ، ٢٠ - ١٥ ی نۆڤەمبەرو ١٤ - ٢٧ ی دیسەمبەری ١٩٥١ و لە وەرزی دووەمدا چاڵەکە گەییێندرا بە ئاستی تەواو بوون لە نێوان ٩ - ٢٩ ی مایس ، ٦ - ٢٦ ی حوزەیران ، ٢٠ ی تەمووز و ١٥ ی ئابی ١٩٥٣ .دۆزینەوەی ئێسکە پەیکەری منداڵەکە لەناو چینە ناوەڕاستەکانی بارستایەکی نیشتووی (مۆستێری) سەردەمی چاخی بەردینی کۆندا بوو لە ئەشکەوتەکەدا .

دۆزینەوەی نیشانەی ئاسەواری پاشماوەی ئەم ئێسکە پەیکەرە لە ئەشکەوتی شانەدەر وەك شوێنێکی گونجاوو مەعقولی چوارەمین شوێنی دۆزراوەی سەرەکی مرۆڤی نیاندرتالی لە کیشوەری ئاسیادا ئەوە ئەگەیەنێت کە بوونی پاشماوەی ئێسکە پەیکەری ئەو منداڵە لەو قورو بارستاییە مۆستێرییەدا مانای ئەوەت ئەداتێ کا دابنرێت بە یەکێك لە رەگەزی نیاندرتاڵ نەژاد . یەکەم ئێسکە پەیکەری چاخی بەردینە کە لە عیراقدا دەربهێنرێت . هەرچی ئاسۆی زانیارییە تازەکانیشە لە بارەی شوێنەوارزانییەوە خۆیان لەو کەرەسەو شتومەکە دەستکردانەدا ئەبیننەوە کە دۆزراونەتەوە لە ناو چینەکانی سەردەمی چاخی بەردین کە ناسراون بە پیشەسازی برادۆست . ناوی دەوڵەتی عیراقی ئێستا واتە ووشەی عیراق یانی لاپاڵ لە عەرەبیدا ناوێك بووە لە بنەڕەتا بەکار هاتووە دوای ئەوەی عەرەب ناوچەیەکی دیاریکراوی داگیر کردووە کە بەشێکی کەوتووەتە نێوان هەردوو رووباری دیجلەو فورات و ناسراوە لە ئەدەبی کۆندا بە بابل لە باشووری میسۆپۆتامیاو ناوی عیراقی لێنراوە . عیراقی ئێستاش ئەو ناوچەو بەشە جوگرافیە ئەگرێتەوە لە خۆرهەڵاتی نزیك کە کاتی خۆی پێی ووتراوە میسۆپۆتامیا لە ژێر دەسەڵاتی ئیمبراتۆریتی عوسمانییەکاندا بووە ، یان بە واتای وولاتی نێوان دوو رووبار . ئەمەش بەشێکە لەو ناوچەیەی کە ناسراوە بە (الهلال الخصیب) کە شارستانیەتی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری و فارسی و یۆنانی و دوا رۆژەکانیانی بە خۆوە بینیوە چ لە سەردەمی

گەشـــەکردنیا یـــا لـــە ناوچوونیـــا.

## فیزیوگرافیای عیراق

## جوگرافیای سروشتی عیراق

لە رووی فیزۆگرافیای سەرەکییەوە (رووی سرووشتی عیراق) عیراق ئـەکرێت بـە سـێ ناوچەی سرووشتیەوە کە برێتین لە:

١- سـنووری لای خۆرهـەڵاتی دەشـتی عەرەبی کە لە لاپاڵ و کەندی ئەم ناوچەیەوە ناوی عیراق وەرگیراوە کە ناوچەیەکی بیابانی بێ پیت پێك ئەهێنێت لە خۆرئاوای عیراق.

٢- هەردوو دۆڵی رووباری دیجلەو فورات لە نێوان دەشتی ئاسیای بچووك و کەنداوی عەرەبی.

٣- زنجـیرە چیـای زاگـرۆس کـە بەرزاییەکـەی دەگاتـە (١٢) هـەزار یـان (١٤) هـەزار پـێ لە سـەرووی دەریاوە، کـە دۆڵـی میسـۆپۆتامیا لە ناوچەیـەك بـەلای بـاکوورو خۆرهەڵاتا دائەخات. هەردوو رووباری دیجلەو فورات بە لقەکانیانەوە بە تایبەتی دیجلە کە زۆر لقی دێتە سەر لە بەشی باکووری عیراق یـان بـە دواوە. تـەوەرەی گشـتی رووبـەری عـیراق لـە خۆرئـاوای بـاکوورەوە بـەرەو خۆرهـەڵاتی باشـوور بە دوای هێڵـی هـەردوو رووبارو دۆڵە سەرەکییەکە. بەشی باشووری دەشتی میسۆپۆتامیا لە تەختی و پانێتیا وەك مێزێك وایە لە کاتێکدا بەشی سەرەوەی وڵات کـە لـە بـەغدادەوە هەڵئەکشـێ بـەرەو ژوور هـەندێ چـاڵ و چۆڵـی و هـەردەی دیـاری رووخسـارزانی زەمیـنی پێـوە دیـارە. لـە باکووری وڵات ناوچەیـەکی دەشـتایی دێمەرۆکی زۆر وشك بێ دارو درەخت لێیە کە ئاوو هەوایەکی وشکی درووسـتی هەیە وەك ئەوەی کە لە زۆر شوێنی خۆرئاوای باشووری ئەمـەریکا هەیـە. ناوچەیـەکی نـاخۆش و نادرووستی گۆم و زەلکاوی هەیە لە باشووری وڵات کە هاوسنوورە لەگەڵ بیابانێکدا لە لای خۆرهەڵاتی چیاکانی ئێران.

## مێژووی پلۆ پلیستوسینی
## (چاخی نوێی نزیك) عیراق

زانیـاری گرنـگ بـۆ زیـاتر لێزانینمـان و تێگەیشـتنمان لە چـاخی بـەردینی عـیراق و خۆرهەڵاتی نزیك برێتییە لە لێکۆڵینەوەیك و باسێك لەسـەر راو بۆچوونێك لە بارەی ئـەو بۆچوونەی کە گوایە کەنداوی فارسی درێـژ بووەتـەوەو گەیوەتـە میسـۆپۆتامیا. ئـەم درێژبوونەوەیـــەو گەیاندنـــەی دەریایـــە بەربەستێك بووە لە رێی کۆچکردنـی گەلانی پێـش مێـژووە لـە نامیلکەیـەکی تـازەی سـوودمەندا لیـس و فـالکۆن نیشـانیان داوە لەسـەر بوچوونـەکانی (دیمۆرگـان) کـە بۆچوونێکی زانستیانەیە تیایا بۆ ئەوە چووە گوایە ئەو درێژبوونـەوە پێشـووەی کەنداوی فارس کاتێك بووە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی خاکناسییانە ئەدۆزرابووەوە. ئەو هەڵکشان و درێژبوونەوەیە رووەو زەوی و تێپەڕبوونی لە ئاوی دەریا ئەوەی گەیاندووە کە کۆچ کردنی نەتـەوەو گـەلانی ناوچەکـە وای پێویسـت کـردووە پـەرش و بـڵاو ببنـەوە رووەو

خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە نێوان یال و پێدەشتەکانی زاگرۆس و لێواری ئاوو دەریاکان لە باکوورەوە . لیس و فالکۆن هیچ ئاسەوارو بەڵگەیکی پاشماوەی ئاوو دەریایان نەدۆزیوەتەوە لە هیچ شوێنێکی دەشت و بانەکانی بەشی سەرەوەی میسۆپۆتامیا . ئەم دوو نووسەرە لێکۆڵینەوەیەکیان کۆکردووەتەوە لەسەر هەڵکەندنە شوێنەواریەکان هەروەها تێبینییە خاکناسییە فیزیاویەکان لەگەڵ وێنەی بەفرۆکە گیراو کە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی دیمۆرگان دەرئەخەن کە دیجلەو فورات و رووبارەکانی قورنە بەرەو پێش ناچن بۆ پێکهێنانی دەلتایەکی ئاسایی . لە جیاتی ئەوە ، ئەم رووبارانە هەرچییان هێناوە لەگەڵ خۆیان لە تورو لیتەی نیشتوو ئەیرێژنە ناو قوولایی دەریای نقووم بووەوە . ئەو راستییەی کە هەرگیز شتی وا نەبووە کەنداوی فارسی درێژ بوبێتەوە رووەو باکوور لە سەردەمانێکا کە مرۆڤ نیشتەجێ بووە

ئەو راوبۆچوونە بە درۆ ئەخاتەوە کە لە لای شوێنەوارناسەکان پەیدا بووە ، بە پشت بەستن بە تیۆرییەکەی دیمۆرگان کە گوایە لە چاخی بەردینیدا مرۆڤ ناچار بووە بە دەوری تەپڵەسەری کەنداودا هاتبن و چوونی بەلای نزیکی باکووری میزۆپۆتامیادا . ئێستا ئەتوانین وای لێکبدەینەوە کە مرۆڤ توانیویەتی بە کاڵەو کەوشی وشك و رەقەوە بە درێژایی و پانتایی دەشت و بانەکانی میزۆپۆتامیادا هاتوچۆیان کردبێ ، هەروەك لەمەو دوا ئاماژەی بۆ ئەکرێ .

ئەوەی کە زۆر گرنگە سەبارەت بە جیۆکرۆنۆلۆجی (مێژووزانی زەمین) ناوچە شوێنەواری و دێرینە ئاسەکانی پێش مێژوو برێتییە لە دیاریکردنی چۆنیەتی پێك هاتن و دروست بوونی وشکانی(زەوی) لە کۆنا لەگەڵ ئەو سەردەمانەی کە مرۆڤ لە و وشکانیانەدا جێگیرو نیشتەجێ بوون .

لە هەموویان دیارتر لەناو ئەو وشکانیەدا کەنار دەریا قوتەوە بووەکانن یان بارست و سەکۆ ئاوییەکان لەگەڵ بارست و سەکۆ دەرکەوتووەکانی کەنار رووبارەکان ( کەندو کەنەڵانەکان) . بارست و سەکۆ ئاوییەکان لێرەدا باسی لێوە نەکراوە چونکە ناملکەو باسەکەمان ئەو بابەتەی نەگرتۆتە خۆ . راستییەکەشی لەوە چووە کە چەندین نارەحەتی و گیروگرفتی بەرچاو هەبووبن کە هیچ پەیوەندیداری بارست و سەکۆ ئاوییەکانی کەنداوی فارس ، کە هەردوو رووباری سەرەکی میسۆپۆتامیای تێئەڕژێ لەگەڵ ئەو بارست و سەکۆیانەی لە دەوروبەری روبارەکانی هەمان ناوچەدان (لیس و فالکۆن) ئەڵێن کە هیچ گۆرانکاری تازە لەسەر ئەو سەکۆو بارستاییە ئاوییانەدا نەهاتووە لە دەورووبەری کەنداوی فارسیدا چونکە ئەو جووڵەو بزوانە داخراوە کورەی کە بەدەم کەناڵی دەریاکەوەن هێشتا هەر کاراو چالاکن گەلی بەشی خامۆش و نیشتووی

کەنار دەریا داویەتەوە لە یەك و هێڵێکی پێکهێناوە لە گەڵ هەل و مەرجی ئەو دۆڵ و نشێوییە لەناو بارست و سەکۆ لێژو چاڵەکانا لە لایەکی تری بەشە کورەکەی تەنیشتییەوە هـ . ئی . رایت ی خاکناس . کە لەگەڵ تیمە نێردراوەکەی پەیمانگای خۆرهەڵاتی شیکاغۆ چوبووە عیراق لە (١٩٥١) دا لە نێوان گەلێ شتی تردا باس لەوە ئەکا کە سەکۆو بارستی رووبارەکان یەکی نەگرتۆتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە دەریاییـن وە بە شوێن ئەوانا نەڕۆیشتونەتەوە لە هیچ سەردەمێکی سەرهەڵدراوی خاکناسیدا لە کوردستانی عیراق . لەلای سەرەوەی میسۆپۆتامیا تۆماری سیستمێکی زیادو بەرچاوی ئەو بارست و هەڵوانە بەدی ئەکەین کە لە دەورووبەری رووباری فورات و دیجلەو زێی گەورەن .

(پاسیمار) بۆی دەرکەوتووە کە بارستایی هەیە بە درێژایی رووباری فورات بە بەرزایی (١٠٠، ٦٠ ، ٣٠ و ١٥ م) . لەوێ لە شوێنێکاو لە سەکۆیەکی ٣٠ مەتریدا تەورێکی دەستی دۆزیوەتەوە کە دەری ئەخات ئەو ناوچەیە کاتی خۆی داگیر کراوەو خەڵکی لێ نیشتەجێ بووە لە سەردەمەکانی خوارەوەی چاخی بەردین . خاکناسییەکانی کارگەی نەوتی عیراق لە کەرکوك رایانگەیاندووە کە لەیەکێك لە پشکنین و پێوانەکانیانا لە نێوان هەردوو گوندی (تەرجیل و روودخانە) لە باکووری خۆرهەڵاتی (تاوق) لە کوردستانی عیراق شوێنی (٥) کۆنە چەمیان بۆ دەرکەوتووە کە

(٥) سەکۆیان بە یەکەوە بەستووەتەوە ئەم بارستە سەکۆیانە کەوتوونەتە داوێنی ئاوەڕۆی جۆگەو جۆگەلەکانی رووباری دیجلە . ئەو بەرزایی و هەورازانەی کە لەم بارستاییە سەکۆییانەدا کەوتوونەتەوە لە سەرووی ئاستی رووبارەکەوە بەم جۆرەی خوارەوە پێوراون :

سەکۆی یەکەم : (٢٨٩) پێ

سەکۆی دووەم : (١٩٠) پێ

سەکۆی سێیەم : (١١٠) پێ

سەکۆی چوارەم : (٦٥ و ٥٥ پێ

سەکۆی پێنجەم : (٣٣ پێ و ٢٥ پێ .

رێـژەی دەم کەل و ئاسۆی بارستاییە سەکۆییەکان کە نەگۆڕو جێگرن نزیکە (١٠) پێیە بۆ سەکۆی چوارەم و پێنجەم و نزیکەی (٢٠) پێیە بۆ سەکۆی دووهەم و سێیەم بە راوێژکاری خاکناسی بۆ ئەو بەنداوەی کە نیاز بووە لەسەر سەرچاوەی تەنگی بێخمە لە ناوچەی رواندزی کوردستانی عیراق بکرێت وای ئەگەیەنێت کە چوار سەکۆو بارستە ئەستوی چەو دەمکەل کەوتوون لەسەر زێی گەورە . جۆرەها سەکۆو بارستایی لەم جۆرە بە درێژایی زێی گەورە لێرەو لەوێ سەریان هەڵداوە ، بە دابڕاوی و لێك جیا جیان و بەرزایی و بارستاییشیان برێتیە لە (٩٠ - ١٠٠) مەتر ، (٥ - ٤٠ م) ، (١٥ - ٤ م) لە سەروو ئاستی زێیەوەن . لە زۆر شوێن و ناوچە ئەم سەکۆ نیشتووانە وەك قسڵ و چیمەنتۆی رەقیان لێهاتووەو چاڵ و

نشێوەکانی بەینیشیان پڕە لە هەندێ کەرەسەی زل و زەبەلاح کە لەوانەیە ئاوی لافاوی ڕووبارەکان توانای هێنانی ئەم شتانەی نەبووبێ لەو سەردەمی باران زۆری ئەو زەمانەدا .

توانیم چەند تێبینییەکی خۆم بکەم لەسەر ئەو سەکۆو بارستایانەی کە لە نزیك دێی شانەدەرو زێی گەورەدا هەبوون لە کاتی گەڕانما لە ئەشکەوتی شانەدەرو دەوروبەری . بە هۆی ئامێرێکی لێمیتە دەستییەوە بەرزایی دوو سەکۆی سەرزێی گەورە کە نزیکەی نیو میل ئەکەوێتە سەروو ئەو خاڵەی کە زێی گەورەو ڕووباری ڕواندز تیایا بە یەك ئەگەن پێوراوە . یەکێك لە سەکۆکان ئەکەوێتە سەر ڕووبارەکە بە نزیکەی ٥٠ پێ و سەکۆکە نزمترە بە نزیکەی ٥ پێ کەوتووە سەرووی ڕووبارەکە . پۆلیسخانەی شانەدەر کە لەسەر سکۆیەك و بارستاییەکی پانی ڕەقی قسلاوی دروست کراوە بە بەرزایی ١٤٠ پێ ئەکەوێتە سەرووی ئاستی ڕووبارەکەوە تێبینییەکانی پاسناردوو خاکناسەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراقی و (هیت چن) و نووسەری ئەم باسە وا لەم خشتەی خوارەوەدا ئەیخەینە ڕوو پێوانەکان کە بە پێیە دەگۆڕێن بۆ نزیککردنەوەی لە مەتر .

**خشتەی یەك**

| بارستەکانی سەر زێی گەورە سوڵکی | بارستەکانی سەر زێی گەورەو ڕووباری ڕواندز (هیت چن) | بارستەکانی نێوان هەردوو گوندی تەرجیل و ڕودخانە کۆمپانیای نەوتی عیراق | بارستەکانی سەر فورات (پاسمارد) |
|---|---|---|---|
| | ٩ – ١٠٠ مەتر | ٨٠ مەتر - ٢٨٩ پێ<br>٨و٥١ ٩و٥٧ مەتر (١٣٠ – ١٩٠) پێ | ١٠٠ مەتر<br>٦٠ مەتر |
| ٩و٤٢ (١٤٠) پێ | ٣٥ – ٤٠ مەتر | ٤و٣٣ و ٥و٣٣ (٩٠ – ١١٠) پێ | ٣٠ مەتر |
| ٢و١٥ مەتر (٥٠) پێ | ١٥ مەتر | ٧و١٦ و ٨و١٩ (٥٥ – ٦٥) پێ | ١٥ مەتر |
| ٦و٧ مەتر (٢٥) پێ | (٤) مەتر | ٦و٧ و ١و١٠ (٢٥ – ٣٥) پێ | |

وا پێ ئەچێ کە ئەم سەکۆ بارستانە لە ئەنجامی گۆڕانکاری ئاوو هەوا پەیدا بوو بن لەسەردەمی پلاستۆسیندا . هەروەك (هیتچن) تێبینی کردووە ئەو کەرەسەو شتوومەکە زەبەلاحانەی کە لەناو سەکۆو بارستە چەولکەکاندا بوون پێ ئەچێ بەڵگەو قەواڵەی سەردەمی باران زۆربارین بن . (ڕایت) دەری ئەخات کە لەسەر بنچینەی زانستی کەش و هەواو لەسەر بنەماو هۆکاری فیزیۆگرافی ئەو کەرەسە نیشتووە کەڵەکە بووە پەیوەندی هەیە

بە وشکایی یان تەڕایی ئاوو هەواوە ، لە پشتگیرییەکی دیار بەرچاو بووە میتچن و بۆچوونەکانی (رایتیش) چەند پەیوەندییەکی بۆدەرکەوتووە لە رووی هەمان هۆکاری تەڕو تووشی ئاوو هەوا لای باکووری خۆرهەلاتی عیراقەوە . لەیەك نەچوون و بوونی رای جیاواز لە باس و توێژینەوە جۆراو جۆرەکانا لە دادان و ئاوەڕۆبوونی رووباری دیجلە لەوانەیە هەندێ خزان و جولاندنی ناوەکی دەربخات . لەگەڵ زیاتر رەچاوکردنی دوا هۆکار (لیس و فالکۆن) رای ئەگەیەنن کە لە هەرێمی میسوپۆتامیا (هەر هیچ نەبێ لە باشووری خۆرهەلات) ئەو خزان و جوولانە تازەیە دەرکەوتوون کە لە ناوچە چیاییەکاندا روی داوە بە هۆی سەکۆو بارستە سەکۆی ناو دۆڵ نشێوەکان کە دەست پێ ئەکا لە دەشت و تەختاییەکانەوە بەرەو شاخ و هەردەکان بڵندی و بەرزایی شاخ و چیاکان شتێکی بەردەوام و هەمیشەیی نەبووە بەڵکو کاتی بووە . هەر بۆیە لێرەدا دوو لێکدانەوە هەیە بۆ پێکهاتنی سەکۆ و بارستە سەکۆییە رووبارییەکانی عیراق . لە سەرووی عیراق ئەبینین کە سەکۆو بارستەکان کاریگەرێتی ئاوو هەوایان پێوە دیارە لە رووی بەرزی و نزمی و ساردو گەرمییەوە ئەو سەکۆو بارستانە بەرزو نزمیان پەیوەندیدارە بە جووڵانی بەرزایی چیاکانی زاکرۆسەوە . بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کەچ هۆکارێك جێگیر نەبوونی پلەی گەرماو ئاوو هەوایان جولان و گۆڕانی رووخساری زەوی دەوری سەرەکی و کاریگەری هەبووبێ لە درووست بون و پێکهاتنی سەکۆ بارستەکانا لە باکوورو باکووری خۆرهەلاتی عیراقدا ، لەوانەیە مایەی پەژارەو سەرێشەبێ وەك گرێ کوێرەیەك کە تا ئێستا نەکراوەتەوە .

رایت پێی وایە کە لە داهاتودا مزگێنی پێکهاتنی دام و دەزگایەکی مێژووزانی پەیوەند لەسەر بنەمای خاکناسی - شوێنەوارناسی دێرینمان ئەداتێ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پشتێنەی زاگرۆس - میسوپۆتامیا . رایت لە درێژەی باسەکەیدا ئەڵێت پەیوەندی جوگەو چەمەکانی ناو چیاکان بە گەشەکردنی مێژووی دەشتەکانی میسوپۆتامیا شیاوی شیکردنەوە و دۆزینەوەیە لە رێی سیستمێکی دوورو درێژی مێژوو زانییەوە. لە مەیانەی پشکنین و دۆزینەوەکانما لە زنجیرە چیای زاگرۆس لە زۆر ناوچەی سەرەکی باکووری عیراقدا هیچ بەڵگەو قەواڵەیەکم بۆ دەرنەکەوت کە بوونی سەهۆڵبەندان لە ناوچەکەدا بسەلمێنێ . ئەم تێبینییەم پشتگیری لێ ئەکرێت لە لایەن خاکناسەکانی کومپانیای نەوتی عیراق کە بە هیچ جۆرێك نیشانەو ئاسەواری سەهوڵ بەندانیان بۆ دەرنەکەوتووە لە بواری دۆزینەوەو کارەکانیانا .

ئاسەواری سەهوڵبەندان تێبینی کراوە لە چیاکانی ئەنادۆڵ لە لایەن دیمۆرگانەوە . راپۆرتێکی تیرو تەسەل لەسەر بەڵگە

سەهۆڵبەندانییەکان لەسەربانەکانی ئەنادۆڵ لەم دواییانەدا ئامادە کرابوو لە لایەن ئێرنیك . لە هەمان راپۆرتا (ئێرنیك) بوونی سەهۆڵبەندانی بۆ دەرکەوتووە لە چیاکانی باکووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ . (فلینت) لە لاپەرە (٣٦٢ - ٣٦٣) چەند راستییەکی روون کردووەتەوە کە دەری ئەخات ناوچە شاخاوییەکانی خۆرئاوای ئێران و هەروەها چیاکانی ئەنازۆڵ سەهۆڵ بەندان بوون.

## مێژووی شوێنەوارناسی چاخی بەردین لە کوردستاندا

شوێنەوارە دێرینزانەکانی چاخی بەردینی کوردستان زۆر باش زانراون لە ناوچە شاخاوی و هەردەکانا وەك لە بیابانەکانا یا لەو ناوچانەی کە ئەکەونە خوار کەرکوکەوە . تەنها لایەك لە چەند دۆزینەوەیەکی رووی بیابانی خۆرئاواو چەند دۆزینەوەیەك لە خۆرئاوای کەربەلا کە شارێکی پیرۆزی خوار بەغدایە ، ، هیچ زانیارییەکی راست و درووست وەدەست نەکەوتووە لەم نارچەیانەدا . ئەمەش بە هۆی ئەو راستییەوەیە کە ئەم ناوچەیە هیچ پشکنین و ووردبینی تیا نەکراوە بۆ گەڕان بە دوای پاشماوەی شوێنەواری چاخی بەردین.

سەرەکیترین لێکۆڵینەوەو پشکنین کە کراوە لە سەر ناوچەکانی بیابانی خۆرئاوای عیراق لە لایەن پشکنەر (هنری فیڵد) کراوە کە تیایا چەندین نموونەی کۆکردووەتەوە هی جۆرەها ناوچەی بیابان و بانەکانی خۆرئاوای بەغداد . ئەم کۆکراوانەی د. (فیلد) کە لە گەشتەکانیا بە ئۆتۆمۆبیل کۆی کردوونەتەوە لە سالآنی ٩٢٥ بۆ ٩٢٨ ، ١٩٣٤ و ١٩٥٠ دا ئەو کەرەسە دەستکردانەی کە د. (فیلد) دۆزیویەتەوە لە گەشتە سەرەتاییەکانیا لە لایەن (دوروثي گارود) بەڵام نووسینەکەی هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە . (فیلد کۆمەڵێ کەرەسەی لە بەردە ئەستێی درووست کراو دۆزیوەتەوە لە گۆشەی خۆرئاوای باشووری عیراق لەسەر شاخی (ئەنان) کە ئەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ناوەراست و سەرووی جۆری چەرخی بەردین هەروەها هەندێ کەرەسەی دەستی تریشی دۆزیوەتەوە لە وادی (حەوران) کە دۆڵێکی درێژە نزیك (روتبە) لە هەمان ناوچەدا . جێگەی ژمارەیەکی زۆری شتە دۆزراوەکانی چاخی بەردین نزماییەکی گەورەیە پێی ئەوترێ گارە کە نزیکەی ٢٠ میل لە سەرووی خۆرهەڵاتی روتبەوەیە پێی ئەچێ کە میستەر ( M. Rene Wetzel) یش لە هەمان ناوچەدا بەردە ئەستێی دۆزیبێتەوە کە لەوە ئەچێت لە جۆری چاخی بەردینی نوێ بێت . لەناو ئەو شتانەی کە ئێستا لە مۆزەخانەی عیراقدا هەڵگیراون هەندێ دۆزراوەی دیار دەست کەوتووە کە خۆیان لە چەند بەردە ئەستێیەکی سەردەمی چاخی بەردینی کۆندا ئەبیننەوە لە بان و بیابانەکانی خۆرئاوای عیراق دا دۆزراونەتەوە . ئەم شتانە لە لایەن قوماندارێکی هێزی ئاسمانی بەناوی

insal C.s.m دۆزراوەتەوە (ئێستا کابتنی گروپە) کە سەر بەهێزی ئاسمانی شاهنشای بەریتانیە . نموونەکان لە زەوی نیشتنەوەی ژمارە ٥ و ٤ لە نێوان زەوی نیشتنەوەی R , H لەسەر زەوی نیشتنەوەی H لە ڕێگای ئاسمانی نێوان حەبانیەو ئەردەندا هەندێ لەو توێژاڵە بەردە ئەستێیانە لە ناوچەیەکی دوور لە (٢٥) میل باکووری (عانە) دۆزراونەتەوە لە لایەن یەکێك لە پشکنێرانی کۆمپانیای نەوتی عیراقەوە .

(فیلد) لە لاپەرە ١٣٦،٤٤ - ١٣٧ رای ئەگەیەنێ کە بە ڕێی هیمازانی کۆمەڵێ کەرەسەی سەردەمی چاخی بەردینی دۆزیوەتەوە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو چەند شوێنێکی گرتووەتەوە بە پانتایی رووبەری کوردستانی عیراق . لەناو دۆزراوەکانا هەندێ ئامرازو کەرەسە هەن کە لەناو چەولکەکانی کەرکوك و ڕێچکەو ڕێرەوە شاخاوییەکانی زاخۆ و عەقرەو رواندزو سلێمانی بە سەدان ئامێرو کەرەسەی میکرولیثي دۆزیوەتەوە لەو لێژاییانەی بەردەم ئەشکەوتی (هاودیان) ، کە چەند میلێك لە باکووری خۆرئاوای رواندزەوەیە هەروەها ئەڵێت چەند توێژاڵێك لە نزیك هەولێرو تەورێکی دەستی لە بەردە ئەستێ درووست کراوەو چەند قیمەکێشێك لە نزیکی میلی (٢١) ی ڕێگای کەرکوك سلێمانی دۆزرانەوە .

هەندێ کەرەسە لە لایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی شوێنەوارەکانی عیراقەوە دۆزراونەتەوە و هەندێکی تری لە لایەن فیلدەوە لەبەردە بەڵکە دۆزراوەتەوە لەسەر هەمان ڕێگا . میستر (لیس) کارمەندی کۆمپانیای نەوتی عیراق چەند بەردە ئەستێیەکی هەڵگرتووەتەوە لە دەوروبەری کەرکوك کە پێ ئەچێ هی چاخی بەردینی کۆن بێت . یەکەم دۆزراوەی چاخی بەردینی کۆن لە خۆرهەڵاتی کوردستانی عیراق لە لایەن دکتۆرە دوروثي گارودەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٨ کە ئەویش لە گەرانێکی سەرەتاییدا بوو بە هاوبەشی و هاوکاری قوتابخانە ئەمریکییەکان بۆ لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو . چەندین کەرەسەی دەستکردی سەردەمی مۆستێری لەسەر ئەو دەشت و خاکە چەولکانەی دەوروبەری کەرکوك بەشی زۆری لە دۆڵێکا نزیك ( تەرجیل ) کە چەند میلێك ئەکەوێتە باشووری خورهەڵاتی کەرکووکەوە . بەردە ئەستێیەکی پشت کیسەڵی لەناو کەندرێکی چەولکاویدا دۆزراوەتەوە کە جوگەلەیەکی باریك دایدڕیبوو . شتێکی خۆشە لە (تەرجیل) هەوڵ بدەیت پەیوەندی بدۆزیتەوە لە نێوان چەوو چەولکی ئەوێ لەگەڵ یەکێك لەم سیستمی سەکۆو بارستاییەیدا کە لەوێ نەخشەی کێشراوە لە لایەن خاکناسییەکانی کۆمپانیای نەوتەوە . گەشتی دکتۆر گارۆو تیمەکەی بۆ سلێمانی کە ناوچەیەکی تری کوردستانی عیراقە یەکەم پێشڕەو بووە کە بمانباتە سەر ئاسەوارو هەڵکەندراوی چاخی بەردینی کۆن لە عیراقدا . ئەوەبوو کە بۆ

یەکەمجار شوێنەواری گرافیتی سەردەمی سەرووی چاخی بەردین دۆزرایەوە لە زەرزی و هەروەها شوێنەواری مۆستێری چاخی بەردینی ناوەڕاست لە هەزار مێرد دۆزرایەوە کە هەردووکیان ئەشکەوت بوون .

لە هەزار مێرد گارود قورسایی کارو کۆششەکەی خستبووە سەر هەڵکەندنی یەکێك لەو شەش ئەشکەوتە کە ئەویش ئەشکەوتی (تاریك) بوو ڕەنجەکەشی بە زایە نەچوو چونکە گەلێ شتی گرنگی سەردەمی بەردینی ناوەڕاستی لێ پەیدا بوو کە نموونەی ئەم چەشن و جۆرە پێك ئەهێنێ لەو سەردەمەدا لە عێراقدا . هێشتا ٢/٣ ی چاڵەکەی هەڵنەکەندبوو کە بۆی دەرکەوت شوێنەکە لە سێ چین پێك هاتوە A , B , c . گارودبینی چینی سێ کە کەرەسەو شتە دەستکردەکانی تیایە چینێکە بە ئەستوورایی ٥٠ سەنتیمەتر تا ٩٠و٣ مەتر .

وا مەزەنە ئەکرێت کە ئەشکەوتی تاریکی هەزار مێرد لەسەردەم و ماوەی سەرماو سۆڵەدا مرۆڤی تیا نیشتەجێ بووبێ و ئاوەدانی کردبێتەوە سەردەم و ماوەیەك کە هەر هیچ نەبێت لەم سەردەمەی ئێستا ساردتر بووبێت بەڵام تێ ڕوانین و تاقیکردنەوەکانی دوروتی لەسەر پاشماوەی گیانەوەرو ئاژەڵەکان دەری ئەخەن هەر چەند بەرپەرچدانەوەی ئەم بابەتە نییە کە هیچ شێوەو جۆرێك نەدۆزراوەتەوە لە هەڵکەندنەکاندا کە لەم سەردەمی ئەمڕۆدا نەبێت لە وڵاتدا واتە ئەو جۆرە گیانەوەرەی کە لەو سەردەمەدا هەبوو ئێستاش هەمان جۆر هەر هەن .

ئەشکەوتی (زەرزی) کە گارود هەڵیکەند بریتییە لە ژوورێکی بچووك لەسەر لقێکی زێی بچوك ناوەندە سەرەکییەکەی پێك هاتووە لە دوو چین A , B ، لەناو چینی B دا پاشماوەی پیشەسازی کەرەسەو شتومەکەکانی چاخی بەردینی سەرووی تیا دۆزراوەتەوە کە (زەرزی) نیشانە ئەکات بەوەی کە وێستگەی ئەم ئاسۆیە بێت . ئەستووری چینی B لە ٥٠ سم وەیە بۆ ٥و١ . ئامرازو کەرەسەی بەردە ئەستێ کە تاکە پیشەسازی تێکەڵ نەبووی دێریننناسییە لە زۆربەی شوێنی چینی B بەدی ئەکرێت و پەرش و بڵاو بووەتەوە کە تەنها نیشانەی بەرچاوی گۆڕانکاری و گەشەکردن خۆی لە دەرکەوتنی شێوە ئەندازەیە هەڵکەندراوەکانە لە بەشی سەرەوەی زۆرینەی چینی B دایە . ئەو شێوە دیارو بەرچاوانەش کە ئەم بەشە گرتووەتەوە بریتین لە ڕنەی خڕو دەمەتیغی قەراغ و دەم لە لەکراو لەگەڵ دەمەتیغی پشت کوڵ و پانکراو . هەروەها چەند دانەیەك نێزەو نووك تیژی یەکشانی شێوە مایکرولیثیەکانی بەشی سەرەوەی چینەکە بریتین لە جۆری دەمەداسی و سێگۆشەی درێژکراوەو شێوە مقاشی ، ئەم شێوە مایکرولوثیە لە شێوازو دیاردەو تایبەتمەندیدا سەر بە چاخی بەردینی ناوەڕاستە .

شوێنەوارناسەکانی بەڕێوەبەرێتی مۆزەخانەی عیراق سەرپۆشیان لەسەر هەندێ ئامێرو کەرەسەی چاخی بەردینی کۆن لاداوە لەسەر رووی بیابان لە باشووری خۆرئاوای Shithatta نزیک ئەو نشێوو نزماییەی خۆرئاوای کەربەلا . نێرراوێکی تری هەمان پەیمانگاو دام و دەزگای لێکۆڵینەوە پشکنینێکی تری کردووە لە ناوچەیەکی پڕ لە ئەشکەوت لە سووریداش لە خۆرهەلاتی باکووری کوردستان بەلام لە هیچ کامیانا ئاسەوارو پاشماوەی چاخی بەردینی کۆنی لێ نەدۆزراوەتەوە . زۆر پێ ئەچێ کە ئەم ئەشکەوتانە پێشتر پشکێنرابن لە لایەن بەرێزان کە لەگەڵ تیمەکەی (گارودا) رۆشتبوونە ئەم ناوچەیە . بەردە بەلکە کە کونێکی گرنگی چاخی بەردینی کۆنە لەسەر لێژی گردێک کە ٥و٢ میل لە خۆرهەلاتی چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای کەرکووکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن دکتۆر ناجی الاصیل باسی لێوە کراوە .

ناوچەکە بە وردی پشکێراوە لە لایەن ئەو تیمەی کە پێك هاتبوون لە دکتۆر (رایت) و د( برۆساو) کە سەر بە پەیمانگای خۆرهەلاتی لە جیاتی بەڕێوەبەرێتی گشتی مۆزەخانەکان لە عیراق . لەوە ئەچێ کە ناوچەیەکی زیندووی بڕۆین و شوێنکار بووە. پشکنێرەکان خەندەقێکیان بە پچڕ پچڕی لێرەو لەوێ هەڵکەندووە بە درێژایی (٥٠) مەترو قوولایی یەك دوو مەتر ئەو کەرەسە دەستکردانەی کە لە چەولکەکانی بەردە بەلک دەرهێنراون و دۆزراونەتەوە ئەتوانرێت بکرێت بە سێ جۆرەوە تەوری دەستی کەرەسەی نارێکی لەچەو دروست کراو و پارچە توێژاڵ سیماو دیاردە دێریننناسیە بەرچاوەکانی ئەم شوێن و ناوچەیە برێتییە لە کەڵەکەبوونی کۆمەڵێ ئامرازی شێوە ناوکی و چەوی و توێژاڵی لە هەمان ناوچەی نیشتەجێ بوو بە ئاشکرا دیارە کە هی هەمان سەردەمی یەکتن ، ئەم کەرەسەیە چەند یەکەو توخمێک دەرئەخەن لە پیشەسازی مۆستێری ، تایسی ، ئاشوولی کە زۆر لەیەك ئەچن .

ئەم لێکچوونە لە insitu یان لە Virtuallyinsitu دا هەن لەسەر بنەمای دیاردەی ئیکۆلۆجی (پەیوەندی نێوان زیندەوەرو دەوروبەرەکەی) . ئەتوانرێت ئەو پیشەسازییە بە کۆنترین جۆری پیشەسازی کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە لە بوارێکی خاکناسیانە لە عیراقدا . بە گوێرەی بۆچوونەکانی (رایت) ئەو شوێنانەی ئەم کەرەسە دەستیانەی کە تیایا دۆزراوەتەوە بەروارو سەردەمەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دوا چوار قۆناغی سەهۆڵ بەندان و رووبارە سەهۆڵی پلاستۆسی لە بواری بەردەوامی ئەلپ دا . لەناو پاشماوەی گیانەوەرە شیردەرەکان ئێسك و پروسکی کەرکەدەنگ و فیلی هیندی کە لە هیچ شوێنێکی تری کوردستاندا تێبینی نەکراوە .

تیمە پێکهاتووەکەی پەیمانگەی خۆرهەڵاتی زانکۆی شیکاغۆ و خوێندنگەی ئەمریکی توێژینەوە خۆرهەڵاتیەکان کە لە ژێر چاودێری ڕێنمایی د. برەیدوود وەرزێکیان لەو ناوچەیەدا بردە سەر لە نێوان چەمچەماڵ و سلێمانیدا لە خۆرهەڵاتی باکووری عیراق ئەم تیمە چوار شوێنی پشکنی : چەرموو ، کەریم شایەر ، پاڵە گەورە ، بەردە بەلکە . ئەم شوێنەی دواوە لپیشتر باسمان لێوە کرد . ئەم ناوچانە هەموو کەوتوونەتە ناو پێدەشتەکانی چیای زاکرۆسەوە . تەنها چەرموو نەبێت کە بۆ سەردەمی زۆر زووی پیشەودی چاخی بەردینی نوێیە ، شوێنەکانی تر هەمووی هی پێش چاخی نوێی بەردینە پەڵە گەورە کە ئەشکەوتێکە لە لایەن (هاو) هەڵکەندراوە کەوتووەتە باشووری چەمچەماڵەوە بە ٢٠ میل . سێ چینی یەك لە دوای یەکی سرووشتی وەدەر کەوتووەو نیشان دراوە لەو خەندەقەی کە تا قوولایی ٧٥و١ هەڵکەندراوە چینی بنەوە برێ دەمەتێخی درووستکراوی تیابووە کە ژەنگی هەڵنەهێنابوو پیس نەبووبوو هەندێ نووسینی لەسەر هەڵکەندراوە کە پیشەسازی و کارسازی ئەشکەوتی زەرزی دەرئەخات .هەر لە سەرەتاوە ئەو بیرۆکەیەت لا درووست ئەبێت ، کە ئەو کارسازی و پیشەسازییەی لە ئەشکەوتی پاڵە گەورەدا دۆزراوەتەوە سەردەمەکەی کەمێك دواترە لەوەی کە لە ئەشکەوتی زەرزی هەبووە . لە پۆلێنکردنی جۆراو جۆریدا بۆمان دەرئەکەوێت کە پاڵە گەورەو زەرزی بۆ ئەم سەردەمانەی زۆر دواوە ئەگەرێنەوە . بەشی سەرەوەی چاخی بەردینی کۆن خۆی داوەتەوە لە چاخی بەردینی ناوەراست . بە داخەوە لەبەر هەندێ هۆی سروشتی تایبەت بە خۆی ئەشکەوتی پاڵە گەورە ناگەرێنرێتەوە بۆ بواری بە بەردەوامی خاکناسییانەی دۆڵی چەمچەماڵ و هەر بۆیە ناتوانین لەسەر جیو کرۆنۆلۆجی ئەم ناوچەیەی دابنێین هەروەها هیچ بەروارێکی جیۆلۆجستیمان لە بارەی زەرزییەوە نییە .

کەریم شایەر کونێکی جێگیر بووە بە درێژایی دوو فەدان (٨٠٠٠) مەتری چوارگۆشە کەوتووەتە سەر جۆگەیەکی ناسراو نزیکەی ٤و١ میل سەرو جۆگەکە بەلای چەرموودا . چەرمو نزیکەی (٥) میلی هەوایی لە خۆرهەڵاتی چەمچەماڵەوەیە لەلایەن برۆسیهاو هەڵکەندراوە . ئەم ناوچەیە لەوە ئەکا کۆتایی چاخی بەردینی ناوەراست دەرخات نزیك بە چاخی بەردینی نوێی چەرمو . کەریم شایەر تەنها یەك شوێنی نیشتەجێ بوونی هەیە کە رووبەرەکەی نزیکەی ٥٥٠ مەتر دوجایە . شوێنەکە لە رووی کرۆنۆلۆجی و (دێرینی مێژوویی) و تاپیۆلۆجییەوە کەوتووەتە نێوان چەرمو و ئەشکەوتی پاڵە گەورە کە بۆ سەردەمێکی دوورو درێژ ناوچەی ڕاوو بە دواگەڕانی خۆراك و ئالیك بووە . پێ ئەچێت شوێنەواری چەند خانوویەکیش دەرکەوتبێت لەگەڵ هەندێ

دەمەتیغ و داسولکەو بەردە ئاش و چەند بەردی قیمەکێش و بێلەکان هەموو تیژکراو وەك نیشانەو کەرەسەی کشتوکاڵی خۆیان ئەدەن بە چاوەوە کە ناوچەکە ناوچەیەکی ئاوەدان و جێی کشتوکاڵ کردن بووە لە بنەرەتا هەروەها لەناو ئەو هەموو شتانەدا برێکی تر لە پاچەکۆڵەو تەشوێ زاخاو دراوەو بەردی خڕو بازنەیی وەدەرکەوتوون سەرباری ئەڵقەو ملوانکەو بازن و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە هەڵکەندراوی وورد لەسەر بەرد .

کەریم شایەرو بە دواشیا چەرمو ئەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئاوو هەوای وشکی دوا سەردەمی بەستەڵۆك و رووبارە بەستووەکانی کە هەرەتی بووە بە هۆی کاریگەری ئاوو هەوای ئەورووپا . پاشماوەی قوڵاخی ئاژەڵ و گیانەوەری کەریم شاهێرو وشکی ئاوو هەوا دەرئەخات گەر بە کورتییەك بنوارینە مێژووی شوێنەوارناسی چاخی بەردینی کۆن لە عیراقدا . بە ووردی دەرئەکەوێت کە تەنها ئەشکەوتی شانەدەر نەبێت کە باسی لێوە کراوە ناوچە سەرەکییەکانی تری سەردەمی پێش چاخی بەردینی عیراق هەموو تێکڕا کەوتوونەتە بەر ناوچەیەکی بەرفراوانی نزیکەی (٣٥) میل لە پێدەشتەکانی چیای زاکرۆس لە نێوان چەمچەماڵ و سلێمانی . ئەم ناوچانەش برێتین لە بەردە بەلکە ، ئەشکەوتی تاریك لە هەزار مێرد ، زەرزی ، پاڵە گەورەو کەریم شاهێر . چەندین بۆشایی کەلێن هەیە لە کاریگەری شوێنەوارناسی کە پشکنین و لێکۆڵینەوەکانی ناشێ هەروا بە داخراوی و سەرنانەوە بەجێی بێڵی. ئاشکرایە کە بە دواگەڕانی زۆرو رێك و پێك لە ناوچە بیابانییەکانی عیراق گەڵ ناوچەی چاخی بەردین ئەدۆزینەوە . مادەم باسەکەی (لیس و فالکۆن) دەری خستووە کە ئەوەی گوایە لەمەو پێش کەنداوی فارسی درێژ بووەتەوەو زیادی کردووە چووەتە ناو خاکی میسۆپۆتامیاوە بە هیچ جۆرێك راست نییە ، بۆ مان هەیە لەو باوەردابین کە مرۆڤی چاخی بەردین هەر کات ویستبێتی بە درێژایی و پانتایی ئەم ناوچەیەدا فرکەی هاتووە . پێئەچێت کە ناوچەکانی چاخی بەردینی کۆن بوو بێت بە ژێر قورو لیتەی هەردوو گەورە رووباری دیجلەو فوراتەوە لە گەڵ پاڵاوتەو ئاوەڕۆی چڵەکانیەوە لە باشووری عیراق . ناوچە بیابانییەکان هەروەك ناوچە بیابانییەکانی خۆرهەڵاتی نزیك دیارترینیان مێرگی (خەرجە) لە میسر ئاوو هەوایەکی زۆر شیاوو دڵگیری هەبووە بە زۆری لە سەردەمی باران بارینی زۆردا هەر بۆیە لەوانەیە شوێنی بژێوی خەڵك و شوێنی راوگەیان بووبێ لە چاخی بەردینی کۆندا . چەند شوێنێکی نزم هەن لە خۆرئاوای باشووری عیراق کە بە قەوارە گەورەو بەرفراوانن تیایانا دوو کەرەسەی دەست کردی جۆری چاخی بەردینی کۆنی تیا دۆزراوەتەوە پەیوەندی د نزیکی پیشەسازی چاخی ناوەراست

بەردینی ئەشکەوتی هەزار مێرد لە لایەن گارووددەوە نیشان دراوە لەگەڵ ئەشکەوتەکانی فەلەستین . ئەو بڕە کەرەسانەی کە لە ئەشکەوتی بێستوونی خورئاوای ئێران دەرهێنراوە هەندێ سیماو شێوازی ئەوەی پێوە دیارە وەك ئەوانەی ئەشکەوتی هەزار مێرد ، ئەو کاتەی (گارود) شتەکانی خۆی دۆزیبیەوە لە ئەشکەوتی زەرزی ئەو زانیارییانەی کە لە رووسیاوە ئەهات زۆر کەم بوون نزیکترین ناوچەی بەراووردکراوو هەمان چەشن و هاوشێوە وێستگەی قورو لیتەی ئەمسا بوو لەگەڵ ئەشکەوتەکانی (گری ماڵدی) .

لەگەڵ راپۆرتی تازە لە رووسیاوە گاروود بۆی دەرکەوتووە کە پیشەسازی دەستکردی زەرزی هەر چەندە کاتەکەی لە دواوە بووە ئەتوانرێت لێك بدرێت لەگەڵ پیشەسازی (کۆستینکی یەکەم) و (گاگارینۆ) کە ٦٠٠ میلێك لە باکوورە . لە بەراوودکردنی هەڵکەندراوی وردی سەر بەرد لە بەشەکانی سەرەوەی چینی Bئەشکەوتی زەرزی هەمان شێوە بەردە ئەستێی ئەشکەوتی (گڤارد مێلاس کلدەی قەوقاسە) کە سەردەمەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چاخی کۆنی بەردین . لە تازەترین راوبۆچونیا گاروود هەست ئەکات کە ئەم شارستانی و کەلەپوورە دابڕاوە بۆ نیشاندانی وێنەیەکی گشتیی کاریگەرێتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە لایەکی ترەوە فاجتەر لەیەکچوونێکی دیاریکراوی دۆزیوتەوە لە نێوان بەشی سەرەوەی ئەشکەوتی زەرزی و کۆتایی (ئۆریگناشی) فەلەستینی و هەروەها (گڤاریلاسی) کلدە .

ئەو پیشەسازییانەی پاڵە گەورەش هەر لەوانەی زەرزی ئەچن تەنها ئەوە نەبێت کە ئەم سەردەمەکەی هەندێ دواترە لە رووی کۆنی مێژووەوەو هەمان پەیوەندی بە خۆیەوە گرتووە کەریم شایەر پیشەسازی چاخی بەردینی ناوەراستی داوینەتێ کە دائەنێ بە تەواوکەرو گەشەکردنی هەمان قۆناغی پیشەسازی بەڵام بێ گەمان لە سەردەمێکی دواتر . پێش دۆزینەوەی ئەشکەوتی شانەدەر تایبەتی مەندی پیشەسازی نایابی سەردەمی سەرەوەی دوایی چاخی بەردینی کۆنی وەك ئەوەی زەرزی لەسەر ئەوەی چاخی بەردینی ناوەڕاستی ئەشکەوتی هەزار مێرد بۆشاییەکی مێژوویی و کەلتووری کۆنی بۆ بەجێ هێشتووین کە بە گرنگ وەرنەگیراوە هەنگاو هەڵهێنانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە وەك زاڵبوونێك بەسەر ئاوو هەواو فیزیۆگرافی و زیندەوەرزانی و داب و نەریتی کەرەسە دروست کردن لە بەردە ئەستێ وەك ئەوەی هەرچی هەیەو نییە بسرێتەوەو سەر لە نوێ لاپەرەیەکی تازە دەست پێ بکەین . ئەتوانین تەواو دڵنیا بین لەوەی کە جۆری رەگەزایەتی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن کە تا ئێستا هیچ زانیارییەکی ئەو تۆمان نییە لە عیراقدا وەك ئەوانی گۆرانی بەسەردا هاتووە هەروەك چۆن لە چیای (کەرمل) لە فەلەستین .

## ئەشکەوتی شانەدەر

ئەشکەوتی شانەدەر ، کە یەکەم بە دوا گەڕان و پشکنینی شوێنەوارناسییانەی ساڵی ١٩٥١ دەستی پێکرد کەوتووەتە ناوچەی رواندزەوە کە سەر بە پارێزگای هەولێرە لە کوردستانی عیراق . ناوچەی چەمچەماڵ – سلێمانی دەوروبەری (١٢٠) میلی ئاسمانی ئەکەوێتە باشووری شانەدەرەوە . دێی شانەدەر کە پاشان ئەشکەوتەکەش بە ناوییەوە ناونراوە لە لایەن تیرەیەکی بچووکەوە ئاوەدان کراوەتەوەو تیایا نیشتەجێ بوون کە کوردی بارزانین کە دواتریش جارێکی تر لە لایەن حکوومەتی عیراقەوە هەر لەوێ نیشتەجێ کراونەتەوە . ئەم ئەشکەوتە نزیکەی (٢٠) میل رێگایە لە خەلیفانەوە کە ئەمیش گوندێکە ئەکەوێتە سەر رێگای گشتیی رایات – هەولێر . پۆلیسخانەیەک ، کە یەکێکە لە چەندینی تر بە درێژایی رێگاکە ، لە پشتی دێکەوە لەسەر بەرزییەک دروست کراوە کە ئەڕوانێت بەسەر دێکەو ناوچەکەی بەردەمیدا . چەمی دۆڵی شانەدەر کە نشیوێکی چاڵ و قووڵە بە دووری (١٤٠٠) پێ بەلایا تێئەپەڕیت . لە دوو چەم پێک هاتووە کە برێتین لە زێی گەورە کە رووەو خۆرهەڵاتی باشوور ئەڕوات لەگەڵ چەمی زێی رواندز کە رووەو باکووری خۆرئاوا ئەکشێت . ئەم دوو زێیە لە گوندێک لەیەک ئەدەن کە ناوی (دێرتیس و) و لە دۆڵێک دایە کە چیای پیرات داخیان بریوە لە گەرووی (بێخمە) . زێی گەورە کە یەکێکە لەو لقە سەرەکییانەی کە ئەڕژێتە رووباری دیجلەوە لە بانەکانی ئەنادۆڵەوە هەڵقووڵاوە . هەرچی چەمی رواندزە کە سەرچاوەی خۆی لە نزیک سنووری خۆرهەڵاتی عیراق وەرگرتووە ئەڕژێتە دۆڵەکەوە لە گەرووی رواندزی بەناوبانگەوە کە ناسراوە بە هاملتۆن . دۆڵی شانەدەر کەوتووەتە پشتی دووەم زنجیرە شاخی پیرات داخەوە لە هەردەکانی میسۆپۆتامیا . چیای برادۆست دەوری دۆڵەکەی داوە لە باکووری خۆرهەڵاتەوە . هەردو چیاکە بەرزییان زیاترە لە (٦٠٠٠) پێ ئەم شاخانە بەشێکن لەو زنجیرە چیاو شاخە رێک و تەریب بە یەکتریانەی لە چیاکانی زاگرۆس کەوتوونەتەوە . لە نزیک شانەدەرەوە زنجیرەیەک شاخی کەوانەیی هەیە لە ئاراستەی باکووری خۆرئاوا – باشووری خۆرهەڵات زیاتر بەرەو لای خۆرئاوا بە هەمان شێوەو ئاراستەی ناوچەی زاگرۆس . چەندین بارست و بەرزایی چەولك هەن لە دۆڵەکەدا کە پێدەچێ لە بنەڕەتا هی زۆرینی باران بارین بێت . چیای برادۆست بەسەر دۆڵی شانەدەرا ئەڕوانێت لەگەڵ قەدپاڵ و هەزار بە هەزارێکا کە رووەو باشووری خۆرئاوا بە شێوەیەکی لێژی زۆر سەخت تا ئەگاتە چەند بەرزاییەکی خوار لە درێژبوونەوەیدا . دارو دەوەنێکی زۆر لەگەڵ دارکەوتی کەم بالادامێنی دۆڵەکەیان گرتووەتەوە کە لەهەندێ شوێنیا پانتاییەکەی ١و٥ میل ئەبێت . دۆڵ و نشێوی زێی گەورە

لە نێوان زێبار کە گوندێکە لە باکووری خۆرئاوای شانەدەر دێی شانەدەر هاتووەتەوە یەك و بەربەستی زۆر تەنگی پێ هەڵچنیوە لە باکووری گوندی شکافتەوە (کە گوندێکی چۆڵە) لە گەرووی (پیراسەر) . دۆڵەکە لە ناوچەی زێبار لە سەروو ئەم گەرووەوە ئیتر پێی ئەوترێ (ساپنا) یان (دۆڵی ساپنا) . لە دەورووبەری ئەم گەروەیە بە نزیکەی دوو میل کەمتر لە ئەشکەوتی شانەدەر کە کوردە هەرکییە کۆچەرەکان کە هەر وەرزەی دووجار کۆچ و باریان رێك ئەخەن بە کەڵەك و قەیاخ لە زێی گەورە ئەپەڕنەوە لە کۆچی ساڵانەیان بۆ چیاکانی ئێران لە مانگەکانی هاوینا دواتر هاتنەوەیان بۆ دیوی عیراق . وا دیارە پێش ئەوەی ئەم ڕێگەیەی ئێستا بڕابێت بە درێژایی لای چەپی ڕووبارەکە تاکە هەوڵێکە کە درابێ بۆ هاتوچۆ بەلای ئەشکەوتەکەدا بوبێ . لە ڕاستیا تا ئێستاش هەندێ لە کوردە کۆچەرییەکان هەر ئەم هەوڵە بەکار دێنن لە جیاتی بەکارهێنانی ڕێگەکە . هەتاوەکو ئێستا شوێن ئاسەواری ڕێگەی پاشا کوێرە هەر ماوە لە باشووری ئەشکەوتی شانەدەر . ئەم ڕێگەیە کە لە رواندزەوە بەرەو موسڵ ئەچێت ، لە لایەن یەکێك لە سەرکردەکانی کوردەوە درووست کراوە کە پاشانشینی رواندز بووە (١٠٠) ساڵ لەمەربەر . ئەشکەوتی شانەدەر کورد وتەنی (( ئەشکەفتی مەزنی شانەدەرە)) برێتییە لە ئەشکەفتێکی تواوەی ناو کەرەسەی مەرمەڕی زنجیرە درێژە پێدەری بەردەقسڵی قەمچوغە ، سەردەمی چاخی ناوەڕاستی (گریتاسی) یە . ڕەنگی بەردو تاوێرەکانی قاوەییەکی کاڵی خۆڵەمێش باوە کە تێکەڵە بە گڵێکی سوور باو . ناوچەیەکی نەوی داخراو هەیە نزیك ئەشکەوتەکە کە بە دوو تلیشی داخزاوی تەریبی لەگەڵ جەمسەری شاخەکە یەکیان گرتۆتەوە . ئەشکەوتەکە (٢٢٠٠) پێ لە سەروو ئاستی دەریاوەیە یان (١٢٠٠) پێ لە سەروو ئاستی ڕووبارەکەوە . زێی گەورە بە باشی ئەبینرێ لە دامێنی ئەشکەوتەکە بە ٥و١ میل.

ئەشکەوتی شانەدەر کەوتووەتە پەنا لووتکەی برادۆستەوە کە ئەروانێت بەلای دامێنیا بەقەد یاڵێکی هەمیشە گەرم و ڕووناك و بەرەو خۆرەو لە باو رەشەبای زستانیش پارێزراوە جۆگەلەیەکی باریکی پچڕ پچڕیش کە لە دامێنی ئەشکەوتەکەوە ئەڕوات ڕووە خۆرهەلات . ئەم جۆگەلەیە سەرچاوەکەی ئاوێکی وەستاوە کە لە هاوینا ئاوەکەی ناپرواو ووشك ئەکات . باریکە ڕێگەیەك بەلای سەرەوەی جۆگەلەکەدا پێچی کردووەتەوە بە نشێو و دۆڵێکی قوڵا ئەڕوات بەرەو (مێرگەسوور) کە گوندێکە کەوتووەتە خۆرهەلاتی چیای برادۆست . ئەم درێژاییە دووکاتژمێر ڕێیە . جگە لەو جۆگەلە کەم ئاوە ، ئاوی خواردنەوەی تر لە چەند کانی و سەرچاوەیەکەوە پەیدا ئەبێت کە هەرە نزیکەکەیان لە ئەشکەوتەکەوە (٤١٠) پێیە لە

سەرووی گەروەکەوە . لەوێوە بە کونده ئاو ئەمێنن بۆ ئەشکەوتەکە بە کوڵی ژنان هەروەك چۆن پێشینانیش باوو باپیرانیان وایان کردووە لە شانیدەر . دەمی ئەشکەوتەکە شێوەیەکی ناقوولای فراوانی سێگۆشەییە پانایییەکەی (٨٢) پێ و بەرزییەکەی (٢٦) پێ . زۆر ناڕۆی تا دەمی ئەشکەوتەکە بەرە بەرە فراوانتر ئەبێت تا ئەگاتە نزیکەی (١٧٥) پێ . بنمیچی ئەشکەوتەکە گەلێ چاڵ و چوڵی و تلیشی تێکەوتووە کە هەندێکیان (٤٥) پێ لە بنی ئەشکەوتەکەوە ئەبێت . لەم شوێنەوە بۆ ناوەوەی ئەشکەوتەکە بنمیچەکە هەڵئەوەرێ و دائەتەپێتە خوارێ بە خێراییەکی زۆر بۆ بەرزایی (٢٥) پێ کەڵەکە بووە ، پاشان ووردە ووردە لێژ ئەبێتەوە بەرەو دواوە بۆ کۆتاییەکەی کە ئیتر بنی بنەوەی ئەشکەوتەکەیەو (١٣٠) پێ لە دەمەکەیەوە دوور ئەبێت . ئەو کەڵەکە بەردەی کە لە ئەنجامی دارمان کۆبووەتەوە بە تیژی سەرەو خوار بووەتەوە بەرەو چاڵ و خم خۆرکەکانی دامێنییەوە بە دووری (١٤٠) پێ . لە نێوان مانگە ساردەکانی زستانی تشرینی دووەم و نیساندا پۆلێك لە کوردی شیروانی کە (٣٥) کەسێك ئەبوون هەموویان هی (٧) خێزان بوون نیشتەجێی ئەشکەوتەکە بوون . ژوورێکی زستانەیان دابریبوو لە ئەشکەوتەکەدا کە بتوانن تیا گوزەران بکەن ، تیایا کوڵەکەو نیرگەو دارو پەردوویان بەکار هێنابوو لاکانیشیان سواغ دابوو وەك قوڕی خۆشکراو بەکا لە دیوی ناوەوەی ئەشکەوتەکە . هەر ژوورێك لەم ژوورانە بە هۆی ئاگردانێکی لە بەرد درووستکراو گەرم ئەکرا بە کردنەوەی ئاگر لە ناویا . هەندێ شوێنیشیان بە چەپەر جیا کردووەتەوە وەك کۆزو گەوڕ بۆ تێکردنی مەڕو ماڵاتەکەیان و بەستنەوەی ڕەشە ولاغ و ولاغی بەرزە وەك ئێسترو ماین بە مێخ و مێخ زنجیرەوە . دیاریشە بەکردنەوەی ئاگری گەورە ئەشکەوتەکە ڕوناك ئەکەنەوە . زۆرینەی ئاگرەکانیان بە تەپاڵەو قشپل و کۆتەرە ئەکەنەوە ، ئەیکەنە ناو کوانویەکەوە ئاگری تێ بەرئەدەن و دوای کوژانەوەی و تەواوبوونی خوڵە مێشێکی زۆر لەناو کوانووەکانا بەجێ ئەمێڵن کە چەندینمان لە چینەکانی ئەشکەوتی شانەدەردا بینی بە تایبەتی لە چینی A . دەرکەوتنی ژمارەیەك پارچە بەردە ئەستێی بچووك لای خوراو لەسەر ڕووی لێژی ناوچەکە وای گەیاندووە کە نیشتەجێبووانی ئەشکەوتەکە هەتا ئێشکەرەکانیشی کاتێ شقارتەیان دەست نەکەوتووە بۆ ئاگرکردنەوە بە بەردە ئەستێ و چەخماغ ئاگریان کردووەتەوەو جگەرەو سەبیلەکانیان داگیرساندووە ئەو قوڵکەیەی کە لە ئەشکەوتەکەدا هەڵکەنراوە دوو وەرزی خایاندووە بۆ تەواو بوون لە (١٩٥١ - ١٩٥٣) دا یەکەم تیم ، کە لە جیاتی بەڕێوەبەرێتی گشتیی مۆزەخانەکانی عیراق چوبوون زیاتر لە (٦) هەفتەی ئیشیان بەسەر برد لە

هەڵکەندنی چاڵەکەو پشکنینیدا لە هەردوو وەرزی پایزو زستانی ١٩٥١ دا . بەڕێز ئەحمەد مەهدی یەکێك لە بوو نێردراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی ی مۆزەخانەکان نوێنەرایەتی دەزگاکەی خۆی ئەکرد لە یەکەم وەرزی شانەدەردا . هەڵکەندنەکە بە چاڵێکی ئەزموونی دەستی پێکرا لە ناوەڕاستی ئەشکەوتەکەدا . لەبەر ئەوەی ئەنجامە سەرەتاییەکان دڵخۆشکەر بوون بە پیلانێکی تۆڕ دارێژراوی (٥) فوتی قایمکرا لە هەر چوارلاوەوە بەندکرا . چاڵەکە هەڵکەندراو رووپۆشێکی (٦) ئینجی لەسەر دانرا . چاڵەکەی ١٩٥١ لە (١٥+٢٠) پێ لەسەر زەوی بە قوولایی (٢٥) پێ بە پلەو پلیکانە لێی ئەچینە دەرەوە . چوار چینی کەلتووری سەرەکی جیا کرایەوە لە یەکەم وەرزی کارەکەماندا : چینی A,b,c,d لە سەرەوە بۆ خوارەوە . چینی Aنیشانەکەی ئەوە بوو کە خۆڵەمێشێکی زۆر تیا کۆمەڵ بووە لەگەڵ گڵ و خۆڵی ئەندامی رەنگ گۆڕاو شتی نوێی مێژوویی ئاسۆی سەردەمی نوێی چاخی بەردینی تیایە . چینی B ناوچەیەکی تەنکترە لەو خۆڵێکی رەنگ قاوەیی باوی گۆڕاوو هەندێ کەرەسەی ئاسیرامیکی لەوەی جۆری زەرزی کە پیشەسازی بەردە ئەستێیە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی ناوەڕاست . چینیC کە نووسەری باسەکە پێشتر ناوی لێنابوو ئۆرگەنیشی و هەر ئۆرگەنیشی پێك هاتبوو لە پیشەسازی کەرەسەی لەبەر درووستکراو کە دواتر ناسرابوو بە شازو لە وێنەی نەبوو . چینی d پیشەسازی جۆراو جۆری لەبەرد درووست کراوی سەردەمی چاخی بەردینی ناوەڕاستی تیا دۆزرابوەوە کە تیایا بێجگە لە تەوری دەستی ئەوانی تر هەر هەموو زۆرچوون یەکن لەگەڵ ئەوانەی کە لە لایەن گارودەوە دۆزرایەوە لە هەزار مێرد . ئەم چینانە بە ناوەرۆکەکانیانەوەو بایەخیانەوە بە دوورو درێژی باسیان لێوە کراوە لە خوارەوە . شتێکی باشە گەر لێرەدا دووپاتی بکەینەوەو دڵنیا بین لەوەی کە هەرچوار چینە کەلتورییەکان کا باسیان لێوە کراوە هەموو تێکرا گۆڕانیان بەسەر گڵ و خۆڵەکانیان هاتوون ، بەڵام بۆ کارو چارەسەری ئێستا دامناوە کە چینەکان دیاری بکرێت و بناسرێنەوە بە جۆرێکی فیزیاوی فراوان و هەروەها لە رووی کەلتورییەوە بەوەی قورسایی زیاتر بخرێتە سەر بوارو چوارچێوە جۆرییەکەیان (بۆ نموونە چینی d کە چینێکی زۆر ئەستووری قورو لیتەیە ، لە کاتێکا لەوە ئەکا جۆری چاخی بەردینی ناوەڕاست بێت لە ناوەرۆکدا لە هەموو شوێنێکیا برێتی نییە لە چینە گڵێکی ئەشکاو کە چۆن چاوەڕوان ئەکرێت . لە وەرزی دووەمدا بە هۆی بودجەیەکی بەخشراو لە لایەن پەیمانگای (سەمشۆنیان) وە بە هاوکاری و هاوبەشی بەڕێوەبەرێتی گشتی مۆزەخانەکانی عیراق ئەنجامدانی کارێکی هاوجووت هاوبەشی

خەملێنرا لە ئەشکەوتی شانەدەر . بەڕێز (حسین عەزام) نوێنەرایەتی بەڕێوەبەرێتی گشتیی مۆزەخانەکانی عیراقی ئەکرد لەو وەرزەدا لە ماوەی (١٠) هەفتە کارکردن لە پرۆژەکەدا لە هاوینی ١٩٥٣ هەڵکەندنی چاڵەکە بەردەوام بوو بۆ ناوەوە رووەو بەردو تاوێرە سەختەکان چاڵەکە گەورەکرا لە هەرچوار لاکەی پێشوویەوە لەسەر زەوییەکەی بۆ رووبەرێکی (٢٠+٤٠) پێ‌و پلیکانەکانی پێهاتنەوەشی زیاتر کرا تا ئەگاتە بنکی چاڵەکە .

رووبەری بنکەکەی (٢٠+١٣) پێ بوو وە لە قووڵایی (٤٤) پێ گەشتنە سەر بنێکی رەق و سەختی بەردین . لە بەشی خۆرئاوای چاڵەکە تا دێت رووەو ژوور و بۆ رووە خۆرهەلات بۆ قووڵایی ٣٠ پێ لە خوار رووەکەیەوە نزم ئەبێتەوە . ئەندازیارانی کارەکە لە چاڵەکەدا گیرو گرفتە ئاسارییەکانیان خستە روو سەبارەت بە هەڵکەندن و خۆڵ لادان لەگەڵ ئامادەباشی دژ بە هەر روداوێك لەناو ئەشکەوتەکەدا روو بدات . شتە کەڵەکەبووەکانی ژێر چینی A پێك هاتووە لە گڵ و خۆڵێکی تەڕو شێدار کە ئەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ سواغدانی رووی ناوەوەو دیواری ئەشکەوتەکە . هەڵکەندنەکە روو بەرووی چەند تلە بەردو تاوێری گەورە بووەتەوە کە ئەبوایە بشکێنرێن و پارچە پارچە بکرێن تاوەکو بتوانرێت لابرێت و بەر لە ئیشەکە نەگرێت ئەم گابەردانە بێگومان لە بنمیچی ئەشکەوتەکەوە بەربوونەتە خوارەوە کۆی (٤١) بارگەگری دینامێت دانرا بۆ تەقاندنەوەو ووردوخاشکردنی گابەردەکان.

ئەم چالاکییە چەند نارەحەتییەکی لێکەوتەوە لە وەرزی زستانی ١٩٥١ دا ئەویش بە چۆڵکردنی ئەشکەوتەکە لەسەر نشینەکانی بە خۆیان و گاو گۆلکەکانەوە پێش هەموو تەقینەوەیەك . سووکە بوومەلەرزەیەك کە هەر لە خەیاڵ نەبوو روویدا لە ١٤ ی ئابدا کاتێ کە ئیشکردن لە گەرمی دابوو و گەیشتبووە بنکی چاڵەکە . گیان بەوە بوو دیوارەکان خۆڕاگرو بەهێز بوون وە هیچ کەس لە کارمەندەکان زیانیان پێنەکەوت و چاڵەکەش سەلامەت بوو دانەڕووخا . ژمارەی ئەو بەردە ئەستێیانەی کە دەرهێنران لە هەردووو وەرزی ١٩٥١ - ١٩٥٣ دا گەیشتە (٢٨٠) پارچە لە ٤٠٪ ئەمانە برێتی بوون لە توێژاڵ و تەنکە بەردی چاککراو دەستکاری کراو بوو لەگەڵ دەمەتیغی لووت قەلەنیی و گرێ گرێ بوو هەروەها ناوکی و پارچە ناوکی . چینی b لە دوو توێی قاتەکانیا زۆربەی بەردە ئەستێیەکانی لەخۆ گرتبوو ئەویش بە هۆی رووبەرە بەرفراوانەکەی کە بە بەردێکی زۆری تیا کەڵەکە بوو بوو کە لە (١٠٠٠) دانە هەڵی بواردبوو . چینی d ش رێژەی دووەم زۆری تیا وەدەست کەوت دوای چینی d بەلام چینی C لە هەموویان کەمتر پارچەی تیا دەرهێنرا .

تەنها ئەم لێکۆڵینەوە کۆکراوەی دەزگای (سەمشۆنیان) نەبێت هەموو کۆکراوەکانی

تری ئەشکەوتی شانیدەر لە عیراقدا راگەیاندنە سەرەتاییەکانی ئیش و کاری هەردوو وەرزەکە لە شانەدەر پەیوەندی لەسەر راپۆرتەکانی یەکەمی نووسەر تێبینییەکانی و بۆچوونەکانی لەسەر کۆمەڵە کۆکراوەکان کە ئێستا لە بەغدایە لەگەڵ نموونەی بەردە ئەستێییەکان کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە لەم وولاتە ، لەم بەردە ئەستێیانە نزیکەی ١٠٪ لێ جیا کراوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەریان هەردوو دکتۆر G.w.amschler لە ڤیەنناو F.c.fraser لە مۆزەخانەی بەریتانی بە سوپاسەوە قایل بوون کە لە ئێسك و پروسکی گیانەوەرە شیردەرەکان تێ بنواڕن و لێکۆڵینەوەی زانیاریانەی لەسەر دەربڕن . دکتۆر (ئەلێکزاندەر ویت مۆر) یش لە دەزگای (سەمشۆنیان) رازی بوو کە بنوارێتە ئێسك و پروسکی باڵندەکان و راو بۆچوونی خۆی دەربڕێت . ئەو راپۆرتانەی کە لەم بەرێزانەوە بە دەستمان ئەگات لە باس و نامیلکەکانی داهاتوودا بڵاویان ئەکەینەوە . دکتۆر (هانس سۆس) پسپۆر لە پێوانی خاکناسی لە ئەمەریکا (٣) نموونەی کاربۆنی بۆ شیتەڵکردنی کاربۆن (١٤) (لە هەردوو چینی b,c . دۆزینەوەکانی لە خوارەوە باسی لێوە کراوە . بڕی گشتیی دۆزراوە بایۆلۆجی و پلایمانۆلۆجی (کەش و هەوا ناسی) خاکناسییەکان (چەند دەست بکەوێت) رەچاو ئەکرێت و مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێت لە راپۆرتەکانی ترا .

## زانستیی چینناسی (علم الطبقات)

دەرکەوتووە کە چینە سەرەوەکان B.A پەل و بەرفراوانترن لە رووی قووڵییەوە لە بەشی باکووری چاڵەکەوە هەتا رووەو خۆرئاوای باشووری چاڵەکە بچین قووڵتر ئەبێت . ئەم لاری و نشێوییە لە شوێنە کەرەسەکانی ئەشکەوتەکەدا بە هۆی ئەو تاوێرو گابەردانەوەیە کە لە بنمیچی ئەشکەوتەکەوە خزاون لە لای باکووری خۆرهەڵاتییەوە تلە بەردەکان توێژی گرتوو لە چینەکانی BA داو لە بەشێکی چینی C دا سنووری بەستی سەرەوەی چینی C هاوڕێك لەگەڵ لاری چینی (b )دا لێژ بووەتەوە رووەو خۆرهەڵات . هێڵی سنووری نێوان چینی d,c تەنها تۆزێك لار بووەتەوە بەلای خۆرهەڵاتا . ئەم لاربوونەوەیە پێئەچێ بە هۆی رووچوون و خزانی تاوێرە گەورەکانی ژێرەوە بێت رووەو خۆرهەڵات و باکوور کە بنکی چینی d هاوڕێکییەتی .

<u>چینی A</u>: سەری ئەم چینە لادراوەو لە ژێر دوو گرێ کڵاوەو توێکڵی دەرەوەی زەوییەکەوە کە هەموو بەشەکەی سەرەوە پێك هاتبوو لە ریخ و شیاکەی پێکەوە نووساو . ئەم چینە پێك هاتووە لە ریزێك ئەستوورو گەورە لە خۆڵە مێش و کوانووە ئاگر لەناو گلێکی ئۆرگانی رەشباوی مەیلەو ژەنگاوی شوێنەکە لای خۆرئاواوە ئەستوورترە لە لاکانی تری چاڵەکەو ئەستوورابیەکەی ئەگاتە (٨) پێ بەڵام بەشی خۆرهەڵاتی تەنکترەو نزیکەی (٢) پێیە ، ژمارەیەکی زۆر کوانوو

ئاگردانی لە قوڕو بەرد درووست کراو وەبەرچاو کەوتن . قوڵکەکان هاتنە پێش لە بەشی خۆرهەڵاتی چاڵەکە کە تیایا چەندین پارچەی پاشماوەی ئادەمیزادێکی نێژراومان دۆزیەوە بەڵام بە داخەوە ئێسك و پروسکەکان ئەوانەی کە هی مرۆڤێکی باڵغ بوون ژمارەیان کەم بووەوە بازنەیەکی مسی جۆری ئیسلامی و دوو تەزبیحی مسی پێچاو پێچی نزیك ئێسکی یەکێك لە مرۆڤەکان دۆزرایەوە کە ژەنگ و کەڕووە سەوز باوەکەی ڕەنگەکەی گۆڕیبوو .

دیارو ئاشکرا بوو کە چینی a چوو بوە ناو چینی b یەوەو کەرەسەو ئامرازە دەستکردەکانی هەردوو چینەکە لە جەمسەرێکەوە تێکەڵ بە یەکتر بوو بوون . لە بەشی سەرەوەی چینی a دا سەرەرای بڕێك سواڵەت و گۆزەو دیزە ، چەند پارچە سەبیلێکی شکاویش دۆزرانەوە کە نیشانەی ئەوەبوو جگەرەکێشان لەو ناوچەیەدا باو بووە و زانیویانە . وەك یەعقوب سەرکیس ئەڵێت لە ٣٠٠ ساڵ لەمەو بەرەوە خۆرهەڵاتی نزیك فێری جگەرە کێشان بوون . پارچە سواڵەت و گۆزەو دیزە شکاوەکان کە ژمارەیان پتر لە ٣٠٠٠ هەزار ئەبوو کە زۆرینەی لە ناوەڕاستی چینی a دا بوو کە هەر لێرەدا پا رچە ئێسکی گیانەوەری شیردەر بە ژمارەیەکی زۆرتر لێی کەوتبوو . بێجگە لە چەند پارچە گۆزەو دیزەی شکاوی سووری (ئوروك) نەبێت هیچ گڵکارییەکی تری دیار لەناو کۆکراوەکانا نەبینرایەوە . لەناویانا هەندێك سواڵەتی چێشت لێنانی تیابوو . پێویست ئەکا سەرژمێرو ئاماری هەموو پارچەکان بکەیت بۆ ئەوەی کۆکراوەکان بە ڕێك و پێکی هەڵبسەنگێنرێن نارەحەتترین کۆسپ لەرێگەمانا ئەوەیە کە هەڵکەندنی جۆری هەڵکەندراوە لەم ناوچەیەدا تاوەکو لێوەی لێکۆڵینەوەی بەراورد بکرێ لەسەر سواڵەتی گۆزەو دیزەکان . ئەتوانرێت بۆ نموونە بەراوردێکی ئامارییانە (سەرژمێریانە لەسەر سواڵەتەکانیش سواڵەتی چێشتلێنان بکرێ هی هەمان سەردەمی گلکارییەکانی (حەسونەو عوبێدو) ئوروکی ئەشکەوتەکانی دیان و باستوونن کە لەسەر لوتکەی چیای برادۆستن وە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکەی هەروەك چۆن کراوە بۆ گلکارەکانی شانەدەر لە چاوپێخشانێکی کەرەسە دەستییەکانی چینی a دا بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەمانە کەلتووری شارستانییەتی نەزانراوی باشوورە . لە بەراوردێکا کە لە یەکچوون دەرئەخا ئەتوانین بەراوردی ژیان و داب و نەریتی ئاسایی و باری ئابووری ساد ەو ئاسایی شوانێکی لادێی ئێستای ئەم سەردەمە کە وەرزیانە ئەچنە ئەشکەوتەکان و تیا ئەمێننەوە لەگەڵ ژیان بەسەربردنی دەمی بەغداد یان هەر شارێکی تری گەورەی عیراق ئەبینن هاوچەشنن . چەندین پارچە دەستاری خڕو دەسکە دۆڵ و هاوەنی لەبەرد دروست کراو کە بە زۆری لە بەشی زۆری چینی a دا

دۆزراونەوە گەواهی ئەوە ئەدەن کە خەڵکەکەی نیشتەجێ بوون لەو ناوچانە بە ڕێژەیەکی باش گوزەرانیان لەسەر دانەوێڵەو گوێزو پێخۆری لەم جۆرە بووە. داهێنان و بۆکارهێنانی دەستار بە دیاردەیەکی تەکنۆلۆژی نوێ دائەنرێ کە شۆڕشێکی بەرپا کردبێ لەم پاڵ و گردە کوردیانەدا .

تا ئێستاش کە ئێمە لە وەرزی کارکردناین دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەمان جۆر دەستارو دوڵ و دەسکەوانی بەرد بەکار دێنن لە نێو ئەو بەردە ئەستیپانەی کە لە بەشە تێکەڵەکەی خوارەوەی چینی a دا دۆزراونەتەوە : بەردە ناوکی : دەمەتیخی لەلەکراو ، دەمەتیخی بەکارهاتووی دەستکاری کراو ، رنە، رنە خوارو خێچ ، بەردە ئەستێی میکرۆلیتی (هەڵکۆڵراو) پشتە تیخی کول و کوڵ. هیچ جۆرە دەمەداس و داسولکەی تیا نەدۆزراوەتەوە . بەردە چەکوش و بەردە زەبرە لەگەڵ هەندێ بەردی رەش و سەوزباوی نشۆڵ شان بەشانی پارچە ئێسقانی سواو هیما تایتی (رەنگ خوێناوی ) لەگەڵ چەندین درەوشەو سنگ و یەك دەسکە تەوری کونکونی ساف کوت و مت ئەوانەی کە گاروود دۆزینییەوە لەزەرزی باقی نمونەکانی تریکەرەسە سەرژمێر کراوەکانن.

چینی B : پێکهاتووە لە ناوچەیەکی خوڵاوی تەواو بە پێچەوانەی چینی a وە شوێنێکی قات قاتی ئەستوورو سیرامێکی لۆرگانی پڕ لە کوانووە ئاگر خوڵە مێش و ئێسکی شیردەر بەڵگەی دیارو ئاشکرا هەیە کە چینی b بارستاییەکەی کەم بووەتەوە بە هۆی چوونە ناوەوەی چینی a وە لە بەشی لای سەرەوەی لە زیاتر ئالۆزکردنی جەنجاڵکردنی چینی b دۆزرایەوە کە ئەمیش لە لای خۆیەوە چووەتە بەشی سەرەوەی چینی c و چینی b وەك عەمارێکی گەورە وایە کە پڕیەیت لە گڵ و خوڵی رەنگ قاوەیی تۆخ پڕ لە لم و لیتە لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا لێژ بووەتەوە . ئەستووری چینی b نزیك دوو پێ ئەبێت لای خۆرهەڵاتییەوە پێنج پێ لەلای خۆرئاوایەوە . چوار چاڵی بچووك و نشیوێکی قەبە لە چینی b وە چووەتە ناو چینی (c)نەوە ، مەبەستەکەش دیار نییە بۆچی . لە وەرزی ١٩٥١ دا هیچ دیار نەبووە بەڵام لە وەرزی ١٩٥٣ دا جیاوازی دۆزراوەتەوە لە پێکهاتنی گڵ و خوڵی چینی b ئەویش بە دەرخستنی دابەشکردنی چینەکەی و بەشی سەرەوەو خوارەوە . ئاخۆ ئەم دابەشکردنە جیاوازییەکی تەواوی نیشتەجێ بوون دەرئەخات یان نا کەڵەوانە یە بەڵگەدار بێت بۆ گۆڕانی کەلتووری کە ئەویش لەو کۆمەڵە کەرەسە دەست کردە کۆکراوەیەدا وەدەرئەکەوێت کە هێشتا پێویستی زیاتر بە رێکخستن هەیە ، لە بیریشمان نەچێت کە کاتی خۆی گاروود لە زەرزی بنچینەی پێکهاتنی هەڵکۆڵینی سەربەردی دۆزییەوەو ئامرازی لەبەرد دروست کراو لە بەشی سەرەوەی چینەکەدا ئەمەش راستییەکە کە

ئاماژە بە گۆڕانکاری و گەشەکردنی ئەو شوێنە ئەدات . پیشەسازی کەرەسە دەستکردەکانی چینی b ئەشکەوتی زەرزی و ئەوانەی شانەدەر سەرباری شتە دەستکردەکانی خوارەوەی ئاستی تێکەڵاو بووی چینی a لە رووی جۆرناسی وەك یەکن تەنها لە چەند جیاوازییەکی کەما نەبێت . دەستکردە دەرهاتووەکانی چینی b برێتییە لە هەندێ برگەر شتی نارێك و ناقوڵا وەك بەردە چەکوشی ، بەردە زبرە ، دەسکەدوڵی شت وورد کردن و هاڕین . هەروەها خڕە چەوی شێوە هێلکەیی کە بەشی سەرەوەی لە شێوەی پیتی (٧) لێ دابڕاوە لەناو کەرەسەو ئامرازە دەستکردەکانایە . بەردە ئەستێ لە جۆری ئەوانەی کە لە زەرزی دۆزراونەتەوە دەری ئەخەن کە پیشەسازییەکی ئێجگار بلیمەتانەو سەر لێدەرچووانەی لێ بووە کە چەندین شتی ناسك و جوان لێ دروست کراوە . وردە چەوو زیخی جۆری چێرت بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار هێنراوە. ئەو شتانە کە دروست کراوە لەم جۆرە بەردانە لە هەمەرەنگە وەك ئەسمەر ، سووریاو ، قاوەیی بەسەر سەوزا بڕوانن لەگەڵ چێرتی خۆڵەمێشی گەر تێکرای وەرگرین چینی b لە هەموو چینەکانی زیاتر پارچەی بەردەشووشەی تیایە لەگەڵ کەرەسەی سەیرو سەمەرە کە هی ئەو ناوچەیە نەبێت) سەرچاوە نزیکەکەی کە لێوەی هاتبێ لەوانەیە گۆماری وان بێت لە ئەنازۆڵ لەو شتانەی کە

دەرکەوتوون لەناو کەلەکە بوومکانا چەند نوکتیژوو نوکەری جۆری گرافیتی) چەند بەرد هەڵکۆڵەرێك ، دەمەتیغی پشتدار دەمەتیغی بچووك ، نووك تیژو ڕمی نووك سێ سووچ باز نیمچە سێ سووچ، ڕمی شاندار لەگەڵ چەند نووکە ڕمێکی کەمی دوو فاقەو شێوە ئەبرۆیی (کەوانەیی) لەوانەش لە هەردوو جۆری شێوە مانگی کەرباران و هێلوان . بەردەلوولەیی و بەردی کون کون ، ڕنەی ناوکی ، ڕنەی یەکلو بنەرنە ، دەمە تیغی لەلەکراو لەوانە جۆری شانبەشانی دەمەتیخی دەستکاری کراو لەگەڵ بەردە ئەستێ ، شتێکی سەیرو نائاسایی کە ئەویش جۆرە بەرێنکی هێلکەیی بچوك و ناسك کە لەسەر ڕووەکەی لە شێوەی خاچ هەڵکۆڵراوە یان ڕوشێنراوە و ملوانکەیەکی بچووکی دروست کراو لە گوێ ماسی دروستکراویش دەرهێنرا .

کەرەسەی لە ئێسقان دروست کراوی بەکارهاتوو لە ژمارە نەئەهات . سەرەڕای چەندین بابەتی تری لە ئێسقان دروست کراوو نووك تیژ و باش ساف کراوو باریك و درێژ لە شێوەی دەرزی سەرخڕ.

نووسەر لەو باوەڕەدایە کە چەندین لە یەکچوونی بەهێزی بیپۆلۆژی هەیە لە نێوان چەندین بەردە ئەستێی تایبەتەوە (نێوان ئەوانەی ئەشکەوتی (بێلت) و چینی b ی شانەدەر هەروەها ئەشکەوتی هۆتو لە ئێران ، کە کەم و کوڕیان پێوە دیارە سەبارەت بە شێوازی دیاریان وەك شێوازی نیمچە لاتەریب

د لەتە سێکۆشەو بە شێوەیەکی چوونیەکانە دیارن کە لە چەشنی بەشەکانی دواوەی چاخی بەردینی کۆن بن هەتا ئەتوانین بڵێین هی کاتەکانی چاخی ناوەراستیشن . ئەگەر شانەدەر بێ گونجاو نەبێت ئەوا دەستکردەکانی ئەشکەوتی هۆتوو زۆر نزیکن لێیانەوە لێك ئەچن . لە بنی ربنەوەی چینی b دا سوێس کاربۆن (١٤) دەست کەوتووە کە مێژووی تەمەنی لەسەر خەڵوزی رەش بە (١٢) هەزار + ٤٤٠ ساڵ داناوە یان نزیکەی بە ١٠٠٤٦ ساڵ پ . ..

چینی C : هەروەك پێشتر باس کراوە چینی b هاتووەتە ناو چینی c نەوەو زۆر ئەستوورترە لەو . ئەمەش بووەتە هۆی هەندێ سەر لێ تێکچوون لە جۆری دەستکردەکانا لە بەشی تەواوی سەرەوەی چینی c و لە بنەوەی چینی b . بەشی سەرەوەی چینی C قووڵاییەکەی زیادی کردووە لە ژێر رووەکەیەوە رووەو خۆرئاواو لەم بارەیەوە تەواو هاورێکەو ئەگونجێت لەگەڵ رۆچوونی چینی B . ئەستووری چینی C(١٣) پێیە. لای باکووری چاڵەکە زۆر بە چاکی گەراین و لە وەرزی ١٩٥٦ دا تیا ئەنجام درا، دەرکەوت کە چینی c پێکهاتووە لە شێوەیەکی سەرەکی لە توڕو لیتەیەکی ئەندامی بەر بڵاوی لماوی قاوەییەکی زەردباو . ژمارەیەکی بێ شوماری تلە بەردو تاوێر کە لە ئەنجامی یەك دوو دارمانی بنمیچی ئەشکەوتەکەدا بووە . نیشانەی گوزەرانکردنی مرۆڤ لە ناوچەکەدا وەك شوێن و پاشماوەی حەلوز کوانووی ئاگرو کەرەسەی دەست کرد لەناو ئەو تاوێرو تلە بەردانەدا دۆزرانەوە. تا ئەگەشتە وەرزی ١٩٥٣ هیچ پشکنین و گەرانێك رووی نەدا لەو وەرزەدا بەشی سەرەوەی چاڵەکە پشکێنراو بە تەواوی دەرکەوت کە بەش و چینە سەرەکیەکانی نیشتەجێ بووی چینی c کەوتووەتە لای باشووری ناوچە بەردەڵانی و تاوێرەکانەوە .

هەر لەوێ کوانووە ئاگرو ئاسەواری خوڵەمێش بە باشی بەدی ئەکرێ بە تایبەتی لەناو گڵە ئۆرگانییە تۆخەکەدا دیار دەکات کە نیشتەجێ بووانی ئەشکەوتەکە پێیان باش بووە لە ژووری جیا جیای دابڕاوو داتاشراو لەناو تاوێرو گابەردەکانا ژیان بەرنە سەر کە هەندێ لە کونە بەردوو کەندرانە وەك پەناگەیەك خۆیان تیا حەشار داوەو هەڵتروکاون لە سووچێکی شوێنەکەداو ئاگردانێکیان درووست کردووە و پێویستییەکانی خۆیان بەسەر بردووە پارێزراو بوون لە مەترسی . زۆرینەی کوانووەکانیان لە بەردە قسڵ بووە . بەڵگەی دیاریش هەن کە گەواهی ئەوە ئەدەن کە هەموو مەترسییەکان هەر لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا نەبووە بەڵکە لە ناویشەوە هەر هەبووە . لەبەر دارمان و داتەپینی بنمیچی ئەشکەوتەکە بەردە قسڵە کۆمەڵێکی لەناو بردووە کە لەو کاتەدا لە دەوری کۆبونەتەوە . چونکە زیاتر لە کوانوویەك دۆزراونەتەوە کە

بووە بە ژێر هەرەسی دارمانەوەو ئەملاو لای کوانووەکە لە ژێر پارستایی و قورسایی دارو پەردووەکەدا تەخت بووە .

قورسترین دارمان یان تەپین لە باکووری چاڵەکەدا بەدی ئەکرێت نزیك بنی چینی c وە نیشانەو ئاسەواری نیشتەجێ بوون لە بەشی سەرەوەی چینی c کەمتر بووە گەر بەراورد بکرێت لە گەڵ بنەوەی کە زیاتر بوو لێرەدا بەرێز ئاگردان و کوان و بەدی ئەکرێت لەو ناوەدا درێژ بوونەتەوە کە ئەستوراییان لە یەك پێی تیایە تا ئەگاتە (١٠) پێ تیرەکەی بە ئەستووری (٦) گرێیە تلە بەردە تاوێرە گەورەکان تەنها بە هۆی تەقانەوەیان توانیویانە لایان بەرن لەبەر قەبەیی و زلیان ئەم کارەش تەکنیکێك بوو کە لەناو جەرگەی ئیشەکەمانا فێری بووین بەکاریان هێناو بە جۆرێکیش ئەنجام ئەدرا کە هیچ زیانێك بە چاڵەکەمان نەگەیەنێ کەرەسە دەرهاتووەکانی چینی c هەرچەند برێکی ئەو تۆی لێ نەدۆزراوەتەوە هەر خۆی تاکە چونکە لەو هاوچەشنە نییە لە ناوچەی نزیك خۆرهەڵاتی نزیك . لەناو ئەو بەردە ئەستێیانەی کە دەرهێنراون چەندین جۆرو شێوازی جۆراو جۆر بەدی ئەکرێت لەوانە : دەمەپاچی هەڵکۆڵین ، شت کونکەرە شەتەك دەر ، رنە بە چەندین جۆر وەك .. خڕ ، نووك تیژ ، دەمی تیغی لەلەکراو لەگەڵ دەمەتیغی بەکار هاتووی چاککراوو توێژاڵە شوێنێکی تایبەت بە پیشەسازی دروست کردنی کەرەسەی دەمەتیغە . جوتێك خڕە چەوی رەنگ ئاسنی دۆزراونەتەوە لەگەڵ چەند پارچە ئێسکێکی کارکراو کە زۆرینەیان لە بەشی سەرەوەی چینەکەدا بووە . وەدەرکەوتووە کە دەمەتیغ و هاوچەشنەکانی بە زۆری لە بەشی سەرەوەی چینی c دایە بە زۆری لە بەشی سەرەوەی چینەکە ، کە زۆرینەیان دەمەتیغی لەلەکراون .

چەند دەمەتیغێکی پشت داریش دۆزراونەتەوە هەر لە بەشی سەرەوەی ئەم چینە کە پێ ئەچێ هی چینی b بێت هاتبێتە ناو چینی c نەوە ، نووك تیژو( رم) توێژاڵ لە جۆری ئەوانەی چاخی بەردینی ناوەڕاست بەدی هاتووە لە نزیك بنکی چینی c . لەسەر پشت بەستن بەو تاقیکردنەوانەو راوێژکاریانەی کە لە گەڵ کاروود کراون دوای ئەوەی کە خۆی سەیری هەموو کەرەسە کۆکراوەکانی کردووە لە بەغدا بینیویەتی و لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٣ دا ئەوانەی کە لە چینی c دا کۆبوونەتەوە شایەنی ئەوەن کا ناسنامەیەکی تازەی دیاریکراویان پێ ببەخشرێت. لە راستییا ئەو شێوازانەی کە لەم چینەدا دەرکەوتووە لە شانەدەر هەمان تایبەتمەندی پیشەسازی خۆرهەڵاتی ئۆرکانی بە هیچ جۆرێك نییە هەروەها لەم شێوازە لە خۆرهەتی نزیکیش لە عیراق بەدی نەکراوە نەبێت .

بریاردرا کە پیشەسازی دروست کراوەکانی چینی c ناوبنرێت (بە پیشەسازی برادۆست) بە ناوی ئەو شاخەوە کە بە باشی

دیاره له باکووری شانەدەر ئەم پیشەسازییە بەردینەی برادۆست لە جۆری خڕبەوە ناگات بە جۆرەکانی تر . چینی c ناسراوە بەوەی برێکی زۆر دەمەپاچی هەڵکەندنی تیایە کە لە ناویانا هەندێکی بچووکی تیا بەدی ئەکرێت کە زۆر پنەیان زیاتر لە دەمێکیان هەیە . ئەوانەی کە لە جۆرە ئاساییەکان ناچن وەك (برۆکایت) باسیان لێوە دەکات دوو دەمەتیغی گۆشەداری لەلەکراوی دوو سەرەیە لە لێوارە بڕەڕەکەیانا . ئەم لەلانە بە مەبەستی تایبەتی دروست کراون و بە پیاکێشانی قایم لە لای دواییەکانیانەوە بۆ ئەوەی شێوە ئەسکەنەییان لێدەرچێ یان لووتێکیان بۆ دروست کردوون کە لە لا تەنیشتەوەیە کە بە هیچ جۆرێك لەوانی تر ناچێ کە بە چەند لایەکا دەمی هەیە یان نووك بۆ بڕین و کون کردنی شت وە لێوارو قەراغەکانیشیان قۆقزە. سەرەڕای ئەمانە لەناو کۆکراوەکانا برێکی تر هەیە کە یەك لەلەیان پێوەیە بەهەر حاڵ ئەو دەمە پاچە کوڵانە ئەتوانین بڵێین کە دەمەکانیان پان و تەسك و دابڕاوو گەلاڵەکراو بە جۆرێك کە وەستاکەی ویستبێتی چۆن بێ وا . بێگومان ئەمە یەکێك بوو لەو کەرەسەو ئامرازانەی کە مرۆڤی ئەو سەردەمە زۆر بەکاری هێناوەو بۆشاییەکی ژیانی پڕ کردۆتەوە سەبارەت بە پێویستییەکان و گونجاندنی لەگەڵ ژیانی سەردەمی خۆیدا .

لەناو ئەو کۆمەڵە کەرەسەکراوە دەست کردانەی لە (قصر العقل) لە بەیروت کۆکراونەتەوەو ئێستا لە مۆزەخانەی پیبۆدی دانراون لە زانکۆی هارڤەرد چەند نموونەیەکی لەم دەست کردانەی کە باسمان کرد تیایا (کە هێشتا هیچ زانیارییەکی راستەقینەی لە بارەوە بڵاو نەکراوەتەوە) . ئەمانە هەموو لە قووڵای (٩) مەتری شوێنەوارەکەدا دەرهێنراوە کە کەتووەتە ئاست و بوارێکەوە هەروەك (ئیۆرنیگ) باسی کردووە بە ئاستە هەرە سەرەتاو نزمەکانی ئۆرگەنێشی دائەنرێت کە پێشیان وتووە chatelperronian واتە گوزەر .

دوو نموونەی کاربۆن درا بە د. (سویس) تاوەکو بزانێت سەردەمەکەی بۆ کەی ئەگەڕێتەوە – نموونەکان لە چینی c وەرگیرابوون و هەردووکیان هی دوو کوانووە ئاگری فراوان بوون نموونەی یەکەم (w- 178) لە نزیك بەشی سەرەوەی چینی c دا بوو لە چوارگۆشەی (s3w1) لە قووڵایی (١٠) پێ دەرکەوت کە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاربۆ (١٤) ی تەمەن یان با بڵێین نزیکە ٢٧٥٤٦ ساڵی پێش زاین . نموونەی دووەم (w-180) لە نزیك بەشی خوارەوەی چینیc دا بوو لە چوارگۆشەی (s2w4) و قووڵایی (١٥) پێ .

سەردەمی ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ( کاربۆن ١٤ تەمەنی ٣٤ هەزار ساڵ زیاترە) . هەروەك د. سویس مەزەنەی کردووە . بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ماوە مێژووییە کۆنەی نێوان بەشی خوارەوەی چینی b بەشی

سەرەوەی چینی c ، لەوە ئەچێت کە تلە بەردەکان و دارمانی بەردە قسڵەکان کە کەڵەکە بوون لەناوەوەو لە سەر چینی c بە جۆرێک کاریگەر بووە کە هەموو ئاسەوارێکی نیشتەجێ بوونی سڕیوەتەوەو بەدی ناکرێ . چینی d . هێڵی نێوان هەردوو چینی c,d بە چاکی دیارە کە قووڵاییەکەی ١٦–١٧ پێیە لەسەر ڕووەکەیەوە لەلای باشووری چاڵەکەوە ، زۆر بە گران ئەتوانرێت پەیوەندی بزانرێت لەگەڵ بەشی باکووری چاڵەکە ئەویش لەبەر تلە بەردەکان کە داخزاون و هیچ جۆرە گڵێکی خراپی تیا دەرنەکەوتووە . چینی d کە لە شیتەڵ و شیکردنەوە سەرەتاییەکانا دەرکەوتووە کە پیشەسازی دەستکردی چۆن یەکی جۆری مۆستێری تیایە کە کت و مت ئەوانەی هەزار مێرد دەری ئەخا کە ئەم ئەشکەوتە ماوەیەکی دوورو درێژ هەوارگەو نیشتەجێی مرۆڤ بووە . ئەستورترین شوێنی ئەم چینە (٢٨) پێیە – گابەردو بەردە قسڵی گەورەی زۆرمان توش هات لەم چینەدا بەڵام لە چینی c دا بەو زۆری و بەربڵاوییە نەبوو. ڕەنگی گڵەکەی قاوەییەکی کاڵی مەیلەو زەردی لماوی و لیتەییە کە پێ ئەچێ قەرەباڵغییەکی زۆری تیا نیشتەجێ بووبێ . ئەو قات قاتەی کە ئەم چینە جیا ئەکاتەوە لە چینەکەی تر برێتییە لە گڵێکی تێکەڵی تۆخی ئەندامی ڕەنگ ژەنگاوی کە پڕە لە ئاگردان و کوانووی گەورەو خۆڵەمێشی لەسەرتاپای چاڵەکە . ژمارەی زۆرو چڕێتی ئاگردان و خۆڵە مێش و گڵی سووتاو دۆزرانەوە لە قووڵایی ٢٨ بۆ ٣٢ پێ . ئەم ناوچە پڕلە ئاگردان و خۆڵە مێشە بارستاییەکەی (٥) پێ ئەبێ و قووڵاییەکەی (٤) پێ . ئەم شوێنە شوێنێکی نزمەو ناوچەیەکی بەرفراوانی گرتۆتەوە و هیچ نیشانەیەکی وا دیار نییە کە هاتنە ناوەوەی سەغڵەت کردن لەم بەشەدا هەبێت . بوونی ئەم هەموو ئاگردانە لەم ناوچەیەداو بەو چڕو پڕییە سیمای چاڵ و کون و کەلەبەر وەبەرچاو ئەخان کە تیایا چەندین پارچە ئێسك و پروسکی گیانەوەری شیردەرو بەردە ئەستێ وەدەرکەوتوون .

ئەو چین و قات قاتانەی کە لە پێشەوە باس کران لەگەڵ ناوچەی ئاگردانەکان تێکڕای ئەستوورییەکەی نزیکەی (٩) پێیە . قووڵایی ئەم چینە (٢٣ بۆ ٣٢) پێیە لە ڕووەکەیەوە بە دەوڵەمەندترین چینی d دائەنرێت لە ڕووی کەرەسەو ئامێری تیابوون لەو بەشە قەرەباڵغیە کە منداڵەکەی شانەدەری تیا دۆزراوەتەوە لە قوڵایی (٢٦) پێدا . چینێکی تری یەکینەی پڕ لە قسڵ و چیمەنتۆ بە ئەستوورایی (١٢,٧ گرێ بۆ ٢٤و٥) دەرکەوتووە لە قووڵایی ٢٧ بۆ ٢٨ پێ بە پانایی چاڵەکە لێژ بووەتەوە بەرەو ناوچەو زونە (پشتێنە) قەرەباڵغ و نیشتەجێ بومکە. ئەمە تەنها ناوچەی قسڵ و گەچییە یان با بلێین (ستالاکمایتی) لەناو چاڵەکەدا کە لەوانەیە لە ئەنجامی کارتێکردنی شێوە تەریبی بێت کە هۆکارێکی جیوکرۆنۆلۆجیکیە

لە شانەدەر ، لە سەروو خواری ناوچە پشتێنە قەرەباڵغییەکەدا لە چینی d گەڵ ئاگردان و پەلگەی ئاسەواریتر دۆزراونەتەوە . هەروەك چۆن لە چینی c دا هەبوون هەندێ لە ئاگردانەکان کوژاونەتەوە هیچ شوێنەوارێکی دیاریان لە دوا بەجێ نەماوە بە هۆی رووخان و داخزانی تلە بەردوو تاوێرەکانەوە کە هەموویانی کردووە بە ژێرەوە . بڕێ لەبەردە ئەستێ لە بنی ئەشکەوتەکەدا دۆزراونەتەوە دەری ئەخەن کە ئەشکەوتی شانەدەر شوێن هەوارگەی مرۆڤی سەردەمی چاخی بەردین بێت لە سەرەتای زۆر زووی زەوی نیشتوو (السهل الرسوبی) . منالەکەی شانەدەر لە چارەکە چوارگۆشەی خۆرهەلاتی باشووری چاڵەکەدا لە قووڵایی ٨و٢٥ پێ دەرهێنرا لەژێر رووەکەیەوە بە ٢٦ پێ . دەرکەوت کە یەکێك لە ئیشکەرەکان دەستی کردووە بە هەڵکەندنی زەویە فشۆڵەکەی ئەم ناوچەیە بۆ هەڵکەندنی ئاستیکی تر . ئێسکە پەیکەرەکە لە گڵێکی تۆخی مەیلەو قاوەیی و خۆڵە مێشیدا دۆزراوەتەوە . سێ گرێ لە سەروو چاڵە خۆڵە مێشییەکەدا پاڵی لێداوەتەوە . دیاربوو کە هیچ گۆڕێ نییە . لێرەو لەوێ چەندین پەڵە خەڵوز دەرکەوتووە . منالەکە لە بارێکدا بوو کە دەست و قاچی نوشتابوونەوە سەری رووەو باکوور . ئێسقانەکان هەمووی بە جومگەوە پێکەوە بەندن . ئێسکی پێ و دوو لاقەکانی رووەو خۆرهەلات نوشتاونەتەوە یان با بڵێین بەلای راستی منالەکەدا خوێداو ئێسکی قوڵیشی هەر بە هەمان لادا نوشتاوەتەوە . سەرەکەی کە زۆر خراپ ووردو خاش بووە بە هۆی قورساییەکەی لە سەریەتی ، رووەکەی رووەو ژووره . هەموو ئێسك و پروسکەکان بێجگە لە چوارپەلەکەی ، لە بارێکی ئەوتۆ دایە کە بە کەڵکی هەڵگرتن نایەت ، تێکڕا هەموویان پوکاونەتەوە کە دەستی بۆ ئەبەی هەڵئەوەرێن و ووردو خاش ئەبن و ئەبن بە توزو خوڵ. بەهەر حاڵ ئێمە تا رادەیەکی زۆر بەختەوەرین کە توانیومانە ئەمەندە لەو پاشماوەیە بدۆزینەوە . نووسەر لە لێکۆڵینەوەو باسەکەیدا لەسەر چاڵەکە بۆی دەرکەوتووە کە عادەتەن گڵی شێدارو تەڕ خراپ و بێ کەڵکە سەبارەت بە هەڵگرتن و تیا مانەوەی ئێسقان ، هەر بۆیە زۆر لە ئێسك و پروسکی گیانەوەرە شێردەرەکانی هەمان شوێن هەروەك هی منالەکە لە بارێکی زۆر خراپ و شپرزەدان.

لولاقی قاچەکانی پێنەچێت نوشتابنەوە سەرەو ژوور لە پاشان بنەڕەتا بادرابێ بە لاتەنیشتا بە قورسی و گوشاری خاك و خۆڵەکەی سەری . درێژی نێژراوەکە لە تەوەرە درێژەکەیەوە یەك پێ و چارەکە گرێیەکە . گەورەترین پانتایی لە لای چوارپەلەکەوە (لە نووکی پێیەوە تا ئەگاتە سمتە جوولەکەی) . ٥و٧ گرێیە . پاشماوەی ئێسکە پەیکەرەکە ١,٤ واتە ئەستورییەکەی لە گەورەترین بەشیەوە . هەروەك گوتمان ئێسکی قوڵەکانی

بە باشی ماوەو هەڵنەگیراوە بەڵام گەلێك ئێسقانی دەستی راستیمان لەبەردەستایە كە دەرئەكەوێت پەنجەكانی ئەو دەستە نووقاوە رووەو لەپی دەستەكە بەرەو ژوور . هەرچی سمتە جوولەكەی و بڕبڕەی پشتی لە بارێكی خراپ دایە بە كەلكی ئەوە نەماوە كە بتوانێت هەڵی گرێت و بیپارێزێت تا سەر ، ئێسقانی پەراسووەكانی دیار نەماوە پاش گەرانێكی چڕو پڕو وورد لە دەورووبەری ئێسكەكە هیچ كەرەسەو شتوومەكێكی دەست كرد نەدۆزرانەوە كە پەیوەندی هەبێت پێوەی تەنها چەند ئەگەرێك نەبێت . كەرسەكێك یان پارچەیەك بەردەقسڵ كەوتووە بەسەر پاژنەی پێیدا . رێك لە لایەوە بەردە نقیمێكی كاربۆنی رەش دەركەوت كە دورییەكانی ٥و١ گرێ و نیونێك بە ٤و٣ گرێ . بە دووری دوو گرێ لای خۆرهەلاتی سەرەكەیەوە بەردە ئەستێیەك دەرهێنراو ئێسكی شیردەرێك لەلای ئەژنۆی چەپییەوە بوو . ئێسقانێكی تری بچوكی سووتاو نزیك قوڵی راستی بوو . ئەم ئێسقان و بەردە ئەستێیانە دائەنرێت بەو كەرەسەو شتە ئاساییانەی كە لەم چینەدا دۆزرابوونەوە لەو بابەت و ئامرازانە بوون كە هیچ پەیوەندییەكی بە بوونی پاشماوەی منداڵەكەوە هەبێت . بەهەر حاڵ لەوانەیە پارچە بەردە قسڵەكەو كەرەسە كاربۆنییەكە• بە مەبەست لەگەڵ لاشەكە خرابنە چاڵەوە . ئەر گڵە رەش باوە تۆخ و لیتەییەی كە ئێسكە پەیكەرەكەی تیا دۆزراوەتەوە پڕە لە دارو پەردو و چیلكەو چەوێل تێكەڵ بە گەلێ كەرەسەو شتوومەك وەك : ئێسك و پروسكی شیردەرەكان ، بەردە ئەستێ ، پەلە خەلوز ، كلۆ و پارچە بەردە قسڵ . ئەو بەردە قسڵانەی كە لێرە دۆزراونەتەوە ئەوەندە زۆر نەبوون گەر بەراوردیان بكەین لەگەڵ ئەوانەی كە لە شوێن و چینەكانی تردا دۆزراونەتەوە . قەراغ و لێوارە نەشكاوەكانی ئاگردانێك كە لە قوولایی ٥و٢٤ پێدا بوو یەكسەر لە پاشماوەی منداڵەكەوە بو پێئەچێت نەیهێشتبێت هیچ شتێك بچێتە نێژراوەكەوە .

ئێسكە پەیكەرەكە ئەبێت بەو چینەدا دیاری بكرێت و بناسرێتەوە كە تیا دۆزراوەتەوە . ئەم ئێسكە پەیكەرە بریتیە لە (٦٨) ئێسك و پارچەو تەڵەزمە ئێسقان . (٨) ئێسكی پەنجەو تەڵەزم ، (١١) ئێسك و پارچەی تەواوی ئێسكی قاچ و لولاقی چەپ و پەنجەی پێ ، (١٨) ئێسكی تەواوو پارچە ئێسكی قاچی راست و پەنجەی پێی راست ، (٣١) پارچە ئێسكی كەللە سەر . (١٦( دانی شیری كە چواریان بڕەڕن ، (٣) بڕەری دووەم و (٣) كەڵبە (٣) كاكیلەی یەكەم و (٣) خڕێی دووەم . لەبەر ئەوەی ئێسقانەكان بە شێوەیەكی تونێكاری و تێرو تەسەل لێكۆڵینەوەی لەسەر نەكراوەو بەراوردیش نەكراوە لەگەڵ دۆزراوەكانی چاخی بەردینی كۆندا هیچ بڕیارێك ناتوانرێت بدرێت سەبارەت بە مۆرفۆلۆجی منالەكەی شانەدەر بە پێی بۆچوونەكانی دكتۆر د.ف (فێلد

کامپ) کە پرۆفیسۆری دانسازییە لە (رۆیاڵ کۆلێج ی دانسازی لە بەغداد. دانەکان بە پێی توێژینەوە نوێکارییەکان دانی منالێکی (٩) مانگە پارچەی کەللە سەرەکە ئەستوورتر نیشان ئەدەن بە چاوەوە لەوەی هی منالێکی (٩) مانگ بێت. هەر چەندە ئەتوانرێت کەللە سەرەکە بە پارچەکانی پێك بێنینەوە بەلام بە داخەوە دەم و چاوەکەی بە کەڵك نەماوە یان هەر لێی نەدۆزراوەتەوە . تەنها دانەکان بە باشی وەك خۆیان ماونەتەوە . وە وا چاوەڕوان ئەکرێت زۆر زانیاریمان بە هۆی ئەم دانانەوە دەست بکەوێت هەر چەند هی کەسێکی بالق نییە . زۆرترین ئەو کەرەسەو شتە دەستکردانەی کە دۆزرانەوە لە دوو توێی هەردوو بوارەکانی چینی d داو بە شێوەیەکی زۆر چڕوپڕ. یەك لەو شوێنانە کە شتوومەکێکی زۆری تیادا کەڵەکە بووە کەوتۆتە نێوان قووڵایی (٢١) پێ بۆ (٢٧) پێ و شوێنەکەی تر لە قووڵای (٣٠ بۆ ٣١) پێ لە رووەوە . کەمێك ئێسقانی کارکراو وەك نووك تیژەکان دۆزرایەوە . ئەوەی کە لێرەدا زۆر بوو تەنها بەردە ئەستێ و بەردە ڕنە بوو . نووك تیژەکان لە جۆری رێك داتاشراوو نارێکیش بوون ژمارەی رێکەکان زیاتر بوون لە نارێکەکان . چەندین جۆریش بوون بە زۆری یان تەسك و دوو فاقەو شێوە نەقیزەیی بوون لەناو نارێکەکانیشا نووك چەماوەو پشت کوپڕ چەماوە بوون . رنەی لای داتاشراو لەسەر دەمە تیغی توێژاڵدار بە زۆری ئەکەوتنە بە چاو. رێژەیەکی کەمیش لە درەوشەو شت کونکەرە بینرا لەگەڵ توێژاڵی لەلەکراو . ژمارەیەکی یەکجار زۆر نووکتیژ چاکراوو دەست کاری کراو هەبوون کە دەری ئەخەن وەستاکانیان کارامانە خێرا چیان ویستبێ دروستیان کردووە لە توێژاڵ بەردە خڕەکان و بە هەر شێوازێك ویستبێتیان. هەر کە سەیری ئەم کەرەسەو ئامرازە دەست کردە کۆکراوانە ئەکەیت ئەبینیت کە ئامێری هەڵکۆڵینیان تیا نییە .

گارووود چوار لەم بابەتەی لە ئەشکەوتی هەزار مێرد دۆزیبووەوە لەگەڵ دوو تەوری دەستی کە لە شانەدەر دەرنەکەوتوون. جیاوازییەکی تر لەگەڵ هەزارمێردا ئەوەیە لە کاتێکا کە هیچ جۆرە ئامێرێکی شێوە ناوکی لێرە نەدۆزراوەتەوە کەچی لە شانەدەر بە بەربڵاوی بەرچاو ئەکەوێ . ئەم کەرەسەو بەردە ناوکیانە هیچ شێوەو شێوازێکی دیاریان نییەو قەوارەشیان مام ناوەندی و بچووکن سەیر لەوەدایە کە لەناو ئەو هەموو شێوە ناوکیانەدا هیچ جۆرێکی پەپکەیی تیا نییە یان زۆر کەمن . دەرکەوتووە کە ئامێرو کەرەسەی کەمی تیایەو بەردە ناوکییەکان هەڵوەریون و پوکاونەتەوە بە جۆرێك کە تەنها هەر توێژاڵێکی تەنکیان ماوەتەوە کە بە ئاسانی ئەتوانی لێکیان جیا بکەیتەوە . هەر وەك لە هەزار مێرد کەرەسە خاوەکەی لە خڕە بەردوو چەوی ناوچەم و رووبار قەوارە مامناوەندی پێکهاتووە کە پێ ئەچێ بۆ

مەبەستی کەرەسەی بچووک بەکار هاتبێ . سەکۆو شۆستە دروستکردن و بەکارهێنان لەو سەردەمەدا زانراوەو بەکاریان هێناوە . لەوە ئەچێ بۆ لێدانی توێژاڵە بەردەکان لەلاوە لێیان نەداوە بەڵکو لەسەر بارەکەی . هەر لە یەکەم بینین و بۆچوندا تەنها هەڵکەنەرو تەورە دەستییەکان نەبێت باقی شتە دەست کردەکانی بەردە ئەستێی ئەشکەوتی هەزار مێرد ئەتوانرێت بەراورد بکرێت و بشوبهێنرێت بەو نموونانەی بە چینی (d)ی شانێدەر کە دەرهێنراون ئەبینرێن کە زۆر لە یەك ئەچن . سەرەرای ئەمەش لەیەکچوونێکی زۆر دیارو ئاشکرا هەیە لەناو پیشەسازی بەردینی بێستوون لە خۆرهەڵاتی ئێران لەگەڵ بەردە ئەستێکانی چینی d ی شانەدەر . لە راستیدا ئەتوانین بڵێین کە لە ١٠٠٪ لەگەڵ بۆچونەکانی Mobious دا یەکن . هەندێ لەو دۆزراوانەی کە تایبەتمەندی خۆیان هەیەو لە هەزار مێرد یان لە ئێران دەرنەکەوتووە برێتین لە (٤) نووك تیژی جۆری شازادە . سیان لەمانە لە نێو قوولایی (٢٥) بۆ (٢٦) پێ لە چین و قەرەباڵغە نیشتەجێ بووەکەی سەرومانا بووە. لەچینی d لە ٣و١ی دامێنی ئاستی شوێنەکەدا . بە رێکەوتێکی سەیی مناڵەکەی شانەدەریش لە هەمان ئاستدا دۆزراوەتەوە . چوارەمین نووك تیژ لە قوولایی (٢٨) پێ دەرهێنراوە . بە گوێرەی لێکدانەوەی گاروود کە نووك تیژەکانی ئەمیرەی دۆزیوەتەوە لە بنکی چیای کەرملی فەلەستین دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی سەرەوە. نووکتیژی ئەمیرە بەشێکە لەو پیشەسازییەی کە گوێزراوەتەوە لە نێوان پیشەسازی سەرەتای چاخی ناوەڕاست و دوابەشی سەرەوەی چاخی بەردینی کۆن لە سووریا و فەلەستین .

هەر چەند نووك تیژەکانی ئەمیرەی شانەدەر لە قات و چینەکانی (٩) پێی ژێر ئاست و بواری نێوان چاخی بەردینی کۆنی سەرەوەی برادۆست و چینی d ژێر ئاست و بواری نێوان چاخی بەردینی کۆنی سەرەوەی برادۆست و چینی d هاوچەرخ و هاوکاتی نموونەکانی شانەدەری پێوە دیار بێت لەگەڵ ئەوانەی چیای (کەرمل) لە فەلەستین لە رووی بنەماو هۆکاری ئاوو هەواوە کەواتە بەم شێوەیە ئەتوانین بڵێین کە شوێن و ناوچە بەردە قسڵ و چیمەنتۆیەکانی قوولایی (٢٨) پێ چینی d لە شانەدەر لەوانەیە نیشانەی دەرخستنی سەردەمی بارانبارینی زۆر بێت کە بە دوایا راستەوخۆ ئەو ئاستە دەست پێ ئەکات کە نووکتیژەکانی ئەمیری تیا بووە ، لە کاتێکا کە وەرزی بارانبارینی زۆرو لێزمەکردن یان با بڵێین وەرزو دەمی شێو تەڕی و تووشی بە هەمان کتو پڕی رویداوە لە ژێر ئاستی ئەمیرەوە لە چیای کەرمل . لەراستیدا ئاسۆو ئاستی ئەمیرە تا رادەیەکی زۆر بە تەواوی تێکچووە بەهۆی کارتێکردنی ئاوەوە.

لە لبنان لە ( قصر العقل ) ewing نووکتیژی ئەمیرەی لەسەر کۆمەڵە بەردێکی

تێکرماودا دۆزیوەتەوەو ئاماژە بەوە ئەکات کە ئەم کانە بەردو کەنەڵانە رووخاوانە نیشانەی رێکەوتی کات و سەردەمێکی تەری و شێداری بووبێت .

نیشەکانی (رایت) لە هەمان ناوچەدا دەری ئەخەن کە شتە کەڵکە بووە کەلتورییەکان ، وەك کەڵکە بەردە خاکناسییەکان ئەتوانرێت بە بێ خەم سەردەمیان بگەرێندرێتەوە بۆ چاخی ڤۆرم . گاروود پەیوەندییەکی چاکی بە وێنەی روونکردنەوەوە دەرخستووە لە نێوان ئاسۆو ئاستی ئەمیرە و سەردەمی ئەمیرە لە خشتەیەکی جیۆکرۆنۆ لۆجیدا لە لبنان و فەلەستین . شوێنی قوڕو لیتەی نیشتوو کە سەردەمی بارانبارینی زۆر دەرئەخات لە ژێر ئاسۆو ئاستی ئەمیرەو لە رووبارە بەستەڵۆکی ڤۆرم دا دائەنرێت بە مەسەلەیەکی وا کە بە چەند جۆرێك لێك بدرێتەوەو بقەبڵێندرێ لە نێوان مێژووناسانی پێش مێژووی قوتابخانەکانن کە لێکۆڵینەوە لەسەر کورت و درێژی سەردەمی کۆنی لە مێژوودا ئەکەن. بە گوێرەی مێژووناسەکانن مەسەلەکە بە درێژخایەن مەزەنە ئەکەن ئەڵێن کە ئەم سەردەمی باران زۆر بارینە لەوانەیە پەیوەندیدارو هاوزەمان بووبێت لەگەڵ ڤۆرمی ١ بەڵام ئەو مێژووناسانەی کە مەسەلەکە بە کورت خایەن ئەقەبڵێنن ئەڵێن لەوانەیە پەیوەندی دارو هاوزەمان بو بێت لەگەڵ ڤۆرمی دوودا هەبێت بێ گوێپێدانە هەر کامێکیان لەمانە لە بۆچوونی خۆیاندا دەرئەکەوێت کە بە قەناعەتەوە ئەتوانین بڵێین بەڵێ هاوچەشن و هاوزەمانی هەیە لە نێوان ئەو نووکتیژە رمانەی جۆری ئەمیرە کە لە شانەدەر بووە لەگەڵ ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوانەی کە لە فەلەستین و لوبنان بووە هەر لەبەر ئەوەی کە مناڵەکەی شانەدەر لە هەمان ئەو ئاست و چینەدا دۆزراوەتەوە کە نووکتیژی ئەمیرەی تیا دۆزراوەتەوە کەواتە ئەبێت سەر بە هەمان ئاسۆو ئاستی شوێنەوارناسی بێت هەر وەك چۆن وتمان کە نووکتیژی ئەمیرە گوێزراوەتەوە ماوەیەکی زۆر لەم دەستەوە بۆ ئەو دەستە رۆییوە کەواتە مناڵەکەی شانەدەریش هی هەمان ناوچەو سەردەمی پیشەسازی گوێزراوە بووە .ئەم مناڵەی شانەدەر بتوانێت ئەو بۆشاییەو کەلێنەی کە کەوتووەتە نێوان مرۆڤی عاقڵ و ئۆریگناشی فەلەستین و جۆری پێکهاتەی مرۆڤی نیاندرتال و مرۆڤی سەردەمی نوێی ئاستی چاخی ناوەڕاست ی چیای کەرمل پڕ بکاتەوە یان پڕ نەکاتەوە. ئەم بەڵگەو راستیانە هێشتا دیار نین و درکیان پێ نەکراوە . ئەوەی کە تا ئێستا وەك لوغزو ئەفسانەیەك ماوەتەوەو سەرمان لێی دەرناچێ ئەو کەرەسە کەڵکە بووە سەیرەیە کە بارستایی هەشت نۆ پێ لە سەروو ئاستی نووك تیژەکانی ئەمیرەی سەردەمی چاخی بەردینی کۆن و سیتۆلۆجیدایە لە شانەدەر ، تەنها ئەوەی لێ دەرکە کە لەوانەیە داهێنانێکی سەربەخۆ بێت . ئێمە وای بۆ ئەچین کە نووك تیژی ئەمیرە کە لە رووی کەلتوورییەوە دەرئەکەوێت لە ناوچەی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست داهێنرابێت و هاتبێتە ئەم ناوچەیە. ئەم زانیاری و راستییەش لە جێی خۆیایەتی ، بە تایبەتی کە ئەزانین و ئەبینین کە دووری نێوان هەردوو شوێنە کە نزیکەی

(٦٠٠) میلێکــە ، کــە هیــچ پەیوەســتێکی تارەحەتیش نییە لە نێوانیاندا. بەهەر حاڵ خەڵکی شانەدەر لەو سەردەمەدا یان هەر هیچ نەبێت لــە ســەدەکانی دواتــر زۆر ســست و دواکــەوتوو بــوون لــە ڕووی کــەلتووری ڕۆشنبیرییەوە . لــە کاتێکدا لــە فەلەستین و (قصر العقل) کەرەسەی دەست کردی لە بەرد دروســت کــراوی چــاخی بــەردینی کــۆن دەدۆزینەوە کــە ڕاستەوخۆ بــە دوای هێنانی دۆزینەوەی پیشەسازی ئەمیرەدا دێت (ئەمیان هــی ئــەمیرە کەشــەکردن و پێشــچوونەکەی قۆرغی شوێنەکەی دەگێڕێتەوە بۆ خوارەوەی چاخی بەردینی کۆنی سەروو) لە شانەدەر کە هیــچ نیشــانەو ئاســەوارێکی تــەقلیدی تــازە لەبەردەستا نــەبووەو دەست نەکــەتووە هــەتا دەرکەوتنی ئاسۆی برادۆست . خــەڵکانی ئەو سەردەمە دوور دەستە لە ئەشکەوتی شانەدەر پێ ئــەچێ کــە هــەر لەناوچــە شــاخاوییەکانی خۆیــاندا بوویــن و تــەواو دابڕاوبــوون لــە خــەڵکانی تــر هــەر وەك شــوانە کــوردە شــیروانییەکانی ئێســتای ئــەم ســەردەمە پــەیوەندی ئــەزموونی ئاســۆو ئاســتەکانی چــاخی بــەردین لــە ئەشــکەوتی شــانەدەر ئــەنجامی زانــراوی عــیراق لــە خشــتەی ژمــارە (٢)دا ڕوون کراوەتەوە .

لەو قۆناغ و هەنگاوانەی لەسەرەوە باس کران و لەگەڵیانا کەریم شایەر و چەرمو ئەبێت کەوتبنــە هــەمان ساتە وەخــت و ســەردەمی نێوان کۆتایی چیــنی (ا) و تــازەترین کەڵەکە بوو کۆکراوەی شانەدەر یان لە نێو چینی ٨ دا . بەهــەر حــاڵ لــە یــەکالاکردنێکی ســەرەتایی لەسەر پاشماوەکانی چینی ٨ دەرئەکەوێت کە تەنها چەند ئەڵقەو بەستنەوەیەکی کەم هەیە لەم چینەدا کە بگاتەوە بە شوێنەوارناسی تازە لــە عــیراقدا . بەهــەر حــاڵ لــێرەدا ئێمــە لەبــەر ئەوەی باسی شارستانیی و کەلتووری چاخی کۆنمان لە شانەدەر کردووە بەو چڕو پڕیی و بایەخ پێدانەوە دەبا باسی چینی a دوا بخرێت بۆ نوسینێکی تر .

**خشتەی ژمارە (٢)**

**پەیوەندی شوێنەوارنناسی ئەشکەوتی شانەدەر لەگەڵ شوێنەوارناسی عیراق**

| شوێنەوارناسی عیراق | شوێنەوارناسی ئەشکەوتی شانەدەر |
| --- | --- |
| تازە (نوێ) | ؟ |
| مێژوویی | ... |
| سەرجەڵەبی | چینی ٨ |
| سەرجەڵەبی لەمێژە | .... |
| سەرەتای ڕۆشنبیری | .... |
| چاخی بەردینی نوێ و چاخی بەردینی نوێتر | ؟ |
| ؟ | ؟ |
| پاڵە گەورە | ... |

زەرزی

چینی B

چاخی بەردینی کۆنی دوایی و چاخی بەردینی ناوەڕاست (؟) (نزیکەی ١٠٠٤٦ سالٌ پ . ن

؟

؟

(چاخی بەردینی کۆنی سەروو

چینی C

برادۆست

...

(نزیکەی ٢٧٥٤٦ سالٌ پ . ن

...

زیاتر (کۆنتر لە ٣٢٠٠٠ سالٌ پ . ن)

...

؟

؟

هەزار مێرد

چینی D

(ناوەڕاستی چاخی بەردینی کۆن)

...

بەردە بەلکە

...

ناوەڕاست و دواوەی چاخی بەردینی کۆن

...

لە عێراق ، لە یەکچوونی جۆرناسی بەردە دەستێکانی چاخی بەردینی سەروو (کە گەییوەتە سنووری چاخی بەردینی ناوەڕاستی) چینی B ی شانەدەر لەگەلٌ پیشەسازییەکانی زەرزی و پالٌە گەورە ئاشکراو روونە . هەروەها لە یەکچوونی ڕوون و ئاشکراش لە نێوان بەردە ئەستێکانی ناوەڕاستی چاخی بەردینی کۆنی مۆستێری چینی D و شانەدەرو پیشەسازی مۆستێری ئەشکەوتی هەزار مێردو ئەشکەوتی بێستوون ، چینی C لە ناویانا پیشەسازی ئەشکەوتی برادۆستی چاخی بەردینی سەرووە ، تاکو بیٚ هاوتایە . لە دەرەوەی عێراق وا دیارە نیشانەو بەلگەی باش دەر ئەکەوێت کە ئەشکەوتی شانەدەر ئەبەستێت بە خۆر ئاوا یان خۆرهەلاٌتی ناوەڕاست بە درێژایی مێژووی چاخی بەردینی کۆن . بەم شێوەیە ئەم شتە کەلٌەکەبووانەی بەشی سەرەوەی زەرزی و هەزار مێرد وا دەرئەکەوێت کە گەلێك لێك چوون و گونجانی کەرەسەو شتوومەکەکانی ناوچەکانی فەلەستین و سوریای پێوە دیارە بۆ زیاتر پشتگیری کردن ئەم شتە کەلٌەکەبووانە رەنگ بێ لە شتە تاك و کەسییەکانەوە دەرکەوێ کە لە شانەدەر دۆزراونەتەوە . وەك بەراوردێك لەگەلٌ پێرستی رەق بووەکان (تا ئێستا هیچ لێکۆلٌینەوەیەکی بەراوردییانە نەکراوەو لەبەردەستا نییە) راستییەکی سەبارەت نووك تیژەکانی (Heluan- type) و(Kebaraen- type) شانەدەری B هەندێ نموونەی کەم هەن لەمانە کە دەری ئەخەن لەم جۆرە کەرەسە دەستکردانەی چاخی ناوەڕاست لە خۆرهەلاٌتی ناوەڕاست دۆزراونەتەوە . جۆرێکی تایبەتی لە کەرەسەی هەلٌکۆلٌین لە جۆری پیشەسازی

برادۆستی شانەدەر C کت و مت لەوانەی پیشەسازی ئۆرێگناشی (قصر العقل) ئەچێت لە لوبنان . لەم دواییەدا بوونی نووک تیژەکانی ئەمیرە لە شانەدەر D لەگەڵ ستالاکمایتەکانی هاوچەشنن و زۆر لەیەک ئەچن هەروەها لەگەڵ بەڵگە نەویستەکانی سەردەمی باران زۆر بارین . دیاردەی تریش هەن لە فەلەستین و لوبنان. لێکچوونی هێمازانی کەرەسەو ئامێرەکانی چاخی بەردینی کۆنی شانەدەر تەواو رێک ناکەوێت و ناگونجێت لەگەڵ ئەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. هەندێك لێکچوون و هاوچەشنی بەدی ئەکرێت لەگەڵ ئەشکەوتەکانی ئێران و ناوچە شوێنەوارناسیەکانی قەوقاز . لەو دۆزراوانەی کە (کۆکتێن) دەری هێناون لە ئەشکەوتی (کورەین) نزیك (ئەنتالی) لە تورکیا (کەرەسەکان هاوشێوەن لەگەڵ شانەدەری C) بەراوردێکی زۆرباشمان بۆ ناکرێت لە رووی زانستی و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەی ئەنەدۆڵ ئەو ناوچەیەی کە پەیوەندییەکی نزیك یان پێکەوە هەیە .

<u>سەرچاوە:</u>

گۆڤاری سۆمەر- بەشی یەکەم ١٩٥٥/ ژمارە ١١ لاپەرە ١٤-٣٨

# نەخشە هەڵکەنراوە بەردینەکانی تاقوسان

نووسینی : جیهانگیر کۆرجی کویاجی

وە/ حەسەن عەبدولکەریم

پێشەکی : ئەم نووسینە بەشی دەیەمی کتێبێکە به ناوی "ئایین و ئەفسانە کۆنەکانی ئێران و چین . دانەری ئەم کتێبە زانای بەناوبانگی هیندی (جیهانگیر کۆر جی کۆ باجی) یەکە یەکێکە لە پەیڕەوانی ئاییینی زەردەشتی لە هیندستان . ئەم زانایە ساڵی ١٨٧٥ هاتووەتە دنیاو دوای خوێندنی سەرەتایی و دەرچوونی لە زانکۆی (ئەلفینستون) لە شاری بومبای ، چووەتە بەریتانیاو لە زانکۆی (کەمبریج) خوێندنی تەواو کردووە ، پاشان بووە بە مامۆستای بواری ئابوری لە زانکۆی کەلکەتا لە هیند ، ساڵی ١٩٣٠ سەرۆکایەتی ئەو زانکۆیەی پێ سپێردراوە ، لە ساڵەکانی ١٩٣٢-١٩٣٥ بووە بە مامۆستای زانستی ئابووری لە زانکۆی (ئاندهارا) ، دوای ماوەیەك بووە بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەو زانکۆیەو لە ساڵی ٩٤٣ دا کۆچی کردووە ، ئەم زانایە پاش خۆی گەلێك بەرهەمی بە کەڵك لە نوسین و کتێبی لە بواری ئابوری و کۆن ناسی و ئاسەوارناسیدا بەجێ هێشتووە ، گرنگترینی ئەو بەرهەمانە ئەم کتێبەیە کە بەشی دەیەمی لێرەدا وەرگێڕراوە .

ئەم کتێبە پێش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بۆ یەکەم جار کراوە بە فارسی و چاپکراوە دوای چەند ساڵێکی تر بۆ جاری دووهەم چاپکراوەتەوەو ٨٠٠٠ دانەی خراوەتە بەر دەست خوێنەران ، گرنگی ئەم کتێبە لە رادەیەکدایە کە زانای بواری ئێرانناسی پرۆفیسۆر (ولیامز جکسن) ، لە بارەیەوە نووسیویەو دەڵێ : بە داخەوە پێش ئەوەی کتێبی "چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئاییینی زەردەشتی" دا بنێم ئەم کتێبەی جیهانگیرم لە بەردەستدا نەبووە تا لە هەندێ شوێندا سوودی لێ وەربگرم و ئاماژەی بۆ بکەم .

وەرگێڕ

دەربارەی نەخش و نیگارو پەیکەرەکانی شوێنەواری تاقوسان ، بە تایبەتی یەکێك لە پەیکەرەکان کە تیشکێك بە شێوەی بازنەیی خەرمانەی داوە بە دەوری سەریا . بۆچونی زۆر هەیەو قسەی زۆری لەسەر کراوە ، زانایان "راولینسود" و "تۆماس" لایان وایە کە ئەو پەیکەرە هی ئاهورامزدایە "کرپورتر" فلانون بە هی زەردەشتی دائەنێن، هەندێکی تر وەکو

(پوستی) بە پەیکەری خواوەند میترا یان دانـــــــــــــــــــــــــــــــــاوە.

پرۆفیسـۆری ئەمـەریکی (جکسـن) لـە کتێبێکـی خۆیـدا بـەناوی (زەردەشـت پێغەمبەری ئێرانییەکان) دەڵێت :- بەڵگەی ئـەو دوو گرووپەکـە پەیکەرەکـەیان بـە هـی زەردەشت یا هی میترا داناوە چون یەکەو لەو بارەیەوە ناتوانرێ پشتگیری یەکێکیان بکرێت و باوەڕیشی وایە کە نابێ هەروا بە ئاسانی دەست لـە لێکۆڵینـەوە هـەڵبگیرێ و بابەتەکە شایستەی ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە بەردەوام بێ لە سەری .

من لەم نوسینەدا هەوڵی ئەوە ئەدەم روونی بکەمەوە کە ئەو پەیکەرە هی ئێزەد بەهرامە کـە لـە هـەموو ئەفسـانەکانی سـەردەمی ئەردەشیری بابەکان و لە بنیات نانی بنەماڵەی ساسـانییەکاندا رۆڵێکـی گـەورەو بنـەڕەتی هەبووە ، رەنگە گەیشتن بە ئامانجێکی تەواو لەم باسەدا ئاڵۆزەی کۆنناسیدا لە توانای من بەدەر بێ بـەڵام مـن بەڵگـەکانی خـۆم لەگـەڵ بۆچوونی کەسانی تردا ئەخەمە روو ، بڕیاری کۆتاییش ئەکەوێتـە سەرشـانی لێکۆڵـەرەوە خاوەن ئەزموونەکان .

*پلەو پایەی بـەرزی خواوەنـد بـەهرام لـە مێژووی ساسانییەکاندا

* گرنگـی ئـاییـنی خواوەنـد بـەهرام باوەڕبوون بەو ئاییـنـەو ، هونـەرو دراوەکـانی رۆژگـاری ساسـانییەکان بـە رادەیەکـە کـە پێویستی بە زۆر لەسـەر رویشـتن نیـە ، هـەر ئەمـەش بەڵگەیە لەسـەر راستی بۆچوونەکـەی من دەربارەی پەیوەندی ئەو پەیکەرە بە ئێزەد بەهرامەوە .

لە وێنەو نیگارەکانی سەردەمی ساسانیدا کە گوزارشت لە چوونە سەر تەختی پاشاکانی ئـەم بنەماڵەیـە دەکـەن پەیکـەرێکی خوایـی بەرچاو ئەکەوێ ، ئێمە هەوڵی ئەوە ئەدەین کە بزانین ئەو پەیکەرە هی کێیەو بیناسین ، تـا ئەو کاتەی کە بەڵگەیەکی راست و دروست و تـەواومان دەسـت ئەکـەوێ کـە دژی ئـەم بۆچوونـەی ئێمـە بێـت ئـەتوانین بڵێـین ئـەو پەیکەرە هی خواوەندێکە کە گرنگترین رۆڵی بووە لەژیان‌و بـاوەڕی ئەردەشـێرو نـەوەکانی ئەودا . لەو ئەفسانەیەدا کە باسی پەیدابوون و سـەردەمی منداڵـی ئەردەشـێر دەکـا چـەند بـاڵندەو ئـاژەڵێکی وەك هـەڵۆو داڵ و بـزن رۆڵێکی گرنگیـان گێڕاوە ، لـە هـەردوو کتێبی (کارنامەی ئەردەشیری بابەکان) و (شانامە) ی فیردەوسـیدا رزگـاربوونی ئەردەشـێر لـە ناڕەحەتی و گرفتاری دراوەتـە پـاڵ خواوەنـد بـەهرام ، هـەروەها لەسـەر رووی دراوی رۆژگـاری ساسـانییەکان بـە زۆری شـازن و شازادەکان تاجەکانی سەریان بە وێنەی هەڵۆو گاو مـەڕ رازانـدووە کـە خواوەنـد بـەهرام لـە شـێوەی ئەمانـەدا بـەدەر ئەکـەوت ، وێنـەی ئاتەشـگایش لەسـەر دراوەکـان نەخراوەتـە پشت گوێ .(١)

شتێکی تریش کە زۆر سەرنج ڕائەکێشی ئەوەیـە کـە لای کـەمی شـەش کـەس لـە

پادشاکانی ساسانی ناویان بەهرام بووە و فەرمانڕەواکانیشیان چەند ناوێکی وەك شەهران بەراز ، وەرهران شاپوور ، وەراز گرتە یان بووەو ناو گەلێکی وەك وەراز پیرۆز ، وەراز شاپوهر ، وەراز پیردات ، کە هەموویان ووشەی وەراز - گوراز ، یان پێوە بووەو لەو سەردەمەدا زۆر باو بووە .

لەسەر جل و بەرگ و پارچە ئاوریشمی تایبەت بە شاکان و قاپ و جام و کاسەی زیوو زێرینی سەردەمی ساسانییەکاندا هەروەها تاجی شاکان نەخشی پەیکەری وا کە بەهرام ئەچوە شێوەیانەوە دروست ئەکرا ، چەند لەوحەیەکی سەردەمی ساسانییەکان کە لە (کتیزفون) دۆزراونەتەوە چەند وێنەیەکی روون و هونەرمەندانەی ئەو باڵندەو ئاژاڵانەی لەسەرە کە نمایشی خواوەند بەهرام دەکەن . (٢) . جگە لەوانەی باس کران چاکترین گرووپ و تاقمی هەڵبژێردراوی سوپای ساسانییەکان پێیان ئەوترا (وەرتغنیکان) و سەرکردەی ئەو گروپانەش بە (ئوهەرمزد - وەران) یا بە وەرتەر غنیکان خوتای) ناوبراوان بەم شێوەیە ناوی تیپە کاراکانی سوپاو سەرکردەکانیان لە گەڵ وشەی بەهرام وەرتغنیکان یا وەراز - گراز تێکەڵ کراون . فیردەوسی ش لە شانامەدا تەختی خەسرەوی دووهەمی بە (بیش سەر) ناوبردو کە جۆرە ئاماژەیەکی تێدایە بە ئێزەد بەهرام . ئەم بەڵگانە بۆمان دەرئەخا کە چۆن ساسانییەکان رێزیان گرتووە لەو ئێزەدە کە پارێزەری بنەماڵەکەیان بووە . لەبەر ئەوە هیچ گومانی تێدا نیە کە رۆڵی خواوەندێتیانەی پارێزگاری کردنی بنەماڵەی ساسانییەکان لەو رۆژگارەدا لە ئەستۆی ئێزەد بەهرام دا بووە ، وەك چۆن پێشتر لەو سەردەمە ئەو ئەرکە میترا بە جێی گەیاندووە .

لە ئەنجامدا دەڵێین ئەگەر بەهرام لەو نەخشەیەدا کە گوزارشت لە دەسەڵات گرتنە دەستی ساسانییەکان دەکات جێگای بۆ دانەنرابێ و خرابێتە پشت گوێ ئەوە زۆر جێگای سەر سوڕمانە

## بەڵگەیەك لە ئاوێستاوە

بەڵگەی سەرەکی بۆ ئەوەی کە پەیکەری سەر نەخشەکەی تاقوَسان پەیوەندی هەیە بە خواوەند بەهرامەوە ، ئەو لە یەك چوونە روون و ئاشکرایەی ئەو پەیکەرەیە لەگەڵ ئەو باسکردنەی بەهرامی ئاوێستا ، ئەم لە یەك چوونە وە نەبێ هەر لە هەندێ شتی سەرەکیدا بێت ، بەڵکو لە هەموو شتە ووردەکانیشدایە کە لە ئاویستادا هاتووە دەربارەی بەهرام کە دەڵێ :- بەهرام بۆ جاری دەیەم لە شێوەی پیاوێکی جوانی قۆزدا کە خەنجەرێکی بە قەدەوە بوو بە زێڕ داکوترابوو بە جۆرەها نەخشی جوان رازابوویەوە بەرەو رووی زەردەشت هات ) ئەم جۆرە وەسف کردنەی بەرهام کە لە ئاوێستادا هاتووە بە روونی لەو پەیکەرەی تاقوَساندا هەیە ، هەروەها تیشك و روناکی یەك بە شێوەیەکی بازنەیی و خەرمانەی مانگی چواردە ئاسا دەوری سەری

داوە ، شمشێرێکی بە دەستەوەیە گەوهەرێکی پیادا کوتراوە ، دەرکەوتنیشی بە شێوەی سەرکردەیەکی سوپایی و جەنگی کە لە پەیکەرەدایە نابێ بخرێتە پشت گوێ هەروەها لە بەشێکی تری ئاوێستادا هاتووە "بەهرام بۆ شەشەمین جار چووە قاڵبی لاوێکی پانزە ساڵەی جوان بە سیمایەکی پڕشنگدارو دوو چاوی گەش و دوو پێی بچووکەوە بەرەو رووی زەردەشت هات.

(شپیگل) لە بری دوو پێی بچووک دوو پاژنەی بچووکی داناوە (بارتولە) ش کە لەم بۆچوونەدا پشتگیری ئەکات و دەڵێت دوو پاژنەی بچووك نیشانەی جوانییە ، لەبەر ئەوە دوو پاژنە یا دوو پێی بچووك یەکێکە لە شتە دیارو دەرکەوتووەکانی پەیکەری ئێزەد بەهرام و ئەو پەیکەرەی کە باسی دەکەین ، بە بەڵگەی ئەو وێنە جوانانەی کتێبی (سار) ل/٤٢ و کتێبەکەی (جکسن) بە ناوی ئێران لە رابووردوو و ئێستادا( ل ٢١٥ و نەخش و لە بەرگرتنەوە جوانەکەی (دیولافوئا) کە ئەیخەنە بەر دەستمان دوو پێی پەیکەرەکەی تاقۆسان بچوکترن لە پێی هەموو پەیکەرەکانی ئەو نەخشەیە ، تەنانەت کەوشەکانی پەیکەرەکە جوانترو وردیلەترن لەو کەوشە قەبەو ناقۆڵایانەی کە لە پێی پەیکەرەکانی تردایە ، بابەتێکی تر کە لە گەورەو بچووکی پێیەکان گرنگترە ، ئەوەیە کە پاژنە بچووکەکانی پەیکەرەکە خراونەتە سەر گوڵی گوڵە بەرۆژەیەك ، هیچ گومان لەوەدا نییە کە پەیکەر تاشەکە مەبەستی ئەوە بووە کە پێ یەکی وەها بچووك و ناسك پێویستی بە شوێن پێیەکی نەرم هەیە ، هەروەها رێی تێ ئەچێ کە پێویستی بوونی گوڵ لە پەیکەرەکەدا لە ژێر کاریگەری وێنەکانی (بوزا) و وێنە ئایینییەکانی تری هیندیدا بوو بێ . کە پێیان لەسەر گوڵی (لاولاوی ئاوی) دانراوە ، بەڵام لە پەیکەرەکەی تاقۆساندا تەنیا پاژنەی پێکان لەسەر گوڵەکە دانراوەو سەرنجی خەڵك رائەکێشی بۆ بچوکیی پاژنەکان .

هونەرمەندی پەیکەرتاشی تاقۆسان ئەرکی گرنگی خستنە رووی خواوەند بەهرامی لەسەر بووەو لە بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکەشدا سوودی لەو باسکردن و وەسف کردنانەی ئاوێستا وەرگرتووەو ئەو باسانەی تێکەڵ کردووەو لە قاڵبی مرۆڤێکدا لاوێکی جوان و چاو گەشی بە پاژنەیەکی وردو رێکوپێکەوە دروست کردووە بە شمشێرێکی گەوهەرڕێژکراو بە دەستەوە خەرمانەیەك لە تیشك بە دەوری سەریدا بڵاو بووەتەوە .

جگە لەمە لە ئاویستادا (بەشی ٦٣) دەربارەی بەهرام هاتووە دەڵێ :- دەستی پەیمان شکێنەکان لە دواوە ببەستن و چاوەکانیان تارێك بکەن و گوێیان کەڕ بکەن و بە جۆرێك کە هیچ کەس نەتوانێ پێ بخاتە دەرەوە ) . ئەمەش کوت و مت ئەوەیە کە لە نەخشەکەی تاقۆساندا بەرامبەر بە (ئەردەوان) ی دواین پاشای ئەشکانی یەکان کراوە .

## لێکۆڵینەوەیەک لە ژیاننامەی ئەردەشێری بابەکان

هەموو لێکۆڵەرەوەو زانایانی بواری کۆنناسی لەوەدا یەک ئەگرنەوە کە یەکێک لە پەیکەرەکانی نەخشەکەی تاقۆسان هی سەردەمی ئەردەشێری بابەکانە ، ئاشکرایە کە کتێبی کارنامەی ئەردەشێری بابەکان چاکترین سەرچاوەیە کە بتوانین لە ڕێی ئەوەوە پەیکەرەکانی تاقۆسان بناسینەوە ، لەو ژیاننامەیەدا هیچ باسێك دەربارەی ئێزەد میترا نەکراوە و هەموو کاتێ ئەردەشیر سەرکەوتن و نگین و خۆش بەختی خۆی ئەداتە پاڵ فەڕو بەرەکەتی شا گەورە سەرکەوتووەکان و شای سەرکەوتووی ئاگرە پیرۆزەکان (ئاگری بەهرام) . بۆ نموونە لە بەشی چوارەم برگەی (١٥) دا سەرکەوتنی خۆی بەسەر ئەردەوانی شای کرماندا داوەتە پاڵ فەرو بەرەکەتی شا گەورە کۆنەکان و لە بەشی حەوتەم برگەی (١١) دا رزگاربوونی خۆی لە چنگی سوپای کرمان گەڕاندووەتەوە بۆ ئەو شا گەورە کۆنانەو لە بەشی دەیەمدا کاتێ کە کوڕەکەی بێ ئەوەی تووشی زیان ببێ ئەگەڕێتەوە لای سوپاسی (شای سەرکەوتووی ئاگرە پیرۆزەکان ئەکات و بەو بۆنەوە فەرمان ئەدا کە لەو وڵاتە یەك (ئاگری بەهرام) بکەنەوە، هەروەها ئەو شارەی کە دوای سەرکەوتنی بەسەر ئەردەواندا دروستی ئەکا ناوی (خورەی ئەردەشیری) لێ ئەنرێ (واتە رووناکی و تیشکی ئەردەشیرەو) لەبەر ئەوەو بە گوێرەی ئەو قسانەی کە لە ژیاننامەکەدا هاتووە ئەتوانین بڵێین کە ئەو پەیکەرە درەخشاوەی تاقۆسان ئەبێ هی ئەو فەڕو نگینی شاکان یاهی خواوەند بەهرام بێت (١)، دیارە کە فەڕو بەخت و نگین بەخشش و بەهرەیەکی خواییەو ناتوانرێ لە شێوەی مرۆڤێکدا پەیکەرێکی بۆ بکرێ ، هەندێ جار ئەبێ کە لە شێوەی شەپۆلی دەریایا باڵندەیەکی بەرزەفڕدا خراوەتە بەرچاو ، کەواتە ئەو پەیکەرە هی سەردەمی ئێزدەد بەهرامەکە لە شێوەی تیشکێکی بازنەیی لە دەوری سەریدایەو یەکێتیی و یەکبوونی فەڕو بەهرام بەرجەستە ئەکات ، وەك چۆن لە ئاویستادا (بەشی زامیاد بەندی ٣٥) فەڕ لە شێوەی باڵندەی (وارغن) دا خراوەتە روو و ئاشکرایشە کە خواوەند بەهرام هەندێ جار لە شێوەی ئەو باڵندەیەدا دەرئەکەوێ ، ئەم یەکێتیی و یەکبوونەی بەهرام و فەڕ ئەکەوێتە بەرچاو کاتێ کە بۆ رزگارکردنی ئەردەشێر لە چنگی ئەردەوان ئەو فەڕە ئەچێتە شێوەی هەڵۆ و ئاژەڵی ترەوە کە خواوەند بەهرام لە شێوەی ئەمانەدا هەندێ جار خۆی دەرئەخا ، هەروەها ئەم یەکبوونەی خواوەند بەهرام و فەڕی کەیانی دوای سەرنگوم کردنی بنەماڵەی ساسانییەکان لای هەندێ لە زەردەشتییەکانی هیند هەر بەردەوام بووەو ئەوانە لایان وا بووە کە لەسەر قسەکانی ئاوێستا فەڕو نگینی کەیانی لە ( ئاگری بەهرام ) دا جێگیر بووە کە ئەوان لە گەڵ خۆیاندا بردیان بۆ هیندو ناوی

(ئــــيران شــــا) يـــــان لێنـــــا .

## وێنەکانی بەهرام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئێران

لە جێگای خۆیدایە ئەگەر بڵێین لە ئێرانی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا چـەند وێنەیـەکی بـەهرام بـە دەسـت ئەکـەون و هـەندێك لـە دەروێشـەکانی ئـاییـنی زەردەشتی بە چاوی ڕێزەوە سەیریان ئەکردوو بە پیرۆزیان دائەنا ، بۆ نموونە لە کتێبی (دەبستانی مەزاهب) دا ئامـاژە کـراوە بـە هـەندێ لـە پەرسـتگا تایبەتییەکانی بەهرام کە تیایدا وێنەو نیگاری (بەهرام) لە شێوەی مرۆڤێکدا کە تاجێکی بە سەریەوەو شمشێرێکی بە دەستی راسـتەوە گرتووەو بە دەسـتی چەپیشـەوە قامچییـەکی بەرز کردووەتەوە لەسەر بەردی هەڵکەنراوە .

هـەروەها لـە کتێبی (مێـژووی ئـێران) ی سیرجان مـالکوڵم دا چەند وێنەیـەکی ئـێزەد بەهرام چـاپکراوە لـە شـێوەی لاوێکـی سیما پرشنگدار کە چەند کەلوپـەلێکی جـەنگی بـە دەسـتەوەیە ، ئـەو تیشـکەی کـە بـە دەوری وێنەکـەی دەبسـتانی مـەزاهب و وێنـەکانی کتێبەکەی مالکوڵم دایە شێوەیەکی ساکارانەو هونەرمەندانەیە لە وێنەی تاجێك ، بەهەر حاڵ ئـەو تاجـەی کـە بەسـەر وێنـەکانی سـەدەی ناوەڕاستی بەهرامەوە ئەبینرێ زۆر لەو تاجانە ئەچێ کـە لەسـەر گـەلێك لـە دراوی ڕۆژگـاری ساسانییەکان لێدراوە .

## بەراوردکردنێکی نێوان پەیکەرەکە و خواوەند میترا

نەخشە هەڵکەندراوەکەی تاقۆسان وەنەبێ بە تەنیا گوزارشت لە دەسەڵات گرتنە دەست و پاشـایەتی ساسـانییەکان بێـت لـە لایـەن ئەردەشـێرو کوڕەکەیـەوە ، بـەڵکو لـە هـەمان کـاتدا سـەرەو نگـووم کردنـی فـەرمانڕەوایی پەرتییەکان ، پاشکستی دوایین پاشای ئەو بنەماڵەیە دەخاتە ڕوو ، کە خراوەتە ژێر پێی دوو پاشـای ساسـانییەوە ، لـەم حاڵەتـەدا بوونـی پەیکـەری میـترا زۆر بـێ جێگەیـەو ناچێتـە عەقڵـەوە ، چونکـە میـتراو خورشـید گرنگترین ئەو خوایانەن کە پەرتییەکان ئەیان پەرستن و (راوڵینسۆن) دەڵێ : لە سـەردەمی فـەرمانڕوایی پەرتییـەکاندا لـە هـەموو پەرستگاکاندا پەیکەری میترا دانرابوو و ڕێ و ڕەسمی ئاییـنی میترا بە چەند جۆرێك جێ بەجێ ئەکراو پەرستن و بە گـەورەگرتنی میترا پەیوەندییـەکی تـەواوی بـە پەرتییەکانـەوە هەیـەو هـەر بـەو بۆنەیـەوە چـەند شـارێکیان ناویان میترادات – مەهرداد بووە ، لەبەر ئەو بوونـی پەیکـەری میـترا لـە نەخشـێکدا کـە گوزارشت لـە ڕووخـانی فـەرمانڕەوایی ئـەوان بدات شتێکی دوورە .

ئـەو لێکۆڵەرەوانـەی کـە پەیکەرەکـەی تاقۆسان بە هی خواوەند میترا دادەنێن زیاتر بـە هـۆی ئەوەوەیـە کـە پـێ پـا پاژنـەکانی پەیکەرەکە لەسەر گوڵی گوڵەبەڕۆژە دانراون ، بـۆ ووردبوونـەوە لـەم مەسـەلەیە پێویسـتە

بگەڕێینەوە سەر بیرو باوەڕی سەردەمی ساسانییەکان دەربارەی پەیوەندی هەریەك لە گوڵ و گیاکان ، بە پیاوچاکان و بەهەشتییەکانەوە ، بە گوێرەی ئەو بیرو باوەڕانە وەنەوشە تایبەت بۆ بە خواوەند میتراو سۆسەن بە فریشتە خورردادو لاولاوی ئاوی تایبەت بووە بە خواژن ئەناهیتاو مۆردۆ یاسەمین بە ئاهورامزداوە ، لێرەدا بوونی گوڵەبەڕۆژە لەژێر پێی پەیکەرەکەدا نابێ بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە پەیکەرەکە هی خواوەند میترایە . گومانیش لەوەدا نییە کە پەیکەرتاشەکانی تاقۆسان ئاگاداری پەیوەندی جۆری گوڵەکان بوون بە خواوەندو فریشتەکانەوە ، چونکە لە شوێنێکی تردا لە تاقۆسان خواژن ئەناهیتایان لەسەر بەردەکە هەڵکەندووەو لە تەنیشتییەوە لاولاوەکەیان نەخش کردووە نەك لە ژێر پێیدا ، تەنیا بۆ بەهرامە کە گوڵەکە لەژێر پێی یاژنەیدا دانراوە بۆ ئەوەی کە جێگاکەیان نەرم بێت و ئازاریان پێ نەگات .

خاڵێکی تر کە ئەوان تێیدا کەوتوونەتە هەڵەوە ئەوەیە کە ئەو ئامێرەی دەستی پەیکەرەکە (کە ئەوان بە هی میترای دادەنێن) یان بە گورز داناوە ، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ئەوە بە راست دابنێین چونکە درێژی و پانی ئەم ئامێرەو بە لەبەرچاوگرتنی کێلانەکەی بۆمان دەردەخات کە ئەوە شمشێرەو گورز نییە "جکسن" لەو بارەیەوە دەڵێ :- ئەو هێڵە راست و درێژەی کە بە ئاشکرا لەسەر ئەو ئامێرە ئەبینرێ لەگەڵ ئەو هێڵانەی کە لەسەر کێلان و بەرگی شمشێری پەیکەرەکانی ناوەراستی نەخشەکەی تاقۆسان بەرچاو ئەکەون ، چوون یەکێکی تەواویان هەیەو دیارە بوونی کێلان یا بەرك لەگەڵ گورز یا داری دەستا شتێکی نەگونجاوە .

د. (مودی) ش کە بەم زوانە سەردانی تاقۆسانی کردوو ، ئەوەی دەستی پەیکەرەکانی وەکو دارێکی باریك و درێژ باس کردووە ئەویش ئەم بۆچوونەی شمشێرە باریك و درێژەکانی ئەو رۆژگارەی ئێران دێنێتەوە یادی مرۆڤ ، ئەوەش ناتوانین بڵێین کە چونکە بە هەردو دەست ئەو ئامێرەیان گرتووە ئیتر ئەوە گورزەو شمشێر نییە ، چونکە لە دراوە جۆراو جۆرەکانی رۆژگاری ساسانییەکاندا ، شاو پیاوە ئاینییەکانمان بەرچاو ئەکەوێت کە بە هەردوو دەست شمشێریان گرتووەو چەقاندوویانە بە ناو (ئاگری پیرۆز) داو ئاشکرایە کە ئەم جۆرە گرتنەی شمشێر یەکێکە لە جۆرە گرتنەکانی و جۆری تریش لەسەر دراوەکانی سەردەمی ساسانییەکان بەرچاو ئەکەون و واش دێتە بەرچاو کە جۆری جل و بەرگ و چۆنییەتی شمشێر گرتنەکە لە هەردوو پەیکەرەکەی تاقۆسان و وێنەی سەر دراوەکانی شاپووری دوهەم و شاپووری سێهەمدا لەیەکچوونێکی تەواو هەیە ئەمەش دوور نییە کە ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە نەخشەکەی تاقۆسان هی سەردەمی شاپووری سێهەم بێت بەڵگەی

سەرەكی ئەوانەی لایان وایە پەیكەرەكەی تاقوسان هی خواوەند میترایە بوونی ئەو تیشكەیە كە لە شێوەیەكی بازنەییدا بە دەوری سەری پەیكەرەكەدا ئەدرەوشێتەوە ، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین كە فەڕ شتێكی تایبەت نییە بە خواوەند میتراوە ؛ خواوەندو فریشتەكانی تریش بەشیان هەیە لەو فەڕەدا . لە ئاوێستا بەشی زامیادو بەهرامدا هاتووە كە فەرونگێن پەیوەندی هەیە بە ئێزەد بەهرامەوە ، لە كتێبی كارنامەی ئەردەشێرو شانامەدا كە باسی یارمەتی دان و بە هاناوەچوونی هەندێ پەلەوەرو ئاژەڵ دەكات بۆ ئەردەشێر یەكسەر بۆمان دەرئەكەوێ كە پەیوەندی نێوان فەڕو بەهرام تا چ رادەیەك لە بیرو باوەڕی خەڵكی ئەو سەردەمەدا رەگ و ریشەی داكوتاوە .

ئەگەر قووڵتر وورد ببینەوە لە ئایینە كۆنەكانی ئێران بۆمان دەرئەكەوێت كە پەیكەری هەموو خواوەندو فریشتەو بەهەشتییەكان ئەو تیشكە بازنەییە هەیە بە دەوری سەریاندا ، زیاد لەوە فەڕ تایبەت نەبووە بە فریشتەو بەهەشتییەكانییەوە ، چونكە كەسانێكی وەكو "جەم" و "گرشاسپ" و هەندێ لە پاڵەوانان و شاكان ئەو بەخششە خواییەیان دەست كەوتووە بۆ نموونە لە كارنامەدا كە باس لە خەونەكانی (بابەك) دەكا كە ساسانی لە خەودا دەبینی تیشكێكی وەك خۆر بە دەوری سەریدا بوو ، بەم شێوەیە بوونی ئەو تیشك و رووناكییە بازنەییەی دەوری سەری پەیكەرەكەی تاقوسان (كە بەرجەستە كردنی فەڕی خواییە) نابێ بە بەڵگە لەسەر ئەوەی پەیكەرەكە هی خواوەند میترایە.

من لێرەدا هەوڵ ئەدەم لەچەند بەڵگەیەكی تری ئەوانە بكۆڵمەوە كە پێیان وایە سوودی لێ ئەبینن بۆ راستی بۆچوونەكانیان و چەند خاڵێكی گرنگی ئەو بەڵگانە بخەمە بەردەست ، هەموو لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پشت ئەبەستن بە برگەكانی ٢٧،٣٧،٤٣،٤٥،١١٢ ەی مەهر یەشت لە ئاویستا كە تێیدا هاتووە :
"میترا ئەو كەسانە سەر شۆڕ ئەكات كە درۆی لە گەڵدا دەكەن و ئەیانخاتە لاوەو دووریان ئەخاتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری رێگای ئەو كەسانە بكات كە درۆزنەكان خستونیانەتە مەترسییەوەو رێگای ئەوانە ئاڵۆز دەكا كە بەڕاو رووت و تاڵانكردن و وێرانكاری دڵخۆش ئەبن ".

رەنگە بۆ پشتگیری بۆچوونەكانی ئەوانە كە لایان وایە دووان لە پەیكەرەكانی تاقوسان هی ئاهورامزداو میتران تا رادەیەك پشت ببەستن بەو بابەتەوە كە لە برگەی ١١٢ ەی مەهر یەشتی ئاوێستادا هاتووە ، بەڵام لە باری مێژوویییەوە ، خودی نەخشەكەی تاقوسان رامان ئەكێشێ بە لایەكدا كە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە ؛ چونكە ساسانییەكان هەرگیز نەیان ئەتوانی پەرتییەكان بەوە تاوانبار بكەن و ناویان بەرن كە گوایا درۆزنن و بێ باوەڕن بەرامبەر خواوەند میترا ، لە كاتێكدا كە ئەوان میترایان

ئەپەرست و گەلێك لە فەرمانڕەواكانیان ناویان میترادات بووەو لە سەردەمی ئەواندا ئاینی میترا هاتە ئاراوەو هەموو جیهانی ئەو ڕۆژەی گرتەوە تەنانەت بەڵگەش هەیە لەسەر پێچەوانەی ئەو قسەیە چونكە لە بەشی (٩) بڕگەی (٥) ی كارنامەدا هاتووە كە (ئەردەوان) ی دوایین پاشای پەرتییەكان ئەردەشیری بەوە تاوانبار كردووە كە دژی فەرمانڕەوایی ئەو كە (فرستادەی میترایە) شۆڕش و ئاژاوەی بەرپا كردووەو بەرامبەر بە میترا درۆزن بووەو بێ باوەڕی نیشان داوە . هەروەها ئەردەشیر بە هۆی ئەم تاوانبار كردنەوە ئەیتوانی ڕێگە نەدا بە هەڵكەندنی پەیكەری میترا لەسەر بەردەكەی تاقۆسان . لەلایەكی ترەوە ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانەی میترا كە لە بڕگەكانی ١٢٤،١٢٢،٦٧ دا هاتووە هیچیان بەرچاو ناكەون لە پەیكەرەكەدا كە بێ گومان پەیكەرتاشەكان شارەزاییەكی تەواویان هەبووە لەو سیفەتانە .

بابەتێكی تری سەرنج ڕاكێش كە ئەبێ بە هۆی پەرچدانەوەی بۆچوونی ئەوانەی كە پەیكەرەكە بە هی میترا دادەنێن جیاوازی بیرو باوەڕی ساسانییەكانە بەرامبەر بە میترا ، نەبوونی هیچ جۆرە باسێك لەسەر میترا لە كارنامەی ئەردەشێردا كە تێكەڵە لە هەموو بیرو باوەڕی كۆن و ئەفسانەییەكانی ئێران بە ئاشكرا ئەم جیاوازییە دەردەخات . هەروەها لە پەیكەرو نووسینەكانی شوێنەواری (پەیكولی) بە هیچ جۆرێك ئاماژە نەكراوە بۆ ناوی ئێزەد میترا .

ئێمە ئەگەر پەیكەرەكە بە هی ئێزەد بەهرام دابنێین ئەوا لەم هەموو گیرو گرفت و ئاڵۆزو نەگونجانە ڕزگارمان ئەبێت ، چونكە لە كارنامەی ئەردەشێرو لە شانامەی فیردەوسیدا كاتێ لە هەندێ باڵندەو ئاژەڵ كە فەڕ چووەتە شێوەی ئەوانەوە بۆ ڕزگاركردنی ئەردەشێر هاتوون بە هانایەوە لە پشتی ئەردەشێرەوە ئەڕۆن و جێی خۆیان گرتووە ، هەروەها لەسەر دراوە جۆراو جۆرەكانی سەردەمی ساسانییەكان شاو پیاوە ئاینییەكان لە دوو لای ئاگرەكەوە ڕاوەستاون و لێی نزیك نەبوونەتەوە .

(هێرتسفێلد) لای وایە كە نەخشەكەی تاقۆسان گوزارشت لە تاج لەسەر نانی شا ئەردەشێری دووهەمەو میترا لە لایەن ئاهۆرامزداوە لەم ڕێورەسمەدا ئامادە بووە ، ئێمە ئەگەر ئەم بۆچوونە پەسەند بكەین گەلێك گیرو گرفت دێتە ڕێمان . یەكەمیان ئەوەیە كە نە لە ئاوێستاداو نە لە دەقە ئاینییەكانی تری پەهلەویدا ئەركێكی تایبەت بە میترا نەسپێردراوە لە كاتی جێ بەجێ كردنی ڕێ و ڕەسمی تاج لەسەرنانی شاكاندا . میترا لە بنەڕەتدا خوداوەندی ڕووناكی ئاسمانەو لەگەڵ ئەو ئەركەدا ئەركی پارێزگاری كردنی بنەماكانی ڕەوشت و چاودێری كردنی ڕاستی و پەیمان ڕاگرتنی پێ سپێردراوەو دەربارەی چوونە سەر تەخت و تاج لەسەرنانی پاشاكان بە هیچ جۆرێك ئاماژە بۆ ناوی ئەو نەكراوە ،

له کارنامەو بەردە نووسراوەکانی سەردەمی ئەردەشێر که (هێرتسفیلد) به شێوەیەکی زۆر جوان وەری گێڕاون زۆر لەسەر ڕێ و ڕەسمی چوونه سەر تەخت و تاج لەسەرنانی شاکان قسه کراوه که چی هیچ باسێك و ناوێکی میترا نەهاتووەته ناوان ، گومان لەوەدا نییه که ئەرکی ئامادەبوونی دەسەڵات گرتنه دەست تاج لەسەر نانی شاکان به خواوەندی فەڕ سپێردراوەو له کارنامەشدا زۆرجار باسی ئەو کراوه که فەڕ بەخشندەی تاجی شاکانه . له نووسینی سەر بەردەکانی شوێنەواری پەیکولیشدا لای کەمی سێجار له دوو توێی نووسینەکاندا ئاماژە به فەڕ کراوه لەوێدا هاتووە :-

" شای هەموو شاکان لەوپەڕی ئێران شەهرەوە لەسەر خاکی ئەرمەنستان گەڕایەوەو خواوەندەکان شکۆی پاشایەتی و تەختی فەرمانڕەواییان به خۆی و جێ نشینەکانی سپارد" . هەروەها لەو بەردە نووسراوانەدا هاتووه که ئەردەشێری یەکەم چەند ئاماژەیەکی به فەڕ کردووه که نیشانەیەکی گرنگی ئەوه له ڕێ و ڕەسمی تاج لەسەرنانی شاکاندا .

به پشت بەستن بەو بەڵگانەی باسکران که کاتی ڕوودانەکانیان لەگەڵ سەردەمی بەردە نەخشێندراوەکەی تاقۆسان دایه ئەتوانین بڵێین ئەو پەیکەره هی خواوەندی فەڕه ، ئیتر بابەتەکه پەیوەندی به ئەردەشێری یەکەمەوه هەبێ یا ئەردەشێری دووەم ئەبێ ئەوەش بزانین که هێزو توانای تایبەتی خواوەندی فەڕ زۆرجار له پەیکەری بەهرام دا بەرجەستە دەبێ و وەکو له پێشەوه باسمان کرد جۆرە یەکێتی یەك هەیه له نێوان ئەم دوو خوایەدا (فەڕو بەهرام) .

بەهەر حاڵ بەڵگەیەك نییه لەسەر ئەوەی که فەڕ له قاڵبی جنگاوەرێکی شمشێر به دەست دا دەرکەوتبێ ، چونکه له ئاوێستا - زامیاد یەشدا هاتووه که فەڕ بەخشیشێکی خواییەو هەندێ جار له شێوەی باڵندەو شەپۆلەکانی دەریا دا دەردەکەوێ .

له لایەکی ترەوه من لام وایه که پەیکەری ناوەڕاست له دیمەنی سەر بەردەکەی تاقۆساندا هی سەردەمی ئەردەشێری یەکەمه نەك هی ئەردەشێری دووەم چونکه هەر وەکو له کارنامەی ئەردەشێرو نووسینی سەر بەردەکانی پەیکولی و ئەو ئاسەوارانەی ڕۆژگاری ساسانییەکانەوه ماونەتەوه ئەبینین له هەر شوێنێك باسی ئەردەشێر ئەکرێ ناوی لەگەڵ فەڕدا به یەکەوه بەستراون ، لەبەر ئەوه زەحمەته بیر لەوه بکەینەوه که ئەو پەیکەرەی ناوەڕاست جگه له ئەردەشێر کەسێکی تر بێت پەیکەرەکەش که تیشکێکی شێوە بازنەیی به دەوری سەری دایه له خواوەندی فەڕ زیاتر کەسێکی تر نییه هەر له کارنامەی ئەردەشێردا دەخوێنینەوه که خواوەندی فەڕ دێت و زۆر له نزیکی ئەردەشێرەوه ڕائەوەستێ لەبەر ئەوە دەڵێین بابەتی نەخشەکەی تاقۆسان گوزارشتێکه لەو حاڵەته

له کاتێکدا شایەکی کەم تواناو دەسەڵاتی وەك ئەردەشێری دووهەم لەسەر بەردە نیگارەکەی تاقوسان بخرێتە روو ناچار بوو بۆ ئەوەی یادگارێکی دیارو گرنگتر پاش خۆی بەجێ بهێڵێ چەند نووسین و نەخش و پەیکەری تری لەسەر زیاد بکا ، هەروەها شاپووری دووهەم و سێهەمیش لەو یادگار نووسینەی تاقوسان خۆیان بێدەنگ نەکردووە لەبەر ئەوەی کە نەخشە بەردینەکەی تاقۆسان گوزارشت لە رێ و رەسمی تاج لەسەرنانی گەورەترین شا ئەکا کە ئەردەشێری یەکەمەو ئەو رووداوەش لە مێژوودا ناوبانگێکی گەورەی بووە ئەو پەیکەرەی کە تیشکەکە دەوری سەری داوە هەروها بە نەناسراوی ماوەتەوە .

ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەردەشێری دووهەم کاتێك چووەتە سەر تەخت پیاوێکی بە تەمەن بووە بەڵام ئەو پەیکەرە ناونجییەی نەخشەکە پیاوێکی پیر نییە " .

لەگەڵ رێزو سوپاسمدا بۆ هرتسفیلد ناچارم هەندێ تێبینی و خاڵی رەخنە دەربارەی بۆچوونەکانی لە خوارەوە بخەمە روو.

١- ناتوانین ئەو بۆچوونەی هرتسفیلد پەسەند بکەین کە دەڵێ : پەیکرەکەی لای راست هی ئاهۆرامزدایە ، چونکە هیچ کام لەو نیشانانەی پێوە نییە کە لە پەیکەرەکانی تری ئەهورامزدادا هەیە لە نەخشە بەردینەو پەیکەرەکانی تردا ، ئەم بۆچوونەی هرتسفیلد لەگەڵ بۆچونێکی تری سەرنج راکێشی خۆیدا ناگونجێ کە دەڵێ : پەیکەرەکانی ئاهورامزدا لە رۆژگاری هەخامەنشی یەکانەوە و تەنانەت پێش ئەوانیش جیاوازە لەگەڵ سەردەمانی ساسانییەکاندا .

پەیکەرەکەی لای راستی نەخشەکەی تاقۆسان پەیکەرێکی لە شێوەی مرۆڤدایەو جل و بەرگی پەیکەرەکەی ناوەراست ئەتوانی لەگەڵ نەخشی سەر دراوی ئەردەشێری یەکەمدا بەراوردی بکەیت .

٢- ئەگەر دوو پەیکەری ئەم لاو ئەو لای نەخشەکە بە دوو پەیکەری خواوەندەکان دابنێین وەکو هرتسفیلد دەڵێت ئەوە جیاوازییەکی بەرچاویان تێدا بەدی ئەکەین ، چونکە یەکێك لەو دوو پەیکەرە کەل و پەلی جەنگی و جل و بەرگی تایبەتی خواکانی لەبەردایە ، کەچی ئەوی تریان هیچ جۆرە رێکخستن و ئارایشتێکی تایبەتی پێوە دیار نییە .

٣- لە هیچ کام لەو نەخشە بەردینانەی سەردەمی هەخامەنشی و ساسانییەکاندا کە ماونەتەوە نەبینراوە خوایەك و مرۆڤێك بە یەکەوە بەسەر کوژراوێکەوە راوەستابن ، تەنانەت پەیکەری دوو شایش کە بەم شێوەیە بە یەکەوە راوەستابن لە هیچ شوێنێکدا بەرچاو نەکەوتووە تەنیا حاڵەتێك لە مێژووی ئێراندا کە دوو شا بەسەر یەك دوژمندا سەرکەوتبن حاڵەتی سەرکەوتنی ئەردەشێری یەکەم و شاپووری یەکەمە کە هەردووکیان

بەسەر (ئەردەوان) دا سەرکەوتن ، ئەوەندە هەیە لەم حاڵەتەدا شاپوور لەگەڵ (هورمزان) دا ئەجەنگێ و پەیکەرەکەی خۆی وەکو جێ نشینێکی ئەردەشیرو پاشای دوارۆژ دیاری ئەکا ، ئەم رووداوە بێ وێنەیە لە مێژوودا خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو دوو پەیکەرەی تاقۆسان لەگەڵ دوو پەیکەرەکەی ئەردەشیری یەکەم و شاپووری یەکەمدا هەر یەکن .

٤- ئەردەشیری دووهەم هیچ کاتێك بەسەر هیچ دوژمنێکی ئێرانی و نائێرانیدا سەر نەکەوتووە و ئەو دوای چوار ساڵ فەرمانڕەوایی بێ سەروبەر لەسەر کار لابرا ، لەم رووەوە بۆ ئەو هیچ بۆنەو موناسەبەتێك نییە کە لەسەر بەردێك نەخشی سەرکەوتنی تۆمار بکرێو بخرێتە روو .

٥- هرتسفیلد لە رووی شێوەی درووست کردن و تاشینی نەخشەکەی تاقۆسانەوە کی راستیش ئەکا ، لای وایە کە ئەم نەخش و پەیکەرانە دوای سەردەمی ئەردەشیری یەکەم دروست کراوە ، بەڵام وەکو ئەزانین هەموو پاشاکانی ساسانی ئەردەشیری یەکەم بە کەسایەتییەکی ئێزدەدی و پیرۆز دائەنێن ، لەبەر ئەوە دروست کردنی ئەم پەیکەرو نیگارە بەردینانە دەربارەی پیرۆزی ئەو بە فەرمانی یەکێك لە جێنشینەکانی شتێکی سەیر نییە بە تایبەتی هەستان بە کارێکی لەم جۆرە شایستەی ئەردەشیری دووهەم بووە کە ناوی ئەردەشیری لە خۆ ناوەو تەنانەت لە سەروو بەستەکەشیدا لاسایی ئەوی کردووەتەوە .

٦- لە سەرچاوەکانی سەردەمانی دواییدا چەند ئاماژەیەك هەیە بەوەی کە شاکان لە فروهەر (فریشتە) ئەردەشیری) یەکەم بنیات نەری بنەماڵەی ساسانییەکان داوای یارمەتییان کردووەو لێی پاڕاونەتەوە ، بۆ نموونە لە (ئافەرین ربیسوئین) دا ئەخوێنینەوە کە بۆ یەکێك دوعای خێر ئەکەن ئەڵێن (هەمازوری فریشتە ئەردەشیری بابەکان بێت) (٣) .

وا دەرئەکەوێ کە ئەم رستەیە ئەتوانێ تیشکێکمان بۆ بخاتە سەر بوونی ئەو دوو پەیکەرەی لای راستی نیگارە بەردینەکە، جێگیربوونی ئەڵقەیەك لەسەر دەستی ئەو دوو پەیکەرە لە گەلێك لەو نەخشە بەردینانەدا ئەتوانرێ وەکو خستنە رووی رێ و رەسمی هەما زور دابنرێت ، بۆ نموونە لە (نەخشی روستەم) دا ئەبینین کە ئەردەشیری یەکەم لە گەڵ (ئاهورامزدا دەستیان لە ناو دەاستی یەکتردایە ، هەروەها لە نێوان گۆڕو ئارامگای خەیاڵی (داریوش) ی یەکەم و داریوشی دووهەمدا ، شا (نیرسی) لەگەڵ خواژن (ئەناهیتا) دەست لەناو دەستن. نیرسی پەیکەری (ئەناهیتا) ی وەك خوایەك لە پەیکولی دروست کردووە ، وا پێدەچێ کە ئەم رێ و رەسمی دەست لەناو دەستی یەك دانانە (هەمازور) وەکو پاشماوەیەکی رێ و رەسمی دەست گرتن (بل) بێت کە لای بابلییەکان باو بووە .

لە سەرەوە گوتمان ئەو ئامێرەی لەسەری پەیکەرەکەوەیە لە تاقۆسان کە ئەوانەی پەیکەرەکە بە هی میترا دادەنێن لایان وایە گورزە) گورز نییەو ئەو گوڵەی ژێر پێی پەیکەرەکەش نابێ بە بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونەیان ، چونکە لە ئاویستادا هیچ جۆرە ئاماژەیەك نەکراوە دەربارەی تایبەتمەندی ئەو گوڵە بە خواوەند میتراوەو لە ئەدەبییات و کەلتووری ئایینی پەهلەویدا ئەو گوڵە بە هی خوایەکی تر دانراوە .

(یوستی) ئەو بەشەی نەخشە بەردینەکەی (نەمرود داغ) کە تیایدا میترا دەستی خستووەتە دەستی "ئان تیۆکۆس کوماگون" لەگەڵ ئەوەی تاقۆسان دا بەراورد کردووەو لە ئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی کە جل و بەرگ و خۆ ڕێکخستن و چۆنێتی ڕاوەستان لەم دوو نەخشەدا بە تەواوی جیاوازن لەیەك لە نەمرود داغدا ، نەمرود داغ دا هەردوو چاوی پەیکەرەکە بە بێ تروکاندن ئەڕوانن بۆ لایەنگران و تیشکێکی بڵاو کردووەتەوە بە سەریاندا ؛ بەڵام لە تاقۆساندا حوای جەنگ و سەرکەوتن لە پشتەوە ڕاوەستاوەو پارێزگاری لە و شایەی کە لە پێشییەوە ڕاوەستاوە ، تاکە شتێکی هاوبەش کە لەو دوو پەیکەرەدا هەبێ تیشکەکەی دەوری سەریانە هەروەها سیمای خواوەند میترا لە نەمرود داغ دا وەك منداڵێکەو لە بری شمشێر چەقۆیەکی بچووکی بە دەستەیەوەو کڵاوێکی لێوار پانی لەسەر ناوەو ئەو گوڵەی ژێر پێی لە نەخشەکەی تاقۆساندا بەرچاو ئەکەوێ لەوێدا نابینرێ .

## بەراورد کردنێکی پەیکەرەکە لەگەڵ زەردەشتدا

ئەوانەی کە لایان وایە پەیکەرەکەی تاقۆسان هی زەردەشتە هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە ، تەنیا لە باسکردن و گێڕانەوەی باوی ناو زەردەشتییەکانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە ، ئەگەر ئەو باسکردنە بناغەیەکی ڕاستی هەبوایە لە کتێب و سەرچاوە گرنگەکاندا وەك (بەند هشن ، شانامە ، زەردەشت نامە ، و نووسینەکانی مێژوو نوسە عەرەبەکان کە تیایدا ئاماژەیان کردووە ، بە پەیکەرو نەخشەکەی تاقۆسان ، بەو جۆرە نەئەخرایە پشت گوێ ، پێدەچێ گروپێك لە زەردەشتییەکانی نیشتەجێی دەوروبەری کرماشان ڕێزیان گرتبێ لەو پەیکەرەو بە گەورەیان زانیبێ ، یا ئەو زەردەشتییانەی لە شارەکانی ئێرانەوە جاروبار سەریان داوە لە تاقۆسان وردە وردە لەناو خەڵکە ڕەشەکەدا ڕەگو ڕیشەی دا کوتایێ ، ئەبێ لەوەش ئاگادارببین کە بۆ پەیکەرسازێکی سەردەمی ساسانییەکان دروست کردنی پەیکەرێکی زەردەشت زۆر ئەرکێکی قورس و گرانتر بووە لە دروست کردنی پەیکەری یەکێك لە خواکان ، چونکە لە ئاویستاو دەقە ئاینییە پەهلەوییەکاندا هیچ جۆرە باسێکیان لە سیمای زەردەشتی پێغەمبەری ئێرانییەکان نەداوە بە دەستەوە ،

ئەو وێنەی زەردەشتەی بەناو خەڵکدا بڵاو بووەتەوە کاتێ پەیدابووە کە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر ڕۆژگاری ساسانییەکان و بڵاوبوونەوەی ئامۆژگارییەکانی ئاوێستاو دەقە پەهلەوییەکاندا ئەو کارە کەوتبووە دەست شاعیرو داستان خوانەکان ئەم وێنەیە لە دەست نوس و چاپە جۆراو جۆرەکانی شا نامەو هەندێ لە چاپە سەرەتاییەکانی ووردە ئاوێستاکاندا هەیەو لە نێوان ئەو وێنەو پەیکەرەکەی تاقۆساندا لە یەکچوونێکی کەم و بێ بەها هەیەو لە کەم لایەنەوە هاوبەشی ئەکەن لەگەڵ یەکدا . لەم وێنەیەدا زەردەشت بە زۆری لەگەڵ ئاگری (بەرزین مهر) کە لەسەر قسەی شانامە لە ئاسمانەوە هێناویەتە سەرزەوی و لقێك لە سەرووی بەهەشت و هەندێ جار لەگەڵ کتێبی ئایینەکەی خۆیدا ئەبینرێ و لە زۆر کاتیشدا تیشکێك بە دەوری سەریدا بڵاو بووەتەوە .

کاری بەرجەستەکردنی سیمای زەردەشت وەنەبێ هەر بە وێنەگرتن بەڵکە بە شێوازی ئەدەبیش لە کتێبەکانی شانامەو شەهرستانی چوار چیمەن و دەبستانی مەزاهبدا باس کراوە ، بەڵام ئەم وێنە کێشانە لە لایەن لێکۆڵەرەوانی ئاویستاوە پەسەند نەکراوەو (زەردەشتی بەهرام پەژدو) لە کتێبی زەردەشت نامەدا هیچ جۆرە باس و وەسف کردنێکی نەداوە بە دەستەوە. ئەو وێنانەی کە بەهی زەردەشت دانراون و بەهۆی هەواداران و پەرستیارانی زەردەشتییەوە لە هیند دەستاو دەست ئەکرێ هەمووی هی یەك سەرچاوەیە ، لە لایەکی ترەوە وێنەو نەخشەکەی تاقۆسان بۆ یەکەم جار لە ڕێگای گەشتنامەکەی (کرپوتر) و کتێبەکەی (سیرجان مالکولم) دەربارەی مێژووی ئێران گەیشتە دەستی زەردەشتییەکانی هیندو لەبەر ئەوەی کە لە هەردوو کتێبەکەدا لە تەنیشتی کتێبەکەوە نووسراوە کەوا ڕێی تێدەچێت پەیکەرەکەی تاقۆسان کە تیشکێك دەوری سەری داوە زەردەشتی پێغەمبەری ئێرانییەکان بێت ، ئەم بۆچوونە بێ بناغەو بنەمایە ووردە ووردە خرایە قاڵبی ڕێ و ڕەسمی بابەتێکی ئایینی کۆنەوەو لە بەشێکی زۆری چاپە سەرەتاییەکانی ووردە ئاویستای وەرگێڕانی (گەجرانی) یەوەو وێنەی نەخشەکەی تاقۆسان وەکو پێشەکییەك کە وێنەی پەیکەری زەردەشتی گرتووەتە خۆ لە سەرەتای کتێبەکەدا نووسراوەو نقڵ کراوە ، زەردەشتییەکانی هیندیش لە هەمان کاتدا وێنە باوەکانی زەردەشت کە لە شانامەو کتێبەکانی تردا بووە هەڵیان گرتووە ، لەم ڕووەوە بەشی زۆری وێنەکانی زەردەشت تێکەڵن لە هەندێ وێنەی باوی ناو خەڵك و پەیکەرەکەی تاقۆسان و ئەم هونەرمەندانەی ئەم وێنەیان کێشاوە جلەوی خەیاڵی خۆیان شل کردووەو بە ئارەزووی خۆیان شتیان زیاد کردووە ، بەم شێوەیە هیچ کام لەم وێنانە کە لە هیندستاندا بۆ پێغەمبەری ئێرانییەکان کێشراون بە تەواوی لەگەڵ وێنەکانی تردا لە

یەك ناچن و من بۆ ئەم وێنانە ناتوانم نرخ و بەهایەك دابنێم. د. (مودی) کە یەکێکە لە زانا زەردەشتییەکانی هیندستان لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (چەند گەشتێك بۆ ئێران) دوای ئەوەی سەردانی تاقۆسانی کردووە، دەڵێت :- دوای چاوپێکەوتنی نەخشەکەی تاقۆسان ئیتر ناتوانم هاوبیربم لەگەڵ ئەوانەدا کە پەیکەرەکە بە هی زەردەشت دائەنێن چونکە جێگای ئەو پەیکەرە کەوتووەتە پشتی پەیکەرە ناونجی و سەرەکییەکانی ئەو نەخشەیەوەو ئەوە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ پلەو پایەو رێز لێگرتنی پێغەمبەرێکدا ناگونجێ، وەکو پشتگیرییەکی منیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەی د. مودی ئەم فەرموودەیەی زەردەشت لێرەدا دەنوسم کە دەڵێت :- (ئەو کەسەی یەکجار رووی خۆی لەمن وەرگێڕێ ئەوە منی خۆش ناوێ).

هەروەها بۆ پەرچدانەوەی بۆچوونی ئەوانە کە پەیکەرەکە بەهی زەردەشت دائەنێن چەند خاڵێکی تر دەخەمە روو، یەکێك لەو خاڵانە ئەوەیە کە پێغەمبەری ئێرانییەکان وەکو باوو بڵاوە لە حەفتاو حەفتساڵیدا مردووە، لەبەر ئەوە هەر کاتێك پەیکەرسازەکانی تاقۆسان بیان ویستایە پەیکەرێکی بۆ دروست بکەن نە ئەبوا ئەو پەیکەرە لە شێوەی پاڵەوانێکدا بەرجەستە بکەن. خاڵێکی تر ئەوەیە کە زەردەشت پێغەمبەری ئاشتی و خۆشی بووەو لە هیچ دەقێکدا باسی بەشداری کردنی لە جەنگ و شەڕو شۆڕدا نەکراوە، لەبەر ئەوە کەسێکی وا لە پەیکەرێکدا شمشێرێکی گرتبێ بە دەستەوە زۆر نالەبارو نەگونجاوە، ئەم کارە بە تایبەتی لە بەراورد کردنی پەیکەرەکەدا لەگەڵ دوو پەیکەرەکەی ناوەڕاست و سەرەکییەکە کە هیچ کەلوپەلێکی جەنگییان هەڵنەگرتووە (ئیتر بە هی ئاهورامزداو ئەردەشیری یەکەمیان بزانین یا هی ئەردەشیری یەکەم و شاپووری یەکەم) ناکۆکییەکی ئاشکراو بێ هومان بۆ دەردەخات.

## پەیکەرەکەو پەیوەندی بە ئاهورامزداوە

زانایان راولێنسون و توماس لایان وایە کە پەیکەرەکە هی ئاهورامزدایە، ئەم بۆچوونە لە هەموو بۆچوونەکانی تر لاواز ترە،، چونکە ئەو پەیکەرە بە خەیاڵ وا دانراوە کە هی ئاهورامزدایەو لەناو خەڵکدا بڵاو بووەتەوە لەگەڵ پەیکەرەکەی تاقۆساندا زۆر جیاوازی لە نیوانیاندا هەیە، لەسەر دراوی سەردەمی پەرتی و شوێنەکانی تردا ئاهورامزدا لە شێوەی پیاوێکی ریشدار لە نێوان ئەڵقەیەکدا بە دوو باڵەوە پیشاندراوە. هرتسفیلد لە کتێبەکەیدا کە ناوی (پەیکوڵی) یە گۆرانی بەردەوامی شێوەی خواکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئاشورییەکانەوە تا رۆژگاری ساسانییەکان دەردەخات . لە نەخشەکەی رۆستەمدا ئاهورامەزدا بە ریشێکی درێژو بژو پەرش و بڵاوەو دەکەوێتە بەرچاو کە نیشانی شاهەنشاهی بە ئەردەشیری یەکەم دەسپێرێ، ئێمە ئەگەر پەیکەرەکەی ئاهورامەزدای سەر

بە دوایینترین پەیکەر نەخشی روستەم بە دواییترین پەیکەرەکەی دابنێین ئیتر زەحمەتە بتوانین پەیکەرەکەی تاقۆسان کە ئەویش لە سەردەمێکی نزیك بەو سەردەمە پەیدا بووە بە هی ئاهورامەزدای دابنێین .

"تۆماس" خۆی هەستی بەو ناهەمواریيە کردووەو لەم بارەیەوە لە کتێبەکەیدا دەڵێ :- کە پەیکەری ئاهورامزدا لە تاقۆسان بە شێوەیەکی تازەو جیاواز بەرجەستە کراوە ، بەڵام ئەو هیچ بەڵگەو لەسەر رۆیشتنێکی بۆ ئەم تازەبوون و جیاوازییەی لا دەست ناکەوێ.

## لایەنی هونەری نەخشی سەر بەردەکەی تاقۆسان

دوای لێکۆڵینەوە لە نەخشەکەی تاقۆسان لە دیدی مێژوو و کۆنناسییەوە ئەچێتە سەر باسی لایەنی هونەری ئەو نەخشەیەو پەیکەرەکانی هەر چۆن بن و هی هەر کەسێك بن لە بنەرەتدا بەرهەمی تێگەیشتنێکی هونەرمەندانەیە. بە خستنە بەرچاوی ئەو باسانەی کە رابووردو دوو پەیکەری سەرەکی و ناوەڕاستی ئەو نەخشەیە بە هی ئەردەشێری یەکەم و جێ نشین و کوڕەکەی خۆی شاپووری یەکەم ئەزانین کە بەسەر ئەردەوانی دوایین فەرمانڕەوای بەزیوی ئەشکانییەکانەوە راوەستاوەو لەسەرکەوتنی خۆی بەسەر بنەماڵەی ئەشکانییەکاندا زۆر خۆشحاڵ و شادمانە ، ئەو پەیکەرەی ئەردەشێر بە جۆرێك بەرجەستە کراوە کە فەرمانڕەوایی و شاهنشاهی خاکی ئێرانی دوای بەسەربردنی تەمەنێکی زۆر لە تێکۆشان و هەوڵدان و شەڕو شۆڕدا وەکو پاداشێك بەو دراوە ، لەم کاتە پڕ لە سەروەرییەدا کە ئەردەشێر گەیشتووە لووتکەی ئاوات و ئارەزووەکانی لە چاوانیا بریسکەی هیوای بە پاشەڕۆژی کوڕە بەهرەمەندەکەی ئەدرەوشێتەوەو وا هەست دەکا کە پشتیوانە هەمیشەییەکەی (خواوەند بەهرام) لە پشتییەوە راوەستاوە تا پارێزگاری تەخت و پاشایەتی ئەو بکات هەروەها فریشتەی فەڕ کە بە هۆی یاوەری بە کارو توانای خۆیەوە (خواوەند بەهرام) هاتووەتە یارمەتیدانی ئەردەشێر ئەوەندە لێی نزیك بووەتەوە کە شاهەنشاهی ساسانی هەست بە بریسکەی شمشێرەکەی دەکات ئەم کاتەش گەورەترین کاتی دەرکەوتنی کاتی خواوەند بەهرامە لەگەڵ ئەو فەڕەدا کە هەموو کاتێك یاوەری ئەردەشێر بووە ، هونەرمەندی پەیکەرتاشی گومناوی رۆژگاری ساسانی بە جوانترین شێوە ئەم دیمەنەی تاشیوەو هەڵکەندووە. بێگومان ئایینداران و پەیرەوانی ئاییینی زەردەشتی رۆژگاری ساسانییەکان کە زۆر چاك لە پەیام و راسپاردەی ئاوێستا تێگەیشتبوون ، شارەزای رووداوو ئەفسانەی ژیانی ئەردەشێر بوون کاتێ کە سەیری ئەم نەخشەی تاقۆسانەیان ئەکرد دڵنیابوون لەوەی کە ئەردەشێر بە کومەکی فەڕو پشتیوانی ئاشکرای خواوەند بەهرام توانیویەتی شاهنشاهی گەورەی خاکی

دراوانــــــی ئــــــێران بگرێتـــــــەوە .

## پەراوێزەکان :

١- ئەو دیوە پەیکەرەی نێو بلێسەی ئاگری سەر دراوەکانی ساسانی کە لە هەندێك لەو دراوانەدا دەکەوێتە بەرچاو ، لای هەندێ کەس بە فریشتەیان داناوە و هەندێکی تریش پێیان وایە کە نمایشگەری ئاهورامەزدایە ، دوور نییە ئەم بۆچوونانە هەندێکیان راست بن بەڵام شتێك لە هەموویاندا ، چونکە لە ئاوێستاو دەقەکانی تری پەهلەویدا هیچ باسێك دەربارەی دەرکەوتنی فریشتەکان لەنێو بلێسەی ئاگری تایبەت بە پەرستن و پێشکەشکردنی قوربانیدا نەهاتووە ، من لام وایە ئەو وێنەیە لای کەمی لە هەندێك لەو دراوانەدا هی خوارەند بەهرام بێت ، چونکە لە کتێبی (داتستان دینیك/ بەشی /٣١ برگەی /١٧ دا دەخوێنینەوە کە دەڵێت (لەو کاتەدا ئەوان ئاگرێکیان ئەبینی کە خوارەند بەهرامی تێدایە) . ئاشکرایشە لە گرنگی دەقێکی وا لە سەرووی مەزەندەی گومانکردنەوەیە .

٢-لە تابلۆی ژمارە ١٢٠ کتێبی (سار) دا ئەو گیانلەبەرەی کە نمایشی پاشایەتی دەکا سەری حوشترەو لە تابلۆکانی ژمارە ٩٤ و ١٠٢ سەری بەرازە . لە تابلۆی ژمارە ٩٤ داو لە هەندێ لە تابلۆکانی تردا گیانلەبەرێکی چنگ دارەو ئەوقێکی زێرینی لە گەردن دایە ؛ ئەو گیانلەبەرە باڵندەی (وارغن) ە کە لە برگەکانی ٢٥،٣٣،١٣،١١ ی بەهرام یەشت لە ئاوێستا باسی لێوە کراوە . لەسەر رووی ئەو گیانلەبەرانە لە گەلێك لە تابلۆکاندا پولەکەی ماسی دەکەوێتە بەرچاو ، لە هەموو ئەو وێنە کێشراوو هەڵکەنراوانەدا پەڕو باڵی باڵندە کە بەجوانی دیارەو ئەزانین کە پەڕی (وارغن)ە کە نیشانەی سەرکەوتووی و پاراستنی کەسەکەیە لە جادو گەران .

سەرچاوە:

وەرگێردراوە لە کتێبی ئاین های ایران و چین باستان.
لاپەرە ١٨٧-١٩٧

# چیرۆکی دۆزینەوەی ئێسکی پەیکەری سێ لاوی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر

نووسینی / پرۆفیسۆر راڵف ، س،سۆلکی
وەرگێڕانی / لە ئینگلیزییەوە / رزگار عومەر عەلی

بەشی دووەم و کۆتایی

**شانەدەر : (٢)**

دۆزینـەوەی شـانەدەر (٢) لـە (پارچـەی ژمـارە٦١٩ و٣) وێنـەی ٨،٩،١٠) لـە رۆژی (٢٣) ی مـارتدا لـە دوایـین هەفتـەی وەرزی پشکنینماندا لە شانەدەر ، شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو ، ئەویش بەم شێوەیە بوو ، من •محەمەد ئەمین) م راسپاردبوو ، کە یەکێکبوو لە کرێکارە هەرە بە توانا کوردەکـان ، کـە دیواری لای خۆر ئاوای شوێنی هەڵکەندنەکە پاك بکاتـەوە بۆ هێلکاری کردنـی . ئەمـەش یەکێکـە لـە هـەنگاوەکانی دوایـین قۆنـاغی کارەکانمان ، پێش داپۆشـینەوەی شـوێنی هەڵکەندنەکە بۆ ئەم وەرزە ، پاککردنـەوەی لا دیوارەکەش بەوە دەبێت کە چینێکی تەنك لە خۆڵەکەی لاببەیەت و بیکرێنیت تا رووبـەکی نوێت بۆ دەردەکەوێت . ئەمەش بۆ ئەوەیە کە تێبینییەکان ووردتر بێت و گۆڕانـی شـێوەی گڵەکەشمان بۆ ئاسانتر بۆ جیا بکرێتەوە . لەو کاتەدا کە کرێکارەکە خەریکی ئەم کارەبوو ، قـەراغی چـەند ددانێـك لـە شـوێن دەمـی کەمچەکەیەوە دەرکەوت لە قووڵایی ٢٥و٧ م لە سـەروو پلـەی (سـفر) ی راسـتییەوە (Datum) (٥) و لـە بەشـی (d8) ی چیـنی (d) دا . شـێوەی ٩،٨،١ . بـە هـۆی لـێزانی و کارامەییـەوە ، کرێکارەکـە راسـتەوخۆ بـانگی منی کرد ، بۆ ئەوەی تەماشای دۆزینەوەکەی بکەم ، بەڵام من نـەمتوانی بڕیاری ئەوە بدەم کە ئەمـەی ئەو دۆزیویەتـەوە ، چیە . دانەکان بە تەواوی دیاربوون لە بەشەکەدا ، بەڵام لەوە دەچوو بە شـەویلەکەیەوە بـن . ئەشـیا ئـەم ددانانـە هـی بـەرازێك یـان هـەر گیـاندارێکی شیردەری تربن ، چونکە هێشتا نەمان دەتوانی لەو شوێنەدا بیناسینەوە . لەبەر ئەوەش کە لەو کاتەدا لە شوێنی دۆزینەوەکەی شانەدەر ( ١ ) دا ئیشی پەلەترمان هەبوو ، بازنەیـەکی گـەورەم بـە دەوری ددانـەکاندا کێشـاو لـە نزیکییەوە شیشێکی زەوی پێوانم چەقاند بۆ ئەوەی شوێنەکەی پێ دیاری بکەم ئینجا بە

کرێکارەکانیشم راگەیاند کە ئاگایان لەو جێگایە بێت بریار بوو پاککردنەوەی دیوارەکەش هەر بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی کە ماوەمان دەبێت زیاتر بە دوای ئەم دۆزینەوەدا بچین .

دوو رۆژی بەسەردا رۆیشت ، هەتا لا دیوارەکەی رۆژئاوا پاککرایەوەو بەش بەش کرا ، ئینجا کەللەسەرە تێکشکاوەکەی ئێسکی پەیکەری دووهەم لاو دۆزرایەوەو ناسرایەوە . بنکی کەللەسەرەکە کەوتبووە قولای ٤و٧لە ژێر پلەی سفری راستییەوە ، لەدوری ٧ م لە رۆژئاوای شانیدەر و کەمێك بۆ لای باشوورییەوە . بە پێی بەڵگەکان بێت ، ئەم کەسە ، کە لە تەمەنی پێگەیشتندا بووە ، هەر لە هەمان جێگەدا کوژراوە لەوە دەچێت ئەمیش گیری خواردبێت و بووبێت بە ژێر هەرەسێکی بەردی وەهاوە ، کەکەللەسەرەکەی لەسەر تەنیشت پان کردبۆوەو ملیشی بادابوو ؛ چنێك گڵی نەرمیش لە نێوان کەللە سەرەکەو بەردەکاندا بوو بە بەرزایی ١٢ سم . کەللەسەرەکە رووی بۆ خۆرهەڵات بوو ، بەڵام ئەو کەسە رووی لە باشور بوو وە چەناگەشی کەوتبووە ، رووەو باکور ، کەللەسەرەکە بەسەر بەردە گەچێنەیەکی پاندا تێکشکابوو ، کە پێوانەکەی ٨و١٢ سم بوو وە کەوتبووە ژێر روومەت و شەویلەی راستیەوە . چەناگەی تێك شکابوو بەسەر بەردەکەوە دەمی داچەقی بوو ، نێوچەوانی کەللەکەشی بۆئەستووری ٥ بۆ ٦ سم پان ببووەوە .

تەختە بەردێکی گەچیش بە قەبارەی دوو بەردەست لە روومەتی چەپی دەرهێنرا کە چەند برووشە ئیسقانێکی پێوە نووسابوو . لەبەر ئەوەی قورسی بەردەکان شێوەی کونی چاوەکانی تێکدابوو ، ببوونە چاڵاییەکی شێوە لاکێشەیی وە بەبێ دەنگی لە ژێر قەراغی ئەستووری برۆ پێچ خواردووەکانیەوە . دەیان روانییە دەرەوە .

بە هۆی زەبری تێکشکاندنەکەیشەوە ، تەنیشتە ئێسکی لای چەپی کەللەکە نیشتبووە سەر تەنیشتە ئێسکی لای راست و نزیك ببونەوە لە ناوەراستی کەللەکە ، لە پشت ئێسکی ئەستووری روومەتەکانیشیەوە برۆیەکی خوارو خێچ هەبوو ، کە تەنانەت بەو شکاوییەش رێك و پێك دیار بوو . ئێسکەکانی لووتیشی هەر شکابوون و بەشی پێشەوەی شەویلەی سەرەوەشی وورد بو بوو . بەڵام ئێسکی رووەمەتی راستی بە باشی مابوو .

بە راستەیەکی مەتریی تەختە ، چەند پێوانەیەکی سەرەتاییمان بۆ کرد ، لە ناوەراستی برۆکانەوە بۆ چەناگەی نزیکەی ٢٨ سم بوو . (بیریشمان نەچێت کە چەناگەکە تێك شکاوەو داپچراوە) . درێژی کەللەکەشی نزیکەی ٢٠ سم بوو . چەناگەکەشی بەسەر بەردێکدا تا رادەیەك بە گۆشەیەکی وەستاو بۆ سەر چێوەی کەللەکە تێك شکابوو ، پانایی شەویلەی خوارەوەی (چەناگەی) بە شکاویش نزیکەی ٥ سم بوو ، کە بە تەواوی خزابوو بۆ پشتەوە . درێژی شەویلەی خوارەوەی هەر لە بەشی پێشەوەی تا بەشی هەڵکشاوی

شـەویلەکە (tHE ASCEDING RAMUC) نزیکـەی ١١ سم بـوو . پانـایی لاشـەویلەی نزیکەی ٥و٤ سم بوو .

پشتەسـەری کەللەکـە ، کـە نزمـتر بـوو پێشـەوەی کـەوتبووە سـەر گڵێکـی ووردی نەرمی قاوەیی ، لە پشت کەللەکەشەوە بەرد کەڵەکە ببوو تا دیوارەکە . جومگە ملەکانیش ، کە زۆر بە گران توانیمان دەری بخـەین لـەو بوارە تەسکەی کە لە بەردەکاندا بوو ، پێچی خواردبوو وە هەڵگەڕابۆوە بەرەو پشتەوە بە شێوەیەکی زۆر نائاسایی . بەشـەکەی تـری بڕبڕەکـان و چـەند پارچەیـەکیش لـە ئێسکـی بڕبڕەکە لە پێشەوەی جێگەی هەڵکەندنەکـەو لە پشت کەللەکەوە دەبینران .

هـەر وەکـو شـانیدەر ( ١ ) ، ئێسـکەکانی شـانیدەر ( ٢ ) یـش بـە باشـی مابوونـەوە ئەگـەرچی زۆر تێکیـش شـکابوون ، ئـەوە تـا هیچ کام لە ئێسقانەکان بە بەرد نەبوون ، کە ئەمـە یەکێکـە لـە دیاردەکـانی هـەموو ئـەو پاشمـاوە ئێسـکانەی کـە لـە ئەشـکەوتی شانەدەردا دۆزراونەتەوە (بێگومـان جگە لـەو ئێسکانەی کە لەوانەیە کەوتبنە نـاو کوڵەکـە ستالاکمایتەکانەوە) . هـەروەها زۆر لـە تـازە دەچـوون ، جگـە لـە چـەند خـاڵێکی بـۆر کـە کەوتبوونـە سـەر دیـوی دەرەوەی . هـەروەها زۆر بە ئاسـانیش خۆڵەکـەیان لێ دەکرایـەوە . ئێمـە بـە هـۆی شـێوەی کەللەکـەوە هیـچ گومـانێکـمان لـەوە نەمـا کـە ئەمەشـیان نیـــــاندەر تـــــاڵێکی دیکەیــــــە . شێوەو پێوانەی چینـەکانی ئەو شوێنەی کـە کەللە سەرەکەی لێ دۆزرایەوە بە ئاشکرا ئەو سەردەمە یەك لە دوای یەکانەی دەرخست کە بە هێمـنی هـاتوون و چـەند جـارێك بـە هـۆی چەند هەرەسێکی بەردی گـەورەیان بچووکـەوە هێمنیەکەی شێواوە .

شـانیدەر ٢ بـە قووڵایـی (٥و١ م ) لـە ژێـر ئەو شـوێنەوە دۆزرایـەوە کـە چینـی (c , d) تیایدا بە یەك دەگەن و لە بەشی سەرەوەی ئەو چینـەی دواییـنیـان دابـوو ، کەللـە سـەرەکە لەسەر گڵێکی ووردی نەرمی قاوەیی تۆخ بوو ، کە ئەستووریيەکەی ٢٠ سم بوو ، ئەم گڵـە هاوکـات لەگـەڵ کەللەکـەدا وورده خـەڵوزێکی تیـــابوو ، بـــە دووری ٣٠ ســـم لـــە لای باشووریشـــەوە قـــەراغێکی ئەســـتووری ئـاگردانێکی گـەورەی فـراوان هـەبوو ، کـە ئەستووریيەکەی (٥ تا ٢٠) سەنتیمەتر ئەبوو.

ئـەم ئاگردانـەش تاشـە بـەردێك پـانی کردبووەو کردبوی بە شێوە ( u ) . هەر هەمان سەکۆی گڵی رەنگ تۆخ درێژ ببۆوە بۆ بەشی D9 , D9 بە درێژی ٥و١ م . ئیتر لـەوێوە گڵەکە دەبوو بە وورده تۆزی بەردی و پارچە بەردی وورد تا ئاستی ٢و٧ بۆ ٥و٧ ، ئەم پانتاییە پڕ بوو لە پارچە خەڵوزو پارچە ئێسکی ئاژەڵی شیردەر ، لەگـەڵ یـەك ددانـی وورچ و پارچە بـەردە ئەسـتێ ، دوو بـەردە ئەسـتێی درێـژی نوك تیژی جۆری مۆستێریشی تێدا بوو . لە هـــەمان ئاســـتداو لـــە بەشـــی (D9) داتاشـە بەردێکی گەورەی لێ بوو کە لەوە دەچوو هەر بەو هەرەسەوە هاتبێت کە کەسەکەی شانیدەر ( ٢ ) ی کوشتووە .

ئەو چینەی کە شانەدەر ( ۲ ) ی تیابوو لەسەر سەکۆیەکی بەردەلانی ووشك درووست بوو بوو ، کە پێك هاتبوو لە پارچە بەردی گەچی و وردە بەردی هاڕدراو کە بێگومان هی هەرەسێکی پێشووتر بووە ، ئەو هەرەسەیان ئاراستەی لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆر ئاوا بووە بە پێی لاری چینی سەرەوەی زەوی ئەشکەوتەکە . ئەم سەکۆیە ئەستوورییەکەی لە ژێر کەللەکەوە بۆ خوارەوە ۳۰ سم بوو . ئەوە وەکو چینێکی زیادە وابوو ، کەوتبووە سەر چینە راستییەکە و لە بەشی باکوریدا هەندێك بەردوو توێژاڵێك گڵی وردی قاوەیی تیابوو .

ئەو هەرەسە بەردەی کە کەسەکەی شانیدەر ( ۲ ) ی کوشتووە ، پێشینەیەك بووە بۆ هەرەسێکی گەورەتر و فراوانتری بەردی . چەقی بە هێزی هەرەسی دووەمیان لە نزیکەی ۲۵ سم لە کەللە سەرەکەوە روویداوە ، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە تا ئێستا پاشماوەی ئێسکی پەیکەرەکە بە تەواوی دەرنەهێنراوە ، ناتوانین ئەگەری ئەوە دابنێین کە کەللەکە بوو بێت بە ژێر چینێك بەردی نارێکەوە ، چونکە ئەگەر ئەمە وابێت ، ئەوا رێکەوتێکی زۆر سەیرە ، چونکە ئەگەر کەللەکە بووبێت بە ژێر قورسایی ئەم هەموو هەرەسی بەردەوە ، ئەوا دەبوایە بە تەواوەتی تێك بشکایە . ئەو گڵە وردە قاوەییەش کە پڕە لە ووردە خەڵوز و کەوتووەتە نێوان کەللەکەو تاشە بەردەکانی سەرووییەوە ، دەبێت لە قەراغ درزی بەردەکانەوە چوبنە خوارێ.

لە دوای ئەم هەرەسەشەوە ئەشکەوتەکە بۆ جارێکی تر خەڵکی تیا نیشتەجێ بۆتەوەو هەر لە هەمان بەشیشدا ، ئەمەش لەو چینەدا دەردەکەوێت کە نیشتۆتە سەری . ئاگردانێکی شێوە بازنەییش لە قووڵایی (۵٠و۷م) دا لە ناوەراستی بەشی (D8) دا دۆزرایەوە ، ئەم ئاگردانە پێوانەکەی ۲۰+۲۵ سم بوو ، ئەستوورییەکەشی ۱۰ سم بوو وە هەر لە هەمان قوڵاییشدا پارچە ئێسکێکی ئاژەڵی شیردەرو هەندێك بەردی بەدەست تاشراوی جۆری مۆستێری دۆزرانەوە . لە ئاستێکی بەرزتریشدا یەکەم شتێك کە دەست نیشانی چینی مۆستێری پێ کرا لەم بەشەدا ، بەردێکی نوك تیژی جۆری مۆستێری بوو کە لە بەشی ( و ) دابوو لە قووڵایی ۷۵و۵) بۆ ٦ مەتر ) دا .

بەشی سەرەوەی چینی (D) ئەم شوێنە بە هەرەسێکی بەردی زۆر گەورەی وەها داپۆشراوە کە ئەو چینە گڵە فراوانەی کە لە قووڵایی ۸و٦ م دایەو پڕە لە پارچە خەڵوز ، چاڵی کردبوو بۆ ناوەوە . ئەو هێڵە خەڵوزانەش کە لە قووڵایی (۵و۵ بۆ۵و٦) م دا لە خاکەکەدا بوون و باشترین نیشانەش لەسەر تێکچوونی خاکەکە ، بە تەواوی پان ببوونەوەو رۆچووبوونە خوارێ .

بەشی سەرەوەی ئەم هەرەسە دەکەوێتە قووڵایی نێوان (۵و٤ بۆ ۵ م) هوە ئەم ژمارەو زانیارییانەش ئەوە دەسەلمێنن کە شانەدەر (۲) بە تەواوی لە ناوەڕاستی چینی مۆستێریدا دۆزراوەتەوە .

هیچ گرفتێکی وەمامان تووش نەبوو لە دەرهێنانی کەللەکەدا ، تەنها ئەوەندە بوو ٦٠ چاڵێکمان هەڵکەند لە دیوارەکە بە نزیکەی سم درێژی و ٢٥ سم پانی ، هەڵکەندنەکە بەردەوامبوو تا قووڵایی ٤٠ سم ، بۆ ئەوەی کەللەکە بە تەواوی دەربکەوێت . پاشان گڵەکەیمان تا ئاستی ئێسکی قورگی دەردا ، لەبەر ئەوەش کە ئاسان نەبوو کەللەکە لەو بەشە تەسکە دەربهێنین و بەشێکیش لە کەللەکە چەقیبووە بەردێك ، دەبوایە پاشماوەکەمان بە دوو جێگە دەربهێنایە ، بەشی پێشەوەی کەللەکە لە جێگەیەك و بەشی پشتەوەیشی (پشتە سەری OCCIPITAI لە قاڵبێکی تردا دەبوایە ئەو بەردە گەچەش کە کەللەکەی لەسەر بوو بخرایەتە ناو قاڵبی یەکەمەوە ئینجا پاشماوە پێچراوەکە لە (١) ی حوزەیراندا لە شاخەکە هێنرایە خوارێ . بە هەمان شێوە کە کەللە سەرەکەی شانەدەر ( ١ ) پێ هێنرایە خوارێ بۆ دامێنی چیاکە .

بە داخەوە دەبوو بەشەکەی تری ئێسکەی پەیکەرەکە لە شوێنی خۆیدا لە گڵەکەدا بەجێ بهێڵین بۆ وەرزێکی دیکە ، من پێم وابوو کە دەرهێنانی ئەم بەشە بە شێوەیەکی رێك و پێك بەلای کەمەوە دوو مانگی پێویستە بۆ ئەوەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە شوێنەکە هەڵبکەندرێ کە بەوەندە نەبێت تەواو نابێت ، ئیتر پێش ئەوەی کۆتایی بە ئیشەکانمان بهێنین لەم ئەشکەوتەدا ، دیوارێکمان بە بەرد هەڵچنی بە دەوری دەرگای ئەو شوێنەدا کە شانیدەر ( ٢ ) ی تێدا دۆزرایەوە ، بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی کە ئەو پاشماوانە بێ زیان دەمێننەوە .

## شانەدەر ( ٣ )

هەر چەندە شانەدەر ( ٣ ) (پارچەی ژمارە ٣٨٤ و ٣ ) وێنەی ( ١ و ١٢ ) و (شێوەی ١٠) لە رۆژی ١٦ ی نیساندا و پێش شانیدەر (١و٢ ) ش دۆزرایەوە ، بەلام لە شوێنەکەدا نەدەناسرایەوەو دڵنیا نەبووین لێی تا دوانەکەی تریشمان نەدۆزیەوە ، کەواتە ئەمانە بە پێی ناسینەوەیان ریزکراون و ژمارەیان دراوەتێ نەك بە پێی کاتی دۆزینەوەیان .

لە راستیدا دۆزینەوەی شانەدەر ( ٣ ) لە نووسین و تۆمارکردنە سەرەتاییەکانیشماندا کە لە سەرەتاوە لە شوێنی کارەکەدا تۆمارمان دەکرد ، باسمان نەکردووە (سۆلکی ١٩٧٥ c.b) .

پاشماوەکە بریتی بوو لە چەند ئێسکێکی ناوچەی قەدو ئێسکەکانی پەلەکانی خوارەوەی و چەند ددانێك ، کە ئەمانە هەمووی پارچەی ئێسکە پەیکەری لاوێك بوون ، هەروەك دۆزینەوەی شانەدەر ( ١ ) و شانەدەر ( ٢ ) ، ئەم یەکەش هەر لە کاتی پاك کردنەوەی لاتەنیشتی شوێنی هەڵکەندنەکەدا دۆزرایەوە ، شانەدەر (٣) لە دیواری رۆژهەلاتی شوێنی پشکنینەکەدا دۆزرایەوە لە قووڵایی ٤و٥ م دا لە پلەی سفری راستییەوە ("5" Datum ) (شێوەی ٣) لە گۆشەی ئەوپەڕی خۆرهەلاتی سەرەوەی بەشی (d9) دا یان راستتر لە شوێنی بەیەك گەیشتنی

بەشەکانی A8 , A9 , B8 , B9دا (شێوەی ١) واتا بە دووری ٧٥و٢ م بەرەو خوارووو و ؛ ٥و٠ م بەرەو خۆر ئاواو ٧٠ سم لە ژێر (شانەدەر ١) ەوە. یەکەم نیشانەی پاشماوەی ئێسکی پەیکەرەکە دەرکەوت کە یەکێك لە کرێکارەکان سەرنجی راکێشام بۆ هەندێ ئێسکی گەورەی تێك شکاوی پارچە پارچە بووی نەناسراو ئەمانە بە گۆشەیەکی خوار سەرەو ژوور کەوتبوونە ناو گلێکی شێداری زەرد باوی تێکەڵ بەتلە بەردی گەچییەوە (وێنەی ١١) ، ئەمانە لە ئێسکی قاچ و ڕانی ئاژەڵێکی گەورەی شیردەر دەچوون ، کە رەنگە بە رێکەوت لە یەکێك لە هەرەسەکاندا مردبێت ، ئەم ئێسکانە پارچەی یەکتر بوون ؛ چونکە لەو پارچە ئێسکە شکاوو قلیشاوە ؛ جۆراو جۆرانە بوون کە لە چینە جیا جیاکاندا توشمان دەهاتن لە نێو ئەم ئێسکانەدا پارچەی ئێسکی پەلێکی خوارەوە دۆزرایەوە ؛ کە دوایی زانرا کە هی کۆتایی ئەوسەری ئێسکە تەڵەزمەیە Fibula . ئێسکەکان بڵاو ببوونەوە لەناو کۆمەڵێك پارچە بەردی گەچی نووك تیژدا لە گلێکی شێداری زەردا کە ئەستوورییەکەی ٣٠ سم بوو ، کە ئەمە بەشێکە لە چینێکی تەختی تەنك کە بە هۆی هەرەسێکی ، بە بەراوورد ، بچووکەوە شێوەکەی تێك چووەو خوار بووە ، هەندێك وردە بەردی رەنگ خۆڵەمێشی لەناو ئەو تێکەڵەدا هەبووە ، کە لەوانەیە بەشێکی زۆری لە تێك شکانی بەردەکانەوە هاتبێت ؛ بە دووری مەترێك لە خوارووی دۆزراوەکەوە و لە هەمان جێگەدا ؛ دوو ئاگردانی بچووك دۆزرایەوە کە بە هۆی پێچ خواردنی زەوییەکەوە بە یەکەوە نووسابوون ، یەك لەسەر ئەوی تر وێنەی (١٢ ) ئەم ئاگردانانە ئەکەونە سەروو ئاستی ئێسکەکانەوە بە (١٠سم) تیرەی هەریەك لە ئاگردانەکان نزیکەی ٧٠ سمو ئەستووری ٥ سم بوو ؛ هەردووکیان لە کۆتاییەکانیانەوە خوا ربووبوونەوە ، بە هۆی ئەو فشارە گەورەیەوە کە تاشە بەردی هەرەسەکە درووستی کردبوو لە سەریان . پێدەچێت شانیدەر ( ١ ) هاوکات بێت لەگەڵ ئاگردانەکەی سەروویاندا .

ئیتر هەردوو یاریدەدەرە شەرگاتییەکەمان بۆ چەند رۆژی داهاتوو تەرخان کرد بۆ پاککردنەوەی چواردەوری ئێسکە پەیکەرەکە لەگەڵ خۆڵ و بەدەرخستنی ناوچەی قەدی (Torco) ؛ کە ئێستا لە پشت ئێسکی پەلەکانیەوەیەتی قەدەکەشی برێتی بوو لە پێنج بڕبڕەی ناوچەی کەمەرە (قطني) کە پێکەوە لکاون ؛ لەگەڵ هەندێك پەراسووی شکاوو خواروو خێچ ئەوەبوو پەراسووەکانی لە دووری (٣٥ سم) لە بڕبڕەکەوە کۆکرانەوە . دوو کۆمەڵە ئێسکی تێکشکاویش لە هەمان شوێنی بڕبڕکاندا دۆزرانەوە ؛ کە لە ژێر بەردەکاندا پان ببوونەوە .

کۆمەڵێك لەو ئێسکە نەناسراوانە پێوانەی جێگەکەی ٢٠+٣٠ سم بوو ئەویتریشیان ١٢+٧ سم بوو ؛ هەموو ئێسکەکانیش لە جێگەیەکدا بڵاو بوونەوە کا پانایيەکەی ٦٥ سم و قووڵییەکەیشی ٣٥ سم بوو . ئەمانە لە

٥٥+٧٠ سم چالێکدا بوون ، کە پێوانەکەی بوو کە کەوتبووە ناوەندی کۆمەڵێک تاشەبەردی گەچییەوە لە بنکی یاخود قەراغی خۆرئاوای شوێنی هەرەسەکەوە . بە داخەوە زۆربەی پارچە ئێسکەکان ببوونە توپەڵێک تۆزو نووسابوون بە تاشە بەردەکان و پارچەکانیانەوە ، کە چیتر بەکار نەدەهاتن بۆ کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەیدانی .

هیچ کام لە ئێسکەکان بە بەرد نەبووبوون ، ئەو ئێسکانەش کە وورد نەبووبوون زۆر بە ئاسانی گڵەکەیان لێدەکرایەوە . لەوە دەچوو هیچ کام لە ئێسکەکان دەستی هیچ ئاژەڵێکی پێ نەگەیشتبێ ، هەر نەبێت جێگەی هیچ قەپاڵ و کرتاندنێکیان پێوە دیار نەبوو ، ئەگەر چی لەوانەیە هەندێ ئاژەڵ چەند ئێسقانێکی چینەکانی سەروتری بردبێت . ئەو چەند ددانەی کە کاتی خۆی لە گەڕانە سەرەتاییەکانی ئەم بەشەدا دۆزیبوومانەوە ، ئیتر پشت گوێ خران تا ئەو کاتەی ئەگەڕاین لە ناو پارچە دۆزراوەکاندا بۆ بەراوردپێکردنیان . پێدەچوو ددانەکان پەڕیبنە نزیک ئێسکەکانی ترەوە . لە بەڵگەکانەوە وا دەردەکەوێت کە ( شانەدەر٣ ) وەك شانیدەر ( ١و٢ ) ، لە ناکاو کەوتبێتە ژێر هەرەسی بەردەوەو دەم و دەست مردبێت ، بەڵام ئەم لە هیچ کام لەو هەرەسانەدا نەمردووە کە دووانەکەی تری تیا مردووە ، بە شێوەیەکی جیاواز لەوانی کەش کەوتبێتە ناو بۆشاییەکی نێوان بەردەکانەوەو بەشی سەرەوەی لەشی ، بە سەری و باڵەکانیشیەوە ، لە بەشەکەی تری جیا بوبێتەوە . هیچ پارچەیەکی بەشەکەی سەرەوەیشمان ، لە بڕبڕەکانی ناوچەی کەمەری بەرەو ژووری ، لە شوێنەکەدا نەدۆزییەوە . وا دەردەکەوێت کە لە کاتی هەرەسەکەدا کەسەکە بە پێوە بووبێت . ئەوەتا قاچەکانی نوشتاونەتەوە بۆ لای بەدەنی کەسەکەش لە ناو قەدی بەرەو خواروو باقی پارچەکانی تری پەلەکانی خوارەوەی کەوتوون بەسەر لای راستیدا پارچەکانی بەشی سەرەوەی خواربووەتەوە بۆ لای خۆرهەڵاتەوەو کۆتاییەکانی بەشی خوارەوەشی بۆ لای خۆرئاواوە .

ئێمە نەمانتوانی راستەوخۆ دڵنیا بین لەوە کە ئەمە پاشماوەی چییە ، هەر چەندە زۆر گومانمان لەوە هەبوو کە ئەوە لەمەی مرۆڤ دەچێت . ئیتر وێنەی فۆتۆگرافی و شێوەییمان بۆ پاشماوەکە لە شوێنەکەی خۆیدا کێشا ، بۆ تۆمارکردنیان . ئینجا پاش ئەوەی کە بەرگێکی کرا بە دەوری ئەو پارچە ئێسکانەدا کە بەدەر کەوتبوون بۆ پاراستنیان ، تەکنیکارە عەرەبەکان هەستان بە دەرهێنانیان . پاشان خرانە سنووقێکی تەختەی گەورەوە کە پڕ کرابوو لە لۆکە . لە دواییشدا دەستمان کرد بە گەڕانێکی وورد لەو ناوچەیەدا کە پاشماوەکەمان تێدا دۆزیبۆوەو ، بۆ دۆزینەوەی ئێسکی تر ، بەڵام هیچ شتێکی ترمان نەدۆزییەوە . ئیتر ئەمانە نە لە تاقیگەکەی شانەدەر دەستیان لێ دراو ، نە لە بەغداش دەرهێنران بۆ لێکۆڵینەوەلێیان.

سروشتی دۆزینەوەکەی شانەدەر (٣)ش نەزانرا چییە ، هەتا لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمەریکی لە واشنتۆن لە پاشماوەکە نەکۆڵرایەوەو هەڵنەسەنگێنرا . لە ٢٧ ی شوباتی ساڵی ١٩٥٩ دا د. سۆمیان (Smith Somian Tnstion) ئەوەی ئاشکرا کرد کە شانەدەر (٣) کاتی خۆی بە زیندوویی پەراسوویەکی شکاوە ، بەڵگەکانیش وایان نیشان دەدا کە ئێسکەکە جێگەی سارێژبوونەوەی پێوە بووە ، لەوە دەچوو کە شانیدەر (٣) لە کاتی خۆیدا ، بە هۆی شەڕێکییەوە لە گەڵ یەکێك لە دراوسێ لاسارەکانیدا ، کەفتەکار بووبێت و ئەو کاتەی کە بنمیچی ئەشکەوتەکە بە سەریدا روخا مردووە ، ئەو بەرەو چاکبوونەوە چووبێت. بە پێوانەی چینەکاندا بێت (Stratigraphy) ، وا دیارە شانەدەر (٣) دەکەوێتە چینێکی تا رادەیەك تەنکەوە، کەزیاتریش پان بووەتەوە بەهۆی ئەوەی کە وەکو ساندەویچ کەوتبووە نێوان دوو چینی بەردەوە ، ئەم چینە لە نزیك ئەو دوو ئاگردانەوە کە لە سەرەوە باسمان کرد ، ئەستوورییەکەی نزیکەی ٤٥ سم بوو . لە نزیك پاشماوە ئێسکێکیشەوە ئەستورێکەی نزیکەی ٣٠ سم بوو . تێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان باری شانیدەر (٣) و ئەوەی شانیدە (١) دا ، کە تەنها سێ مەترێك لێك دوورن ، ئەوەتا هەردو ئێسکە پەیکەرەکە کە ئەکەونە چینێکی تەنکەوە کە کەوتوونەتە نێوان دوو هەرەسی بەردینەوە ، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەو دوو چینە هەرگیز ناشێ هاوسەردەم بن ، چونکە ئەو چینەی کە شانەدەر (١) ی تیا بوو ، لەگەڵ ئەو هەرەسە بەردیە (٤٠سم) یەی کە شانیدەر (٣) ی داپۆشیوە ، بە پێوانەی چینەکاندا لێك جیا کراوەتەوەو جیاوازی ساڵەکانیشیان دەبێ لە هەزارەیەك کەمتر بێت.

ئەو چینە شانیدەر (٣) بە شێوەیەکی دیار بەرەو خۆرئاوا قووڵ ئەبووەوە . گڵەکەشی قوڕێکی قاوەیی کاڵ بوو پارچە خەڵوزو تەڵەزمە ئێسکی ئاژەڵی شیردەرو بەردە ئەستێ و چەندەها شتی تری دەستکردنی تیا بوو ، لەوانە : بەردێکی مۆستیری نوك تیژو بڕبەنێکی تەنکی خڕو توێکڵێکی بەروبومێك لە نزیك قوولایی (٥م) ەوە بەڵگەی زیاتر هەبوو لەسەر روودانی هەرەسەکە ، ئەوەی کە شانیدەر (٣) ی کوشتووە لە نزیك قوولایی ٥و٤ م ەوە چینێکی نیشتوو هەبوو کە لەوە دەچوو درێژەی چینەکەی شانەدەر (١) بێت . لەم ئاستەشدا یەك بەردی تیژکراوی مۆستێری شکاومان دۆزییەوە لەگەڵ چەند بەردێکی دەستکردی جۆری مۆستێری . ئەمە بەشی سەرەوەی ئەو چینە بوو کە پاشماوە مۆستێریەکانی تیابوو لەم پارچەیەدا . لە ژێریدا ، هەرەسێك دۆزرایەوە ، کە لەوانەیە ئەو هەرەسە بێت کە شانەدەر (٣) ی کوشتووە ، یەکەم نیشانەکانی شارستانێتی برادۆستیش لە سەروو شانەدەر (٣) وە دۆزرایەوە ، لە قوولایی ٢٥و٤ م دا .

## هەرەسە بەردییەکان لە ئەشکەوتی شانەدەر و بەراوردی پێوانەی چینەکان

به پێی بەردە ڕەقەکان و خاکەکە بێت ، پێوانەی چینەکانی ئەو شوێنەی کە پاشماوە ئێسکییەکانی تیا دۆزراوەتەوە ، ئەوەمان بۆ

دەردەخات کە ئەم شوێنە پێك هاتووە لە چەند چینێکی یەك لە دوای یەك ، کە جار ناجارێك بە هۆی هەرەسی بەردی گەورە، یان بچووکەوە لێك جیا بوونەتەوە . بێگومان کە مەترسی ئەشکەوتەکە بۆ سەر گیانی خەڵکەکەی ، لەو کاتەدا تەواو دەبوو کە خەڵکەکە لە دەرگاکەوە تێدەپەڕین و دەچوونە ناو ئەشکەوتە کراوەکانیانەوە کە تیایدا دەژیان ، ئەمان هیچ کاتێك نەیان دەزانی کەی بەردەکان هەرەس دێننە خوارێ . دیارە کە ئەمە ئەوەندە نیاندەرتاڵەکانی نەدەترساند ، کە ئێستا کوردەکانی شانەدەر دەترسێنێت . بەهەرحاڵ ترسان لە ئەگەری بوون بە ژێر بەردەوە هەر چەندە بوبێت گرنگ ئەوەیە ئەشکەوتی شانەدەر کەوتۆتە سەر هێڵی زەمین لەرزەو بێگومانیش ئەمە زۆر پەیوەندی هەبووە بەو هەرەسە بەردییەیەك لە دوای یەکانەوە . لەوانەیە ئەمەی دوایینیشیان هەر بە هۆی بوومەلەرزەوە بوو بێت ، گومانیشی تێدا نییە کە ئەو تێکچوونە خاکناسیەش کە لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا هەیە هەر دەگەڕێتەوە بۆ نەچەسپاوی ناوچەکە لە نێوان هەموو ئەو هەرەسەبچوکانەدا ، دەکرێ لە هەڵگەندنەکانماندا چوار هەرەسی سەرەکی یەك لە دوای یەك دەستنیشان بکرێت ئەگەر لە کۆنترینیانەوە دەست پێ بکەین ئەوا دانەیەك لە قوولایی ٩ م دا یەو دووهەمیشیان لە قوولایی ٦ م دا ، سێهەمیشیان لە قوولایی ٤ م دا و چوارەمیان و رەنگە پێنجەمیشیان لە نزیك رووی زەوییەوە هەرەسە بچووکەکانیش لەوانەیە ژمارەیان خۆی بدات لە زیاتر لە بیست دانەیەك ، دەکرێ ریزگرتن و سەردەمی هەندێ لە هەرەسەکان بزانرێت بە هۆی ناسینی ئەو چینانەی کە هەرەسەکەی تیایە ، ئەوەندەی زانراوە هەتا ئێستاش هیچ کام لە هەرەسەکان ، تەنانەت بە هێزترین دانەش لە گەورەکان ، هەموو رووبەری ئەشکەوتەکەی بە تەواوی دانەپۆشیوە ، هەروەك چۆن هیچ کامیشیان ئەستوورییان وەك یەك نەبووە ، بەڵکە بە پێی لاوازی یەکگرتنی سروشتی بەردە کلسەکانی سەقفی ئەشکەوتەکە بووە ، بڵاوبوونەوەی تاشە بەردەکان لە چینی نوێی سەرەوەی رووبەری ئەشکەوتەکەش نیشانەی ئەو راستییەیە کە هەرەس هێنانی بەردی هێشتا نەوەستاوە ، هەر بۆ سەلماندنی ئەوەش ، من خۆم ئەو کاتەی کە لە هاوینی ١٩٥٣ دا لەو ئەشکەوتەدا کارم دەکرد زەمین لەرزەیەکی لێ روودام ، بەڵام خۆشبەختانە هیچ هەرەسێکی بەردی لە گەڵدا نەهات .

ئەو کەسانەی کە لە چاخی بەردیندا لە شانەدەردا ژیاون بێگومان هەروەك دانیشتووانە کوردە نوێکان لە دەوروبەری بەردەکان و لە ناویدا ژیاون . پاشماوەی خەڵکەکەو گڵ و خۆڵی سروشتی ، پێکەوە رۆژ لە دوای رۆژ بۆشایی نێوان بەردەکانیان پڕ کردۆتەوە ، ئەو شوێنە رەقانەی ناو ئەشکەوتەکەو رووبەرەکەی رێك کردووەتەوەو تەخت بووە ، تا جارێکی تر هەرەسێکی تر روویداوەو ئەم کارە سەر لە نوێ دووبارە بۆتەوە .

زۆر باوەڕ ناکرێت کە هەموو کەسەکانی ناو ئەشکەوتی شانیدەر پێکەوەو لە یەك کاتدا مردبن ، چینەکانی ناو ئەشکەوتەکەش وا دەردەخەن کە دووبارە تێیدا نیشتەجێ بوونەتەوە ، بە ماوەیەکی کورت دوای هەر هەرەسێك ، ڕوویداوە ئەگەر هەر نەبێت هەتا سەردەمی شانیدەر ( ١ ) لە چاخی مۆستێریدا. ئەو کاتەی کە ئێسکە پەیکەرەکان براوونە بەغداو بە تەمای ڕێکخستنەوەیان بوون ، لە حوزەیرانی ١٩٥٧ دا من بە د. (ناجی الاصیل ) م گووت کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی گشتیی شوێنەوار بوو ، کە پێشانگای کە پەیمانگای (سە مشۆنیانی) سەرپەرشتیکاری پشکنینەکان زانایەکی لێهاتووی هەیە کە د. (ت.دەیل ستیوارت) ە و ئەو دەتوانێت لەو پاشماوانە بکۆڵێتەوە . ئیتر ئەویش پێشنیارەکەمی بەلاوە پەسەند بوو ، بروسکە کرا بۆ پەیمانگای سەمشۆنیان بۆ بانگهێشت کردنی د. ستیوارت بۆ بەغدا . بەڵام بە داخەوە ئەو نەیتوانی بێت بۆ بەغدا تا مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٧ ، و دوای بەش بەش کردنی ئێسکە پەیکەرەکانی شانەدەر ( ١و٢ ) ، لە لایەن پسپۆڕانی تاقیگەی مۆزەخانەی بەغداوە ٠شانەدەر ٣ ) ش وەك باسکرا لە سەرەوە بارکرا بۆ واشنتۆن ئەوزانیاریانەش کە لەو شتانەوە دەستمان کەوتبوون . کە لە ئەشکەوتەکەدا دۆزیبومانەوە . بە پارچە دەستکردەکانیشەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زیاتریان لەسەر نەکرا . ئەوەی کە کاتی خۆی بە شێوەیەکی سەرەتایی و بە نزیکی بۆمان کردبوون . لێکۆڵینەوەی خاکەکەو ، شیکردنەوەی مەڵلەکان و لێکۆڵینەوەی گیاندارە بێ بڕبڕەکان و پاشماوەی ئاژەڵەکان ، ئەمانە هەمووی، یان کۆتاییان پێ هاتبوو یان لە تەواوبووندا بوون.

## دیاری کردنی مێژووی نیاندرتاڵەکانی شانەدەر

بە هۆی ڕێگەی مێژوو دیاریکەری (کاربۆن ١٤) ەوە ، چووینەتە قۆناغێکی وەهاوە کە بتوانین لە مێژووی نیاندەرتاڵەکانی ئەشکەوتی شانەدەر ، بە هەندێك دڵنیاییەوە نزیك ببینەوە، بە پێی مێژوو دیاریکەری (کاربۆن ١٤) ی چەند نموونەیەك بنکی چینی برادۆستی (چینی C) ، لەوە دەچێ تەمەنی نزیکەی ٣٥ هەزار ساڵ بێت . لەوە دەچێت بۆشاییەکی کەلتووری هەبێت لە نێوان ئەو کەلتورەو بەشی سەرەوەی چینی مۆستێری (سۆلکی b. ١٩٥٨) ، کە ئێستا ئەمەش سەلمێنراوە بە هۆی مێژوو دیاری کردنێکی (کاربۆن ١٤) ی ( د . هـ . دوڤرین) ی زانکۆی ڕیجکزی گرۆنینگن لە هوڵەندە. (univercith Gronengen , the Netherlands ) کە بڵاو نەکراوەتەوە. لە نامەیەکیدا کە لە مایسی ١٩٥٩ دا ناردبووی ، د. دوڤریز ڕێگەی پێدام کە نموونەیەکی بەکار بهێنم کە بە کاربۆن ١٤ دەگەڕایەوە بۆ ٠٠٠و٥٠ + ٤٠٠٠ -٣٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا (Gro. ١٤٩٥) ئەم نموونەیە لە بەشێك وەرگیرابوو کە دەکەوتە دووری ٦ م لە (شانەدەر) (١) ەوە . بە ڕەچاوکردنی لێژی

چینەکان و هەر لە رووداوێك کە لەوانەیە بەسەر پێوانەی چینەکەدا هاتبێت ، من لە لاپەرەی پێشوودا (سولکی ١٩٥٩ b لاپەرە ٧١٤ ) وای بۆ چووم کە ئەم مێژووی کاربۆن ١٤یە زۆر لە مێژووی (شانیدەر) دوە نزیکترە ؛ وەك لەو بۆچوونەی خۆم کە کاتی خۆی مێژوەکەیم گێرابووە بۆ ٤٥،٠٠٠ سال ( سولکی ١٩٥٧ء لاپەرە ٦٣ وە d لاپەرە ٢٨ ؛ وە a لاپەرە ١٠٦ ، وە ١٩٥٩ a (٤٠٦) ئەم بۆچوونەی دواییشیان مێژوو دیاری کردنێکی بەراووردکاری بوو لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری کرابوو . لە دوایین نامەیدا (لە ١ ی حوزەیرانی ١٩٥٩) د. دوفریز رێگەی پێدام کە دوو نموونەی تری مێژوو دیاری کراو بە کاربۆن ١٤ وەرگرم لە ئەشکەوتی شانەدر . یەکێکیان لە بنکی چینی ( c ) دوە وەرگیراوە کە مێژووەکەی ئەگەرێتەوە بۆ ٨٠،٠٣٥ ÷ ٥٠٠ سال کەم یا زیاد کەمتر یا زیاتر پێش ئێستا (Gro .٢٥٤٩) دووهەمیشیان کە زیاتر سەرنج راکێشترە ؛ نموونەیەکی مێژوو دیاری کراوە بە کاربۆن ١٤ ئەگەرێتەوە بۆ ٤٦،٠٠٠ ÷١٥٠٠ سال پێش ئێستا (Gro ٢٥٢٧) . ئەم نموونەیەش لە چینێك ورگێراوە کە ٥٠ یان ٦٠ سم لە ژێر بەیەك گەیشتنی چینی d,c دایە ؛ لە بەشی سەرەوەی چینی d لە قوولایی ٥و١٠ م لە ژێر پلەی سفری راستیەوەو لە شوێنێك وەرگیراوە کە ٥و٤ م لە ( شانەدەر ١ ) دوە دوورەو (٣م) یش لە (شانەدەر ٣ ) وە . بە پێی جێگەکەی بێت لەپێوانەی چینەکاندا ، دەبێت ئەم نموونەیە مێژووی چینە لاوەکییە راستییەکەی شانیدەر (١) دیاری بکات لەبەر ئەوە من وا دادەنێم ؛ (ئەگەر لە داهاتوودا شتێکی جگە لەمە نەسەلمێنرا) ، ی نیاندەر تاڵەکەی شانەدەر کە تەمەنی ٤٦،٠٠٠ ساڵە . (شانەدەر ٣ ) ش ، لەبەر ئەوەی کە شوێنەکەی لە پێوانەی چینەکاندا کەمێك نزمترە ، لەوانەیە تەنها چەند سەد ساڵێك لەو کۆنتربێت (گەورەتربێت) لەم دوانەش ستونێکی تەنك لە بەردو گڵ کەوتوەتە نێوانیانەوە کە نزیکەی ٧٠ سم ئەستورە .

لە نوسینەکانی پێشوودا (سولکی ١٩٥٧ c؛ لا ٦٢ و ١٩٥٩ ؛ b لا ٧١٥) تەمەنی ٦٠،٠٠٠ سالم دانابوو بۆ شانەدەر(٢) . ئەم دانانەش لەو تێك هەڵشکانەوە بنچینەی گرتووە کە لە نێوان ئەو مێژوودایە کە بە کاربۆن ١٤ دیاری کراوە بۆبەشی ژێرەوەی چینی c ؛ لەگەڵ ئەو توێژاڵەی کەوا دەزانرێت ستالاکمایتییەو هی سەردەمی چاخی بارانا وییە یان چاخی ڤۆرم یەکی زنجیرەی ئەلپە (.....) . وەك ئێمیلیانی (.....) نووسیویەتی (١٩٥٩ . شێوەی (١٩٥٨٠) ؛ چاخی ڤورم 1 مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ نزیکەی ٦٥،٠٠٠ سال . ئەو توێژاڵە ستالاکمایتییە ؛ (لە راستیدا کۆمەڵێك لە لوولە ستالاکمایتیە لێك نزیکەکان لە دەوری یەك چینی فراوان کۆبووەتەوە) ، ئەوە ئەکەوێتە قوولایی (٥و٨م) دوەئەمەو مێژووی ٥٠،٠٠٠ سال ، کە بە هۆی (کاربۆن ١٤) دوە دیاری

کراوه بۆ ئاستێك که له قووڵایی (٥م) دا بێت له بەشی خۆرئاوای شوێنی هەڵکەندنەکەوه ، وا دەردەخات که زۆر پێ دەچێت شانەدەر(٢) (که له قووڵایی ٢٥و٧ دایه) ، له تەمەندا نزیك بێت لەو توێژاڵە ستالاگمایتیەوه ، ئەمەش دەری دەخات که شانیدەر ٢ تەمەنی نزیکەی ٠٠٠و٦٠ ساڵه ، بێگومان ئەگەر وا دابنێین که توێژاڵەکه ستالاکمایتیەکه هاوتەمەنه لەگەڵ (فۆرم 1) داو بۆچوونەکانی ئیمیلیانیش دەربارەی تەمەنی فۆرم 1 راسته .

لەوانەیه به پێشکەوتنی تەکنەلۆژی شێوەی کاربۆن ١٤ ، یان دۆزینەوەی هەر شێوەیەکی تر بۆ مێژوو دیاری کردن ، مێژوویەکی نزیکتر له راستی بو شانەدەر(١) و ٢ بدۆزرێنەوه له داهاتوودا . بەڵام هەتا ئەو پێشکەوتنه روودەدات ، ئێمه ئەو ٠٠٠و٦٠ ساڵەی دەدەینێ.

منداڵەکەی شانیدەریش ، که کەمێك له سەروو چینه ستالاکمایتیه سەرەکیەکەوه دۆزرایەوه ، (سۆلکی ١٩٥٥ ، a لا ٤١٧ و ١٩٥٥ ، b لا ٣٠) ، دەبێت له شانیدەر ١ و ٢ کۆنتر بێت و له چینه ستالاگمایتیەکەش تازەتربێت وەك له سەرەوه دەستنیشان کراوه و من پێم وایه که ئەم چینه دەگەڕێتەوه بۆ سەردەمی باراناوی چاخی فۆرم ١ لەبەر ئەوه من له نووسینێکی پێشوترمدا (سۆلکی ١٩٥٧ ، لا ٦٣) ، تەمەنی ٠٠٠و٧٠ ساڵم داناوه بۆ منداڵەکەی شانیدەر ، ئەویش لەسەر بناغەی ئەو تەمەن دیاری کردنانەی که ئەو کات بۆ فۆرم I دانراوه . بەڵام لەگەڵ ئەو تەمەنه نوێیەی که ئیمیلیانی بۆ فۆرم I) ی داناوه ، که نزیکەی ٠٠٠و٦٥ ساڵه ، دەکرێ ئێمەش ژمارەکەی خۆمان راست کەینەوه بۆ بەرەو ژوورتر ، بەو پێیەش بکرێت به نزیکەی ٠٠٠و٦٤ ساڵ (؟) . دیسانەوه ئەمەش هەر دیاریکردنێکی سەرپێییه دامان ناوه هەتا هەڵسەنگاندنێکی خاکناسی ووردتر دەکرێت ، له ئەشکەوتی شانەدەردا .

لێکۆڵینەوەکانی (مەدام ئارلێن لێروا – گورهان) یش لەسەر تۆو هەڵاڵه بەبەرد بووەکانیش که لەم توێژاڵەی ئەشکەوتی شانەدەردا دۆزراونەتەوه ، رەنگه هەندێ زانیاری زیاترو وردترمان پێ ببەخشێت له داهاتوویەکی نزیکدا .

د. موزەفەر شەنیوزەك ی زانکۆی ئەنقەرەش ، که له ساواکەی شانیدەری کۆڵییەوه ، بڕوای وایه که ئەم ساوایه لەوانەیه مێ بووبێت (شەنیوزەك ١٩٥٩ لا ١٠) ئەو لای وایه که ئەم ساوایه جۆرێکی تره له نیاندرتاڵ ، که لەوانەیه زیاتر پەیوەندی هەبێت به بنەچەی مرۆڤی ئاقڵەوه (هۆمۆساپی) ، ئەو پێشنیاری ئەوەش دەکات که وەك شێوەیەکی نوێ له مرۆڤی نیاندەرتاڵ ناوی بنێن ، پێی بوترێ "مرۆڤی ئاقڵی شانەدەرو " شەنیوروك ١٩٥٩ . لا ١٢٥) جا با چاوەڕێی لێکۆڵینەوەکانی د. سێوارت بین لەسەر لاوه نیاندەرتاڵەکانی شانەدەرو ، بزانین ئەو چیمان بۆ دەردەخات له بارەی ساواکەوه .

### پەیوەندییە رووەکە شیەکانی نیاندەرتالەکانی شانەدەر بە هاوشێوەکانییەوە لە خۆرهەڵاتی نیزیکدا.

هەشت جێگە هەیە لە باشوری ئاسیا کە ئەشکەوت و کۆنە بەردی لێیە (جگە لەوانەی سوڤیەت) کە گوایە مرۆڤی نیاندەرتاڵیان تێدا ژیاوە .

(هوڤل) یش (١٩٥٨ . لا ١٨٥) حەوتیان ناو دەبات ، لەوانە (الزوطیة) و ئەشکەوتەکانی شاخی (کارفیل) کە (تابون) و (سخول) و ، (شوکبە) و (جبل قفزە) و (بێستون) و (شانەدەرن) ، شایانی ئاماژەیە کە پێنج جێگە لەمانە لە فەلەستینداز ، کە ناوچەیەکە لە هەموو شوێنێك باشتر پشکێنراوە ، بێستونیش ( کوون ١٩٥١ ، coon 1951) ئەشکەوتێکە دەکەوێتە خۆرئاوای ئێرانەوە . لە راستیدا من دوو دڵم لەوەی کە بێستون بخەمە ریزی ئەمانەی ترەوە . چونکە ئەوەندەی من ئاگاداربم تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی یەکلایی کەرەوە نەکراوە بۆ ئەو پاشماوە ئێسکە پەیکەرانەی کە لەوێدا دۆزرانەتەوە ، لەو باوەڕەدام کە هوڤلیش هەر شوێنی هەوڵەکانی کوون کەوتووە لە ناسینەوەیاندا (١٩٥١ لا ٧٩) ئەوەی کە پێویستە وەك ئەشکەوتی هەشتەم بناسرێت ، ئەو دۆزراوە تورکییە یە کە لە ئەشکەوتی کاراین دا بوو لە نزیك ئەنتالیاوە ، کە گوایە دوو ددانی نیاندەرتالی لەوێدا دۆزراوەتەوە . (کۆنکیستن و شەنیۆرەك ١٩٤٩) .

لەو جێگایانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان ، شاخی کارمێل (گارروودوبەیت) و (مەکۆن) و کیت دادەنرێت بە باشترین جێگە کە ئێستا دۆزرابێتەوە و دەربارەی نوسرابێت لە خۆرهەلاتی نێزیکدا ، بۆ بەراورد پێکردنیان بە شێوەیەکی سەرپێی لەگەڵ نیاندەرتالە لاوەکانی شانەدەردا ، هەر چەندە حاڵەتی ئەوەی شاخی کارمێل کەمێك ئاڵۆزترە ، چونکە دوو جۆر نیاندەرتالی لێ دۆزرایەوە ، مرۆڤی نیاندەرتالی کۆن ، ئەوانەی ئەشکەوتی ( تابوون ...)، ومرۆڤی نیاندەرتالی کەمێك پێشکەوتووتر ، کە بریتیە لە ئێسکی پەیکەرەکانی ئەشکەوتی (سخوڵ....) ، بە جیاوازی لە مێژووە دیاری کراوە راستییەکەی ئێسکی پەیکەرەکانی چاخی ریس - ڤۆرم ی ئیتەرگلاشیال لە زنجیرە چیای ئەڵپ ، ڤاوفری (١٩٣٩ - ١٩٤٠ لا ٦١٦ ٦١٩ . هەروەها بۆردیس ١٩٥٥ ،لا(٤٠٥ - ٥٠٥) ئێسکی پەیکەرەکانی شاخی کارمیل دەگێرنەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر ، یان بۆ چاخی (ڤۆرم ١ و ٢) ئینتەر ستادیاڵ و کەمێکیش بۆڤۆرم ٣ (گاروود ، ١٩٥٦ . لا ٥٠) گاروود چەند بەڵگەیەکی نوێی تۆمار کردووە بۆ پشتگیری ئەگەری ئەوەی کە ئەو چینەی نیاندەرتالە بە بەرد بووەکانی شاخی کارمێلیان تیا بووە کە (چینی مۆستێری لیڤالۆیزۆی خواروو)ە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخە سەرەتاییەکانی ڤورم ١ (گاروود ،١٩٥٦، لا ٥٦ ، ٥٨ ، ٥٩) هوڤیل....) یش (١٩٥٨ ، لا ١٨٨ و ١٩٥٩، لا ٩) بە هەمان شێوە ، مێژووی ئێسکە پەیکەرەکان دەگێرێتەوە بۆ

فۆرم 1 بەلاَم بە داخەوە لەم نووسینەدا هیچ مێژوو دیاری کردنێکی (کاربۆن ١٤ ی تیا نییە تا ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت بەلاَم لە هاوینی ساڵی ١٩٥٩ دا د. جۆندا . وێشتەر) لە زانکۆی لەندەن ، پەیمانگای شوێنەوارناسی هەستا بە گەشتێکی تایبەت بۆ شاخی کارمێل بۆ بەدەست هێنانی نموونەی کاربۆن ١٤ . لەم کاتەدا مێژوو دیاری کردنی کاربۆن چواردە لە چەند شوێنێکی تری خۆرهەلاَتی نێزیك و باکووری ئەفەریقیادا کرا ، لەوە دەچوو کە پشتگیری مێژوو دیاری کردنە نسبییەکەی د . گاروود بکات ، بە پێی ئەو نامەیەشی بێت کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ دا ناردوویەتی ، چەند بەڵگەیەکی نویێ هەیە بۆ دیاری کردنی مێژووی جێگە مۆستێریە لیڤالۆزییەکان ، بە هۆی کاربۆن (١٤) و .لێواری کەناردەریەکان کە زیاتر پشتگیری ئەم دەکات.

مێژوو دیاریکردنە نسبییەکەی د . گاروود بۆچینەکانی مۆستێری لیڤا لۆیزی خواروو لە شاخی کارمێل و ئێسکی پەیکەرەکانی ناوی و گێڕانەوەیان بۆ چاخی (ڤورم ١) ی سەرەتایی ، زۆر نزیکە لەو مێژووە ووردەی کە ئێمە بۆ ئێسکە پەیکەری لاوەکانی شانەدەرمان داناوە ، بە پێی ئێمیلیانی بێت (١٩٥٦ - ١٩٥٨) ئەمەی دواییینیان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان بەشی کۆتای (ڤۆرم 1) و پێدەچێت زیاتر لە (ڤۆرم ١و٢) ی ئینتەر ستادیالدا بێت ، ئەمەش بە پێی لێکدانەوەکانی مێژوو دیاری کەری کاربۆن ١٤ . ئەمەش مانای وایە کە ئێسکی پەیکەرەکانی شانەدەر کەمێك تازەترن لە ئێسکە پەیکەرەکانی شاخی کارمێل. چەند بەڵگەیەکی تریشمان هەیە بۆ پشتگیری ئەمە ، ئەویش بە بەراورد پێکردنی بەردە هەڵکۆڵراوەکان ، ئەگەرچی ئەم شتە لەم نوسینەدا باسی نەکراوە و درێژەی پێنەدراوە . بەم شێوەیە گاروودو بەیت (١٩٧٣ لا ١١٩) پێیان وایە کە دروستکردنی ئامرازی بەردی چینی مۆستیری لیڤالوازی سەروو ی شاخی کارمێل ، زۆر لە ئامێرە بەردینەکانی چینی مۆستێری ئەشکەوتی هەزار مێردی (باکووری عیراق) ی نزیك سلێمانی دەچێت ، کە گاروود (١٩٣٠) پشکنینی تێدا کردووە . لەراستیدا لە هەندێ ئامێردا نەبێت ، کە لە شانەدەردا دۆزراونەتەوە بەردیە مۆستێریەکانی تر کە لە شانیدەردا دۆزراونەتەوە ، لەو ئامێرە بەردە ، مۆستێریانە دەچن کە لە هەزار مێر دۆزراونەتەوە ، هەروەها لەو ئامێرە بەردیە مۆستێریانەش دەچن کە لە بێستوون دۆزراونەتەوە (سۆلێکی ١٩٥٥ ، لا ٤١٩ - ٤٢٠ ، ١٩٥٨ b لا ٢٦ ، ٢٧ ) گاروودیش (١٩٥٦ لا ٥٧) پشتگیری ئەم لێکچوونەی ئەم ئامێرە بەردینە مۆستێریانەی کردووە دەرفەتم بۆ هەڵکەوت کە راستەوخۆ نموونەیەکی ئامێری بەردینی مۆستێری کە لە شانەدەر دەرهێنرابوو لە مۆزەخانەی نەتەوەیی وولاَتە یەکگرتووەکان بەراورد بکەم لەگەڵ کۆمەڵێك ئامێری بەردین کە لە شاخی کارمێل دەرهێنرا بوو ، ، بۆم دەرکەوت کە ،

لەگەڵ جیاوازییەکی بەرچاودا لەناو کەتوّوە لیڤالوازییەکان و تەورە دەستیەکان و قولینگە (...) ەکاندا ، کە ئەمانە لە شانەدەردا نەبوون جگە لەمانە ، شتە دەستکردەکانی چینی موستێری لیڤالوازی سەرووی شاخی کارمێل زوّر بە دروستکراوە ، موّستێریەکانی شانەدەر دەچن ، کەواتە پێویستە چینی موّستێری لیڤالوازی شاخی کارمێل ، بە ئێسکی پەیکەری نیاندەرتاڵیشییەکانەوە ، کوّنتربێت لە موّستێری شانەدەر ، ئەمەش بە رەچاوکردنی بەردە بەدەست داتاشراوەکان .

بە پێی زانستی پاڵیوّنتوّلوّژی مروّڤی بێت (....) زوّر خاڵی هەڵە هەڵنەگری لێکچوون هەیە لە نێوان کەللە سەرەکانی شانەدەر(١) و شانەدەر ٢ لەگەڵ پاشماوەی کەللەسەری مروّڤە کوّنەکەی تابوون دا وەك لەوەی لەگەڵ پاشماوەکانی سخول دابێت ، لەسەر ئەم لێکچوونانەشەوە د . سێوارت (چەند وتەیەکی بڵاو نەکراوەی) چەند بەڵگەیەکی لە پاشماوەکانی (شانەدەر ٣) دا دوّزییەوە ، دەری دەخات کە ئەمە زیاتر لەوانەی تابوون دەچێت وەك لە ئێسکە پەیکەرەکانی سخول ، ئەمەش بەڵگەیەکی زوّ ر بەهێزە لەسەر هاوتایی لاوەکانی نیشتەجێی شانەدەر لەگەڵ پاشماوەی مروّڤە کوّنەکانی تابوندا . لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەگەر ئێمە لەسەر بنەماکانی دیاری کردنی مێژوو بە بەراورد پێکردن و لەسەر بنەمای هەڵکوّڵینی بەردەکان ، ئەو ئەنجامەمان پەسەند کرد کە گوایە نیاندەرتاڵەکانی شاخی کارمێل کوّنترن لە نیاندەرتاڵە لاوەکانی شانەدەر ، کەواتە ئەبێت ئەو بوّچوونەش پەسەند کەین کە گوایە مروّڤی نیاندەرتاڵی لە جوّری ئەوەی کە لە تابوون ژیاوە ، هەر هەمان جوّر لە شاخەکانی زاگروّسیش ، بە چەند هەزار ساڵێك پاش هاوشێوەکانیان لە فەلەستین ژیاوە ، ئەگەر ئەمەش لەو ماوە درێژەی نێوان مروّڤ و شارستانێتیدا رەنگ بداتەوە ، لە چاخی بەردینی کوّندا ، نابێت ببێتە هوّی سەرسوڕمانمان ، ئەم ماوەیەش کە دراوە بەسەردەمی موّستێری ، کەسەردەمی مروّڤی نیاندەرتاڵە کە، ٤٠٠٠و٤٥ ساڵە. (ئێمیلیانی ١٩٥٦ ، خشتەی ١) نیاندەرتاڵە نەناسراوەکانی (سخوڵ) یش ، کە شێوەی مروّڤی نوێیان هەیە ، ئەمانە بوّ خوێیان باسێکی ترن هوّڤل (١٩٥٨ . لا ١٨٦ ، ١٨٩ - ١٩١ ) وای بوّ دەچێت کە ئەمانە لەوانەیە هەندێك تازەترین وەك لەوانەی تابوون ، ئەگەرچی لە چینی موّستێری لیڤالوازی خواروشدابن . بە داخەوە کە لە چینی موّستێری لیڤالوازی سەروودا لە شاخی کارمێل هیچ ئێسکە پەیکەرێکمان نەدوّزییەوە بوّ بەراورد پێکردنی ، تەنها چەند پارچە ئێسکێکی پەرتەوازە نەبێت لە تابووندا . لەگەڵ ئەوەشدا ، لەوانەیە ئەم پارچانەش هەر زوّر بە کەڵك بن بوّ بەراورد پێکردنیان لەگەڵ نیاندەرتاڵەکانی شانەدەر .

لە شوێنێکی دیکەی فەلەستیندا ، لە (شەخبە) گاروودو بەیت ١٩٤٢ و کیت ١٩٣١) چەند پارچەیەکی ئێسکە پەیکەرێك دوّزرایەوە

که پەیوەندی راستەوخۆی بە سەردەمی مۆستێری لیڤالوازییەوە هەبوو ، ئەم پاشماوانە لەوانەیە زۆر گرنگ بێت بۆ لێکۆڵینەوەکانی شانەدەر ، چونکە لەوانەیە بگەڕێنەوە بۆ هەمان سەردەم و ئاستی شارستانی . لە جێگەیەکی تر کە پێی دەوترێت (مغارة الزوطیة،١٩٥٨ لا ١٨٥) ، کەللە سەرێکی جۆری گالیلی زۆر سەیری تیابوو ( تۆرڤیل – پیتەر ، ١٩٢٧) . ئەم کەللە سەرە گالیلییە هەرچەندە لە ئاستێکی شارستانی نزمترین بوو لە شانەدەر ، کە ئەویش چینی مۆستێری لیڤالوازی خواروو ، بەڵام هەندێك لێکچونی هەبوو لەگەڵ شانەدەر ١ دا . بە تایبەتیش گرنگترینیان ، بە بۆچوونی خۆم بڕۆ لەیەك دوورەکانیانە ، لەهەر دوو نموونەکەدا .

پێدەچێت کە مێژووی کۆتایی شارستانێتی مۆستێری لیڤالوازی سەروو لە شاخی کارمێل ، هاوشێوە بێت ، لە گەڵ مێژووی موستێری هەموو شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی نزیکدا ، بەم شێوەیە مێژوی ٤٦و٠٠٠ ساڵی بەشی ( سەرووی چینی موستێری لە شانەدەر ، هاوتایە لەگەڵ مێژووی ٤٣و٠٠٠ ساڵی (جەرف عەجلە)ی سوریا ، (کوون... ١٩٥٧ . لا ٣١٥) . ئومێد هەیە کە بتوانم بە بەکارهێنانی ڕێگەی نوێترو باشتر ، بگەڕێینەوە بۆ مێژووی لەوەش کۆنتر ، هەرکاتێکیش مێژووی تر زیادکرا بۆ ئەو لیستە ، ئەوا ئەو کاتانەی کە لەسەر خشتە (سەرپێیەکەی) ی پەیوەندییەکان هەیە ، هەموو مێژووەکانیان تێك دەچێت .

دەرئەنجام :

ئێسکی پەیکەری نیاندەرتاڵەکانی شانەدەر ١و٢و٣ لە بەشی سەرووی چینی مۆستێری ئەشکەوتی شانەدەردا لە لایەن سێهەمین تیمی نێردراو بۆ شانیدەر و لە ساڵی ١٩٥٧ دا دۆزرانەوە. نوێترینی ئەم پاشماوانەی شانەدەر ١ ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٦٠٠٠ساڵ. ئەوانی دیکەیان ، بە هۆی ئەوەی کە شوێنەکانیان لە پێوانەی چینەکاندا ، دەکەوێتە بەشی ژێرەوە ، هەندێك کۆنترن ، ئەو چینانەی کە نیاندەرتاڵەکانی شانەدەری تیا دۆزراوەتەوە ، هاوشێوەیە لەگەڵ چینی مۆستێری لیڤالوازی سەروو لە فەلەستین ، بەم شێوەیەش ئەمان نوێترن لە نیاندەرتاڵەکانی چینی مۆستێری لیڤالوازی خواروو لە شاخی کارمێل ، کە ٦٠٠ میل لێیانەوە دوورە ، ئەمانەی دوایی بە بۆچوونی د . ( دی ، ئەی ، تی گاروود) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی چاخی ڤورم ١) ی چیاکانی ئەلپ. پاشماوەکانی شانیدەر دەبێت زانیاریمان بداتێ لەسەر کۆتاییەکانی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە خۆرهەڵاتی نیزیکداو ، چییان بەسەر هاتووە لە سەردەمی (ڤورم ١) دا لەم بەشەی جیهاندا . بە شێوەیەکی بەرچاو مرۆڤەکانی شانەدەر هەر لە یەکەم تەماشاوە

وا دەردەکەوێ کە زیاتر شێوەیان لە ئێسکە پەیکەری مرۆڤەکۆنەکانی تابوون بچن ، وەك پەیکەری مرۆڤەنوێکانی یا زیاتر لە ئێسکە پەیکەری مرۆڤەنوێکانی یا زیاتر لە ئێسکە پێشکەوتووەکانی سخول .

ئەو بۆشاییەی کە کەوتووەتە نێوان ساڵەکانی چینەکانی سەروو و چینەکانی ناوەندی چاخی بەردین کۆنەوە لە شانەدەر ، پاساوی بەوە دەدرێتەوە کە لەوانەیە سەردەمێکی سەرمای زۆر گەڕابێتەوە بۆ ئەم ناوچەیە ، ئەمە وای کردبێت کە ئەم ئەشکەوتە کەڵکی نیشتەجێ بوونی نەمابێت لە نێوان ساڵەکانی ٤٥٠٠٠و ٣٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا ، بەمەش نیاندەرتاڵەکان لەم ناوچەیەدوور کەوتوونەتەوە بە درێژایی ئەم ماوەیە ، یان ، لەوانەیە نیاندەرتالەکانی لە لایەن کۆمەڵێکی ترەوە دەرپەڕێنرابن لە ئەشکەوتەکەو دوایش خۆیان پێیان باش نەبووبێت کە تیایدا نیشتەجێبن .

هەر کاتێك گەڕانی شوێنەوار ناسانەی ئەشکەوتی شانەدەر کۆتایی پێهات ، ئەو کاتە ، بە جۆرێکی تر لە چاخی بەردی کۆنی خۆرهەڵاتی نیزیك ، لە سەردەمەکەی تێدەگەین و لە خەڵکەکەیشی.

# ئەژدەهاك لەنێوان ئەفسانەو مێژوودا

گۆڕینی لە فارسییەوە
حەسەن عەبدولكەریم

ئەفسانەی دەهاك – زوحاك بابەتێكە تێكەڵ لە خەیاڵ و مێژوو ، هەر لەبەر ئەوە لە دڵ و دەروونی خەڵكدا شوێنی تایبەتی بۆ خۆی كردووەتەوە .. دەهاك وەك كەسایەتییەك لە مێژوودا ، لە ساڵنامەی ئاشووری و مادو لە نووسینی یۆنانی یەكاندا دەربارەی خۆرهەڵات ، ئەو ناوبانگی دەركردووە . ئەو ناوبانگ دەركردنەی ئەویش ئەگەر تەنیا پەیوەندی بە لایەنە مێوویی یەكەیەوە بووایێ‌و هەر لەبەر ئەوەی كە بنیات نەری بنەماڵەی مادەكان بووە ، ئەوە بەو شێوە بەربڵاوە نەدەبوو و گەلێك لە ئێستا كەمتر دەبوو ، چونكە سەرو سەدای بنیات نەرانی بنەماڵەی پاشاكانی دوای ئەو كە قەڵەمڕەوی فەرمانڕەواییان گەلێك لە هی ئەو زیاتر بووە هیچیان بۆ ئەو نەدەهێشتەوە ، گەورەیی و ناوبانگی مەینەتباری ئەو لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە كە چەند ئەفسانەیەكی سامناك ، هەرچوار لای كەسایەتی ئەویان دەورە داوە .

وەكو لەم نوسینەدا بەرچاوی دەكەوێ ، ئەفسانەكانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەربارەی ئەژدەها هەمووی لە (دەهاك) دا كۆبوونەتەوەو لە ئاوێستادا كراوە بە (ئەژی) و لە بابلدا بە (تیامات) و لە خۆرئاوادا بە (گورگون) . دەهاك یەكێكە لە پاڵەوانە سەرەكییەكانی ئەفسانە نهێنی ئامێزەكانی ئێران و ئەرمەنستانی كۆن . بە شێوەیەكی گشتی ئەتوانین بڵێین كە مێژوو و ئەفسانەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ــــــەودا بەیــــەك گەیشـــــتوون .

هیرۆدۆت لە مێژووەكەی خۆیدا باسی لە یەكەمین پاشای مادەكان (دیوكس) كردووە ، هەروەها لە كتێبە مێژوویییەكانی ئێرانیشدا چەند نووسین و بابەتێك دەربارەی دەهاك بەرچاو دەكەون ، لە بەراوردكردنی ئەم نوسینانەدا لەگەڵ باسەكانی هیرودوت چەند شتێكی هاوبەش دەكەوێتە بەر دەستمان . لە لایەكی ترەوە چەند ئەفسانەیەكی باسی دەهاك هەن كەچی ئەفسانەی كۆنی ئەژدەها هەیە لەودا كۆبوونەتەوە . لێرەدا پرسیارێك

دێتە پێشەوە کە چۆن بنیاتنەری بنەماڵەی پاشاکانی ماد بووە بە پاڵەوان و کەسایەتی سەرەکی ئەم زنجیرە ئەفسانەیە ؟

گەلێک لە مێژوونووسان لایان وایە کە (دیوکس) ی یەکەم پاشای مادەکان کە هیرۆدۆت باسی کردووە ، لەگەڵ (دیائۆکۆ) ی پاشای نەتەوەی (مەنای) کە لەگەڵ مادەکاندا پەیوەندییەکی بە هێزیان هەبووە بە یەک کەسی دادەنێن ، یەکێک لە بەڵگەکانیشیان ئەوەیە کە سەردەمی ژیانی دیوکس وەک هیرۆدۆت باسی کردووە ، لەگەڵ سەردەمی (دیائۆکۆ) وەک لە نووسین و نەخشەکانی (سەرگۆن) ی سەر بەردەکاندا هاتووە ، یەک سەردەمە . بەڵگەیەتی تر لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ئەگەر بڵێین دوو کەسی گرنگی هاوناو لەیەک سەردەم و لەیەک ناوچەدا بووبن بۆچی دەربارەی یەکێکیان هیچ باسێک نەکراوەو ناوی نەهێنراوە .

یەکەم باسکردنی سەرگۆن لە بارەی "دیائۆکۆ" وە لە (٧١٥) ی پێش عیساو جاری دووەمیش لە ساڵی (٧١٣) دا .

سەرگون دوای ئەوەی کە دیائۆکۆ ئەگرێ و لە وڵات دووری ئەخاتەوە بۆ شام ، سەر زەوی و خاکەکەی بە (ماڵی دیائۆکۆ) ناو ئەباو خێڵە نیشتەجێ بووەکانی باکووری خۆرئاوای ئێران تاوانبار ئەکات بەوەی کە بە هۆی دیائوکو وە تووشی ئاژاوەو دەستە بەندی سیاسی بوون . بۆ نموونە باسی شازادەیەک دەکا بە ناوی (ئێرانزو) کە فەرمانڕەوای نەتەوەی (مەنای) بووەو هاوپەیمان و هەواداری ئاشوورییەکان بووەو ، باسی چەند شازادەو پرێکی تری فەرمانڕەوای نەتەوەکانی تری ئەو ناوچانە کردووە کە بە گوێرەی نووسینەکان بە فیتی سەرکردەکانی نەتەوەی (ئۆرارتۆ) ی دوژمنی ئاشوورییەکان چالاکییان نواندووە دژی ئاشوورییەکان ، هەر لەو نووسینانەدا هاتووە کە ئەو ئاژاوەو بشێوییەی ناو ئەو خێڵ و نەتەوانە بەرەو نەمان ئەچێ و لە بری ئەوە یەکێتی و یەکپارچەییەک دێتە ئاراوە . دوور نییە بڵێین کە هۆی یەکێتی ئەم نەتەوانە هەوڵ و کۆشش و خۆڕاگری شاکانی ئاشوور بووە بەرانبەر بە (ئورارتۆ) کان ، بەڵام وا دیارە ئەو یەکێتییە بە هۆی (دیائۆکۆ) وە بەدەست هاتووە ، چونکە ناوی پایتەختی وڵاتەکەی (هەمگەتانە) بووە کە بە مانای دیدارگای تیرەو خێڵەکانەو ، ئەمەش بۆمان دەرئەخا کە دیائۆکۆ چەند هەوڵ و کۆششی داوە لە پێناو پێکهێنانی یەکیەتی لە نێوان نەتەوەو تیرەو خێڵەکاندا .

سەرەتای فەرمانڕەوایی دیائۆکۆ لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە لەگەڵ فەرمانڕەوا ناوچەییەکاندا وەک (ئۆلۆسۆنۆ) و هیتر ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوەو ئەنجامەکەشی بە یەکخستن و یەکگرتنی خێڵ و تایفەو تیرەکان و پێکهێنانی پەیوەندییەکی نەتەوایەتی لە نێوانیادا کۆتایی هات . سەردەمی فەرمانڕەوایی دیائۆکۆ ئەوەندە درێژەی کێشا

که بۆ ماوەی نیو سەدە هێمنی و ئارامییەکی تا رادەیەك تەواوی لەناو نەتەوەکەیدا بەرقەرار کرد . چونکە لە رۆژگاری ئەودا هیچ جۆرە شەڕو شۆڕو خوێنرێژییەك رووی نەدا . ئەمە لە کاتێکدا کە نەتەوەکەی پاش مردنی ئەوو پێش مردنیشی گیریان خواردبوو بە دەستییەوە .

وا دیارە کە ئەم بەرقەراربوونی ئارامی و نەمانی خوێنرێژییە لەو وڵاتەدا بووە بە هۆی ئەوەی کە خەڵکی وڵاتی مادەکان بەرێزەوە سەیری بکەن و لە دەوری کۆببنەوەو خۆشیان بوێ . لە کتێبی نۆهەمی (دینکرت) دا لە زمانی دانیشتوانی ناوچەی باکووری ئێرانەوە هاتووە ، کە رووی دەمیان کردووەتە فەرەیدونی خواوەندو دەڵێن : " بۆچی ئەژی دەهاك - دیائۆکۆ - دیوکس کە فەرمانڕەوایەکی چاك بوو لە ناوت برد ، ئەو توانی مەترسی لەو وڵاتەدا نەهێڵێ و ئەم خاکەی لە تاڵان و بڕۆی مازندەرانییەکان پاراست " دیارە مەبەستیشیان لەو مازندەرانییانە خێڵە(سکا) یی یەکان بووە (سیستانی ئێستای ئێران . و).

چۆن یەکی و لە یەکچوونی نووسینەکانی هیرودۆت لەگەڵ باسکردنی شانامەی فیردەوسی لەو بارەیەوە ، رۆڵێکی بەهاداری هەیە بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی کە دەهاك و دیوکس یەك کەسن . هیرۆدۆت دەڵێ : دیۆکس یەکەم پاشای ماد بووەو توانیویەتی مادەکان یەك بخات و ببێتە فەرمانڕەوایان .

( فیردەوسیش ) لە شانامەدا بە ئاشکرا دەڵێ کە پاشایەتی لە ئێراندا لەسەر دەستی دەهاك پێك هات .

هەر لە باسی رووداوەکانی سەردەمی خەسرەوی پەروێزدا باس لە دروست کردنی تەختی (تاقدیس) دەکاو دەڵێ : کە دروستکردنی ئەو تەخت و بارەگایە لە زوحاك - دەهاکەوە سەری هەڵداوە ، هەروەها دەڵێ کە ئەو تەخت و بارەگایە لەسەر شاخی دەماوەند دروستکراوەو ئاشکرایە کە ئەو شاخەش پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە دەهاکەوە . هەروەها ئاماژەی بە گەورەیی ئەو تەختە کردووە وەك چۆن هیرۆدۆت باسی کردووە .

لە کتێبەکەی (دینکرت) دا بە شێوەیەکی کورت و جوان باسی ئەو تەخت و قەڵایەی کردووەو دەڵێ : قەفەسێکی زێڕین بوو لە گرتن نەدەهات ) . هەموو سەرچاوەکانی تریش بە ووردی باسی ئەو قەڵای (هەگمەتانە) یان کردووەو تیایاندا هاتووە کە قەڵاکە لەسەر گابەردێکی شاخی ئەڵوەند دروست کراوە ، لە مێژووی سەردەمی (دیوکس) دا دووجار باسی ئەو شاخی ئەروەندە کراوە ، لە یەکێکیاندا باس لە تەخت و بارەگاکەی کراوە کە لەسەر ئەو شاخە دروست کراوە .

مێژوونووسانی خۆرهەڵاتیش کە باسی رووداوەکانی سەردەمی (ئاستیاك - ئەژدهاك) دەکەن هەمووی دەدەنە پاڵ دیۆکس ، لەبەر ئەوە بۆچوونی (دارمستتر) ، کە دەڵێ : ناوی

دەهاك ناوی بنەماڵەکەیەو ناوی یەك کەس نییە بۆچوونێکی دوور نییە ، هەرچەند لە هەندێ لایەنی بۆچوونەکانیدا من هاوبیری نیم کە دەڵێ : دیوکس لە نەژادی سامییە ، چونکە راستی ئەوەیە کە ئەم بنەماڵەیە هەمان بنەماڵەی پاشاکانی مادەو ئەو جیاوازییەی کە لەسەرچاوە مێژووییە کۆن و تازەکاندا بەرچاو ئەکەوێ بە هۆی ئەوەوەیە کە مێژوونووسان هەموو رووداوەکانیان داوەتە پاڵ دەهاك و سەروەری و شکۆمەندی رۆژگاری دیوکس و تاوان و دڵرەقی ئاستیاگیان تێکەڵ کردووە .

یەکێك لەو مەسەلانەی کە سەرنج راکێشن ئەوەیە کە (بیورسپ) کە زۆرجار دەهاك بەو ناوە ناوبراوە . ناوی تایبەتی یەکێك بووە لە فەرمانرەوایانی ناوچەی (دن) لە باکووری دەریای رەشەوە لە دەوروبەریساڵی ٢٢٠ ی پێش عیسا ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ناوو مێژووی دەهاك وەنەبێ تەنیا لە ئێران و ئەرمەنستاندا ناسراو بوبێ بەڵکو لەرپەڕی باکووری ناوچەکەشدا هەر ناوبانگی هەبووە ، ئەبێ ئەوەش بزانین کە دەهاك وەکوو لە مێژوو و داستانە ئێرانییەکاندا بەرچاو ئەکەوێ کەسێکی بەدکردارو خوێنخۆر نەبووە . (میەر) ی مێژوونووس باسی ئەوە دەکات کە شاکانی (ماد) ی سەر بە بنەماڵەی دەهاك لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەی سیستان (سکیت) پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەبووەو لە (دینکرت) یشدا هاتووە کە نەتەوەو میللەتە کۆچەرەکانی باکوور لەگەڵ دەهاك دا رێك بوون و بە پاشایەکی چاکیان ناوبردووە .

## ئەفسانەی دەهاك - زوحاك -

لەناو کەسایەتییە ناودارەکانی مێژوودا کەم کەس هەیە کە بە ئەندازەی دەهاك ئەفسانەی جۆراو جۆری لەسەر کۆکرابنەوە لە زۆر گۆشەی جیهاندا . بنەمای ئەفسانەی دەهاك کە لە (بەند هشن) دا باس کراوە پەیوەندییەکی تەواوی ئەفسانەی دەهاك لەگەڵ ئەفسانەی بنەماڵەی (گرگون) ی یۆنانی ئەخاتە پێش چاو . لەناوچوونی دەهاك بە دەستی فەرەیدوون لەگەڵ گێرەو کێشەی نێوان (بل مەردوك و تیامات) ی بابلی زۆر لە یەك ئەچن ، تەنانەت هەندێ لایەنی ووردی ئەفسانەکە لە یەکچوونێکی تەواویان هەیە ، هەروەها دەهاك لەگەڵ یەکێك لە دیوەکانی ئاوێستا دا کە ناوی (ئەژی) بووە شایانی بەراوردکردنن ، بەم شێوەیە ئەفسانەی دەهاك نموونەیەکی دیارو بەرچاوە لە هات و چۆکردن و ئاڵوگۆرکردنی ئەفسانەکان لە نێوان میللەتەکانی جیهاندا .

## ئەژدەهاك و دێوەکانی ناو ئاویستا

لە ئێرانی کۆندا وەك و وڵاتانی میسرو بابل و چین و هیند چەند ئەفسانەیەکی سەیر لە بارەی ئەژدەهاوە دروست کراون . شەڕو نەبەردی نێوان "ئەهد" لەگەڵ "دەیتوە" یا "ئیندر" بە جۆرێکی بەربلاو لەناو نەتەوە ئێرانی و هیندییەکاندا بڵاو بووەتەوە لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا ، وەکو چۆن لە وڵاتانی

هیندو چین و بابل دا ئەژدەها نیشانەو هیمای گرانی و قات و قڕی و وشکە سالّی و تۆفان و لافـاوی زیـان بەخشـە کـەچی لـەناو ئێرانییـەکاندا نیشـانەی ئـاژاوەو بـەد ڕەوشتییە . لە نـاو ئـەو دێوانـەی کـە لـە " ئۆردیبەهشت یەشت) دا بە ئەژدەها زادەکـان ناویـان بـراوە گرنگییـەکی زۆریـان دراوەتـی هەروەها لە نێو ئەو پەیکەرە خەیاڵییانەدا کە بۆ ئەژدەها کـراوە دوانیـان زیـاتر لـەوانیتر خراونەتـە بـەرچاو ، یەکـەمیان نـاوی (ئـەژی سـەروور – ئەژدیـهای شـاخدار) و دووەمیـان (ئەژی دەهـاك) کـە سـێ سـەرو شـەش چاوو شـەش قـەپۆزی هەیـە ، بـەم شـێوەیە لـە ئاوێستادا ئەفسانەیەکی زۆر هەیە دەربـارەی ئەژدیـها ، کـە بـە ئاسـانی توانیویانـە وەکـو کەسایەتییەکی مێژوویـی نـەفرەت لێکـراوو بێزراودا .ناوێکی وەکو ئەژدەهاکیان لێناوەو چی خراپەکاری هەیە دراوەتە پاڵیان .

### لە یەکچوونی ئەفسانەی دەهاك و ئەفسانەی گورگن

لە نێوان ئەفسانەی دەهـاك کە لـە (بـەند هشن) دا باسکراوەو (فورسـیس) ی یۆنـانیدا لە یەکچونێکی سەیرو سەرنج ڕاکێش هەیە . بە گوێرەی ئەوەی کە لـە ئاوێسـتادا هـاتووە دەهاك لـە نـەوەی (فـەرواك) کەسـێکی نیـوە مرۆڤی بدرەوشت بەناوی (تان) پـەیدا بووە ، لە شانامەی فیردەوسی شدا هاتووە کە دەهاك کوڕەزایـەکی هـەبوو بـە نـاوی (گرگـوی) کـە جەنگاوەرێکی نـەترس و سـامناك بـوو ، لـە ڕووی مەنوچهر شاو گرشاسپ دا شمشـێری هەڵکێشـاوە . لـە ئەفسـانە یۆنانییەکەشـدا هاتووە کە (فورسیس) کوڕێکی بووە بە نـاوی (تۆزا) و ئەمەش لە ئـەنجامی جـووت بوونـی لەگەڵ (سـتو) ی خوشـکیدا کوڕێکـی بـوو لـە شـێوەی (مـار) دا بـەناوی (گورگـن) و ئەژیهایەکیشـی بـوو بـە نـاوی (مسـپرین) ، لێرەدا لە یەکچوونی ناوی فرواك و فورسیس و تـوزاو تـازو گورگـن و گرگـوی لەگـەڵ لەبەرچاوگرتنی شێوەی مار ئاسـای هـەردوو خێزانەکە شتێکی سەرنج ڕاکێشە ، جگە لـەو لەیەکچوونـەی ناوەکـان لـە یـەکچوونێکی تـر هەیـە لەکەسـایەتی یـە ئەفسانەییەکانی ئـەو دوو بنەماڵەیـەدا . فۆرسـیس یـەکێ بـووە لـە خواکانی دەریاو کوڕی (نیپتۆن) و گەئا) بووە ، باوکی تۆزای شێوە مـارو هسـپرینی شـێوە ئەژدیـها بـووەو بـە هـۆی جـووت بوونییـەوە لەگەڵ (هەگاتە) دا کچێکـی بـووە (سـیلا) کـە نیوەی لە شێوەی مرۆڤ و نێوەشی لە شێوەی (دێو) دا بووە ، لە (بەند هەشن) یشدا باسـی پـانزە ڕەگـەز لـەو پەیکـەرە نیـوە مرۆڤـە خەیاڵییانە دراوەتە پاڵ فرواك و مێژونووسـان تەبەری و ئیبن الاسـیرو بـیرونی و حـەمزەی ئەسفەهانیش ئەوەیان باسکردووە .

دەهـاك و گورگـن هـەردووکیان لـە سـەردەمی لاوی و گـەنجییاندا دوو کەسـی نـاودارو دەرکـەوتوو وخۆشەویسـت بـوون ، گورگـن لـە ئـەنجامی گوناهکـاریدا دووچـاری نەفرەتی (ئاتینا) بـووەو شـێوەی گوڕێـوە بـۆ

بونەوەرێك كە چەند مارێك لەسەری رەواوە . لە شانامەشدا شەیتان زوحاکی فریو داوەو دەستی کردووە بە تاوان و بەدرەوشتی و لە ئەنجامی ئەو کردارە خراپانەیدا دوو مار لەسەر شانی رواون .

بەم شێوەیە لە (بەندهەشن) و ئەفسانەکانی یۆناندا دەربارەی بونەوەرێکی خەیاڵی کە سەردەمانێك لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە چەند باسێك بۆ ئێمە جێماوەو پارێزراوە ، ئەفسانەکانی یۆنان ئەمانە بە بوونەوەرێکی دەریایی دائەنێن و لایان وایە کە لە دەریاوە دێنە دەر ، یا لە دوورگەکاندا ژیان ئەبەنە سەر ، بەڵام ئەفسانە بابلییەکان لەم بارەیەوە خەیاڵیان فراوانترە ئەوان باس لە چاڵێکی قووڵ ئەکەن کە ئەوانەی تێدا ئەژین ، ئەوانەش لە شێوەدا هەندێکیان لە شێوەی مرۆڤدان و دووباڵ و دوو روویان هەیە ، هەندێکیان شاخ و قاچیان هەیە وەکو بزن و هەندێکی تریشیان لە شێوەی ئەسپ و گادان و هەر سەریان لە هی مرۆڤ دەچێ .

لێرەدا باسکردنەکانی (بەند هشن) دەربارەی رەگەزە جیا جیاکانی ئەو جۆرە بوونەوەرە دەریایی و خاکییانە دێنینە بەرچاو و دەبینین کە چاکترین لە یەکچوونی ئەفسانەی دەهاك لە ئەفسانە بابلییەکاندا دەکەوێتە پێش چاو .

## ئەفسانەی مەردۆك – تیامات

ئەفسانەی (بل مەردوك) کە لە وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەدا پەیدا بووە ، گرنگترین سەرچاوەیە بۆ ئەفسانەی (دەهاك) ی ئێرانی و پێویستیش بەوە ناکا کە باسی کاریگەری ئەو ئەفسانەیە بکەین لەسەر ئەفسانەکانی میللەتە جیا جیاکان (ماکس مۆلەر) دەڵێ : دوای ساڵی ۲٥۰۰ ی پێش عیسا ئەفسانەی ئاسیایی دەربارەی ململانێی نێوان خوای ئاسمان و روناکی بل مەردوك و ئەژدیهای زەبەلاحی نێو دەریاکان (تیامات) ، ئەم ئەفسانەیە گەیشتە میسرو لەوێ و لە ژێر کاریگەری ئەودا ئەفسانەی (ئەپۆپ) دوژمنی خوای خۆر هاتە کایەوە .

ئەم ئەفسانەی (مەردوخ و تیامات) ەی بابلییەکان کاریگەری هەبووە لەسەر بەشە جیا جیاکانی تەورات و ئینجیل و ئەندیشەو خەیاڵاتی گروپە سەرەتاییەکانی ئاینی مەسیحی و هەندێ گروپی تر ، لەبەر ئەوە دەتوانین بە ئاسانی ئەوە بخەینە بەرچاو کە جیهانبینی بابلیەکان کاریگەریشی هەبووە لەسەر بۆچوون و ئەندێشەو خەیاڵاتی نەتەوەی مادو لە داستانەکانیاندا دەربارەی دروست بوونی جیهان و مرۆڤ جێی خۆی کردووەتەوە ، چونکە تێڕوانین و بۆچوونی بابلییەکان لەم بارەیەوە لەسەر بنەمای دوو پەروەردگارە کە بەشێکی سەرەکییە لە بۆچوونی ئێرانییەکاندا .

هەروەکو چۆن لە شانامەدا شەیتان زوحاکی کردووە بە هۆیەك بۆ ئازاردانی ئادەم و لە ئاوێستاشدا ئەهریمەن زوحاکی وەکو دێوێك بۆ هەمان مەبەست خستووەتە روو ، لە

ئەفسانەکانی بابلیشدا (تیامات) بۆ خۆشکردنی ئاگری ئاکۆکی و ململانێی خۆی لەگەڵ خواکاندا چەند بوونەوەرێکی خەیاڵی سەیری درووست کردووە وەک چەند جەنگاوەرێکی خاوەن توانا لە شێوەی ماری زەبەلاح و ددان تیژو داخ لە دڵ کە لە بری خوێن ژەهراوێکی کردووەتە لەشیانەوەو لە توانای کەسدا نییە بەرەنگاریان ببێتەوە و قەت لە شەڕو نەبەرد وەڕس نابن و کۆڵ نادەن ) لە کۆتایی ئەفسانەکەدا ئاماژە بە سەرکردەی ئەم بۆنەوەرە ناقولایانە دەکرێ کە ناوی (کینگۆ) یەو بە تەواوی لەگەڵ ئەژدەهاک ی ئەفسانە ئێرانییەکاندا لەیەک دەچن ، لە ئاویستاو شانامەدا هێزی (ئەهریمەنی زوحاک بە گەورەترین پاڵەوان و پشتیوانی خۆیان دەزانن و لە داستانە ئەفسانەییەکانی بابلیشدا کینگو ڕۆڵێکی لەو جۆرەی هەیە .

تیامات کینگۆی گەیاندە پایەیەکی بەرزو لەناو هەموو دێوەکاندا دەسەڵات و توانای دایە دەستی ئەو ، بۆ ئەوەی پێش هێزەکانی بکەوێ و سەرکردەیی سوپا بکات و لە هێرش بردندا پێشکەوێ و گۆڕەپانی شەڕ بخاتە ژێر دەستی خۆی . تیامات هەموو ئەم ئەرکانەی بە کینگۆ سپاردووە) .

ڕۆژگارێکی دوورو درێژ بەسەر چوو تا خواکان توانییان پاڵەوانێک پەیدا بکەن شایانی ئەوە بێ ڕوو بەرووی ئەم ئەژدەها سامناکە ببێنەوە ، هەر ئەمەشە کە بووە بە هۆی ئەوەی کە لە ئەفسانە ئێرانیەکانیشدا سەردەمی ژیان و فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی ئەژدەهاک زۆر دوورو درێژ بووە خواکانی بابل بەرەنگاربوونەوەی (تیامات) یان ڕوو بە ڕووی مەردوخ کردەوە ، لە ئەفسانەکانی ئێرانیشدا ئەو ئەرکە بە فەرەیدون سپێردراوە ، فەرەیدون تۆڵە سینەرەوەی دایکی شیریی خۆیەتی کە (مانگای شیردەرەو ئەتوانین بە گای پاڵەوانی ناوبەرین ، چونکە نەک تەنیا گورزەکەی دەستی لە شێوەی (گا) دابووە بەڵکو براکەشی (بومایون) هەر گا بووەو باوکیشی وەکو لە ئەفسانەکەدا هاتووە ناوی (ئاسپین تورا) بووە . بۆچوون و بیروباوەری لەم جۆرەش لای بابلی و میسرییەکان زۆر باو بووە . لە میسری کۆندا لە نێوان ئەو پەیکەرو وێنانەدا کە خوای خۆر بەرجەستە دەکەن ، وێنەو پەیکەری گا جێگایەکی دیارو بەرچاوی هەیە . لە ئەفسانەکانی بابلیشدا وێنەو پەیکەری مەردوخ لە شێوەی وێنەکانی خوای (خور) دان ، ناوی خوای خۆری بابلییەکانیش (ئەزاری) لەگەڵ ناوی خوای خۆری میسرییەکان (ئەزیریس) زۆر لە یەک ئەچن ، ناوی خودی مەردوخیش بەلای زۆرەوە بە مانا گای خەساوەو ئاڵاو دروشمەکەشی لای کەمی سێ گا هەڵئەگرن ، بەم شێوەیە مەردوخ و فەرەیدوون هاوشێوەن لە پەیوەندییان بە گاوە .

بە گوێرەی ئەفسانەکان مەردوخ گورزێکی قورس و گەورەی هەبووە کە سەری تیاماتی پێ پان کردووەتەوە ، هەروا لە

شانامەشدا هاتووە کە فەرەیدون بە گورزەکەی کە لە شێوەی سەری گادا بووە زوحاکی کوشتووەو سەری پانکردووەتەوە . هەروەها وەك چۆن فەرەیدون بەهرەی ( فەڕی خوایی ) پێدراوە ، لە ئەفسانە بابلییەکاندا لە بارەی مەردۆخەوە وتراوە کە رووناکی و تیشکێك بەسەری مەردۆخەوە دەدرەوشێتەوە . لە کاتی شەڕو نەبەردیشدا ناوی مەردۆخ ئەهێنرا بە مەبەستی شکاندنی سوپای دوژمنان و قەلاچۆکردنیان و لە ئاوێستاشدا ناوی فەرەیدون بەکار ئەهێنرا وەکو یارمەتیدەرێك دژی سوپای ئەهریمەن ، ئەمانە جگە لە چەند لە یەکچوونێکی تر لە چەند بوارێکی تردا .

کاتێك کە ئەو لەیەکچوونەی نێوان ئەفسانەکانی مەردۆخ و فەرەیدوونمان بۆ روون بوویەوە ، دەتوانین باس لە پەرچەم و ئالای بەناوبانگی کەیانی بکەین ، وەکو لە سەرەوە باسمان کرد مەردوخ لەگەڵ ئاشووری خوای بابلییەکاندا بەیەك دائەنرێن دروشمی ئاشووریش ئالایەکی سوپایی بووە کە نەخش و وێنەی ئاشووری لە شێوەی جەنگاوەرێکی تیرهاوێژی لەسەر تەختەیەکی بازنەیی تیا کراوەو بەستراوە بە سەری داری ئالاکەوەو بەسەردارەکەشەوە وێنەی سەری گایەکی شاخدار ئەکەوێتە بەرچاو . واتە لەسەر ئەو ئالایە وێنەی سێ گاو گایەکی سەردارەکە کە ئەکاتە ئالاکەی کاویانی .

لە لایەکی ترەوە کە ئێمە بزانین (دیوکس) ی یەکەم پاشای ماد زۆر بابەتی بیناسازی و داب و نەریتی دەرباری ئاشوورییەکانی لە ولاتەکەی خۆیدا بڵاو کردووەتەوە ، هیچ سەیر نابێ ئەگەر ببینین کە ئالاو پەرچەمی ئاشوریشی لەگەڵ هەندێ گۆڕان و دەستکاریدا بەکار هێنابێ . لە شانامەشدا پەیوەندی نێوان ئالاو پەرچەمی کاویانی و بارەگاو تەختی تاقدیس " تەختی پاشایەتی ئێران " باسی لێوە کراوە لەگەڵ رۆژگاری زوحاکدا ، لە بەر ئەوە ئەگەر ئالای ئاشوور مەردۆخ لەگەڵ ئالای کاویانی لە هەندێ لایەن و وردەشتدا یەك بگرنەوە ئەوە بە لامانەوە تەنیا رێکەوت نییە .

## کاوەی پاڵەوانی ئێرانی و گاگای خوای بابلییەکان

پێش ئەوەی کە مەردۆخ بچێتە مەیدانی نەبەردەوە لەگەڵ کینگو و تیامات دا ئاشوور فەرمان دەرئەکا بە (گاگا) ی بەردەستی خۆی تا لەگەڵ خواکانی دیکەدا کۆبێتەوەو هەواڵی سەرپێچیکردنی "تیامات" یان پێ رابگەیەنێ ، خواکان دوای ئەوەی ئاگاداری بارودۆخەکە ئەبن بڕیاری بەرپاکردنی جەنگ لەگەڵ تیامات دەرئەکەن . ئەمەش هەر تەنیا رێکەوت نییە کە ناوی کاوەی پاڵەوانی ئێران لەگەڵ گاگای خوای بابلییەکاندا زۆر لە یەکەوە نزیکن . کاوە لەگەڵ زوحاکدا روو بەروو دەبێتەوە و قسەی لەگەڵ دەکات و داوای لێدەکات کە بچنە مەیدانەوە بۆ شەڕکردن و پاشان بە هێزێکی گەورەوە دەچێتە کۆمەکی فەرەیدوون . کاوەی پاڵەوان دلێرترو چاونەترسترە لە

خوای بابلییەکان ، چونکە لە بەرانبەر زوحاکی لە خۆبایی بوو رادەوەستێ و هەڕەشەی لێدەکات کە ئەیفەوتێنێ و نابوودی ئەکا ، کەچی گاگا لە تیامات وەڕس و بێزار دەبێت ، ناتوانێت روو بە رووی ببێتەوە ، بەڵکو بە هۆی کەسانێکی ترەوە پەیامی بۆ دەنێرێت ، دیارە کە هەندێك لە ئازایەتی و پاڵەوانێتی کاوە لە داستانە ئێرانییەکاندا لە دروست کراوی خەیاڵی فیردەوسی خۆیەتی و لەو داستانانەدا بە جۆش و خرۆش و پیا هەڵدانەوە باسی پاڵەوانەکانی دەکاو سەرچاوەی ئەو ئازەیەتی و دلێرییەی کاوە ئاویستایە . جگە لەوەش رۆڵی هەریەك لە گاگاو کاوە لە داستانە ئێرانی و بابلییەکاندا وەك یەكن و بریتین لە کۆمەك و پشتیوانی کردنی مەردۆخ و فەرەیدوون هەر چەندە یەکەمیان بەرگێکی خوایەتی کراوە بەبەریاو دووهەمیان شێوەیەکی مرۆڤ ئاسا.

## ئەرمایل و گرمایلی شانامەو ئەنشارو کیشاری بابلییەکان *

بە گوێرەی داستانی شانامەی فیردەوسی زوحاك دوو وەزیری پیاوچاکی هەبووەو ناویان ئەرمایل و گرمایل بووە . ئەم دوو پیاوچاکە هەندێ کەس رزگار دەکەن لەوانەی گرفتاری دەستی زوحاك بوونە لە مردن و کوشتن رزگاریان ئەکەن و لە شوێنێکی نهێنیدا ئەیانشارنەوە . رەگەزی کوردیش دەچێتەوە سەر ئەم رزگارکراوانە ! ئاشکرایە کە ئەم ناوی ئەرمایل و گەرمایلە یا راستەوخۆ لە بابلییەکانەوە وەرگیراوە یا بە مەبەستی چاولێکەری و لاسایی کردنەوەی بابلییەکان دروست کراون .

رۆڵی ئەرمایل و گرمایل لەگەڵ رۆڵی ئەنشارو کیشاری بابلییەکاندا کە بریتییە لە پووچەڵکردنەوەی نیازخراپی تیامات بەرابنەر بە مەڕدۆخ شایانی بەراورد کردنن .

لە داستانە بابلییەکاندا ئەنشارو کیشاری هاوسەری ، هەوڵ و کۆششێکی زۆر ئەدەن بۆ ئەوەی تیامات و گروپەکەی لەگەڵ خوا گەورەکاندا ئاشت بکەنەوەو هەرچییان لە توانادا هەبووە خەرجیان کردووە بۆ هێورکردنەوەی تیامات . لە داستانە ئێرانییەکانیشدا ، ئەرمایل و گرمایل هەوڵ دەدەن کە زوحاك بخەنە سەر رێگای راست و کرداری چاکەو لە زۆرداری وستەمگەری دووری خەنەوە شایانی باسە کە کۆتایی نەبەردو ململانێی نێوان مەردۆخ و تیامات لە ئەفسانە بابلییەکانداو کێشەو گیروگرفتی فەرەیدوون و زوحاك لە ئەفسانە ئێرانییەکاندا لە یەك ئەچن . زوحاك هەوڵێکی بێهودە ئەدا فەرەیدوون لەناوبەرێ بەڵام هەوڵدانەکەی هیچ سوودێکی نابێ و بە دەستی فەرەیدوون لەناو ئەچێ لە ئەفسانە بابلییەکانیشدا ئەنجامی نەبەردەکە بەم شێوەیە " مەردۆخ کە بینی وا کینگۆ بە دەستییەوە دەناڵێنێ و ئاواتەکانی نەهاتووەتە دی ، دێوەکان بۆ رزگاربوونی خۆیان ڕا ئەکەن بەڵام تووشی داوێك دەبن و

توانای خۆدەربازکردنیان نامێنێ و لە ئەنجامدا مەردوخ هەموویان بە دیل ئەگرێ و چەکەکانیان تێك ئەشکێنێ ، تیاماتیش هەر چەند هەوڵ ئەدا بۆ رزگار بوون بەلام لە کۆتاییدا ئەکەوێتە داوی مەردوخەوە ، تیامات وەك جنۆکە دەستی لێوەشاندبێ هۆشی لای خۆی نەمابوو بە دەنگی بەرز قسەی ئەکردو بە تووڕەییەوە هاواری ئەکردو هەموو گیانی هاتبووە لەرزین بە شێوەیەك کە دەوروبەرەکەشی کەوتبوە لەرزە .

مەردوخیش داوی بۆ نایەوە تا گرتی و کردی بە دوو پارچەوە ، شێوەی نەبەردی فەرەیدوون و زوحاکیش وەك لە شانامەدا هاتووە زۆر لەو نەبەردەی نێوان مەردوخ و تیامات دەچێ ، بەلام فەرەیدون لە بری داو (کەمەن) ێکی بۆ بەکاردێنێ و بەرەو شاخی دەماوەند رای ئەکێشێ و لەوێ بە مێخی قورس ئەیبەستێتەوە بە گا بەردەکانی ئەو شاخە سەرکەشەوە .

لە شانامەدا زوحاك لە شێوەی مرۆڤێك دایە کە دوو مار لەسەر شانی پەیدا بووە . بۆچوون و بیرو باوەڕی لەم جۆرەش لە ئەفسانەکانی بابلدا هەیە ، لە باسی (لە بارتوی) دێودا دەڵێن هەردوو دەستی هەریەکی مارێکیان پێوەیە ، هەروەها لە یەکێك لە وێنەو نەخشە کۆنەکانی بابلیدا داردەستێك دەبینین کە دوو مار پێچیان خواردووە بە دەوریدا ، دروشمی خودی مەردوخیش ئەژدەهایەکە .

لە باسی لە یەکچوونی هەردوو ئەفسانەی ئێرانی و بابلیدا مەرج نییە بڵێین ئەفسانەی فەرەیدوون و زوحاك جۆرێکە لە ئەفسانە سامییەکان و لە بنەڕەتدا لە ئەفسانەیەکی سامییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە وەکو ئەفسانە بابلییەکان ، چونکە چەند زاناو لێکۆڵەرەوەی وەك دوکتور (کینگ) لایان وایە کە ئەفسانەی ئەژدەهای بابلی خۆی لە سۆمەرییەکانەوە سەر چاوەی وەرگرتووە و دیارە کە سۆمەرییەکانیش نەتەوەیەکی سامی نین ، چونکە سەدان ساڵ پێش ئەوەی سامییەکان بێنە بابل ئەو سۆمەرییانە لەو سەر خاك و زەوییەدا ژیاون . هەروەها د (کینگ) دەڵێ : ناوی گەلێك لەو بوونەوەرە خەیاڵییانە کە تیامات دروستی کردوون وەك (کینگو) رە گوریشەیەکی سومەرییان هەیە ، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە بناغەی هەردوو ئەفسانەکەی فەرەیدوون و مەردوخ ئەگەڕێنەوە بۆ ئەفسانەیەکی زۆر کۆن ، هەر لێرەدا دەتوانین ئاماژە بدەین بە لەیەکچوونی ئەفسانەی (ویدایی) (ئیندرە) و (وەرترە) لەگەڵ ئەفسانەی "بل مەردوخ" ی بابلیدا .

## پەیوەندی نێوان مێژووی زوحاك و ئەفسانەکانی ئەژدەها

بە تێڕوانینێك بۆ ئەفسانە جۆراو جۆرەکانی ئەژدەها لە خۆرهەلات و خۆرئاوا کە شوێن پێیان لە ئەفسانەی زوحاکدا دیارە ، ئەچینە ناو بابەتێکی سەرەکییەوە و ئەم پرسیارە دێت بە خەیاڵماندا کە بۆچی و چۆن

یەکەم پاشای مادەکان بووە بە جەمسەری ئەم هەموو ئەفسانانەی ئەژدەها ؟

ئەبێ دان بەوە دابنێین کە هەندێك لەو ئەفسانانە بە هۆی رەفتارو کرداری خودی (دیوکس) وە لە سەری کۆبووەتەوە ، بەلام بەشی هەرە زۆری ئەوانە بە هۆی رەفتاری دڕندانەی (ئاستیاگ) ی کوڕە زایەوە بووە و تاوانەکانی ئەو یەخەی باپیری گرتووەتەوە کە (دیوکس) - دەهاك ە ، هەروەها دەتوانین بڵێین کە بەشی زۆری ئاژاوەو نارەحەتی و ئازاری سەردەمی دەهاك بە هۆی هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی (سکێت) ەکانەوە بووە کە نەك تەنیا ئێران بەڵکو وڵاتانی ئاشوورو سوریەو فەلەستینیش لە چنگی هێرش و تاڵان و بڕۆی ئەوان رزگاری نەبووەو بە گوێرەی چەند بەڵگەیەکی مێژوویییەوە مادەکان رۆڵێکیان هەبووە لە خۆشکردنی زەمینە بۆ هێرشی ئەو سکێتانەدا ، لەبەر ئەوە دەهاك لە بارو دۆخێکی وادا ناتوانێ بەدووربێ لە بەدناوی و رسوویی ، جگە لەوەش بە یەکەوە بەستنی چەند خێڵێکی جیا جیا لە وڵاتێکی وەکو ئێراندا ، کە هەر کام لە سەرانی ئەم خێڵانە سوور بوون لەسەر پێداگرتن لەسەر بیروڕای خۆیان شتێکی زەحمەت بوو ، تەنیا کەسێك کە لە توانایدا بوبێت بەم ئەرکە قورسە هەڵبستێت (دیوکس - دەهاك) بووە ، چونکە ئەم خێڵە زۆرانە سەر بەیەك نەتەوە نەبوون بەڵکو تێکەڵ بوون لە سادو مانایی و ئازربایجانی و بکرە ئەرمەنەکانیش و هەندێ لە (سکا) کانیش لەم کۆمەڵەیەدا گرد بوو بوونەوە ، لە ئاوێستادا هاتووە کە ئازربایجان گۆڕەپانێکی گرنگ بووە بۆ بەجێ هێنانی ئەم ئەرکە قورس و گرانە .

ئەو هەوڵ و ئەرکەی کە نادر شا (پێش ئەوەی ببێتە پاشا) بۆ یەکخستنی خێڵەکانی ئێران ئەنجامیدا لە یەکچوونێکی تەواوی هەبوو لەگەڵ ئەرکەکەی دیوکسدا ، نادرشا لە پێناوی جێ بەجێکردنی ئامانجەکانیدا ناچار بوو کە پەنا بەرێتە بەر شەڕو پێکدادان و نەبەردوو هەزران کەس سزا بداو چەند خێڵێکی زۆر لە شوێنی خۆیان دوور بخاتەوەو دەس بگرێ بەسەر دارایی و حاڵ و ماڵیاندا ئەمەش بووەتە هۆی نەفرەت کردنی خەڵك لەنادر شا . وەك چۆن کردەوزەکانی دیوکس - دەهاك لە لایەن خەڵکی سەردەمەکەی و پاشتریش بووە هۆی نەفرەت لێکردنی .

چاولێکەری و لاسایی کردنەوەی رێ و رەسمی دەرباری پڕ شکۆی بابلی و ئاشوورییەکان لە لایەن ( دیوکس) ەوە هۆیەکی تری بێزاربوونی خەڵك بوو لێی . دوور نییە کە خولیای ئەم چاولێکەرییە کاتێك کەوتبێتە سەری کە دوور خرابێتەوە بۆ شاری (حەما) .

راستە قەڵایەکی وەك (هەگمەتانە) کە بە فەرمانی دیوکس درووستکراوەو وەك هێرۆدۆت باسی کردووە حەوت دیواری یەك جەمسەری بووە ، بەڵام ئەو هەموو نەخش و نیگارو قوللەو شوراو زیادە رەوییەت کە لە رازاندنەوەی ئەو قەڵایەدا کرابوو بە گران

کەوت لەسەر نەتەوەی مادو گەلێك تووشی نارەحەتی و ئازار بوو لە پێناویدا . هرودوت کە باسی شاری هەگمەتانەو قەڵاکەی دەکاو ئەو هەموو پارەو پوولەی کە تیا خەرجکراوە، تەخت و کۆشك و بارەگاکەی حەزرەتی سلێمان دێنێتەوە یادی مرۆڤ .

ئەو ڕێ و رەسمی دەرباری ئاشوورییانە کە دیوکس لە وڵاتەکەی خۆیدا پەیرەوی دەکرد هەر چەند لە هەندێ لایەنەوە سوود مەند بووە ،بەڵام سەرەتای لە خۆبایی بوون و توانای رەهاو جڵەو لە دەست بەربوونی دیوکس بوو و یەکێك بوو لەو هۆیانەی کە لە ئاوێستادا دیوکس و بنەماڵەکەی بە بابلی ناوبراون لەگەڵ ئەو چاولێکەرییە لە ڕێ و رەسمی دەرباری ئاشووری و پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتی ئاشووردا . ئەم پەیوەندییە دۆستانەیە لە سەردەمی (فراوەرتیس) ی کوڕی دیوکس دا هەر بەردەوام بوو و لەگەڵ وازلێهێنانیشیدا فراوەرتیس تووشی نەگبەتی هات . بە هەرحاڵ یەکییەتی و پەیوەندی بە تینی هۆخشترەو ئەژدەهاك - ئاستیاگی جێنشینانی فراوەرتیس لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بابل دا هۆیەکی ترە بۆ ئەوەی دیوکس و بنەماڵەکەی بە بابلی دابنرێن .

لە هەردوو کتێبی دینکرت و شانامەدا هاتووە کە دەهاگ دیوکس زۆر حەزی لە کۆکردنەوەی ژنی جوان بووە لە شەونشینییەکانیدا ، دوور نییە کە لەم بارەیەوە دەزگای پاشایەتی ماد پەروەری داب و نەریتی بنەماڵەی پاشاکانی خۆرهەڵاتی پێشیانیان کردبێت .

بەهەرحاڵ ئەو نەفرەت و بێزارییەی کە ل ئەفسانەو کتێبە مێژووییەکاندا ڕوو بە ڕووی دیوکس - دەهاك بووەتەوە یەکسەر لە رەفتارو کردارەکانی خۆیەوە نەبوە . ئەو راوەستانەی هێرشی ئاشوورییەکان لە ماوەی (٥٣) ساڵی فەرمانڕەوایی ئەودا توانیویەتی بوارێك برەخسێنێ بۆ خووگرتن بە جوانپەرستی و جوانکاری و لە خۆبایی بوونی . گومانیش لەوەدا نییە کە دڕندەیی ئەژدەهاك - ئاستیاگی کوڕەزای دیۆکس و لە دەستدانی سەربەخۆیی وڵاتی ماد لە رۆژگارو سەردەمی ئەوداو ئەو شکست و ڕیسوایییەی کە تووشیان بوو هەمووی بە ناڕەوا دراوەتە پاڵ دیوکس ی بنیاتنەری بنەماڵەی مادە .

هیرۆدۆت رەفتاری نابەجێ و نادروستی ئەژدەهاك لەگەڵ چەند گەورەیەکی وەك (ماگی) و (هارپاك) بەراورد ئەکاو ئەفرەت و بێزاری خەڵکی ماد لەو کردەوانە دەخاتە بەرچاو . لە مێژووی ئەرمەنستانیشدا چەند نووسینێك هەیە تیایاندا هاتووە کە بە هۆی کەسایەتی دڕەندە ئاسای ئەژدەهاکەوە بنەماڵەکەیان نازناوی (ئەژدەهاکان) یان بەسەردا براوە . هەر بە گوێرەی ئەوەی کە لە یەکی لەو نووسینانەدا هاتووە (ئەها سۆرۆس) پاشای مادەکان کە لەگەڵ (کورش) دا لە جەنگدا بوو هێرشی بردە سەر وڵاتی

ئەرمەنستان و لەو هێرشەیدا شكستی هێناو ژن و منداڵەكەی بەدیل گیران و خرانە زیندانەوە وخۆیشی وەكو دەست بە سەرێك لەوێ مایەوەو نەوەكانیشی وەك ئاماژە كردنێك بە ناوی ئەها سوروس كە بە زمانی ئەرمەنی واتا ئەژدەها بەچكە ئەژدەهاكان ناو ئەبران .

دیارە كە تاكە پاشایەكی ماد كە لەگەڵ كۆرش دا شەڕی كردبێ هەر ئاستیاگە ( كە ئەرمەنەكان پێیان دەگووت ئەژدەهاك) و ئەم لەیەكچوونەی ناوی ئاستیاگی پاشای مادو ئەژدەهاكی پاشای ئەفسانەیی ناو داستانەكانی ئاویستاو شانامەی فیردەوسی وام لێدەكات كە بڵێین دوژمن و ناحەزانی ئەستیاك سوودیان لێ وەرگرتبێ . هەروەها ئەوەش ڕێی تێدەچێ كە ناوی (مار) كە ئەرمەنییەكان بڕیبوویان بەسەر مادەكاندا ڕۆڵێكی هەبووبێ لە دابڕینی ناوی ئەژدەها بەسەر ئەو بنەماڵەیەدا

ئەفسانەی ئێرانی دەربارەی كۆت و زنجیركردنی ئەژدەهاك لە شاخی دەماوەنداو پچڕاندنی زنجیرە كە لە كۆتاییدا لە لایەن ئەژدەهاكەوە لای ئەرمەنەكان زۆر ناوبانگی هەیە بەڵام ئەوان ئەو ڕووداوە دەدەنە پاڵ یەكێك لە پاشا زیان بەخشەكانی خۆیان كە ناوی (ئارتاوازد) ەو لە دەورووبەری ساڵی ١٣٠ ز دا فەرمانڕەوایی كردووە . ئەرمەنەكان ماوەیەكی زۆر باوەڕیان وابوو كە ئەو پاشایەی ئەوان لە زیندانێكدا بە زنجیر بەستراوەتەوەو دوو سەك یارمەتییان داوە لە پچڕاندنی زنجیرەكەدا بە هۆی ئەوەوە كە بەردەموام ئەو زنجیرەیان لستەوەتەوە تا تەنكیان كردووەو چەند ئاسنگەرێكیش چاودێری ئەو زنجیرەیان كردووە و ڕۆژانی یەكشەممە كە دەستیان لە ئیش هەڵئەگرت سێ چوار چەكوشیان ئەكێشا بە زنجیرەكەدا بۆ دڵنیا بوون لەوەی كە بەرگە ئەگرێ . بەم شێوەویە دەتوانین بڵێین كە ئەم یەكێتییەی بنەماڵەی دیوكس لەگەڵ ئەژدەهاك ، لە سەرەتادا لە ئەرمەنستانەوە سەری هەڵدابێ و پاشان هاتبێتە ئێران .

گومانیش لەوەدا نییە كە ئەفسانەی (لوكی) كە گۆیا لە كاتی بەندكردنی دا ئەو زنجیرە سێ قەدە كە لە پێیدا بووە پچڕاندوویەتی لەگەڵ بابەتی بنەماڵەی دیوكس دا تێكەڵ كراوەو ئەو چیرۆكە نیوە ئەفسانەو نیوە مێژووییەی لێ پەیدا بووە . ئێمە دەزانین كە كورشی دوای سەركەوتنی بەسەر ئاستیاك دا بە زنجیر بەستیەوەو ڕەوانەی مازندەرانی كرد . خەڵكی مادیش كە لە دڕندایەتی ئەو وەرس بوو بوون پێیان خۆشبوو بەڵام لەوەش ئەترسان كە ڕۆژێك لە شوێنی دوور خستنەوەكەی ڕزگاری ببێ و لەسەر پیشەی جارانی دەست بكاتەوە بە ئازاردانی خەڵك .

هۆیەكی تر بۆ ئەوەی كەسایەتییەكی دڕندەو سامداری وەك ئاستیاك بدرێتە پاڵ دیوكس ئەوەیە كە لەو ڕۆژگارەدا هێرشی

مەترسیداری نەتەوەکانی (سکیت) بۆ سەر ئاسیای خۆرئاوا وەك ئێران ، ، ئەفغانستان ، سوریا ، فەلەستین دەستی پێکردو تەنانەت گەیشتنە میسریش ، بەلام لە میسر (پسامتیك) ی پاشای ئەو ولاتە بەرەنگاریان بویەوە ، لەو کاتەشدا دانیشتوانی هەموو ئەو ناوچانە لایان وابوو کە جیهان کۆتایی پێ هاتووەو ئەم هێرشە سەرەتاکەیەتی و سوپای دوژمنی بە (یاجوج و - ماجوج) دانابوو ، کتێبە پیرۆزەکانی هەرسێ ئایینەکەش ئەم جۆرە رۆداوەیان بە یەکێك داناوە لە نیشانەکانی کۆتای هاتنی جیهان و خەلکی هەموو لەسەر ئەو باوەرە بوون . لە ئەفسانە ئایینییەکانی ئێرانداو لە داستانەکاندا ئەنجامی کار بەوە کۆتایی دێت لە بنەماڵەی شای دواییدا جیهان کۆتایی پێ دێت ، لە تەوراتیشدا شیوەن و گریانی (ئەرمیا) و کتێبەکانی (حزقیال) و (حەبقوق)) نیشانەی ترس و وەحشییەتی جولەکەکانە لە رووداوەکانی ئەو سەردەمەی کە پێشبینی کراوە ، لە داستانی یاجوج و ماجوج ی کتێبەکەی حسقیال دا بەئاشکرا شێوەو روخساری نەتەوە هێرش بەرەکانی (سکێت) دێتە بەر چاو ، هەروەها لە کتێبە مێژووییەکانی ئیسلامیشدا هێرشی یاجوج و ماجوج بە یەکی لە نیشانەکانی کۆتایی هاتنی جیهان دانراوە .

ئەم رووداوە سامناکانە کە پێش دوو هەزار ساڵ بە نیشانەی کۆتایی هاتنی ژیانی سەرزەوی دائەنران پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەبوو لەگەڵ بنەماڵەی دیوکس داو هەر لەبەر ئەوە ئەتوانین لەگەڵ بۆچوونەکانی (می یر) دا یەك بگرینەوە کە دەلێ :

هێرشی سکیتەکان ئەنجامی رەوشت و سیاسەتی پاشاکانی ماد بوو بەرامبەر ئەو نەتەوانە چونکە فەرمانرەوایانی ماد هەموو کاتێك هەوڵ و کۆششی ئەوەیان بوو کە لەگەڵ سکیت و _کیمری) یەکاندا هاوپەیمان بن تا چاکتر بتوانن بەرانبەر ئاشوورییەکان رابووەستن و خۆیان راگرن ، سکێتەکانیش کە دلنیا بوون لەوەی مادەکان بەرەنگاریان نابنەوە ، هێرشیان کردە سەر ئێران و هەموو کارو نەبەردەکانیان بە سوودە بەرژەوەندی خۆیان ئەنجام داو بێزاری خەلکەکەش هەمووی رووی کردە دیوکس و بنەماڵەکەی .

## رۆڵی دەهاك و هوخشترە لە بەرهەمە کەلتوورییەکانی ئێراندا

بە یەك دانانی دەهاك - دیوکس لەگەڵ ئەژدەهادا بەسە بۆ ئەوەی رۆڵی سەرەکی هەموو خراپەکارییەکان لە بەرهەمە کەلتووری و فۆلکلۆرییەکانی ئێراندا بدرێتە پاڵ ئەو چونکە زنجیر پچراندنی ئەژدەها یا دێوەسپی خاڵێکی هاوبەشە لە نێوان نەتەوەکانی بابل و ئێران و جولەکەو نەتەوەکانی ولاتانی ئەسکەندناویدا ، بەلام لە کاتێکا کە ئەم کەسایەتییە ناپاك و بەدکردارە ئەکری بە دیوکسی بنیاتنەری بنەماڵەی پاشایەتی ماد :

هۆخشترەی کورەزای ئەو بە کەسایەتییەکی خاوەن ڕێزو سوپاسی خەڵکی دانراوە، ئەمەش بە هۆی ئەو سەرکەوتنە پڕ بەهایانەی بوو بەسەر ئاشووری و سکێتەکاندا، کە مادەکان بەڕێزو خۆهەڵکێشانەوە باسی ئەکەن و هۆخوشترەش بە پاڵەوانێکی گەورەی خۆیان دادەنێن.

لە وتەو کرداره بەرچاوەکانی (هۆشیدەر) ی پاڵەوانی ئایینی ئێرانیشدا (کە ئەرکی ڕزگارکردن و نوێکردنەوەی جیهانی پێ سپێردراوە) چەند ئاماژەیەکی تێدایە بۆ هۆخشترەو سەردەمی درەوشاوەو پرشنگداری ئەو. لە ڕاستیشدا هۆشیدەر هەر هەمان هۆخشترەی کورەزای دیوکس ە، هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە ڕووداوی مێژوویی مادەکان بووەتە سەرچاوەیەك بۆ پێکهاتنی گەلێك لە ڕێ و ڕەسمی ئایینی ئێرانییەکان و زەمینەی خۆشکردووە بۆ دیاری کردن و ناسینی هۆشیدەرو هۆخشترە.

ناوی هۆشیدەر لە باری زمانناسییەوە لە ناوی هۆخشترە ( بە شێوەزاری بلبلییەکان) Uwacuishtorنزیکترە لە Rstvaturta یا ی ئاویستایی (ستون سیفر) Astwatereta لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی فەرهەنگی (ناوە یونانی و ئێرانییەکان) ناوی هۆخشترەی بەرانبەر بە (Ozuathres , Ozathrec) داناوەو بە ئاسانی بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەو ناوانە چەند لەناوی پەهلەوی هۆشیدەر یا ئۆشیدەرەوە نزیکە، لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین کە ناوی هۆشیدەر لە هۆخشترەوە وەرگیراوە.

لە ئاویستادا هیچ باسێك لە نەبەردەکانی (ئەستوون ئەرت - هۆشیدەر) نەکراوەو تەنیا لە (زامیاد یەشت) دا هاتووە کە هۆشیدەر هەمان کەل و پەل جەنگی بەکار هێناوە کە فەرەیدوونی جەنگاوەر سەری ئەژدەهاکی پێ کوتایەوە شکستی پێ هێنا، بەڵام لە بەندهشن و بەهمەنیەشت دا هاتووە کە لە دوایین ڕۆژەکانی جیهاندا - سوپایەکی گەورەو فراوان لە ئاشووری و یۆنانی و ڕۆمی و دوژمنە کۆنەکانی تری ئێران بەرەو خۆرهەڵات هێرش دەهێنن و لە ئەنجامدا ڕوو بە ڕووی شکست دەبنەوە.

ناوهێنانی ئاشوورییەکان لە ڕیزی دوژمنەکانی ئێران و شکست خواردنیان بە دەستی (بەهرامی وەرجاوەند) و (هۆشیدەر) کە گروپێك لە پاڵەوانە نەمرەکانی ئێران کۆمەکیان ئەکەن، ئەگەری ئەوەمان دەخاتە بەردەست کە سەرکردەی سوپای داگیرکەری ئاشووری لە ڕێزی پێشەوەی ئەوانەدا بووە، چونکە ناتوانین لە کردەوەی (کوشتنی خەڵکی ئاشوور ویرانکردنی خانو و پەناگاو ژێر زەوییەکانیان) دا کەسێکی تری لێهاتوو و گەورەتر لە هۆخشترەمان دەست بکەوێ کە دەسەڵات و توانای ئاشوورییەکان تێك بشکێنێ و نەینەواو قەڵاکانی تری ئاشوور وێران بکات، هەروەها کەسێکی تر نەیئەتوانی هێرشەکانی سکیتەکان بۆ

سەرخاکی ئێران تێک بشکێنێ و بیانگێڕێتە دواوە لەو زیاتر .

لە نووسینەکانی ناو (بەهمەن یەشت)ەوە وا دەرئەکەوێ کە یەکێک لەو کارانەی هۆشیدەرو هاورێکانی ئەنجامیان داوە (کوشتن و لەناوبردنی خەڵکی ئاشوورو وێرانکردنی ماڵ و خانوو و ژێرزەوییە نهێنییەکانی ئەوانە . نووسین و باسکردنێکی لەم جۆرە دەربارەی ڕووداوەکانی هەزار ساڵەو کردەوەکانی هۆشیدەرو هاورێکانی بۆمان دەرئەخا کە ئێرانییەکان بیرەوەری سامناک و پڕ ئازاری هێرش و زۆرداری داگیرکەرە ئاشوورییەکانیان هیچ کاتێک فەرامۆش نەکردووە ، وێنەو نموونەی ئەم جۆرە نووسینانە لە کتێبی (روایات فارسی نریمان هۆشنگ) یشدا هاتووە ، لەم کتێبەدا نووسراوە کە بەهرامی وەرجاوەند یاوەری گەورەی هۆشیدەر لەشکرکێشییەکەی خۆی لە ناوچە شاخاوییەکانی تورکستانەوە دەست پێدەکات و لە جەنگێکی نۆساڵەدا تا بابل ئەخاتە ژێردەستی خۆی .

شایانی باسکردنە کە لە ئەدەبیاتی کۆنی ئێراندا دوو پاڵەوان هەن بە ناوی هۆشیدەرەوە (هۆشیدەرو هۆشیدەرماە) ، هەروەها لە مێژووی مادیشدا دوو هۆخشترە ناو هەن کە یەکێکیان پاشای گەورەی مادو داگیرکەری نەینەوایە و ئەویتریان شازادەیە کە کوڕی ئاستیاگە کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەگەڵ داریۆشدا لەسەر سەربەخۆیی وڵاتی ماد لە شەڕو شۆڕدا بووە .

مادەکان بۆ بە گەورەزانینی ئەم دوو هوخشترە بەڵگەیان بە دەستەوە بووە ، چونکە یەکێکیان بە بنیاتنەری سەربەرزی و سەروەریی نەتەوەیی خۆیان و ئەوی تریشیان بۆ پاراستنی ئەو سەربەخۆیی و سەربەرزییە ، دیارە کە پەیدابوونەوەی سەر لە نوێی ئەم دوو کەسە لە کاتێکدا کە کاروباری وڵات ڕوو لە ئاڵۆزی و بشێوی دەکات یەکێکە لە ئاواتەکانی خەڵکی ماد هەروەها پەیدابوونەوەی سەرلەنوێی کەی خەسرەو لە ناوچەکانی تری ئێراندا و پەیدابوونەوەی سام گرشاسپ لە سیستانداو لەسەر زەوی ئەشکانییەکاندا بیرۆکەو ئارەزوو مەندی پەیدابوونەوەی گیوو گودرز زۆر پیرۆزو خۆشەویست بووە لەبەر ئەوە گیویان بە یەکێک لە نەمرەکان داناوە .

ئەوەی شایانی سەرنج ڕاکێشانە هەموو ئەم پاڵەوانانەی نەتەوەکانی ئێران لە کاری ئاوەدانکردنەوەی جیهاندا شان بەشانی یەک شەڕ دەکەن و یارمەتی و کۆمەک بە هۆشیدەر ئەگەیەنن و هەموویان لە ڕیزی نەمرانن ، بەم شێوەیە لە هەموو ئاسەواری کەلتووری و فۆلکلۆرییەکانی ئێراندا وەک لە بەهمەنیەش و داتستادینێک دا هاتووە ، ئەفسانە ناوچەییەکانی ئێران دەربارەی ڕووداوەکانی هەزار ساڵە هەموویان تێکەڵ بە یەک بوون . لە کتێبەکانی پەهلەویدا چەند نووسین و باسێک بەرچاو دەکەون دەربارەی هاوکاریکردنی

نێوان هۆشیدەرو چیترك میان – پشوتن ، لە بواری چاککردن و نوێکردنەوەی کاروباری جیهان ، لە مێژووی مادیشدا (هۆخشترە و چیترنتاخاما) دژی زوڵم و زۆری پارسەکان هاوکاری دەکەن لەگەڵ یەکدا ، واش دەرئەکەوێ کە ئەم هاوکارییە لە دواییدا هەوڵ و کۆششی مادەکاندا بۆ بوژانەوەو زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان بە چاوەڕوانی و تەمای هاوکاری کردنی هۆشیدەرو چیترکمیان ، تێکەڵ بە کەلتووری ئێرانییەکان بوون .

**بەهرام وەرجاوەندو بەهرامی چوبین**

دکتور (وست) لای وایە کە بەهرامی وەرجاوەند هەر بەهرامی چوبینە کە سەرداری بەناوبانگی رۆژگارو سەردەمی ساسانییەکانە ، بۆ پشتگیری بۆچوونەکەشی دەڵێن بەهرامی چوبین دوا رۆژەکانی ژیانی خۆی لە چین بردووەتە سەرو بە گوێرەی ئەوەی کە لە سەرچاوە کۆنەکاندا هاتووە بەهرامی وەرجاوەند لە سنووری چینەوە سەرهەڵئەداو پەیدا ئەبێ.

ئەمەش لەگەڵ ئەوەی کە لە پێشدا باسکرا ناکۆك نییە ، چونکە بەهرامی چوبین لە بنەماڵەی مەهران بووە کە لە بنەڕەتدا خۆی بە ئەشکانی دائەنرێت و لەبەر ئەوە کە لەو بنەماڵەیەیە لەگەڵ ساسانییەکاندا دەکەوێتە ململانێو نەبەردەوە بۆ زیندووکردنەوەی میللەت و بنەماڵەکەی خۆی .

ئێرانییەکان بە شێوەیەکی توند پابەندی رابووردووی نەتەوەکانی خۆیانن و هەر لەو بوارەدا ئەو رابووردووەی خۆیان لە دوایین رۆژەکانی جیهاندا دێننەوە پێش چاوو هەموو کەسایەتییە چاك و خراپەکان جارێکی تر لە ئەفسانەکانیاندا زیندوو دەکەنەوەو بە گژی یەکیاندا دەدەنەوە . ئەهریمەن زنجیرەکانی ئەژدەهاك ( کە لەم نەبەردەدا ڕۆڵی رابەرایەتی بەرەی پیاو خراپان و هێزی شەڕو تاریکی دەکات) ئەپچڕێنێ و ئەینێرێ بۆ مەیدانی شەڕ . هۆشیدەری سەرداری پیاوچاکان فەرمان لە خواوەند مەهرەوە وەردەگرێ و خواوەندەکانی (سرۆش و (نریوسنگ) و پاڵەوانەکانی تر وەکو (پشۆتن و گرشاسپ) لە خەوی درێژی چەند سەد ساڵەی خۆیان بە ئاگادێن و خەبەریان دەبیتەوە ، هەموو ئەو پاڵەوانە نەمرانە پیاوانێکی ئازاو دلێرو نـاوداری رابووردوون و یەکێك لەوانە هۆشیدەر – هۆخشترەیە کە بە هۆی فیداکاری وخزمەتی زۆری خۆیەوە وەك و کوڕی زەردەشت پێغەمبەر ناوبراوە .

لە راستیدا هەندێ لەم نەریت و ئەفسانانە کورتە یەکن لە باسی هەندێ ڕووداوی مێژووی رابووردووی ئێران ، لەناو سوپای بەدکاراندا هێرش بەرە یەك لە دوایەکەکان بۆ سەر ئێران لە یۆنان و عەرەب و تورك بەرێئەکرێن ، کۆنترین ئەو دوژمنانە واتە ئاشوورییەکان هێشتا لەبیر نەچووەتەوە ، هەر لەبەر ئەوەشە کە ناوو یادگاری ئەو سەرکردە گەورانەی کە ئەوانیان سەرکوت

ئەکردو دژیان رائەوەستان و بنەماڵەکانیان تەفرو تونا ئەکرد لە ئەفسانەکانی ئێراندا هەر بە زیندوویی ماونەتەوە . ناوی (HEDASPIH S کە لە راستیدا بە ئەڵقەیەکی پەیوەندی نێوان بەرهەمی ئەدەبی و کەلتووری ئێرانی و مەسیحییەکان دادەنرێت لەم بارەیەوە گرنگییەکی زۆری هەیە ؛ لە ئاوێستادا ووشەی kHCHADACPA بە مانای (سواری ئەسپی سپی) و لە کتێبەکەی یۆحەنادا CHRASTIAN = kERESRAKIH مەسیحی هەر هەمان مانای هەیەو تیایدا هاتووە (ئەوەی کە لەسەر ئەسپی سپی دانیشتووە) .

ئێستا بەراوردێکی تری نێوان هەندێ کەسایەتی سەرەکی ئەفسانە ئێرانییەکان و ئەوانە کە لە کەلتووری ئاینی مەسیحی داهاتووە دەکەین .

١- گرفتارو گیرۆدەبوونی شەیتان و ئەژی دەهاک .

٢- نەبەردو شەڕو ململانێی پاشە رۆژی ناوARMAGEDDON ی یوحەناو نەبەردی گەورەی ناو N ISHANAKی بەهمەن یشت .

٣- ئەژدەها - جانەوەر - کە پەیامبەری دەردو بەڵای گەورەیە کە ئەمیش ئەکرێ بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەژی دەهاک دا.

٤ - ئەو ئازارو دەردو بەڵاو مەینەتییەی کە ئەژدەها دەیهێنێ بەسەر ژن و منداڵاندا ، رەفتارەکانی دەهاک دێنێتەوە یاد لەگەڵ فـــــــــــــــــــــــــــــــەرەیدووندا .

لێکۆڵەرەوی ناودار (گونکیل) لای وایە ئەو بابەتانەی کە لە سەرەوە باسکران بنەمایان دەگەرێتەوە بۆ ئەفسانەی (بل مەرکوك ) ی بابلی ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەفسانەکانی مەردوك و فەرەیدوون لەگەڵ یەکدا بەراورد بکرێن و کاریگەری ئەفسانەی بل مەردوك لەگەڵ ئەفسانەکانی ئێران و ئاینی مەسیحیدا لەبەرچاو بگیرێت .

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئەژی دەهاکی ئەفسانەی ئێرانی لەگەڵ دیوکس - دەهاك یەکەم پاشای گەورەو خۆشەویستی مادەکان رێی تێ ئەچێ کە بەیەك دابنرێن و گەورەترین رۆڵی ئەهریمەنی و خراپەکاری لە ئەفسانە ئێرانییەکاندا رووبەرووی ئەو بکرێتەوە ، لە کاتێکدا کە هۆخشترە پاشای گەورەو خۆشەویستی مادەکان ژیانی پڕ لە سەروەری خۆی لە قاڵبی هۆشیدەری ناو ئەفسانە ئێرانییەکاندا بە نەمری هێشتووەتەوە ، ئەمەش پشتگیرییەکە بۆ بۆچوونی پرۆفیسۆر (گرای) کە لای وایە لە ئێرانی کۆندا بە شێوەیکی گشتی دوو رێبازی ئاینی هەبووە یەکێکیان پارسی کە لە نووسراوە هەڵکەنراوەکانی سەر بەردی سەردەمی هەخامەنشی یەکاندا دەکەونە بەرچاو . دووهەم هی مادەکان کە لەو بابەت و سەرچاوانەدا دەکەونە بەرچاو کە ماونەتەوە لە ئاینی زەردەشت .

لایەنێکی تر کە وەکو لە سەرەوە باسمان کرد ئەوەیە کە پاڵەوانانی ئەفسانە ئێرانییەکان تێکڕا لە کەسانی (ماد) ی و

(ئەشكانی) و (سیستان) ییەكانن و هیچ كام لە پاشا گەورەو ناودارەكانی هەخامەنشی و ساسانییەكان ناویـان لـە نـاو نـەمرەكاندا نـەهاتووە ، ئەمـەش لـە راسـتیدا سـەرنج راتەكێشێت ، چونكە هەر چەندە ماوەی چوار سـەد سـاڵ ئـێران لـە ژێـر فـەرمانڕەوایی ساسانییەكاندا بوو ئـەوانیش زۆر نیگـەران و بێزار بوون لە ئەشكانییەكان كە چی شایەكی ئەشكانی وەك (گیـو) لایـان هـەر لـە پلـەی نەمراندا داناوە.

پوختەو كورتەی ئەو نوسینەمان ئەوەیە كە هەموو ئەو بابەتانەی كە پەیوەندییان هەیە بـە رۆژگاری ئـایندەو دوارۆژو ئـەو رووداوانەی دێن بەسەر جیهاندا ، هەمووی لە ناوچەی بـاكوورو خۆرهـەلاتی ئێرانـەوە و لـە ژێـر كاریگـەری ئەندێشـەو خـەیالاتی مـادو ئەشـكانییەكاندا هاتوونەتـە ئـاراوەو نووسراونەتەوە .

لە كۆتاییدا پێویستە ئەوەش باس بكەین كە جۆری تێڕوانینی بنەماڵەی پاشا كۆنەكانی ئێران بۆ شانامەو بابەت و كتێبە زەردەشتییە ئایینییەكان وەك یەك یەكسان نین . شانامە كـە جگـە لـە لایەنـە هەمـە جۆرەكـانی بەلگەنامەیـەكی سیاسـییەو ساسـانییەكان بەشـی زۆری ئـەو كتێبـەیان داگیر كـردووە ، كـەچی ئەشـكانییەكان لـە یـەك دوو پـەڕەدا باسكراون ، بەلام لە كتێبە ئایینییـەكاندا بە شـێوەیەكی تـرەو بنەماڵـەی پاشـاكانی ئەشكانی و ماد رۆڵێكی گەورەو گرنگیان هەیە تیایاندا .

بـە كورتـی و دەسـتكاری كردنـەوە لـە كتێـبی ئـایین و ئەفسـانەهای ئـیران و چـین باستان

لاپەرە ١٧١-١٩١

# ڕوانگە خاکناسییەکانی شوێنەوارزانی لەعێراقدا

نووسینی/ He.e Wright
مەهاباد جەمال لە ئینگلیزییەوە گۆڕیویە

پێشەکی: دەوروبەرە فیزیاییەکان و سەرچاوە سروشتییەکانی مرۆڤی کۆن لە عیراق بە گشتیی بە هۆی مێژووی خاکناسییەوە دیاری دەکرێت . دابەش بوونە فیزیۆگرافییەکەی (سروشتییەکە) ی عیراق بۆ سێ ناوچەی جیا جیای پشتێنەی چیاو گردۆلکەکان ، دەشت و بانە نزمەکانی ناوەڕاست لەگەڵ بیابانەکانی خۆرئاوا هێندە گرنگ و بایەخدارە لە رووی نیشتەجێ بوون و مێژووی کەلەپووری ناوچەکەوە . لە (٧٠٠٠) ساڵ لەمەوبەرەوە بووەتە ئەنجامی راستەوخۆی.

تا رادەیەك هەموو رووداوە نوێکانی مێژووی خاکناسی. نەوعییەتی ئاوی سەر زەوی و ئاوی ناو زەوییەکانەوە کاریگەری خاك و خۆڵ و چەشنی خاکناسییەکەی کاری کردۆتە سەر کەش و هەوای ولاتەکە . سەرچاوەی زۆرو گەورەی نەوت زۆر کاریگەر ئەبێت لەسەر پێشخستنی ولات بە جۆرێك کە لەوانەیە دیارخستن و وەرچەرخانێکی لەوێنە نەبووبێ لە رووی مێژووی خاکناسییەوە هەتا هەموو فاکتەرە گرنگەکانی تری کەش و هەوا کاریگەرێتی خۆیان هەیە لەسەر بنەماو داڕێژڕانی خاکناسی – واتە تۆپۆگرافی ( بەرزو نزمی و چاڵ و چۆڵ) ناوچەکە . ئەم توخم و بنەمای خاکناسییانە کۆنترۆڵی ئاوو هەوای ناوچەکەو هەرێمەکانی ولاتەگە ئەکەن ، هەر بۆیەش باران بارینی بنچینەیی لە زستاناو ووشکانی و بێ بارانی هاوین پەرچدانەوەی خۆی هەیە لەسەر شوێنی عیراق سەبارەت بە توخم و ئەو کەش و هەوایەی تری ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست و ئۆقیانووسی هیندی و زەوی پان و بەرینی ئاسیایی . لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی کەلتووری و رۆشنبیری جموجۆڵ و چالاکی مرۆڤ تا رادەیەکی زۆر بەری لێ گیرابوو بە هۆی دەوروبەرە سرووشتییەکەوەو کاریگەرێتی ئەو دەوروبەرە لەسەر چالاکی و هەست و کەوتی . لەوانەیە زۆربەی ژیانی لە ئەشکەوتا بەسەر بردبێ بە تایبەتی لە مانگەکانی زستانا لەو ناوچانەی کە یاری و گەمەو راوو شکاری

زۆری تیا ئەنجام درابێ . لە عیراق و ناوچەکانی نزیک (دراوسێ) ی عیراق ئەم بەربەستانە لەوانەیە زۆر بە شێوەیەکی کاریگەرییانە نەیهێشتبێ مرۆڤ بە ئاسانی بگاتە زنجیرە چیاو پاڵی گردەکان زاگرۆس کە لەوێ ئەشکەوتی زۆری لێیەو بوونی ئاوی خواردنەوەو رووەك و گژو گیا بە سەروویەری بۆ گیانەوەرە شیردەرەکانی ناوچەکە .

نیشتەجێبوونی کەم و سنووردارییان بە لایەنی کەمەوە هاتوچۆکردنی بە کەم لەو ناوچانەی هامشۆو رەوت تیایا لەبار بووە دەردەکەوێ لە دۆزینەوەی ئەو کەرەسەو ئامرازانەی هی سەردەمی چەرخی بەردین بوون هەرچەندە کەش و هەوای ئەو سەردەمە پێی دەچێت لە ئێستا لەبارتر بوو بێت بۆ نیشتەجێ بوون لەم ناوچانەدا لەم لێکۆڵینەوەو باسەمان کەوا دێت بۆ ئەوەیە کە نەخشەی مێژووی خاکناسی عیراق بکێشین تاوەکو بتوانین ئەو رەوشتە کاریگەرییانە بدۆزینەوە کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەسەر گیروگرفتی گەشەو پێشکەوتنی کەلتووری و رۆشنبیری مرۆڤ هەر لەسەردەمی نیشتەجێ بوونییەوە لە ئەشکەوتا تا نیشتەجێ بوونی لە گوندو لادێکان و دەست کردن بە کاری کشتووکاڵی دواتر تا ئەگاتە قۆناغی مێژوویی کە ئاودێری و ئاودانی زەوی و کشتووکاڵ لە دەشت و بانەکانا دۆزرایەوەو زانرا لە میسۆپۆتامیا ئاشنابوونی نووسەر بە خاکناسی خاکی عیراقە لەگەڵ کارتێکردن و گونجاندنی لەگەڵ ئاسەوارو دێرینە زانیدا لەو تێکەڵ بوون و پێکەوە کارکردنەدا پەیای کردووە کە لە ساڵانی ١٩٥١ و دواتر ١٩٥٤ - ١٩٥٥ دا کە لەگەڵ تیمێکی پسپۆری مەیدانی کاری کردووە کە ئەو پرۆژەی هەڵکەندن و هەڵکۆڵینەی گرتبووە ئەستۆ ئەویش پەیمانگای خۆرهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆیە کە لە لایەن پرۆفیسۆر (برەیدوود) راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەکرا ، هەر وەك لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری (سۆمەر) دا ئاماژەی بۆ کرا بوو (سەیری سەرچاوەکان بکە) مەبەست لەم باس و لێکۆڵینەوەی ئێستام ئەوەیە کە زانیاری بە کەڵك و پێویست بخەمە بەردەم خوێنەوارانی سۆمەر لە بارەی مێژووی زەوی زانی (جیۆلۆجی بە شێوەیەکی پاکو پوختەی وا کە بشێت بۆ گەڵ پەیوەندی هەرێمی لە بواری ئاسەوارو دێرینە زانیدا .

نووسەر لەم کارەیدا زۆر یارمەتی دراوە بە بەخشین لە لایەن دامەزراوی (ڤینەر گرین) بۆ توێژینەوە مرۆڤناسییەکان هەروەها لە لایەن دامەزراوی (گوگن هایم) بشتگیری تەواوو هاندانی بێ وێنە لە لایەن دکتۆر (ناجی الاصیل) و بەڕێز فوئاد سەفەر بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی مۆزەخانەکان لە عیراق.

## دابەشبوونی فیزیوگرافی خاکی عیراق

لە رووی فیزیوگرافییەوە (روخسارە سرووشتییەکان) عیراق ئەکرێت بە سێ بەشەوە :-

ناوچە شاخاوی و گردۆڵکەکان لە باکووری خۆرهەڵاتەوە ، دەشت و بانەکانی ناوەڕاست لەگەڵ ناوچەی بیابانی خۆرئاوا .

پشتێنە چیاکانی سەرووی وولاٌت
بەشێکە لە تەواوکەروو درێژبوونەوەی زنجیرە چیای کەوانەی زاگرۆس - تۆرۆس کە بە درێژی سنووری عیراق - ئێران و تورکیا ئەگاتە بەرزترین ئاستی . ئەمانەش برێتین لە زنجیرەیەك تیرە شاخ و باسکێك لە گەڵ پێدەشتی تەسك لە نێوانیانا ٠باسك و دۆڵ کە تا دێ نزم ئەبێتەوە لە ئاستی بەرزییداو زیاد ئەکات لە بۆشایی داگیر کردنا هەتا بەرەو دەرەوەی سنوور بچین ، ئەم جۆرە زەوییە درێژ ئەبێتەوە تا ئەگاتە سەری یاڵ و گردەکانی ئاشوور تەنها چەند باسك و گردۆڵەیەکی لێ دابڕاوە . دەشت و بانەکانی ناوەڕاستیش کە لە دامێنەوە لە دوو ناوچە پێك هاتووە برێتییە لە دەلتایەکی (٨) ی پان و بەرین لە نێوان هەردوو رووباری مەزنی عیراق کە دیجلەو فوراتن لەگەڵ ئەو لق و جۆگەو چەمانەی کە تێیان ئەڕژێن ، هەر لە رووباری کاروون و کەرخەی ئێران کەلیتەکەی لەوێ ئەنیشێ لە باکووریشەوە دەشت و بانە نزیکەکانی جزیرەیە کە دەورە دراوە بە هەردوو دۆڵ و نشێوی رووباری دیجلەو فورات. بە پانی رووباری فورات دەشتی جزیرە دەگۆڕێ بە بیابانی خۆرئاوا کە هەتا دێت بەرەو فراوان بوون دەچێت رووەو دەشتی (نجد) لە عەرەبستانی سعوودی ئەم سێ ناوچەیە هەر یەکە مێژووی خاکناسی بنەمای تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەتی لە چەرخی دروست بوونی چیاو شاخەکان کە (٥) ملیۆن تا (٣٠) ملیۆن ساڵ لەمەوبەرە. پێش ئەم چەرخ و سەردەمە عیراق بووە بە ژێر دەریاوەو لەم دەریایەدا هەزاران تەن بەردەقسڵ و گەچ بەسەریەکدا کۆبوونەتەوەو نیشتوون کە دواتر لە زۆربەی ناوچەکانی عیراقدا بەدی ئەکرێن و زۆر بە باشی ئەم بەردە قسڵ و گەچە لە چیاکانی کوردستان وەدەر ئەکەون. مێژووی خاکناسی کەواتە ئەکرێت بە سێ رووەوە یان (قۆناغەوە) : سەردەمی درێژخایەنی بوون لە ژێر ئاوی دەریاوە ، سەردەم و چەرخی پێکهاتن و دروست بوونی چیاکان ، لەگەڵ سەردەمی دوای ئەمانە کە سەردەمی داماڵین و رێکخستن و پێکهاتنی رووی زەوییە وە هەر ئەم سەردەمەی دواییشە کە سەردەمی گەشەکردنی مرۆڤە .

## سەردەمی بوون بە ژێر ئاوی دەریاوە

بە درێژایی هەموو سەردەمی بوون بە ژێر ئاوی دەریاوە توێکڵی دەرەوەی زەوی لە ژێر ئاوەکەدا ئەپەستێنرایەوە بە رادەیەکی کەم یان زۆر گەر بەراوورد بکرێت بە هەمان رادەی پڕ بوونەوە چاڵوچۆڵەکانی بە هۆی قوڕو لیتەی نیشتوو هەر بۆیە ئاو لەو سەردەمەدا وەك لێلاوێك ماوەتەوە . جۆری پەستان و پڕبوونەوە کە بە ئاستێکی رێك و پێك نەبووە واتە هەندێ جار زۆرو هەندێ جار کەم بووە. بەردەوام ئاوەکە وای لە ناوچەکە بە گشتی ل قوڕاوو لیتە نیشتووەکەی کە پێشتر کەڵەکەی کردووە دەربکەوێت و داماڵینەکەی بەرەو کەم

کردنـەوەو ڕێکخسـتن بچێـت . لـە چـەند ماوەیەکی تردا کەنارەکان (کەناری دەریاکان) کەوتووەتـە کـۆچ کـردن بـە واتایـەکی تـر زەوییـەکانی نزیك یـەکتر سەریان هـەڵداوە بـە خێرایی بە جۆرێك جۆگەو چەمەکان قوڕو لیتە بکەنە ئاوی دەریاوەو بەم جۆرە قـوڕو لیتـەو قسڵ و گەچ نیشتووەتە سەر ڕووی عیراق ئەم خاکەی پێك هیناوە کە کەنار دەریا بەرە بەرە چووەتەوە یەك و تەسك بووەتەوە . بە دوایا . لێشاوی قوڕو لیتە دەستی کردووە بە کەڵەکە بوون و پێکهاتن لەگەڵ بەردە قسڵی خاوێن و بێگـەرد کـە ئاوەکـەی لـە ناوچەکـەدا ڕوون و قووڵ بووە ، بەردە قسڵی ئەم ناوچەیە کە لە نیشتنی ئاوی دەریاکان کەوتووەتەوە بە زۆری بە ڕێگـەی کیمیـاوی درووست بـووە یـان بـە هۆی ئەو گیانەوەرو ئاژەڵانەی کە لە دەریادا ژیـاون . بوونـی بـەردە قسـڵ بـەو زۆرییـە لـە عیراقدا گەلێ کاریگەری کەلتووری و ڕۆشنبیری بـەرچاوی لێ کەوتووەتـەوە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەك :

١- بـەکارهێنانی بـەردە قسـڵ ، کـە بـە ئاسـانی ئـەبڕرێت و ئەنەخشـێنرێت بـۆ درووست کردنـی ملوانکـەو بـازن و دەفـری قووڵ لە شتێ لەم بابەتانە لە سـەردەمەکانی زۆر زووی کەلتووری و هـەروەها بۆ درووست کردنـی پەیکـەر و شـتوومەك لـە سـەدەکانی دواییدا .

٢- بـەکارهێنانی بـۆ مەبەسـتی پیشەسازی و درووست کردنی چیمەنتۆو گەچ

٣- لەبـەر ئـەوەی توانـای زوو توانـەوەو جیابوونـەوەی هەیـە کاریگـەرێتی تـەواوی لەسـەر پێکـهێنانی ئەشـکەوت و قـەدیاڵ و کەندڕ کە ئەمانەش گرنگی خۆیان هەبووە بۆ حەوانەوەو حەشاردانەوەی مرۆڤی سەردەمی کۆن (چـەرخی بـەردین) هـەروەها کاریگـەری تریشـی هـەبووە لەسـەر بوونـی کانیـاوو سەرچاوەی ئاوی خواردن بە بەرەردەوامی کە لـە کـاتی بـێ بـارانیدا ئـاوی خواردنـی دابـین کردووە کە هۆکاری گرنگی ژیان و ژیانەوەیان بـووە لـە شـوێنی نیشـتەجێ بوونیـاندا . سەبارەت بـە کاریگەرییـە ناڕاسـتەوخۆکانی بەردەقسڵ بە زۆری لە عیراقدا ئەوەیە کە .

٤- لەبـەر ئـەوەی جـۆری سرووشـتی مـاددەی کلسـی زۆری تیایـە بـە شـێوەیەکی بەرچاو کـە کاریگـەری لەسـەر کشـتووکاڵ و ڕووەك و گژو گیایە . سەرباری ئەمانە هەموو.

٥- بوونـی قسڵ لـەناو گڵەکـەدا گرنگـی و بایـەخێکی بـێ وێنـەی هەیـە بـۆ درووسـت کردنی گڵکارەکـان (گـۆزەو دیـزە) هـەروەها لـە درووست کردنی خشت کە لە یەکەم درووست کردنـی گونـدەوە بـە کاریـان هێنـاوە لـە بیناسـازییدا وە زۆر بەرگـەگرو درێژخایـەن بووە بێ ئەوەی هیچی لێهاتبێ . لەناو بەردە قسڵەکاندا بـەردی ئەسـتێی بە شـێوەیەکی بەرچاو ئەبینرێ و گەلێ گۆڕانکاری تیا بووە چ بـە هـۆی نیشـتنی کیمیـاوی یـان ئـەندامی سلیکۆنەوە بێ یاخود بە هۆی ئەو ئاوەی کە تێکەڵ بە سلیکۆنەو بە بۆشایی و کونی بەردە

قسڵەکاندا دێت و دەچێت ئەو بەردە ئەستێیەی کە وەك کەرەسەیەکی خاو بەکار هێنراوە لە درووست کردنی ئامێرو شتوومەکدا لە لایەن مرۆڤی سەرەتای سەردەمی چەرخی بەردین لە عێراقدا کە ئەبینین بە شێوەیەکی بەربڵاو دابەش بووە بە سەر تاپای وڵاتدا لە بیابانی خۆرئاوادا پارچە بەردە ئەستێی زۆر کە لە بەردە قسڵەکان جیا بوونەتەوە لە ئەنجامی کاریگەری کەش و هەواو شۆردن و چوونەوە ناوچەیەکی ئێجگار زۆری گرتووەتەوە . لە پشتێنەی چیاکانا بە باشی دەرکەوتووە لە (سیتۆ) لە نێو زۆربەی بەردە قسڵەکاناو لە پێدەشت و نێو تەپۆڵکەکاناو شۆڕبووەتەوە بەرەو بانەکانی ناوەڕاست . ئەم بەردە ئەستێیانە هەمووی بە لێشاوو بە ژمارەیەکی زۆر لەم دامێنانەدا کۆبوونەتەوە لە ئەنجامی راماڵیندا بە هۆی ئاوی جۆگەو چەمەکانەوە لە چیاکانەوە بەرەو ئاستە نزمەکان کە ناتوانین هەروا بە ئاسانی و بە شێوەیەکی دیار دەست نیشانی سەرەتای سەردەمی بوون بە ژێرئاوی دەریاوە بکەین چونکە ئەو تاوێرو بەردانەی کە بوونی ئەم چەرخ و سەردەمە دەرئەخەن و تۆمار ئەکەن بە هەرەسی کۆمەڵە بەردو تاوێری تازەتر داپۆشراوەو پڕ کراونەتەوە . بەڵام بێ گومان ئەم سەردەمە درێژەی کێشاوەو بەردەوام بووە بە درێژایی چەرخی خاکناسی (میسۆ زویك) .

سەردەمەکانی ( دروست بوونی قسڵ و تەباشیر) کە نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دەستی پێکردووەو درێژەی کێشاوە بۆ سەردەمی تێرتیاری واتە چەرخی سێهەمینی پێکهاتنی تاوێرە بەرد کە لە سەردەمی (سینۆ زویك) دا بووە کە ئەمیش نزیکەی (٦٠) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەستی پێکردووە . لە سەردەمەکانی Gurasicو crejaceous پێ ئەچێت نزیکەی بە بارستایی (١٥) هەزار پێ بەردە قسڵ و گەچ کەڵەکە بوون بەسەر یەکا لەو ناوچەیەدا کە ئێستا بە چیاکانی کوردستان پڕ بووەتەوە . ئەمەش بە چاکی وەدەر کەوتووە لە گەروو و قووڵایی و دەربەندەکانی (بێخمەو رواندزو بەرسیرێن و سیروان ) و گەڵێ شوێنی تر. تا دوورترین بەرەو خۆرئاوا بچین لە بیابانی عەرەبیدا ڕێژەی کەڵەك بوونی ئەم قسڵ و گەچە کەمترو تەنکترە چونکە ئەمە ناوچەیەکی ووشکە بەیاری رەقە کە زۆر بە هێواشی نقووم ئەبێت ، قووڕو لیتەو بەردو قسڵە بە ژێر ئاوەوە بوونی عیراق برێتییە لە هەندێ سەرچاوەو شوێنی نەوت ، کە گرنگییەتی تایبەتی خۆی هەیەو ئەبێت لە پێشکەوتنی نوێخوازی وڵاتەکەدا . کە هەر چەندە کاتی خۆشی لە دێر زەمانا لە هەندێ ئیش و کاردا بەکار هاتووەو سوودی لێ بینراوە لە لایەن مرۆڤی چاخە کۆنەکان بە تایبەتی لە شێوەی قیرو ئەسفەلت و نەوتی رەشا . کۆتایی هاتنی سەردەمی بوون بە ژێر ئاوەوە ووردە ووردەو بە پلە بووە .

چیاکان راست بونەتەوەو دەرکەوتوون و دەریاکان دیاری کراون و بەش بەش بوون بۆ نیمچە دەریای ناوەکی و لا کەنار وەك دەریای قەزوینی ئەمڕۆ بە هۆی کەمی هاتوچۆو سووڕانەوەو زۆری پلەی بوونە هەڵم ئەم دەریاو دەریاچانە بوونەتە خوێیاوێکی تەواو سوێرو لە ژێرو بنیاندا بە باتمان توێەڵە کەچ و خوێ و بەردە قسڵ بە سەریەکا کەوتوون . سەرەکیترین ئەم دەریا ناوەکییانە کەوتوونەتە بانە نزمەکانی ناوەڕاست و کەمێك درێژبوونەتەوە تا ئەو ئاستەی کە ئێستا خۆرئاوای عیراقە لە لایەکەوەو ناوچەی تەپۆڵك و گردۆڵکەکانی . لە لایەکی ترەوە بە بارستایەکی زۆر بنکی هەردوو رووباری دیجلەو فورات بەردە قسڵی تیا کەڵەکە بووەو لێرەو لەوێ لووتی بەرز کردۆتەوە بە تایبەتی لە ناوچەی جزیرەو پێدەشتی گردۆلکەکاناو جۆرەها گرنگی ئابووری هەیە . بەردە قسڵ لە جۆری مەڕ مەڕ) بەردێکی ناسکە کە بە ئاسانی ئەتوانرێ بیشکێنین و پەیکەری لێ دروست بکەین کانەگەچ و بەردە قسڵەکان کاریگەرێتی خۆی هەیە لەخۆگرتنی پێکهاتنی نەوت لە پرۆسەی پیشەسازی نەوت لە کەرکوك . بەڵام لە کۆنا لەبەر ئەوەی کە ئاوی ناو خاکەکە بەناو کانە کەچ و بەردە قسڵەکاندا رۆیشتووە بە کەڵکی خواردنەوە نەهاتووە بەو هۆیەوە هاتوچۆ و نیشتەجێ بوون لە جزیرەی عیراقدا کەم بووە واتە سنووردار بووە . دەریا ناوەکییەکان کە سەردەمی نقووم بوون و بوون بە ژێر ئاوەوە دیاری دەکەن و دەری ئەخەن بە بەردەوامی قوڕو لیتەو لمی بە بارستایی زۆر لە گردو تەپۆڵکەکانی دەورووبەریانەوە تێی هاتووەو بەرە بەرە پڕ بوونەتەوە . قوڕو لیتەکە بە زۆری رەنگی سوور بووە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ئاوو هەوا نیمچە خوڵگەیی بووە هەروەکو ئێستا چۆنەو لەوانەیە زۆر وشك نەبوبێت .

## سەردەمی درووست بوون و پێکهاتنی چیاکان

بەربەستی دەریاکان و هاتنەوە یەك و دابڕکردنیان بە جۆری گەماڕۆ پشتێنەیی بچووك بچووکی ئاوی سوێر هەموویان پێك هاتن و درووست بوونی شاخ و چیاکانی راگەیاند کە هەر لە زووەوە دەستی پێکرد لە نیوەی چاخی سێهەمی درووست بوونی چیا گەورەکان کە نزیکەی (٣٠) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر بوو . پێکهاتنی چیاکان لە ئەنجامی هێزی زەوی پەیدا بووە کە گوشارو قورساییەکی زۆری خستووەتە سەر زەوی بەرفراوانی ئاسیا رووەو زەوی و زاری پتەو و جێگیری عەرەبی . لەم پشتێنە ناوقەدییەدا لە کوردستان مێخ و پوازی ئەستوورو گەورە لیتەی نیشتوو کە لە دێر زەمانەوە پێك هاتووەو کەڵەکە بووەتە سەر یەك لە چاخی بوون بە ژێر ئاوی دەریاوە بەهێزترین پەستاندن بووەو بەردوو ەتەوێرەکانیشی هەموو قەد قەد کراون و شێوەی جوان جوانی کەوانەیی و نشێوی لێ کەوتووەتەوە ئەوەی کە

دەری ئەخات گوشارو پەستانن لە سەرووی خۆرهەڵاتەوە هاتووە ، ئەوەیە کە بە چاکی ئەبیندرێت لە کەمبوونەوەی پلە بە پلەو بەردەوامی لە ئاستی بەرزاییەکاندا کاتێ نزیک ئەبێتەوە لە پشتێنە گردۆڵکەو یاڵەکانی دەم سنووری ئێران لە کوردستانا (واتە تا دێ ئاستەکە نزمتر دەبێتەوە چونکە گوشارو پەستانەکە کەم بۆتەوە جگە لەو نشێوی و دۆڵ و شیوانەی پێک هاتوون گەلێک درزو شەق بوون روویداوە لە چینە رەق و سەختەکانی دەم سنووردا کە بە رووی زۆربەی چیا بەرزەکانەوە دیارن ، لە ئەنجامی ئەم درزبردن و شکانانەدا چەندین پارچەو تاوێری لێ دەرپەڕیوە بەم لاو لادا کەوتوون و بڵاو بوونەتەوە لە لای سنووری ئێرانەوە کە بوونەتە هۆی پەیابوونی چەندین بەربەستی سرووشتی گرنگ کە هاتوچۆی مرۆڤی کەم کردۆتەوە لە ناوچەکەدا واتە هەر لە ئاستە بەرزەکانی دیوی ئێرانەوە تا ئەگاتە دەشتە نزیکەکانی ناوچەی میسۆ پۆتامیا و هەروەها لە بەرامبەریا نیشتەوە . سەرباری شێوازی ناڕێک و ناقۆڵای تاوێرە بەردەکان لەو ناوچە شاخاوییانەدا چالاکی (گڕکان)یش دەوری خۆی بینیوە لە پەیابوونی هەندێ بەردو تاوێری کریستاڵی رەشباوو سەوز باو . خۆرئاوای پشتێنە شاخاوییەکان کاریگەری و گڕکانەکان بەو پاشماوەو شوێنەوارە گڕکانییانەدا دەردەکەوێت کە بە پانایی سنووری سوریا و ئەردەندا ئەڕوات . لە پشتێنەی یاڵ و گردۆڵکەکاناو هەروەها لە بیابانی خۆرئاوادا . بەردە شووشەی گڕکانی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن مرۆڤی پێش مێژووەوە بەکار هاتووە بۆ درووست کردنی کەرەسەو ئامێر لە عیراقدا نەبووەو ئاشکراشە کە لە تورکیا دەرهێنراوەو بۆ عیراق هاتووە . هیچ جۆرە پیشەسازییەکی کانزایی کردن هاوزەمانی چالاکی ئاگر پڕژێن نەبوو لە چیاکانی عیراقدا و ئەو مس و ئاسن و کەرەسانەی تریش کە بەکار هاتووەو سوودی لێ وەرگیراوە لە سەردەمی قۆناغە مێژوویی و شارستانیەکانا لە عیراقدا پێی ئەچێت هەر هەمووی لە ناوچەکانی ترەوە هێنرابن . هەر لەو ساتەوە کە چیاکان پەیابوون و بەرز بوونەتەوە . کەوتوونەتە بەر داماڵین و بە هۆی جۆگەو جۆگەلەکانەوە هەرچی پارچەو چەوو لم و خڵتەو لیتە هەیە ئاو رایماڵیون بۆ دامێنی چیاکان لەبەردەمیانا . بەم شێوەیە دامێنی چیاکان نقووم بوون و داپۆشراون بە قوڕو لیتەو گڵی زۆر کە مەزەنە ئەکرێن بە ١٠- ٣٠٠٠٠ هەزارپێ ئەستووری . ئەم جووڵەی شەق بوون و شکاندنە بەردەوام بووە ، بە هەر حاڵ گڵ و لیتە نیشتووەکانی دامێنی چیاکان چین چین لەسەر یەک نووشتاونەتەوەو قەدبوون و لە ئەنجامدا قەدپاڵ و ئەو گردانەی لێکەوتوونەتەوە کە لە دامێنی چیاکانەوە دەرئەکەون ئەم لیتەو قوڕە نیشتووەی کە بە شێوەیەکی ناقولا دەرکەوتووە ئەو بەردو تاوێرانەی لێ پێک هاتووە کە رووخساری

گردۆڵکەو پێدەشتەکانی سەرووی عیراقی گرتووەتەوە . لە ناوچەکاندا ڕێژەیەکی زۆر لە بەردە ئەستێی تیایە کە لە هەموو ڕوو و بەشەکانی چیاکانەوە خزیوونەتە خوارێ و بەم پێیە مرۆڤی ئەو سەردەمە ئەو بەردە ئەستێیەی بەکار هێناوە لە درووست کردنی ئامێرو کەرەسەی خاودا .

## سەردەمی ڕووت بوونەوەو داماڵین

لەبەر ئەوەی هێزو گوشاری پێکهێنان و شێواندنی ڕووی دەرەوەی زەوی لە کەمبوونەوەو تیاچوونا بووە . چەند ملیۆن ساڵێك لەمەوبەر ، گۆڕان بە هۆی کاری سرووشتی ڕاماڵینەوە زیاتر بەرچاو زاڵ بووە لەسەر چیاکان ئەم چەم و زەوی و ڕووبارانەی ئەڕژێنە ناو دیجلەو فورات ڕووباری سیروان ، زێی گەورە ، زێی بچووك هەموو ی تێکرا وەك چاڵ و خەندەکی لاوەکین بۆ چینە لێژوو قەدپاڵەکان کە درێژ بوونەتەوە هەر وەك چۆن چەم و جۆگەلەکان لێژ ئەبنەوەو لەگەڵ خۆیانا چەو لمیان ڕاپێچ کرد و بەرەو دامێنی چیاکان . شیوو دۆڵی قووڵی چەند هەزار پێی وەدەر نراون و لاکەوتوون و چەندینی تری نوێ وەدەر کەوتوون . شەقار شەقار بوونی توێکڵی دەرەوەی زەوی لە ئەنجامی پەستانی تێپەڕبوونی چەم و جۆگەلەکان بوون و لە زۆر جێگا کەنارو کەندو کۆسارەکان لە شێوەی سەکۆدا ماونەتەوە . ئەو کەرەسانەی لە پشتێنە شاخاوییەکانەوە جوولاون لە کاتی پرۆسەی ڕاماڵین و پوکانەوەدا زیاتر داخزاون تا ئەگەنە خوار دامێنی چیاکانیش بەرەو ئەویتر بۆ دەشتە نزمەکانی ناوەڕاست ، لەگەڵ هەندێ لە خڵتەو لیتە کە شۆڕبوونەتەوە بەرەو دەلتاو بەیارەکان ملیان ناوە لە دەورووبەری ڕووباری دیجلە لە خوارووی بەغداوە هەر شوێنێك کە بەر شالآوی داماڵین کەوتبێت زۆر باش دیارەو دەرئەکەوێت بە هۆی گۆڕانی ئاوو هەواوە کە پەرچدانەوەی هەمان بەرزو نزمی و ساردو گەرمی ئاوو هەوای سەردەمی بەستەڵەکەکانە کە ناسراوە بە چاخی (لاستۆسین) واتە چەرخی نوێی نزیك پێمان . لە سەرووی (ئۆراسیا) (ئەورووپی و ئاسیاوی) و سەرووی ئەمەریکاو کەمتر لە خوارووی ئەمەریکاش ئەم گۆڕانکاریانە کاری کردووەتە سەر گەورەبوونی شاخە سەهۆڵەکان و ڕووبارە سەهۆڵینە جیا جیاکان و ناوچە شاخاوییەکان پشتێنەی ئاوو هەوا بەرە بەرە هەڵکشاوە بەرەو هێڵە یەکسانییەکانی سەرووی عیراق . لەوانەیە هەندێ جار لە هاوینا بارانی بەخۆوە دیبێ هەروەك چۆن ئێستا لە تورکیا ڕوو ئەدات ، بە هەرحاڵ باران بارین لە کۆنا ، بە ڕێژەی زۆرتر بووەو پلەی گشتیی گەرما نزمتر بووە لە ئێستا ، لە چیا بەرزەکانی سەرووی خۆرهەڵاتی عیراق ڕووباری سەهۆڵی بەستەڵەك پێك هاتووە لەسەر ئەو ناوچە لێژاییە هەمیشە سێبەرانەی کە ڕووەو ژوورن . درێژبوونەتەوە سەرەو خوار بەرەو شیوو دۆڵە سەرەکییەکان بۆ بەرزایی نزیکەی چوار

هەزار پێ لە پاش خۆیەوە چەندین کێوو دۆلی خستووەتەوە کە ئاوەکانیان داپۆشراوە بە وورده زیخ و چەو و لمی نیشتووی بەستەڵەك . لە ئەنجامی توانەوەی ئەو ئاوو رووبارە بەستووانەدا گەلێ چەوو زیخ راماڵراونەتە خوارەوە بۆ دەم گوێی چەم و جۆگەکان تا قووڵایی زیاتر لە (١٠٠) پێ لە هەمان کاتدا زۆری رێژەی نزمبوونەوەی پلەی باران بارین لە دامێنی چیاکان و گردۆڵکەکاندا دابەزینی پلەی گەرما کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر تاوێرو بەردە قسڵەکان بە جۆرێ کە داشۆراون و بوونەتە تۆپەڵ و کەرسەك و بگرە گلی ئاسایی . بە هۆی تەربوون و چەوربوونی بەردەوامی دیوی دەرەوەی گڵ و کەرسەك و بەردە قسڵەکان ئەبینین کە لم و زیخ و خەڵتە ووردەکان زیاتر رۆچوون بۆ خوارەوەو لە بنی رووبارو جۆگەکاندا نیشتوون بەم جۆرە کاتێ کە جۆگەو جۆگەڵەکان پڕ بوون لەم وورده زیخ و خڵتەی سەهۆڵە تواوەکان لەلا سەروو سەرچاوەکانیانەوە جۆگەو جۆگەڵەکانی دامێن گردۆڵکەکانیش بە وورده زیخ و لیتەو خەڵتەی دۆڵ و نشیوەکان پڕ بوونەتەوە هەر بۆیەش ئەبینین بارست و سەکۆی یێك هاتوو لە خرە بەردو چەو پەیدا بووە لەسەر هەردوو جۆری جۆگەی ئاوەکان . کاتێکیش ئاوو هەوا گەڕاوەتەوە دۆخی ووشکی و گەرمی رووبارە بەستووەکان بەرە بەرە چوونەتەوە یەك و تا لە کۆتاییدا هەر بە تەواوی دیار نەماون و کاریگەری ئاوو هەوا داشۆرانی قەدپاڵەکان لە گردۆلکەو پاڵەکانا کەمتر لەمەن بە چارەو ئەو وردە زیخ و بن خڵتانەی کە پێشان لە نێو ئاوە تواوەکانا بەکاری داشۆران لەبیلران ئێستا هەر تا رادەیەکی زۆر بوونی نییە و جۆگەلە پڕبووەکانیش لە بنەوە شی بوونەتەوەو بارستایی گەورە گەورەی چەوو چەولك لە شێوەی سەکۆدا دروست کردووە خرە بەردەکانی قەدپاڵ و لێژییەکانیش لە شوێنی خۆیان جێگیر بوون وەك گابەردی بریشەیی چیمەنتۆ باو نووساون بە زەوییەوە بەرە بەرە شی بوونەتەوە و بوونەتە لافاوی دەریاکان ، لەناو ئەم لافاوانەدا چەندین ئەشکەوت و پەناگە پەیا بوون و پێکهاتووە بە هۆی شیتەڵبوونی بەردە گەچێنییەکانەوەوە مرۆڤی چاخی بەردینییان تیا نیشتەجێ بووە . لە یەك چوون و هاوشێوەی تۆماری چاخی (پلاستۆسین) چەرخی نزیك بە خۆمان بوون بە سەهۆڵ بەندان لە ئەورووپا ، رووبارە سەهۆڵینەکانی چیاکانی (زاگرۆس) لە خۆرهەلاتی باکووری عێراق لەوانەیە پێشڕەویان کردبێ و چوار جار چووبنەوە یەك و بەرەو دوا گەڕابنەوە . لێرەدا هەر چۆنێك بێت تۆمارکردنەکە پچڕ پچڕە چونکە رێژەی بەرزی داشۆران لە چیاکانا زۆر سیمای قۆناغە سەرەتاییەکانی فەوتاندووەو لەناو بردووە زۆربنەی ئەو بارستایی و سەکۆ خرە بەردە چەوانەی کە درووست بوون بەروارەکانیان ئەگەڕێتەوە بۆ چاخی ئاوەڕاستی (پلاستۆسین) سەهۆڵبەندانی سەد هەزار تا

(٥٠٠) هەزار ساڵ لەمەو پێش مرۆڤی چەرخی بەردینی کۆن نیشتەجێی ناوچە شاخاوییەکانی خۆرهەڵاتی باکووری عیراق بوون لە سەردەمی چاخی (پلاستۆسین) و گەشە کردن و پێشکەوتنی بێگومان پەیوەند بووە بە هۆکاری گۆڕانکاری ئاوو هەوا لەو کاتەدا . لە بان و دەشتە نزمەکانی ناوەڕاستیشا جێگیر نەبوونی (بەرزو نزمی) ئاوو هەوا دیسان کاریگەری خۆی هەبووە لەسەردەم و قۆناغی سەهۆلبەندان یان باران زۆر بارینا هەردوو رووباری دیجلەو فورات زیاتر کەوتوونەتە بەر لافاو وەك لە ئێستا ئەویش بە هۆی باران بارین و بەفر بارینی زۆرەوە لە ناوچە بەرزەکان و دواتر رۆچوونی بۆ ناو هەردوو رووبار لیتەو خڵتەیەکی زۆری ئاو رای گواستووە بۆ باشووری عیراق و لەوێ لە ناوچە دەلتاکانا پەرش و بڵاو بوونەتەوە لە ئەنجامێکی تری کەم بایەختر لەوی پێشوو ، سەهۆڵبەندان کاری کردۆتە سەر ناوچە دەلتاکان بە هەر حاڵ ئاستی دەریاکان دابەزیون بۆ نزیکەی (٣٠٠) پێ لە هەر چاخێکی یان قۆناغێکی سەهۆڵبەندانا بە هۆی ئەو قەبارە زۆرەی ئاوەوە کە پەیوەندیدار بووە لە پێکهێنانی شاخە سەهۆڵەکاندا . لەسەردەمی چاخی سەهۆڵبەندانی ناوەراستدا ئاستی دەریاکان لەوەی ئەمرۆمان بەرزتر بووە بە نزیکەی (٥٠ – پێ ) چونکە لەو کاتانەدا دیار بووە کە شاخە سەهۆڵەکانی توانەتەوە بە رێژەیەکی یێجگار زۆر . ئەم کارە نەك هەر رووبەری زەوویەکانی فراوانتر کردووە لە کەنار دەریاکان بەڵکو ئاستی بنچینەی داشۆرانیشی کەم کردووەتەوە کە هەردوو رووباری دیجلەو فورات پێی هەڵساون . بەم جۆرە دامەنی رووبارەکان لەت لەت بوون و تووشی داخزانی زیاتر بوون لە هەمان کاتا کە پارچەی ناو جۆگەلە بڵندەکان بنکی خۆیان پڕ ئەکردەوە بەو لیتەو خەڵتانەی کە لە توانەوەی رووبارە سەهۆڵینەکان بەرپا بوو بوون و ئەمەش لە داشۆرانی لاپاڵ و لێژەکانی زیاد بەتینتر کردبوو لە دەست پێکردنی سەردەمی ئاسراو بە پەیابوون و جێگیر بوونی دەشتە دەلتاییەکان نزیکە (٦٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش ئاستی دەریاکان زۆر کەم گۆڕانی بەسەرداهاتووە هەر بۆیە لەم سەردەمەدا ئەم هۆکارە کاریگەرییەکی ئەو تۆی نەبووە لە روی رەفتاری روبارو کاریگەرێتی لە سەر ناوچە لیتەییەکان . پرۆسەی خاکناسی تر بە هەر حاڵ کاریان لێك کرد بۆ خستنەوەی بارێکی ئاڵۆزی چەشنەکانی رووبار بۆ پێکهاتنی ئاسایی دەلتا سەرەکییەکان وەك ئەوانەی هەردوو روباری دیجلەو فورات پەیوەندیدارە بەو گۆڕانکارییە پچڕ پچڕانەی کە لە کەناڵە سەرەکییەکانا لە ئەنجامی قوڕو لیتەیەکی نیشتووی زۆر ، تلیسانەوەو بەربوونی ناوبەناوی بارستایی و بەنداوە سرووشتییەکان و هەروەها شێواندن و تێکدانی ناوچەی دەسەڵاتی رووبارەکان بە هۆی هەڵکەندن و درووست کردنی چەندین

کەناڵ و جۆگەی ئاودان هۆکارێکی تری پرۆسە ئاساییەکەیە لە دەلتا گەورەکانا . ئەو توێژو چینە دەرەکییە نیشتووە جێگرەیە کە کەوتووەتە ژێر باری ئەم هەموو قوڕو لیتە کەڵەکە بوەو ئەوەی شایانی باسە ئەم پرۆسەیە هاندەرە بۆ درووست بوونی پەیدابوونی کەناڵی زیاترو گۆڕانکاری .

گۆڕانکاری هاتن بەسەر کەناڵەکانا (جۆگەی گەورەی ئاو) لەوانەیە فاکتەرێکی گرنگی کاریگەر بوبێت لە دابرانی شارەکانی ناوەراست لە ناوچە دەلتاکانا هەروەك چۆن لافاو هۆکارێك بووە . سەرباری ئەم پرۆسە ئاسایی و سرووشتییە کەم تا زۆرە هۆکارێکی تریش هەیە کە هەماهەنگی لە شێوازی کەناڵ و جۆگەکانا هەبووە لەم ناوچەیەدا ، ئەمیش بریتییە لەو توێکڵ و چینە دەرەکییە نیشتووە سەرتاسەرییەی بانە نزمەکانی ناوەراست هەروەك چۆن بەردەوام بووە لە کەمبوونەوەدا لە باری درێژیدا لە چاخی بوون بە ژێر ئاوی دەریاوە . ئەم نیشتن و لەسەر یەك کەڵەکە بوونە دەرکەوتووەو نیشانەی پێدراوە لە لایەن (لیس) و (فالکۆن) ەوە کە لە بنەڕەتدا ووردو خاش بوون و پووکانەوەی توێکڵی دەرەوەی زەوی پەیدا بووە کە بە مروور بە هۆی ئاوو ئاودانی جۆگەکانەوە بەردەوام نیشتووەتە بنەوەو لەسەر یەك کەڵەکە بوە . ئەم دوانە لەو باوەڕەدان کە ئەم لیتە نیشتووە کەڵەکە بووە بە پچڕ پچڕی ناو بەناو زۆرجار زاڵ بووە بەسەر ڕێ ڕۆشتنی دەلتاکەداو گردۆلکەو بارستایی تر درووست بوون لێرەو لەوێ .

بەم جۆرە ئەم دووانە ئەو بۆچوونە بە درو دەخەنەوەو کە پێشتر و بۆ ماوەیەکی زۆر شوێنەوارناسەکان وا بۆی چووبوون کە کەنداوی عەرەبی کە بەردەوام بەرەو دواوە چوونەوە و کەمبونەوە دابووە لە دەورووبەری بەغدا . لە ماوەی (٦) هەزار ساڵدا لە بیابانی خۆرئاوا لە عیراق باران بارینی زۆرو نزمبوونەوەی پلەی گەرمای ناوچە باراناوییەکانی سەردەمی (پلاستۆسین) کاری کردۆتە سەر فراوانبوونی ئەم جۆرە کەنداوو گۆماوە ناوخۆیی و ناوەکییانە هەر لە سەرەتای بوونیانەوەو هەروەها کاری کردۆتە سەر چالاکی و جموجوڵی زۆربوونی جۆگەلەکان . بە پێچەوانەوە لە ناوچە ناوەندە باراناوییەکاندا زۆرینەی زۆری گۆم و جۆگەو جۆگەلەکان لەوانەیە ووشك بو بن و رووەك و گژو گیا رەنگ بێ هەر زۆر کەم بووبێت گردۆلکەی لمی (كثبان رملية) لێرەو لەوێ درووست بوو بێ ، مرۆڤی کۆن نیشتەجێی بیابانەکان بوون یان هەر هیچ نەبێت تیایا هاتوچۆیان کردووە چونکە لەو کەرەسە درووست کراوانەی کە لە بەردە ئەستێ درووستی کردوون لە زۆر شوێن و ناوچەی بیابانەکاندا دۆزراونەتەوە . گەر بەراوردێکی بکەین لەگەڵ هەمووان بیابانی لە یەك چوو لە باکووری ئەفەریقیا بۆمان دەردەکەوێ کە نیشتەجێ بوونی مرۆڤی کۆن لە ناوچە

باراناوییەکانا زۆر زیاتر بووەو وەك لەمڕۆ هەر هیچ نەبێ لەو ناوچانەی کە نزیك کانی و سەرچاوەو مێرگەکان بوون لە ئەورووپادا بە تایبەتی سەرووی ئەورووپا گەشەی مرۆڤی کۆن لە نزیکەوە پەیوەندیدار بووە بە نزیك بوونیەوە لە ناوچەی سەهۆڵبەندان و تاشە سەهۆڵی (سکاندنافیا) و کڵاوە بەفرو سەهۆڵی چیای ئالب ، (واتە ساردی بەستەلۆکی کاری تێکردووە و گەشەکەی سنووردار بووە) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر چۆنێك بێت کاریگەری ئاوو هەوا بەو ڕادەیە نەبووە وەك ئەوەی لە ناوچە شاخاوییە سەهۆڵ بەندانەکانا بووە . ڕاستییەکەی لە ناوچە وشك و گەرمەکانی میسۆپۆتامیا لە بیابانەکانا ئاوو هەوای شوێنە باراناوییەکان ( سەهۆڵبەندانەکان) زۆر خوازراوو پەسەند بووە بۆ نیشتەجێ بوون ئەویش بە هۆی نزمی پلەی گەرماو بارانبارینی زۆرەوە . تەنها لەم سەردەمەی دوای کۆتایی هاتنی ناوچە باراناوییەکان بووە کە گۆڕانکارییەکی بنەرەتی ڕوویداوە ئەویش بەجێ هێشتنی ئەشکەوتەکانە بەرەو گوندەکان و نیشتەجێ بوون تیایانا، دەست کردن بە کشتووکاڵ پێی لەچێ ئەم گۆڕانکارییە لەو ناوچانەدا ڕووی دابێت کە سەوزەوانی بووبێت و بۆ کێڵان و کشتووکاڵ دەستی دابێ لە یاڵ و دەشتەکانی دامێنی چیاکانی ڕۆژهەڵاتی سەرووی عیراق نزیك بە شاخ و داخی پڕ لە ئەشکەوتی بەردەکلسی بەردەکانی کە لە

مەترسیا پەناگەی بۆ دابین کردبن . ئەم گۆڕانکارییە سانەوییانەی ئاوو هەوا (بەرزو نزمی) کە بە دوای یەکدا هاتوون باری گوزەرانی گۆڕیون و کاری کردووەتە سەر تەمەن درێژی چەندین تاقم و گروپی کەلتووری کە نیشتەجێی ئەو ناوچەیە بوون بەلام بەرەو پێشچوونی باری گوزەران و ئاڵۆزی کۆمەڵگەی نەوەستاو بووە ئیتر لەو کاتانەوە شارستانییەتی گەورەو بەرفراوانی دەلتاکان بنچینەی گرتووەو گەشەی کردووە ئەم شارستانییەتە زیاتر پەیوەند بووە لەسەر کشتووکاڵی بەراو وەك لە دێم وە هەر بەم جۆرە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بووە واتە باکی لە گۆڕانکارییە سانەوییەکانی ئاوو هەوا نەبووە کە لەم پێنج هەزار ساڵەی دواییدا ڕوویداوە ، زیاتر لافاوی وێرانکەرە کەناڵ و جێگەی دابراوی لێرەو لەوێی ڕووبارە سەرەکییەکان کە لە دەلتاو ناو لیتە نیشتووەکان درووست بوون .

## کۆتایی

لە ناوچە وشك و نیمچە وشکاوییەکاندا وەك عێراق پەیوەندییە خاك ناسییەکان بە باشی دەرئەکەوێت و بە بەرچاوەیەو کاریگەرییەکی بە هێزیان کردۆتە سەر جوولەو گەشەکردنی مرۆڤی دێر زەمان . ئەشکەوت و قەدپاڵە تیژە بەردە گەچییەکان لە چیاکانی خۆرهەڵاتی باکووری عیراق پەناگەو شوێنی حەوانەوەی مرۆڤی چاخی بەردین بوون . یاڵ و پێدەشتەکانی دەم چیاکان کە لێژ بوونەتەوە کەش و هەوایەکی وای

ڕەخساندووە کە پێی ئەچێ هەر لەوێوە یەکەم پەرەپێدانی چاندن و کشتووکاڵی دەستی پێ کردبێ و گەشەی کردبێ نیشانەی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات، کە بەباشی بە ڕێك و پێکی بەکار هاتووەو کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ ئاودان، هاندەرو هێڵەرەوەی مەملەکەت و ئیمپراتۆریتەکان بووە کە لەماوەی (٥٠٠٠٠) هەزار ساڵدا گەشەیان کردووە پاشان بیابانە چۆڵ و کەڵك لێ وەرنەگیراوەکانی ئەودیو (میسۆپۆتامیا) کەڵکی باشی هەبووە وەك بەربەستێك سەبارەت نیشتەجێ بوون و هەڵس و کەوت. مێژووی سەرەتای خاکناسی چاخی بەژێر ئاوی دەریاوە بوون ئەوەمان بۆ لێك ئەداتەوەو دەر ئەخات کە بەردەقسڵی مەیلەو بەردە ئەستێی بە زۆری ئەدەن بە چاوەوە لە چیاکانا هەروەها لە بیابانەکانیشا. مێژووی خاکناسی ئەم دواوەی و درووست بوونی چیاکان و دواتر ئەم گۆڕین و تەعدیلانەی کە بە سەریانا هاتووە لە ئەنجامی داخوران و داماڵیندا ئەوەمان بۆ لێك ئەداتەوە کە بوونی زنجیرە چیا لە لایەك و بان و پێدەشتیان بەرفراوان لە بیابانی خۆرئاواوە هەموو کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر گۆڕانی ئاوو هەوا کە ئەمیش لە لای خۆیەوە درێژەپێدەری داماڵین و داخورانەکان بووە هەروەها کاریگەری لەسەر پرۆسەی خاکناسی هەبووە لەسەرتاپای وڵاتدا. یەکەم تۆماری نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە عیراقدا ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دواییەکانی بەستەڵۆك. مرۆڤی ئەم سەردەمە گۆڕانکارییەکی سەرەکی ئاوو هەوای بینیوە لە گەڵ چەند گۆڕانکاری تری یەك لە دوای یەکی سانەوی. تۆماری شارستانییەتی مرۆڤی چاخی بەردین لەوەندە کەم و دەگمەنە کە ناتوانرێ بووترێ گۆڕانی ئاوو هەوا کاریگەری لەسەر کەلتوور کەشەو شارستانییەتیان هەبووبێت. لە سەردەمەکانی ترا کە هاتوون بە دوای یەکدا توخم و بنەماکانی کشتووکاڵ و ئاوو هەوا زۆر گرنگ بووە بەڵام لەو کاتەدا گڕو تین و کاریگەرێتی لەسەر گۆڕانی ئاوو هەوا دامرکاوەتەوەو تینی نەماوە. پاشان لە قۆناغە مێژووییەکانی کشتوکاڵدا کە بە ئاودان بەرهەم ئەهێنرا لە بەشی خوارووی میسۆپۆتامیا گەشەکردن و بەردەوام بوونی شارستانێتی کەلتوور پابەند بووە بە زۆری لەسەر ڕەچاوکردنی باروودۆخی سیاسی و سۆسیۆلۆژی وەك لەوەی پەیوەند بێ لەسەر ئاوو هەوا چونکە ئاوێکی زۆر بۆ ئاودان هەمیشە لە جووتە ڕووبارەکەوە هەبووە کارەساتە خاکناسییە دەست بەسەرا گیراوەکان وەك لافاو و بەرەڵابوونی کەناڵ و بەنداوەکان تا ڕادەیەك کۆتایی پێ هێنراوەو بنبڕ بووە هەر چەند بۆ کەمێکیش بووبێت زانین و تێکەیشتنی باری خاکناسی دەوروبەرەکەو مێژوو پایەیەکی بەرزی داوە بە مێژووی شارستانییەت لە عێراقدا. هەر شوێنەوارێکی دێرینزانی بواروو ڕوونێکی تایبەتی خۆی هەیەو لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەم تەنگ و چەڵەمە کەسیانە لەوانەیە یاریمەتیمان بدا بۆ پاڵاوتن و دیاریکردنی مێژووی خاکناسی سەبارەت بە مێژووی شوێنەوارناسیی.

سەرچاوە:
گۆڤاری سۆمەر- بەشی دووەم ١٩٥٥/ ژمارە ١١ لاپەرە ٨٣-٩٠

# لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لەسەر پاشماوەکانی شوێنەواری کەریم شایەر[1]

کەمال نوری مەعروف

لە دوا دوای چاخی بەردینی سەروو ئاوو هەوای ناوچەکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا بە تایبەتی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو وشکیی و گەرمیی و کەمبارانی ڕۆیشتووە ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە چاخی سەهۆڵین لە ناوەڕاستی ئەوروپاوە بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە . واتە سەهۆڵەکە بەرەو باکوور کشاوەتەوەو بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو باران بارینی زۆر لە باکوری خۆرئاوای ئەوروپا(٢)

ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە لە ئاوو هەوادا ئاژەڵ بەرەو باکوور کۆچی کردووە . لەو بارو دۆخەدا کە ئاژەڵ ناوچەکەی جێ هێشتووەو ژمارەیان کەم بووەتەوە بە تایبەتی ئەو ئاژەڵانەی قەوارەیان گەورە بووە (٣) ، مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کە ژیانی بەرەو ئاڵۆزی و خراپی ڕۆیشتووە ئەمەش ترسێکی گەورەی بۆ خۆراکی ڕۆژانەی دروست کردووەو لە ژیانی گەشبین نەبووە.

ئەم گۆڕانکارییە لە ئاوو هەوادا باشووری کوردستانیشی گرتووەتەوەو بووەتە هۆ بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوت و پەنا بەردین بە کۆمەڵ بێنە دەرێ و بۆ شوێنە نزیکەکان کۆچ بکەن و لە زەوییەکی گەورەتردا دابنیشن بۆ وەدەست هێنانی خۆراکیان ئەمەش لە ڕێگای ڕووەك و ڕاوی ئاژەڵەوە بووە کە دواتر توانیویانە ماڵی یان بکەن و یەکەم گوندی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا لە چاخی بەردینی ناوەڕاستدا دروست بکەن .

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ ئەویش ئایا مرۆڤی کۆنی باشوری کوردستان کە لە چاخی بەردینی ناوەڕاستدا لە ئەشکەوت هاتووەتە دەرێ سەرەتای لەدەشتدا نیشتەجێ بوونی لە شوێنەواری کەریم شایەر بووە یان بۆ کۆنتر لەو شوێنەوارە دەگەرێتەوە ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەمو بەڵگە ئاسەوارییەکان ئەوە نیشان ئەدەن کە شوێنەواری کەریم شایەر قۆناغێکی پێشکەوتووە لە شارستانێتی چاخی بەردینی ناوەڕاست کە نزیکە لە چاخی چەرموو .

بە شێوەیەکی گشتی چاخی بەردینی ناوەڕاست واتە چاخی کۆکردنەوەی خۆراك و

راوی ئاژەڵ زۆر لەسەر خۆو بە وردی لە ولاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا رۆیشتووە . بەلام لە کوردستانی عیراق کە یەکێکە لە ناوچە نموونەییەکان مرۆڤ لە تێکۆشانێکی بەردەوامدا بووە بو گۆڕینی شێوەی ژیانی کە پاشماوەکانی بەڵگەی بە توانایی دەرئەخات لە ناوچە شاخاوییەکەی کوردستانی باشووردا.

لە زۆرینەی شوێنەوارەکانی دنیاشدا وا دانراوە کە چاخی بەردینی ناوەڕاست بەردەوام بوونی چاخی بەردینی سەرووە کە ، لە ناوچەکەدا نەشو نمای کردووە . واتە ئەم چاخە گۆڕانێکە بارودۆخی ئاوو هەواو ژینگە هێنایە پێشێ لە ژیانی مرۆڤ چونکە هاتوچۆی کۆمەلانی خەڵکی لەو سەردەمەدا بە هۆی زۆری دارستانەکان کەم بوەتەوە. (٥)

کەریم شایەر تاکە شوێنەوارێك نییە کە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست بگەڕێتەوە لەکوردستانی عێراقدا ، بەڵکو شوێنەواری دیکەش هەن لەوانە زاوی چەمی (٦) ، مولەفڤەعات (٧) گردە چای (٨) هەروەها شوێنەواری ئەو چاخەش بە هەموو ناوچەکانی دنیادا لە ئەورووپاو ئەفریقیاو ئاسیا بلاو بوونەتەوە. هەموو ئەو شوێنەوارانە کەلتوری چاخی بەردینی ناوەڕاست پێك دەهێنن . باسەکەی ئێمە لێرەدا بە درێژی شوێنەواری کەریم شایەر دەگرێتەوە .

کەریم شایەر دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاتی چەمچەماڵ لە دووری (٩) کیلۆمەتر لێوەی(٩) (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١)




هەروەها دەکەوێتە سەرووی شیوی چەمی گەورە کە بەو ناوە نزیك بە شوێنەوارەکە ناسراوە جگە لەویش قەلای چەرموو دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای لەدووری دوو کیلۆمەتر لێوەی . شیوەکەش بەرەو شوێنەوارێکی دیکە لێژ دەبێتەوە کە ، بە (تورکەکە) ناسراوە لەوێشەوە ئاوەکەی بەرەو خوار دەبێتەوەو تێکەڵی کۆمەڵێك لقی تر دەبێت کە بە هەموویان چەمی گەورە پێك دەهێنن . (بڕوانە وێنەی ژمارە ١ ).



کەریم شایەر بنکەیەکی دانیشتنی مرۆڤە دەکەوێتە سەر تەپۆڵکەیەك لە ناوچەیەکدا کە گردو تەپۆڵکەو شیوی زۆرە (١٠) . خاکەکەی پێك هاتووە لە چینێکی بەردینی پێچاو پێچ

تونێژێکی گەچینەیی ئەستوری تیا بەرچاو دەکەوێ کە لە چاخی پلاستۆسینیدا دروست بوە (١١) . لە رۆخی چەپی شیوی کەریم شایەردا دوو پەنابەر دینە بەرچاو دەکەون یەکەمیان لە شێوەی چەترێکی کەوانەییدا دەبینرێ . بەردەکەشی مەیلەو خۆڵە مێشییەکی تێری قاوەیی باودا دەڕوانێت . قوولی ئەشکەوتەکە کە بۆ ناوەوە چوار مەترێك دەبێت . چینێك خۆڵ ناو ئەشکەوتەکەی گرتووە کە شێوە خۆڵە مێشییەو ناتوانین ڕای تەواوی لەسەر بدەین بە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە وەك پەنا بنەیەك بۆ ئاژەڵەکانیان لەسەردەمێکی زووەوە بەکاریان هێناوە . شێوەکە لێرەدا پێش ئەوەی بگاتە دوو پەنا بەردینەکە تەسك دەبێتەوەو پێچ دەخوات دۆڵێکی بچکۆڵە دروست دەکات .

پەنا بەردینی دووەم کە ئەوەی باکووره لەوەی پێشو دەچێ و دراوسێیەتی بەڵام تەپۆڵکەیەکی گڵین لە یەکتریان جیا دەکاتەوە ، ئەم پەنا بەردینە لەوەی تر نزمترو گچکە تر دەر ئەکەوێت (١٢) . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢) لە نێوان گردو تەپۆلکەکانی زەوی ناوچەکەدا زەوی دەشتی بە پیت و بەفەڕ زۆرن کە



سەرەتای دروست بونیان بۆ چینێکی نیشتوی دەریایی دەگەڕێتەوە ، چینێکی گەچینەییەو لیتە داپۆشیوە ئەمەش لەو کەرەسانە دروست بووە کە لافاو بەرەو شوێنە نزمەکان بردونی .

لەم رۆژگارەدا ناوچەکە لە دارو درەخت و رووەك روتەنە ئەمەش بە هۆی خراپی ئاوو هەواکەیەتی چونکە بارانەکەی لە کاتی دیاری کراوی ساڵدا بە خوڕ دەبارێ و خاکەکەشی بۆشە (١٣) ئەم جۆرە خاکانەش لە ناوچەی سوری مەیلەو قاوەیی دروست دەبێت کە بە زۆری بەرزایی شیوەکانی ناوچە شاخاوییە ساناکان دەگرێتەوە . لە گڵ و خۆڵی سەرەوەی خاکەکەدا وا دەبینرێ کە ناوچەکە ئاوو هەوایەکی وشکی بە خۆوە گرتووە هەروەها گۆڕانیش لە پلەی گەرمادا بووە شێوەی گڵی خاکەکەی گۆڕیوە (١٤) . لەو روەوە برەیدوود دەڵێ : لە هەموو ئەو دەشت و شوێنە بەرزەکانی شیوی چەمچەماڵ کە ، لە رابردوودا پڕ بووە لە دارو درەخت ئێستا هیچ درەختێکی تیا نەماوە . درەختی بەڕوی نزم کە دەگمەن ڕێدەکەوێت لە (٦) پێ زیاتر بەرز بێتەوە پێش ئەوەی خەڵوزکەرەکان دەیبڕنەوە .

بە نەمانی دارو دروخت و رووەك گژو گیاش لە بەهاردا لە ڕەگەوە دەریەت چونکە بارانەکەی بە تەوژمەو گڵەکە لادەدا بۆ ئەوەی لیتە بەرەو روبارەکە راماڵی لە زستانیشدا لە هەموو لێژاییەکاندا بە خێرایی لیتە دەخاتە

ئاو روبارەکان هەروەها لافاو ناوچەکە دادەپۆشێ . لێرەدا ئەو سەرچاوەیە دەبینینەوە کە لیتەی دەشتی شیوی نێوان دوو رووبارەکە درووست دەکات (١٥) .

لە ١٩٥٠/١٠/٦ نێردراوێکی ئەمەریکی پەیمانگای خۆرهەلاتی سەر بە دانشگای شیکاگۆ لەگەڵ دامەزراوی لێکۆڵینەوەی خۆرهەلاتی قوتابخانە ئەمەریکییەکان بە سەرۆکایەتی (رۆبەرت برەید وود) کە دەستیان کرد بە کنەو پشکنین لە قەلاتی چەرموو توانییان گەڕان بە ناوچەی چەرموودا بکەن بۆ ئەوەی شوێنەواری کۆنتر لەو سەردەمە بدۆزنەوە . شوێنەواری کەریم شایەر بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردرا .

کەریم شایەر روبەرەکەی (٨٠٠٠) مەتری چوارگۆشەیە ، لە جیاتی دەزگای کنەو پشکنینی چەرموو (برۆس هاو) بۆ ماوەیەکی کورت کنەو پشکنینی تیا کرد بۆی دەرکەوت کە شوێنەوارەکە دەکەوێتە قوڵییەکی دیاری کراو پێك هاتووە لە چینێکی نیشتەجێ بوون کە راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر چینی کڵی گردەکە . (واتە ژێر توێژاڵی لیتەکە) ئەمەش بۆ سەردەمێکی دواتری ئەو چاخە دەگەڕێتەوە واتە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست (Mesolithic) دوای سەردەمی زاوی چەمی کە مرۆڤ ژیانی ئەشکەوتی جێ هێشتووەو لە شوێنێکی نیمچە گوند دانیشتووە . دەزگا نێردراوەکە پاشماوەی خانوویان نەدۆزییەوە بەڵکو گەیشتنە دۆزینەوەی چینێك لە بەردی ریزکراوی بنچینەی خانووەکە شێوەی دیاریکراو نیشان نادەن . هەروەها ژمارەیەك بەرد دۆزرانەوە هەر یەکێك لەوانە بە قەوارەی مشتی دەست بوون لەگەڵ ئامێری کشتوکاڵی لە بابەتی پاچە کوڵەی بەردین کە بۆ کێڵان بە کاریان هێناوە (Hoe) لەگەڵ داس کە باوەڕ وایە دەمە داس بۆ بڕینی قامیش بۆ خانو دروست کردن سودی لێ بینراوە .

جگە لەوانەش بە کۆمەڵ بەردی ئاگردان و چاڵی تایبەت بە کۆکردنەوەی دانەوێڵە دۆزراونەوە . هەروەها پارچەی دۆڵ و دەستاڕو پاچەکوڵەی بەردینی چاك کراو کە ئاماژەن بۆ کشتوکاڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا کە ، هەتاکو ئەو کاتە کشتوکاڵ بە دەستی مرۆڤ نەکراوە (١٦) .

وا دەرئەکەوێت دانیشتوانی کەریم شایەر راوی ئاژەڵیان زۆر کردبێت چونکە زیاتر لە نیوەی ئیسقانی ئەو ئاژەڵانەی کە لێرەدا دۆزراونەتەوە لەو جۆرانەن کە ماڵی بن هەر چەندە لەو سەردەمەدا ماڵی نەبوون (١٧) .

دەزگای کنەو پشکنین کۆمەڵێك بەردە ئەستێیان دۆزییەوە شوێنەوار ناسەکان پێی دەڵێن (Microlithic) واتە گچکە . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣ ) .



بەردە ئەستێ کەرەسەیەکی بەربڵاوە کە ئامێرەکانیان لێ دروست کردووە لەوانەش ژمارەیەکی زۆر چەقۆیان بە قەوارەی ئاسایی دۆزیوەتەوە ، لەگەڵ کرۆکی پارچەی بەردە ئەستێی چەقۆکان . جگە لە کەرەسەی خۆ جوان کردن لە موورو بازن ، بەرمور . هەروەها دەزگای کنە کردنەکە دەرزی سانای دروست کراویان لە ئێسقان دۆزیوەتەوە لە گەڵ دەمە تەورو دوو شێوەی بچکۆلەی لە قوڕ دروست کراو (١٨) . لە سەرو ئەوانەشەوە ئامێری هاڕینی هاڕاوەی سوور دۆزراوەتەوە . هەموو ئەو ئامێرە زۆرانەی لە ، کەریم شایەر دۆزرانەوە ئەوە دەگەیەنن کە شوێنەواری کەریم شایەر وەکو کارگەیەك وابووە بۆ دروست کردنی ئەو کەرەسە بەردینانە ئەمەش بە ئاشکرا لە برگەیەکی ئەو نامەیەدا دەرئەکەوێت کە ، رۆبەر برەید وود لە ١٥ مارتی ١٩٥١ ناردوویە بۆ دکتۆر (ناجي الاصیل) بەڕێوەبەری گشتیی لە بەغدا کە دوای دوو ڕۆژ کنەکردن تیایدا ، دەڵێ : ئێمە دوێنێ لە کەریم شایەر دەستمان بە کنەو پشکنین کرد ، لە ڕاستیدا ژمارەی بەردە ئەستێکان ڕۆژانە لە زیاتر بوندایە ئەوانەی ئەمڕۆ و ئەوانەی دوێنێ وامان لێدەکات لە نێوان زۆریاندا نوقم ببین . ئێمە ژمارەیەك بەردی دروست کراومان لەگەڵ پارچە دۆڵێك نیشان دان کە هەموویان وا دەر ئەکەون زۆر چاك بن (٢٠) . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤ ) سەرەنجامی کنەو پشکنینەکە ئەوە نیشان دەدات کە دەزگای کنەکردنەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە بۆ ئەوەی لە شێوەی خانووی کەریم شایەر تێبگەن چونکە بەڵگە بەرچاوەکان شێوەی خانووەکانمان ناداتێ بەڵام ئەگەر بەراوردی کەریم شایەر بکەین لەگەڵ شوێنەوارەکانی تری هەمان سەردەم تێدەگەین کە خانووی چاخی بەردینی ناوەڕاست کە لە ئەورووپا دەرکەوتووە بە شێوەیەکی سانا دروست کراوە هەروەها لە قەوارەشدا بچووك بووە هەروەك لە شێوەی ئەوەی چاخی بەردینی سەروو لەگەڵ خۆیا دانیشتنی ناو ئەشکەوتی هێنابێت بە هۆی ئەو بارودۆخە جوگرافییەی لەسەر دەمەکەدا بڵاو بووە .

چاخی بەردینی ناوەڕاست لەبەر ئەوەی ڕووبەرێکی زۆری زەوی بە دارستان و ڕووەك داپۆشراوە وایکردووە کەرەسەی خانوو دروست کردن زۆر بێت لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاوو هەوای گەرم پێویستی بەوە نەکرد لەو سەردەمەدا زەوی بدڕن و خانووی تیا درووست بکەن هەر وەکو لە چاخەکانی پێشوودا پەیرەو کراوە . بۆیە دانیشتووانەکە هاتوون لە ناوچەی چەوی و لماویدا خانوویان درووست کردووە چونکە لەو شوێنانەدا ڕووەك و دارو درەخت کەمبوە (٢١) . لەمەوە تێدەگەین کە خانوو ، و بەرەی کەریم شایەر هۆکانی شوێنگا بە شێوە ساناکەی بێ ئەوەی گرنگی پێ بدەن سنوور بەندی کردووە چونکە مرۆڤ هەتاکو ئەو سەردەمەش

نەگەیشتووەتە ئەوەی لە چوڵیدا بژی ، لەگەڵ ئەوەشدا کەمی ماوەی کنەو پشکنینەکە وای کردووە کە نەتوانێ سەر ئەنجام زانیاری نوێمان لەو رووەوە پێبدات . بۆیە کنەکردنی تازە لەو شوێنەوارەدا جارێکی تر پێویستە بە مەبەستی وەدەست خستنی زانیاری نوێ لەو رووەوە . لەوانەشە ئەگەر ئەو کنەکردنە ئەنجام بدرێ بتوانین زانیاری لەسەر شێوەی خانووەکانیان وەربگرین . وەکو ئاشکراشە خانو لەو چاخەدا شێوەی بازنەیی هەبوە .

پرۆفیسۆر (رۆبەرت برەید وود) رای وایە کە شوێنەواری کەریم شایەر شوێنی دانیشتنی وەرزی سالانەی مرۆڤ بووە کە تیایدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ماوەتەوە (٢٢) ئەو مانەوەیەشی لە وەرزەکانی هەوا خۆشیدا بووە .

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە شوێنەوارەکە چەشنی سەربازگەیەکی هاوینە بووە یان شوێنی رەشماڵی کۆچەرییان بووە لە نزیک سەرچاوەی ئاو بۆ راوکردن هەڵیان داوە . ئەمەش نیشانەی ئەوەیە مرۆڤەکانی هەمان مرۆڤی دانیشتووی ناو ئەشکەوتی چاخی بەردینی کۆنی سەروون بە هاتنە دەرەوەیان بە هۆی ئاوو هەوای تازەی شوێنگاکەیانەوە گۆڕان لە ژیان و بیرکردنەوەیان و ئامێری دروست کراوی بەردینییان بەرچاو دەکەوێ بۆ ئەوەی ژیانی رۆژانەیان پێش بخەن و کەرەسەی تازە بۆ بەخسیرکردنی ژینگەی تازەیان دروست بکەن . لە زستانیشدا جارێکی تر دانیشتوانی کەریم شایەر بۆ خۆپاراستن لە سەرماو سوڵەی زستان پەنایان بردوەتە بەر ئەشکەوت و پەنا بەردینە نزیکەکان .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دانیشتوانی کەریم شایەر لە ساڵێکدا وەکو کۆچەری دوو کۆچیان هەبووە یەکەمیان هاوینە بووە بۆ پێدەشتەکان هەروەها کۆچی زستانەش بۆ ئەشکەوتەکان . بەو جۆرە ئاوو هەوا هاتوچۆی ئەو مرۆڤانەی پێوەند کردووە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە مرۆڤ لەو چاخەدا نەیتوانیوە لە وەرزەکانی ساڵدا بە تایبەتی وەرزی تەڕو توشیدا لە دەرەوەی ئەشکەوت بمێنێتەوە هەر ئەوەش وای کردووە خانووەکەی چەشنی کوخی جوتیار لە وەرزی هاویندا دروست بکات ، بە بڕوای من نزیکترین ئەشکەوت ، یان پەنابەردینە بۆ کەریم شایەر دوو پەنا بەردینە نزیکەکەی شوێنەوارەکەیە کە توانیویانە لە زستاندا تیا بژین و لە سەرماو سوڵە خۆیان بپارێزن یان پەنایان بردوەتە بەر ئەشکەوتی پاڵە گەورە (٢٣) کە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی یا وەکو بۆ ئەشکەوتی هەزار مێردی شاخی بەرانانی قەرەداغ لە خۆرئاوای سلێمانی رۆیشتوون .

لە ئەشکەوتی پاڵە گەورەدا زانایانی شوێنەوار هـ . ئی . رایت و بروس هاو ساڵی ١٩٥٠ کنەو پشکنینیان تیا کردو لە چینی یەکەمیدا ئامێرو کەرەسەی بەردینی سەردەمی

کەریم شایەریان دۆزییەوە کە بەڵگەی شارستانێتی هەردوو شوێنەوارەکە واتە کەریم شایەرو چینی یەکەمی ئەشکەوتی پاڵە گەورەیە کە بۆ سەردەمێك دەگەڕێنەوەو دانیشتوانی ناوچەکە دروستی کردوون و نیشانی دەدەن (٢٤) جگە لەوەیش لە ئەشکەوتی هەزار مێرد چینی B هەمان جۆر لە ئامێرو کەرەسەی بەردینی چاخی ناوەڕاست لە کاتی کنەو پشکنینەکەی Dorothy. A . D. GARROd لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٨ دۆزرانەوە کە سەردەمەکەی بۆ کۆتایی کردنەوەی چاخی خۆراك دەگەڕێتەوە . ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست و دانیشتوانەکەی کە چۆن لە وەرزی زستاندا پەنایان بردوەتە بەر ئەشکەوتەکان (٢٥) .

کنەکردن لە کەریم شایەردا هەندێ چاڵی دەرخستووە کە بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە بەکار هێنراون ئەمەش نیشانەیە بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵەی کێوی لە وەرزی هاتنە بەرهەمیدا بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیا کاتێك مرۆڤەکە بۆ پەنا بەردینە زستانییەکەی دەگەڕێتەوە لەگەڵ خۆیا بیگوێزێتەوە بێ ئەوەی بگاتە بەرهەم هێنانی خۆراك ، ئەوەبوو مرۆڤ لە قۆناغێکی دواتردا پێویستییەکانی ڕۆژانەی وای لێکرد کە هەڵبستێت بە یەکەم ئەزموونی لە بواری کشتوکاڵ و بەرهەم هێنانی خۆراکدا .

کاری سەرەکی ڕۆژانەی دانیشتوانی کەریم شایەر هەر وەکو وتمان ڕاوی ئاژەڵ و کۆکردنەوەی دانەوێڵە بووە ، ئەمەش لە ژمارەی زۆری ئێسقانی ئاژەڵە دۆزراوەکاندا دەرئەکەوێت کە لە ٥٠٪ ی ئەو ئێسقانە دەرهێنراوانە لەو جۆرانەن کە مرۆڤ لەبەر هۆی ئابوری ماڵی کردوون (٢٦) . ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاژەڵی دەستەمۆ کردووە بۆ ماڵی کردنی . گومانیش نییە ڕاوی وشکانیی و ئاوی سیفەتێك بووە لای دانیشتوانی کەریم شایەر کە هەتاوەکوو ئەو قۆناغەی ئاژەڵ ماڵی نەکراوە . مامۆستا سیتون لوید لەو ڕووەوە دەڵێ :-

ماڵی کردنی ئاژەڵ سیفەتێکی تایبەتە بە قۆناغی کشتوکاڵ کردن و نیشتەجێ بوونی بەردەوام . مرۆڤیش هەتاکو ئەو کاتە بیری لەوە نەکردووەتەوە کە گوندی کشتوکاڵی دروست بکاو تیا جێگیر بێت (٢٧) .

مامۆستا سیتون لوید ڕای وایە ئەو دوو شێوەیەی لەناو پاشماوەکاندا دۆزراونەوە دەرچوونە لە ژیانی چاخی بەردینی کۆن . (٢٨) . واتە دروست کردنی ژیانێکی نوێیە کە قۆناغێکی تازەیە لە ژیانی مرۆڤ . بۆیە وای بۆ دەچم ئەو دوو شێوەیە خاڵێکی گەشبینە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە شێوازی چاخی بەردینی کۆن و ناسینی چوار دەورەکەی و دۆزینەوەی خودی لەناو هونەرەکەیدا . ئەمەش لەوەوە هاتووە مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کە کاتی زۆرە بۆ بیرکردنەوە بۆ ئەوەی لە هونەرو پیشەسازییەکەیدا ڕەنگ

بداتــەوەو پێــش بکــەوێت . ئــەو هونــەرو پیشەسازییەش لە کۆمەڵگادا دروست نابێت ئەگەر ئەو کۆمەڵگایــە لــە کارەکــانیدا پسپۆڕ نەبن .

لــە کــاتی کنــەو پشــکنیندا کەرەســەی خۆجوانکردن دۆزراوەتەوە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە دانیشتوانەکەی کەریم شایەر قۆناغی سـەرەتای ژیانیـان بڕیـوەو هـەتا سـنوورێك زەوقــی هونــەرییان بــەرەو پێشــی بــردوون ئەمـەش سـەرەتایەکە بـۆ نزیـك بوونــەوە لــە چاخی بـەردینی تـازە . ئـەوەی لێرەدا جێـی تێڕامانە ، حەزی مرۆڤە لە خـۆ جـوان کـردن لەوە دەچێت لەم کارەیدا ویستبێتی لاسایی باڵندەکان بکاتەوە لە ڕەنگە ئاڵو والاکانیاندا ویستبێتی چەشنی سروشـت ڕازاوە بێـت بـە گوڵ و گوڵاڵەی (٢٩) .

دەرنەکەوتنی گۆڕ لە شارستانێتی کـەریم شایەردا لەوە دەچێت هۆکەی بگەڕێتـەوە بـۆ کــەمی ڕووبــەری ئــەو زەوییــەی کنــەو پشــکنینەکەی تیــا ئــەنجام دراوە . وەکــو زانراویشە پێش سەردەمی کەریم شایەر گۆڕ هـەر بـووە بـە بەڵگـەی ئـەوەی لـە ژمارەیـەك شوێنەواری سـەر بـەو چاخـە لـە کوردسـتان دەرکەوتووە نموونەش بۆ ئەمە چینی یەکەمی ئەشـکەوتی شـانەدەرە کـە بـۆ دانیشـتوانی گونـدی زاوی چـەمی دەگەڕێتـەوە . بۆیـە پـێ دەچێـت هـەمان دەسـتوور گـۆڕی مرۆڤـی شارستانیتی کەریم شایەریش یان لەناو ئەو دوو پەنا بەردینە نزیکەدا بن کە دەستی کنەو پشکنین نەیانگەشتوونێ یان ئەوەتا لە چینی سەرەوەی ئەشکەوتی پاڵە گەورەدا هەبن کـە کنـەو پشـکنین تیـایدا پاشماوەکـانی ئـەو چاخەی دەرخست . جگە لەوانەش ئەشکەوتی ( هـەزار مێردی خـۆر هـەڵات ) یـش کۆمـەڵێك ئێسقان دۆزرانـەوەو لە لایەن (کارلتون کـون) لێکۆڵینەوەی لەسەر کراو بۆ چاخی بەردینی تـازەی گێڕانــەوە (٣٠) . پێـی دەچێـت هـەر پاشماوەی ئەو چاخە بێت . هـەر چۆنێك بێت داهـاتوو دەتوانێـت سنوورێك بـۆ هـەموو ئـەو ئەگەرانە دابنێت کە چۆن مرۆڤی کەریم شایەر مردووەکــانی ناشــتووە یــان لــە ترســانا کردوویەتی بە ژێر گڵەوە بۆ ئەوەی دڕندەی کێوی یاری بە لاشەکەی نەکاو نەیخوات .

خاڵێکی تری گرنگ هەیە پێویستە باسی بکرێ ئەویش بەردە ئەستێییەکە گرنگی خۆی هەیــە لــە ڕیزکردنــی ئــەو کەرەســە ئامادەکراوانەی لە کـەریم شـایەر دۆزراونـەوە کە ، کەرەسەیەکی بەربڵاوە ئامێری بـەردینی وردی لێ دروســت ئــەکرێ بــە پێچەوانــەی چەرموو کە ئامێرە بەردینییەکانی لە بـەردی شوشــەی گڕکــانی ڕەش دروســت بــووە .

بە بـەراوردێك لـە نێـوان پاشماوەکـانی شـوێنەواری کـەریم شـایەرو شـوێنەوارەکانی تری وەکو (مولەفەعات) و (چای) دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە هــەردوو شـوێنەوارەکە کـەلتوری سـەردەمی کـەریم شـایەر نیشـان دەدەن . پاشماوەکــانی مولەففــەعات پێــك هاتووە لە پاچە کوڵەی بەردین و دوڵ جگە لە

ئێسقانی ئاژەڵ لەوانەی کە ، لە کەریم شایەر دۆزراونەوە . بۆیە وەکو قۆناغ لەگەڵ کەریم شایەر یەکدەگرنەوە بەراوردێکی دیکەش لە نێوان کەریم شایەرو پاشماوەکانی گردەچای دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەمەی دواییان واتە گردە چای دەکەوێتە نێوان زاوی چەمی و چەرموو هەروەها پیشەسازییەکەشی لە ئامێرە بەردینەکانی کەریم شایەرو مولەففەعات دەچن، ( وێنەی ژمارە ٥ ) کەواتە نیشتەجێ



بوونی مرۆڤ لە (مولەففەعات) بە هۆی بیناسازی و پیشەسازی بەردینی باشەوە پێناسە کراوە ئەوەش نیشانی دەدات کە هاوچاخی کەریم شایەر بێت بە تایبەتی لە دەمەتیخە وردەکاندا و جۆرەکانی ئامێری لێکەرەوە . ئەوەی لێرەدا جیاوازی لە نێوانیاندا دروست دەکات تەوری بەردینی جوان دروست کراوی (مولەففەعات) ە کە ، لەوانەی کەریم شایەر باشترە .

وا دەردەکەوێت مولەففەعات چاخێك لە ژیانی گوند نشینی دوای چەرمو نیشان بدات ئەمەیش راستییەك دەرئەخات کە ، وەکو سەردەم تازەتر بێت لە کەریم شایەر .

لەو روانگەیەوە پێویستە کەلتووری ئاشکرای پێش مێژووی کوردستانی عێراق واتە چاخی کەریم شایەر جارێکی تر بەراورد بکرێ لەگەڵ پاشماوەی شوێنەوارەکانی ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك کە ئایا ئەو لەیەکچوونەی نێوان لە ڕوی پاشماوەکانەوە لە ئەنجامی کۆچێکی تازەی مرۆڤ هاتووەتە گۆڕێ کە ناوچەکەی گرتووەتەوە یان گۆڕانکارییەکی ناوچەییەو هۆی تایبەتی بۆ دروست بووە .

ئەو کنەو پشکنینانەی لە ئەشکەوتی (شەقبەی) دۆڵی (نطوف) ی ئەنجام دراوە دەری ئەخات کە پاشماوەی ئاسەواری (نطوف) ی ناوچەیەکی گەورەی لە رۆخی دەریای سپی ناوەڕاست گرتووەتەوە بەڵکو بەرەو باکوور هەتا وەکو سوریاو ئەردەنیش گەیشتووە . لە باشووریشدا ناوچەی (حەلوان) ی لە میسر گرتووەتەوە . دانیشتوانی ئەو شارستانییەتە لە ئەشکەوت و پێدەشتەکانیدا جێگیر بوون و مردووەکانیان لە شوێنی جێگیر بونیاندا لە گۆڕ ناوە . لەگەڵ هەندێك لە مردووەکانیشدا ئامێرو کەرەسەی خۆجوان کردن دۆزراوەتەوە. ئەو ئامێرانەی لە قۆناغی یەکەمی مێژوویاندا بەجێیان هێشتووە نیشانی دەدات کە پەنایان بردووەتە بەر راوکردن لەگەڵ کۆکردنەوەی دانەوێڵە کە بە پلەی دووەم دێت . بەراوردێك لە نێوان پاشماوەکانی (نطوف)ی فەلەستین و کەریم

شایەر دا بۆمان دەرئەکەوێت لە هەردوولا راوکردن و کۆکردنەوەی دانەوێڵە یەك دەگرنەوە . لە رووی پاشماوەکانی دیکەشەوە هاو شێوەن تەنیا گۆڕ نەبێت کە ، لە کەریم شایەردا دەرنەکەوتووە .

بەراوردێکی دیکەش لە نێوان پاشماوەکانی ئەم چاخەی کەریم شایەر لەگەڵ شوێنەواری راوکردنی ئاژەڵ لە (مريبط) ی یەکەم لە خۆرهەڵاتی شاری حەلەب لە چوار چینی نیشتەجێ بوندا دەری ئەخات کە دانیشتن لێرەدا وەرزی بوە . لە (٣) چینی سەرەوەیدا شوێنی ئاگردان و خوڵە مێش دۆزراونەتەوە . لە چینی یەکەمدا پاشماوەی کوخی بازنەیی لە قوڕ دروستکراوو هەروەها دۆزینەوەی ئامێری بەردە ئەستێ لەگەڵ ئامێری کونکردنی داس و لێکەرەوە و سەرەتیرو پاچە کوڵەو مووروی لوولەیی هەروەها دۆزینەوەی پاشماوەی ئێسقان لە جۆری ئاسك و کەرە کێوی و باڵندە . لێرەدا دۆزینەوەی پاشماوەکانی رووەك بەڵگەی بوونی جۆی کێوی نیشان دەدات . بەراوردێك لە نێوان کەریم شایەرو ئەو شوێنەوارە لە رووی پاشماوەکانییانەوە ئەوە نیشان دەدەن لە خاڵەکاندا یەکدەگرنەوە تەنیا ئەوەی جیاوازییە ، لە کەریم شایەر گەنم دەرکەوتووە بەڵام لە (مريبط) ی یەکەم بەڵگەی بوونی جۆ بە دەستەوە دەدات . بەراوردێکی دیکەش لە نێوان چاخی بەردینی ناوەڕاست لە کوردستانی عێراق کە لە پاشماوەکانی کەریم شایەر دەبینینەوە لەگەڵ پاشماوەکانی شوێنەواری (سەبیلییە) ی میسری هەمان چاخ ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمەی دواییان گۆڕانکارییەکە لە شارستانێتی لیڤا لوازی وەرگیراوە و کارتێکردنی دەرەوەی بە سەرەوە نییە بەڵکو لەناو سنوری میسردا گەشەی کردووە . لەو رووەوە ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە شوێنەواری چاخی بەردینی ناوەڕاست لە میسر کارتێکردنی شارستانێتی (نطوف) ی فەلەستینی پێوە دیارە . کەمی ئەو ئاسەوارانەش کە تیایدا دۆزراونەتەوە هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ، کەوتووەتە ژێر پاشماوەی قوڕو لیتەی روبباری نیل چەشنی ئاسەوارەکانی شارستانێتی کەریم شایەر لە ناوچەی چەمچەماڵ کە لە ژێر چینێکی قوڕو لیتەدا دروست بووە . پاشماوەکانی شوێنەوارەکەی میسریش ئەوە نیشان دەدات کە مرۆڤ دانەوێڵەی کێوی بۆ ژیانی رۆژانەی بەکار هێناوە هەروەها ئامێرە بەردینە وردەکانیشی بە تەنیا بەکار نەهێناوە بەڵکو بە قیر لەسەر تەختەیەك یان ئێسقانێك بە یەکیەوە بەستوون بۆ ئەوی دروێنەی دانەوێڵەی کێوی پێ بکات . هەمان دەستوور ئەم دیاردەیەش لە شارستانێتی (قەفصی) لە وولاتی (مەغریب) دا دەرئەکەوێت و (٣١) ئامێرە بەردینەکانی ئەم چاخەدا گچکە بوونەتەوەو شێوەی ئەندازیاری جیا جیایان هەبووە

سەرەنجام : لەبەر تیشکی هەموو ئەو زانیارییانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین :-

لە یەکچوونی شارستانێتی کەریم شایەر لەگەڵ شوێنەوارە جیا جیاکانی تری وەکو ئەوانەی فەلەستین و میسرو وڵاتی مەغریب لەو چاخەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ئاوو هەوادا هاتووە ناوچەکەی کەوتووەتە سەر هێڵی هاتوچۆی کۆچی جوگرافی .

٢- کەریم شایەر قۆناغێکی شارستانێتی پێشکەوتووە لە ژیانی مرۆڤ نەوەکو سەرەتای هاتنە دەرەوەی مرۆڤ بێت لە ژیانی ئەشکەوت ، لەو نامەیەدا دەرئەکەوێت کە شوێنەوارناس (لیندا برەید وود) بۆ زانای شوێنەوارناس فوئاد سەفەری نووسیوە کە تیایدا دەڵێ : ئەو بەردە ئەستێیانە کە لە هەرسێ شوێنەواری (کاوری خان) ، (کەریم شایەر) ، (تورکەکە) هەڵگیراونەتەوە رای خۆمت پێ رادەگەیەنم ، کەوا دەرئەکەوێ (نەتوورکەکە)و نە (کاوری خان) لەو جۆرە بەردە ئەستێیانەیان تیا نییە کە لە چەرموو دۆزراونەتەوە بەڵکو ئەوانە نزیکترن لە زەرزی وەك لە چەرمو (٣٢) . لەوانەیە هەردووکیان لە دوای زەرزییەوە بن . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦) بۆیە لە نێوان ئەشکەوتی هەزار مێردو کەریم شایەردا بۆشاییەك لە چاخەکانی پێش مێژوو بەدی ئەکرێ کە ، ریز کردنەکە بەم جۆرە دەبێت .

چەرموو

مولەففەعات ، گردە چای

کەریم شایەر

؟

زاوی چەمی

تورکەکە ، کاوری خان

زەرزی ، پاڵە گەورە ، هەزار مێرد B،

شانەدەر B

٣- کەریم شایەر قۆناغی دابەشکردنی کارە لە ناو خێزاندا لەو سەردەمە زووەی کوردستاندا کە بۆ یەکەم جار پیاو بە ڕاوکردنەوە خەریك بووەو ئافرەتیش کاری ناو خێزان و کۆکردنەوەی دانەوێڵەی لە ئەستۆ گرتووە.

<u>پەراوێزەکان :</u>

١- لای شوێنەوار ناسەکان شوێنەوارەکە بە کەریم شایەر پێناسە کراوە ، ئەمەش ناولێنانێکی تازەیەو پەیوەندی بە رابووردووی شوێنەکەوە نییە . لەوە ئەچێت وشەی شایەر بە کەسێك لە ناوچەکەدا وترابێت کە گۆرانی بێژ بو بێت یان ئەوەتا پیاوێکی ناسراوو دەرکەوتوو بو بێت .

٢- سومر الجزء الاول و الثانی . المجلد الثلاثون ١٩٧٤ . ص١٤ .

٣- حضارة العراق . جـ ٣ ، ١٩٨٥ . ص٧٧ .

٤- سومەر . هەمان سەرچاوەی دووە م . ل١٤ .

٥- الدکتور محمد السید غلاب . الدکتور یسری الجوهری . الجغرافیا التاریخیه . عصر ما قبل التاریخ والفجره . ص ٣١٢ .

٦-گوندی زاوی چەمی ئەکەوێتە سەر رۆخی زێی گەورە هەروەها ئەکەوێتە خۆرئاوای ئەشکەوتی

شانەدەر لە دووری چوار کیلۆمەتر لێوەی ، کنەو کردن لەو شوێنەوارەدا لە لایەن راڵف سۆلکییەوە دەستی پێکرد دوای تەواو کردنی کنەو پشکنینەکانی لە ئەشکەوتی شانەدەر . لە ئەنجامی ئەو کنەو پشکنینانەدا پاشماوەی کوخی بازنەیی تیا دەرکەوت لەگەڵ ژمارەیەك کەرەسەی ناو ماڵ کە سەرەتایی بوون دۆزرانەوە . راوی ئاژەڵ کاری سەرەکی دانیشتوانەکەی بووە . هەروەها کۆمەڵێك گۆڕ لە چینی (BT) ی ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراونەوە لەوە دەچێت هی خەڵکی ئێرە بن .

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : طه باقر ، مقدمه فی تاریخ الحضارات القدیمه جـ ۱ ص ۱۸٤

۷-شوێنەواری مولەفەعات : دەکەوێتە پارێزگای موسڵ لەسەر گردێکە دەڕوانێت بەسەر رووباری (خازەر) دا سەردەمەکەی بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست (مێولیسی) / هەزارەی دەیەمی پ . ز دەگەڕێتەوە . خاتو بروەمان ساڵی ۱۹۵٤ کنەو پشکنینی تیا کردوە کۆمەڵێك ئامێرو کەرەسەی تایبەتی بە چاخی بەردینی ناوەڕاستی تیا دۆزییەوە.

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : د. احمد سوسه ، الری والحضارة فی وادی الرافدین . ج ۱ ص۳۲۰. و: طه باقر مقدمه فی تاریخ الحضارة القدیمة ج ۱ ص ۹۰ ز و : د . . فرج بصمه چی سومر .

۸- گردە چای لە پارێزگای هەولێرەو دەکەوێتە سەر تەپۆڵکەیەك لە رۆخی چەپی رووباری زێی گەورە نزیك گوندی گردە مامك . خاتو بروەمان لە ئەنجامی کنەو پشکنینەکانی ساڵی ۱۹۵٤ ئامێری بەردینی چاخی ناوەڕاستی تیا دۆزییەوە

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : سومر . جـ ۲ ، ۱۹۵٥ . الجلد الحادی عشر ص ۱۲٥ .

۹- طه باقر . مقدمة فی تاریخ الحضارات القدیمة ج ۱ . نفس المصدر السابق ص۱۹۰ .

۱۰-د. فرج بصمه جي . سومر . ج ۲ نفس المصدر السابق . ص۱۲٥ .

۱۱-د. فرج بصمه جي . نفس المصدر السابق . ص ۱۱٤ .

۱۲-اضبارة که ریم شایه ر . المرقمة ۳۸/۷۳۱ المحفوظة لدي مديرية اثار السليمانية .

۱۳-د . شاكر خصباك . العراق الشمالي . ص۱۱۸.

۱٤-د . فرج بصمه جي. نفس المصدر السابق ۱۱٤.

۱٥-سيتون لويد . . اثار بلاد الرافدين . ترجمة د . سامي سعيد الأحمد ۱۹۸۰ ص ۳۷ .

* دیاری کردنی ئەو رۆژە لە فایلی قەڵا چەرموو وەرگیراوە کە ، لە بەڕێوەبەرێتی شوێنەوار پارێزراوە.

۱٦-طه باقر . مقدمه فی تاریخ الحضارات القديمه ج ۱ . نفس المصدر السابق . ص۱۹۰ و : جريده العراق العدد ٦۰۱ فی ۱۹۷۸/۲/۱۸ .

۱۷-سيتون لويد . نفس المصدر السابق ص ۲۰۳.

۱۹- سعدي الرويشدي . نظرة فی منجزات انسان ما قبل التاريخ فی ضوء الدراسات الحديثة . سومر ج ۱ ، ۲ م ۲٦ ص ۳۸٦ ، ۱۹۷۰ .

۲۰-ئەو نامەیە لە فایلی کنەو پشکنینەکانی قەڵا چەرموو دایەو لە بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی پارێزراوە .

۲۱-د. محمد السيد غلاب . يسرى الجوهرى . نفس المصدر السابق . ص۳۱۲-۳۱۳ .

۲۲ -سيتون لويد . نفس المصدر السابق . ص ۳٤.

۲۳ -ئەشکەوتی پاڵە گەورە . دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شوێنەواری کەریم شایەر . پاڵە گەورە

ناوی لوتکەی شاخەکەیە کە ئەشکەوتەکەی تیایەو پێنك هاتووە لە (٣) ئەشکەوتی نزیك بە یەك، دەمەکانیان لە شێوەی (٣) گۆشەیەکی سەرەو خوار دان گەورەکەیان دەکەوێتە لای چەپ، پانییەکەی ٥ر٣ مەترەو قوڵییەکەشی (٨) مەترو بەرزییەکەی مەترێکە. شوێنەوارناس سەبری شوکری ژمارەیەك پارچە سواڵەتی چاخی ئەینەواو سواڵەتی خوری کە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ . ز دەگەڕێتەوە تیا دۆزییەوە، لەگەڵ ژمارەیەك پارچەی بەردە ئەستێ.

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: فایلی ئەشکەوتی پاڵە گەورە ژمارە ٣٧/٢٤٩ کە لە بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی پارێزراوە.

٢٤-د. فرج بصمه جي . سومر ج ٢، ١٩٥٥ . نفس المصدر السابق . ص ١٢٤ .

٢٥-د . فرج بصمه جي . نفس المصدر السابق . ص١١٨ - ١١٩

٢٦-د. تقي الدباغ . الوطن العربي في العصور الحجرية . بغداد ١٩٨٨ ص ٨٦ .

٢٧-سيتون لويد . نفس المصدر السابق ص٣٤ .

٢٨-سيتون لويد . نفس المصدر السابق ص٣٥ .

٢٩-د . محمد السيد غلاب . د . يسري الجوهري . نفس المصدر السابق ص ٣٣٤ .

٣٠-دەقی ڕاپۆرتەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوەو لە فایلی ئەشکەوتی هەزار مێرد پارێزراوە کە ژمارەکە ٣٧/٣٥ .

٣١-بۆ هەموو ئەو بەراورد کارییەی کەریم شایەر لەگەڵ شوێنەوارە دوورەکانی وڵاتانی تردا سوود لەم سەرچاوەیە بینراوە: د . تقی الدباغ . الوطن العربي في العصور الحجرية . نفس المصدر السابق . ص٨٨،٨٩،٩١،٩٤،٩٥ .

٣٢-لەو بەڵگەنامەیە لە فایلی قەڵا چەرموودا پارێزراوە کە موڵکی بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانییە .

٣٣-لە سەردانێکماندا بۆ گوندی کانی سارد لە ناوچەی چەمچەماڵ نزیك بە شوێنەواری کەریم شایەر لە ١٩٩٨/٨/٢ توانیمان زانیاری زۆر لەسەر ناوچەکە کۆ بکەینەوە . سەرئەنجام بۆمان دەرکەوت کاری ئێستای دانیشتوانی ناوچەکە کە ئاژەڵدارییە ئەوەی لە دانەوێڵە ساڵانە خێزانێك تۆوی دەکات دەستکەوتەکەی بە قەوارەی دابین کردنی نانەکەیەتی کە سوودی لێ دەبینن بەو سیفەتەش لەگەڵ دانیشتوانی قەڵا چەرموودا یەکدەگرنەوە کە لەو سەردەمە زووەدا هەر خێزانێك بە قەوارەی پێویستی ساڵانەی پاشەکەوتی لە دانەوێڵە بووە .

C O P Y

THE UNIVERSITY OF CHICAGO

CHICAGO 37, ILLINOIS
The Oriental Institute
March 15, 1951

1155 East Fifty-Eight St.

Dr. Naji al-Asil,
Director General of Antiquities,
The Iraq Museum,
Baghdad, Iraq.

My dear Naji Beg:

It is difficult to tell you just how pleased we all are at how every-
thing has worked out. The news about Barda Balka is most splendid.
Wright and Howe began it this morning; Sabri and I will see it first
this afternoon, on our way to Kirkuk to meet the Kraelings. I felt
sure of your interest, but was somewhat apprehensive that arrange-
ments could not be made in time. Howe and Wright are most pleased,
and also feel that the report will fit most handsomely into Sumer,
following that of your own. We also much appreciate your offer to
share the expenses, which is most generous- I can assure you that
the expenses will not be great. Wright will be able to tell you
how the sounding progressed when he comes to Baghdad next week to
leave, and we will let you hear of it from here.

Yesterday, we commenced work at Karim Shahir, and I enclose the copy of the stamped and signed permission sheet for which you asked. Many thanks for expediting the whole affair, and for the telegram. Howe's head must be whirling, starting two new excavations on two successive days, but he doesn't show it. Karim Shahir began very propitiously- in fact if the yield of flints is as high every day as it was yesterday, we shall be swamped. We exposed several artificial clumps of stone, and a fragmentary ground mortar. It all looks very good.

Enclosed is a report on Jarmo, which covers the odd days we did get work in January and February, and the last two weeks of March. The site is doing well architecturally, and level 4 looks very promising. I am very pleased to say that we seem to have the local Kurdis trained up to working <u>touf</u>, if the pace is not too fast, and this is good for us, as my Jarmo budget is thinning out seriously, and I wouldn't have been able to afford the Shargatis very long.

All in all, everything goes quite perfectly(thanks in no small measure to your own goodself) and I believe we shall really have a fine show for the Kraelings. It is too bad you will not be with them, but things will be much further along when you do come in April, so that there will be even more to see. We have also had good luck on our survey - I've made several trips with Wright which have been most interesting. I flatter myself that our work for the season will be a sort of landmark in prehistoric studies for this(or practically many) part of the world.

My kindest regards and very sincere appreciation -

Sincerely yours,

Signed

R.J. Braidwood.

وێنەی ژمارە ٤

THE UNIVERSITY OF
CHICAGO

CHICAGO 37. ILLINOIS

THE ORIENTAL INSTITUTE

1155 East Fifty-Eight

Jarmo
December 18, 1950

Dear Fuad,

I haven't had the time to do more than glance through the flints picked up on the surface of Kawri Khan, Karim Shahir, and Turkaka, but will give you my rough impression now for what it is worth. The absence sites (along with the absence of pottery) would definitely indicate that all three are earlier than Jarmo. In addition no obsidian was found on any of the sites. All three sites as you'll see from the rather than flakes. Neither Turkaka nor Kawri Khan seem to have the kind of microlithic cores found at Jarmo. In their cores (or core scrapers) they look much closer to the Zarzi materials than to Jarmo. Both may be somewhat later than Zarzi since we haven't found any of the Zarzi specifically Gravettian-like traits in their surface collections. Karim Shahir on the other hand has microlithic cores like those found at Jarmo and apparently a greater abundance of microliths than the other two sites, so we'd be inclined to regard it as closer to Jarmo in time.

Greetings to you all.

Yours,

Signature,

Linda Braidwood.

وێنەی ژمارە ٦

# بەڵگەنامەیەکی دووەم حکوومەتی کوردستانی باشوور

سدیق سالح

١- دەقی بەڵگەنامەکە (بە ڕێنووسی کوردیی ئێستا) :

ڕیاسەتی داخلیەی کوردستان

٦/٧/٥٩٠ ژمارە

١٦ ی کانوونی ئەووەلی ١٣٣٨

بۆ خزمەتی جەنابی مەلا مەعرووف ئەفەندی دام فضلە وەکالەتی ڕیاسەتی شەرع و عەدل بە ئیرادەی ملووکانە تەودیع بە جەنابعالی کرا . مویاشەرەت بە وەظیفە بفەرموون بۆ روئیەتی ئوموور بە وەجهی حەققانییەت هیمەت دەفەرموون ئینشائەڵلا

وەکیلی

رەئیسی داخلیە

صورەت بۆ خزمەتی ڕیاسەتی علییەی مالیە

٢- سەرچاوەی بەڵگەنامەکە :

بنەماڵەی خوالێخۆشبوو رەمزی مەلا مارف شاعیر تشرینی یەکەمی ئەمساڵ (١٩٨٨) بە هۆی مامۆستا شەهابی کوڕیەوە کتێبی چاپکراوو دەستنووس و بڕێك ئەوراقی پاشماوەی خۆیان بە نرخێکی ڕەمزی دایە " ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان" ی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سلێمانی ، ئەم بەڵگەنامەیە کە پەڕەیەکی تەنکی (٢٠*٢/٣٣سم) ەو فەرماننامە (امر اداری) کەی بە پیتی ڕەنگ مۆر بە تایپ لەسەر چاپکراوەو ئیمزاکەی بە قەڵەمێکی سور کراوە ، لەنێو ئەوراقەکاندا بوو.

٣- حکوومەتی کوردستانی باشوور :

٣.١. یەکەم حکوومەت :

ڕۆژی تشرینی دووەمی ١٩١٨ لە سلێمانی پێکهات . مێجەر نۆئێلی ئەفسەری سیاسیی نوێنەری ویلسنی حاکمی ساسیی بەریتانیا لە عیراق ئەو ڕۆژە لە کۆبوونەوەی فراوانی بەردەرکی سەرادا ڕایگەیاند شێخ مەحمودی حەفید حوکمداری ناوچەی نێوان زێی گەورەو ڕووباری سیروانە (١) ئەم حکوومەتە ١٨ ی حوزەیرانی ١٩١٩ بە قەومانی شەڕی دەربەندی بازیان لە نێوان سوپای ئینگلیزو هێزی کورددا بە سەرکردەیی شێخ محمود کە هێزی کوردی تێدا شکاو شێخ بە برینداری دیل کراو برایە بەغداو درایە دادگاو دواجار دوورخرایەوە بۆ هیندستان (٢) کۆتایی پێ هات .

٣،٢ دووەم حکومەت : شێخ مەحمود بە گوشاری چالاکیی سیاسی و ڕاپەڕینی کورد لە لایەکەوەو جووڵانەوەی ڕەوانذز کە تورکەکانی لە پشت بوون لە لایەکی دیکەوە لە

دووره وولاتی هێنرایەوەو ، ٣٠ ئەیلوولی ١٩٢٢ بە یاوەری دیسان مێجەر نوئێل گەیشتەوە سلێمانی (٣) . شێخ ١٠ ی تشرینی یەکەم وەك حوکمدار کابینەی حکوومەتەکەی راگەیاند . (٤) هێندەی نەبرد نێوانی لەگەڵ ئینگلیزدا تێکچوو و ، سەعات ٥و٢ نیوی بەرەبەیانی ٤ ی مارتی ١٩٢٣ سلێمانیی روو بە ناوچەی سورداش چۆڵ کرد ، (٥) . سوپای ئینگلیز سلێمانیی گرتەوەو ، پاش کەمتر لە چوار مانگ بە جێی هێشت . شێخ مەحمودو هێزەکەی ١١ ی حوزەیرانی ئەو ساڵە هاتنەوە نێو شار (٦) . شێخ سەر لە نوێ کابینەی حکوومەتەکەی رێکخستەوەو ناو گۆڕکێی تێدا کرد (٧) . بارودۆخەکە وەها مایەوە ، تا لە ١٥ ی تەمموزی ١٩٢٤ دا هێزی ئینگلیزو سوپای عیراق پێکەوە سلێمانییان داگیر کردەوە (٨) ئیدی لەوە بە دوا قۆناغی جوڵانەوەی چەکداری شێخی گەورە دژ بە حکومەتی عێراق ئینگلیز دەستی پێکرد تا رۆژی ٥ ی نیسانی ١٩٣١ کە شەڕی (ئاوباریك) ی تێدا کراو (٩) هێزی کورد شکستی خواردو شێخیش لە ١٣ ی مایسی هەمان ساڵدا تەسلیم بووەوەو (١٠) دوور خرایەوە لە کوردستان .

## ٤- شیکردنەوەی بەڵگەنامەکە :

١٠٤. بەڵگە نامەکە فەرماننامەیە (ڕیاسەتی داخلیەی کوردستان) (١١) بە ژمارە ٥٩٠/٧/٦ ی ڕۆژی ١٦ ی کانوونی ئەووەلی ١٣٣٨) دەریکردووە . واتە مێژووەکەی ڕۆمییە کە ئەو کاتەیش وەك میراتێکی دەوڵەتی عوسمانی بەکار هاتووە . ساڵی ١٣٣٨ ی ڕۆمی دەکاتە ١٩٢٢ ی زاو ڕۆژو مانگەکەیش پشت بەستوو بە مێژووی بەکارهاتووی نێو ڕۆژنامەکانی (ڕۆژی کوردستان) و (ئومێدی ئیستیقلال) ی جووتە ئۆرگانی ئەو حکوومەتە بێ کەم و زیاد هەمان ڕۆژ و مانگی ساڵی زاینە . بەوەدا مێژووەکەی ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ەو . فەرماننامەکەیش دەبێتە بەڵگەنامەیەکی دەورانی دووەم جکوومەتی کوردستانی باشور .

### ٢،٤. کەسانی نێو بەڵگەنامەکە :

### ٤ . ٢ . ١ . مەلا مەعروف ئەفەندی :

مەلا مەعروف ناسناوی (وەهبی) یەو کوڕی مەلا ڕەسووڵی دێی (سیرێ) ی کوڕی مەلا سلێمانی لە نەوەی پیر خدری شاهۆیە ١١ ی ڕەبیعولئەووەلی ١٢٦٠(؟)/ ١٧ ی تشرینی یەکەمی ١٢٧٣ ی ڕۆمی (١٨٥٧ ی زا) لە دێی (سیرێ) لە دایك بووە ، ١٢ سەرەتا لە لای باوکی کە مەلایەکی گەورەو زانابووە . خوێندنی ئایینی دەست پێکردووە ، ئەمجا هاتووەتە سلێمانی و لە مەدرەسەی (عەبدولغەفار ئەفەندی) لەلای شێخ محەمەد ئەمینی (ابن الخیاط) ی قەرەداغی و موفتی زادە حاجی مەلا ئەمینی مەلا ئەحمەدی چاومار زانستە بەرزەکانی خوێندووە . پاشان چووەتە لای شێخ عەبدولقادری (المهاجر) و دیسان لای مەلا ئەمین و خوێندنی تەواو کردووە و . ساڵی ١٣٠٣ ی ك (١٨٨٥ ی زا) ئیجازەی مەلایەتیی لێ وەرگرتووە ٢٣ ی ڕەجەبی ئەو ساڵە بە باشکاتب لە دادگای شەرعی سلێمانی دامەزراوە . شوباتی ١٣٠٤

ی ڕۆمی (١٨٨٨ی زا ) بووه به داواکاری گشتیی به وەکالەت . ١٩ ی ڕەمەزانی ١٣٠٩ ی ك ١٨٩١ ی زا بووه به قازی له ڕانیه ، ساڵی ١٩١٩ یش قازی سلێمانی بووه (١٣ ) له شارەکانی (ئامێدی و دهۆك ) یش وەزیفەی قازی شەرعی دیوه ، شارەزای ماتماتیك بووەو کتێبێکی لەسەر (علم الغرائض) داناوه ، چاپ نەبووه ، سەردەمی حوکمداری (مێجەر سۆن) یش کتێبێکی لەسەر ڕێزمانی کوردی داناوەو ، ناوبراو لێی سەندووه ، جێی باسه ئامینەخانی کچی مەلا ئەمینی موفتیی هێناوەو کوڕێکی تاقانەی (محەمەد) ناوی لێ بووه کە بە (ڕەمزی) ی شاعیر ناسراو بووه (١٤) .

٤ . ٢ . ٢ . وەکیلی ڕەئیسی داخلیه :

تەنیا ئیمزاکەی بە نووسراوەکەیەوەو ناوی لە گەڵدا تۆمار نەکراوه ، ئەو ئیمزایە هەر لە شێوەی (سید احمد) دا کراوه ، بۆیە هیچ گومانم نییە کە ئەوه هەر (سەید ئەحمەدی بەرزنجی) ی ( ١٥ ) ڕەئیسی ئەمنییەتی عومومییە ؛ چونکە هەم کارەکەی هاوچەشنی کاری ڕەئیسی داخلیە بووەو ، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش وەکیلی ڕەئیسی داخلیە بووبێ و کاتی پێویست کاروباری ئەو ڕیاسەتەی ڕاپەڕاندبێ و ، هەم کاربەدەستانی باڵای ئەو حکومەتە (سەید ئەحمەد) ناوێکی دیکەیان لەو بەدەر لە نێودا نەبوە ئەرکی وەهای پێ سپێردرابێ .

٤ . ٢ . ٣ . ڕیاسەتی مالیە :

ئەو دەمە عەبدولکەریمی عەلەکە بە پێی ئیرادەی ژمارە دووی ئامارە بۆ کراوی حوکمداری کوردستان ڕەئیسی مالیە بووە (١٦).

٤ . ٣ . ڕیاسەتی شەرع و عەدل سەرەتا لە کابینەی حکوومەتدا بە پێی ئیرادەی ژمارە دووی حوکمدار بە خاڵی هێڵراوەتەوەو ، بە وەکالەت کاروباری بەڕێکراوە . (اعلان) ێکی بڵاوکراوەی نێو ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) ناوی ئەحمەد موختار هەولێری / س . ) ی وەك وەکیلی ڕەئیسی شەرع و عەدل بە سەرەوەیە (١٨) . لەوە بەدوا شێخ عەلی ئەفەندیی شێخ عەبدولرەحمانی قەرەداغی بە ئیرادەی حوکمداری بۆ ڕەئیسی شەرع و عەدل داواکراوەو لەو وەزیفەیەدا دامەزراوەو لە بەغداوە ڕوویکردووەتە سلێمانی (١٩) .

بەڵام بەوەدا کە مەلا مەعروف بە پێی ئەم فەرماننامەیە لە ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ بە دواوە بووەتە وەکیلی ڕەئیسی شەرع و عەدل و (اعلان) ێکی ٢٨ ی کانوونی یەکەمی ١٣٣٨ ی ڕۆمی (١٩٢٢) ی (ڕۆژی کوردستان) ناوی ئەوی وەك (وەکیلی ناظری شەرع و ڕەئیسی عەدل) بە سەرەوەیە ٢٠ ، پێدەچێ شێخ عەلی ئەفەندی لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ یشدا دەست بەکار نەبووبێ و ئەو ئاسەتە هەر بە وەکالەت بەڕێوە چووبێ . مادامێکی مەلا مەعروف شوباتی ١٩٢٣ ناوی لە نێو (موتەبەریعەکان) ی کڕینی مەکینەی چاپدا بە (قازی) هاتووە (٢١) و ، تا دوا ڕۆژی ئەم خولەی حکومەتەکە (٣ ی مارتی ١٩٢٣) یش ناوی یەکێکی دیکە نەهێنراوە کرابێتە ڕەئیسی شەرع و عەدل ؛ دەبێ شێخ عەلی ئەفەندی پاشتر لە کانوونی

دووەمی ۱۹۲۳ دا چووبێتە سەر کارەکەی ، شایانی گوتنە ، ناوی مەلا مەعروف لە دووەم خولی ڕێکخستنەوەی کابینەی حکومەتەکەدا ساڵی ۱۹۲۳ بە ( رەئیسی مەحکەمە) براوە (۲۲) و ، وەك دەردەکەوێ ئەو ناونیشانە خراوەتە جێی (رەئیسی شەرع و عەدل) .

٤ . ٤ . ڕیاسەتی شەرع و عەدل کاتی دەرچوونی فەرمانەکە بە پێی تەشکیلاتی حکوومەتەکە وەك ڕیاسەتەکانی دیکە پێوەندیٚ ڕاستەوخۆی بە حوکمدار (شێخ مەحمودی حەفید)هوە هەبوە ، نەك شێخ قادر کە پاشتر لە تشرینی دووەمی ۱۹۲۲ دا ، بە ئیرادەیەك بووە بە (رئیس الرؤسا) و جێگری حکومەتی کوردستان (۲۳) ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە رەئیس) ی خۆیی نەبوە ، زۆر پێدەچێ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی بە رەسمی بە (رەئیسی داخلیە) سپێردرابێ . دەنا وەکیلی رەئیسی داخلیە بەبێ سەرپشککردنێکی وەها لە ڕووی رەسمییەوە بۆی نەبوە ئەو فەرماننامەیە دەربکات .

کەموکورییەکی فەرماننامەکە ئەوەیە ئاماژەی بۆ ژمارەو مێژووی ئەو (ئیرادەی ملووکانە) یە نەکردووە کە (مەلا مەعرووف) ی پیٚ کراوە بە وەکیلی رەئیسی شەرع و عەدل . فەرماننامەکە دانەی لیٚ دراوەتە (ڕیاسەتی علییەی مالیە) تا مووچە بۆ ناوبراو ببەستیٚ .

پەراوێزو سەرچاوەکان :

۱- مێجەر نۆئێل بە پێی برووسکەی ژمارە ۹۹۲۷ ی دائیرەی سیاسی بەغدا ، ۱٦ ی تشرینی دووەمی ۱۹۱۸ گەیشتووەتە سلێمانی و ، هەر ئەو ڕۆژە برووسکەیەکی بۆ بەغدا لێداوە . ئەو کۆبوونەوە فراوانەیش - بە قسەی بەهەشتی ئەحمەد خواجە - ڕۆژی دوایی کراوە (بڕوانە : الدکتور احمد عثمان أبوبکر ، کردستان في عهد السلام بعد الحرب العالمیة الأولی ، القسم الثاني ، مجلة "الثقافة" البغدادیة ، العددان ۱۱-۱۲ تشرین الثاني - کانون الأول ۱۹۸۰ و ، أحمد خواجة ، چیم دی ، ب ۱ بغداد ۱۹٦۸ ، ل۲۰ -۲۱ و ، سي . جي . ادموندز ، کرد و ترك وعرب ، ترجمة جرجیس فتح الله ، بغداد ، ۱۹۷۱ ، ص ۳۳) .

واتە دەبیٚ ئەو حکومەتە لە ۱۷ ی تشرینی دووەمی ۱۹۱۸ دا ڕاگەیاندرابیٚ .

۲- سي . جي ادموندز ، المصدر نفسه ، ص٤۹ ، ٥۳ .

۳- ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" ، ژ ۹ ۸ ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۲ - لە : بانگی کوردستان ، کۆکردنەوەو لەسەر نوسینی جەمال خەزنەدار ، بەغدا ۱۹۷٤ ، ل ۸۷ .

٤- "مانگی کوردستان" ، ژ ۱۰ ۱٥ ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۲ - لە هەمان سەرچاوە ، ل ۹۱ - ۹۲ .

٥- سي . جي . ادموندز ، المصدر نفسه ، ص ۲۸٥ .

٦- المصدر نفسه ، ص ۳۰۹ .

۷- ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال" ژ ۱ ، ۲۰ ی ئەیلوولی ۱۳۳۹ ی ڕۆمی (۱۹۲۳ ی زا) .

۸- سي . جي ادموندز ص ، ۳٤۸ و ، رفیق حلمي ، خلاصەی مسئلەی کورد ، موصل ، ۱۹۳٤ ، ل ۲۹ (لە کتێبی عراق و عصبة الامم بە فەرەنسی تەرجەمە کراوە) .

۹- بڕوانە تەبلیغی ، ڕۆژنامەی "ژیان" ژ ۲۷۹ ، ۱٦ ی نیسانی ۱۹۳۱ .

۱۰- عبدالرزاق الحسني ، تاریخ الوزارات العراقیة ، المجلة الثاني ، الجزء الثالث ، ط ٥ ، بیروت ۱۹۷۸ ، ص ۱۳٤ .

١١- ریاسەتی داخلیەی کوردستان بە پێی ( صورەتی ئیرادەی علییەی حە زرە تی حوکمداری ، ، عەدەد - ٢ ، ١٩ ی صەفەرولخەیری ١٣٤٢ / ١٠ تشرینی ئەووەلی ١٩٢٢ ، شێخ محەمەد غەریبی زاوای شێخ مەحمود ڕەئیسی بووە (بڕوانە : بانگی کوردستان، ل ٩٢) .

١٢- ئەگەر ساڵە ڕۆمیەکە (١٢٧٣) کە دەکاتە (١٨٥٧ ی زا) ڕاست بێ ، دەبێ ساڵە کۆچیەکەی بەرانبەری (١٢٦٠) کە دەکاتە (١٨٤٤ ی زا) هەڵە بێ و ١٢٧٤ بێ کە دەکاتەوە ساڵی (١٨٥٧ ی زا) .

١٣- ئەم بوونە قازییەی سلێمانیی بە پێی نووسراوێکی ٤ ی موحەڕڕەمی ١٣٣٨ (١٩١٩) ی زاینی دادگای شەرعی سلێمانییە بە کێشەی نێوان شێخ مەعروف شێخ ئەحمەدی ڕەسووڵی بەرزنجی و حاجی حەسەنی حاجی عەلیی کانی گۆمەیە لەسەر زەوی و زاری دێی جێشانە (بڕوانە : ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە ، شاری سلێمانی ، ب ١ بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ٤٣٦) .

١٤- بڕوانە : دیوانی ڕەمزی مەلا مارف ، کۆکردنەوەی کەمال ڕەمزی ، پەڕەی ١-٤ (دەستنووس) . شایانی باسە ڕەحمەتی کەماڵی کوڕی ڕەمزی شاعیر دیوانەکەی باوکیی لە ٣٨٢ لاپەڕەی دەستنووسدا ئامادەی چاپ کردووە .

١٥- ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحیمی بەرزەنجەیی ساڵی ١٨٨٨ لە (بەرزنجە) لە دایك بووە ، لە یەکەم حکوومەتی کوردستانی باشووردا کاتبی تایبەتی شێخ مەحموود بووە ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ ڕەشید کاباندا بوونە . بوونە نوێنەری باشوورو ڕوویانکردە پاریس ، لە (بەیرووت) گیران و ئەم حوکمەکەی ٤ ساڵ دوورخستنەوە بوو بۆ دوورگەی (مەنجام) . لە دووەم حکوومەتدا بە پێی ئیرادەی ژمارە دووی حوکمدار بووە سەرۆکی ئاسایشی گشتیی . لە ڕێکخستنەوەیەکی دیکەی لەسەر حکوومەتەدا بووە سەرۆکی دارایی و گومرگ و یاوەرو سەرکاتبی شێخ . ١ ی کانوونی دووەمی ١٩٢٨ بووە بەڕێوەبەری ناحیەی (القزانیە) پاشتر بووە بە بەڕێوەبەری ناحییەی دەللی عەباس و دیبەگەو سەرقەڵا ، ئەمجا بووە قایمقامی (عین سفنی) . ١٩٤٥ خانەنشین بوو . دەورانی پاشایەتی ٤ ساڵ نوێنەری سلێمانی بووە . ٩ ی ئەیلوولی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کرد (بڕوانە : بانگی کوردستان ، ژ ١٠ ، ئومێدی ئیستیقلال ، ژ ١ و ، الوقائع العراقیە ، العدد ٦٢٠ ، ٢ شباط ١٩٢٨ . بەشێکی ئەم زانیاریانە لە خوشکە بەدریەخانی کچی سەید ئەحمەد وەرگیراوە ، سوپاسی دەکەم ).

١٦- بانگی کوردستان ، ل ٩٢ .

١٧- هەمان سەرچاوە .

١٨- ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" ، ژ٢ ، ٢٢ ی تشرینی دووەم ١٣٣٨ ی ڕۆمی (١٩٢٢) - لە : ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢ - ١٩٢٣ ، کۆکردنەوەو پێشەکی جەمال خەزنەدار ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٢٠ .

١٩- بانگی کوردستان ، ژ ١٣ ، ٣ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ - لە : هەمان سەرچاوە ، ل ١١١.

٢٠- ڕۆژی کوردستان ، ژ ٩ ١٧ ی کانوونی دووەمی ١٣٣٨ ی ڕۆمی (١٩٢٣) - لە : هەمان سەرچاوە ، ل ٥٢ .

٢١- ڕۆژی کوردستان ، ژ ١٢ ، ١٠ شوباتی ١٣٣٨ی ڕۆمی (١٩٢٣) -لە: هەمان سەرچاوە ل ٦٢ .

٢٢- ئومێدی ئیستیقلال ، ژ ٢ ، ٢٠ ئەیلوول ١٣٣٩ ی ڕۆمی (١٩٢٣) .

٢٣- ڕۆژی کوردستان ، ژ ١ ، ١٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ - لە : ڕۆژی کوردستان ، ل ١٥ .



ریاسەت داخلیەی کردستان

٥٩٠ ژمارە

٧/٧

١٦ كانون اول ١٣٣٨

بو خذمت جناب ملا معروف افندی دام فضله

وکالت ریاست شرع وعدل بە ارادەی ملوکانە توجیه بە جنابعالی کرا بە مباشرت.
وظیفە بفرمون بو رؤیت امور بوجه حقانیت همت بفرمون انشاالله ــ

وکیل

رئیس داخلیە

صورت بو خذمت ریاست علیەی مالیە

# شانشینی شێر

نووسینی Pat / Samir

وەرگێڕانی / هاشم حمه عەبدوڵڵا

لێکۆڵینەوەکانی سەدو پەنجا ساڵەی زانستیانەی شوێنەوار بووە هۆی ئەوەی گەلانێك وەك سۆمەری ، بابلی ، ئاشووریی ئەکەدی و هیتییەکان ، ببنە ناوێکی ناسراو . تابلێتە شاردراوەکانی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر کە لە گردو تەپۆلکەکانی کەوانەی بە پیت دا (هلال الخصیب) دۆزراونەتەوە . چینە نیشتەجێ یەك لە دوای یەکەکانی وێنەیەکی روون و ئاشکرا لەسەر مێژووی کۆنترین شارستانییەت دەرئەخات ، بەڵام تاکو ساڵی ١٩٢٠ زۆر شت ئاشکرا نەبوو بوو کاتێك وەرگێرەکانی تابلێتە هیتییەکان سەرچاوەیەکیان لەسەر گەلی خوری دەرخست کە لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێستای سوریادا دەژیان .خوێندنەوەی تابلێتەکان نیشانی ئەدەن کە خورییەکان سوپایەکی سەربازیو ئابوورییەکی بە هێزیان هەبووە . ئەو گەلەی کاریگەری خۆی لەسەر گەلانی هاوچەرخی خۆی بەجێ هێشتووە و لەسەر هیتییەکان بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا .




بەڵکو ئێستا خورییەکان بەشێکی گرنگی مێژووی وولاتی نێوان دوو رووبار پێك دێنن.

بە پێی تابلێتە مێخییەکانی سەدەی ١٤ ی پێش زایینی هیتییەکان پادشایەتییان لە تورکیای ئێستادا بووە و رێگر بوون لە پەلهاویشتنی سوپای خورییەکان بۆ سەر ناوچەکانی تر.

فیرعەونەکانی میسر پەیوەندی نامە گۆڕینەوەیان لەگەڵ پاشاکانی خوریدا هەبووەو لە کۆشکە شاهانەکانی ئۆگارایتدا لە سوریا مۆسیقییەکان ئاوازی خورییان لێدەدا . تابلێتەکانی تر نیشانمان دەدەن کە (خومار بی) خواوەندی سەرەکی لە ئەنجوومەنی

ئێستا دۆزینەوەکانی تیمی جیۆرجیۆ بوسیلاتی و مارلین کیلی بوسیلاتیی هاوسەرو شوێنەوارناس ، زانیاری زیاتریان لەسەر خورییەکان و مێژوویان بۆ ماوەی سەدان ساڵ زیاتر بەدەرخستەوەو وەکو گەلێکی لاتەریك لە نێو گەلانی کۆندا نابینرێن

خواوەندی خورییەکان لە شاری ئورکیشی پایتەختی خورییەکان فەرمانڕەوایەتی دەکرد، بەلام دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵی بیٚ سوود لە لێکۆڵینەوە ، پاشماوەکانی شوێنەوارناسە ناودارەکان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە ئورکیش لە کۆنەوە وێران کراوەو هیچ پاشماوەیەکی بەجیٚ نەماوە یان تەنیا شوێنێکی ئەفسانەیی خواوەندی خورییەکان بووە . لە هاوینەکانی ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٣ دا پاش ٧ تا ٨ وەرز کنەو پشکنین لە گردی مۆزانی باکووری خۆرهەڵاتی سوریا بوسیلاتی و هاوسەرەکەی مۆرێکی لوولەییان دۆزییەوە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی وورد بۆیان دەرکەوت کە ئەو شوێنە لە ڕاستیدا شوێنی ئورکیش بووە و زیاتر لە ٦٥٠ شوێن مۆری بەردی لوولەییان لەسەر دەفرو کەموڵەدا دۆزییەوە ئەویش بۆ ناسینەوەی خاوەنەکانیان بووەو بۆ ٤٣٠٠ ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێنەوە.

ئەمەش کۆمەڵێك گیرو گرفتی چارەسەر کردو لەمەش زیاتر بە پێی ڕێگای کاربۆن ١٤ دەردەکەوێت کە خورییەکان لە نزیکەی ٢٢٠٠ ساڵ پێش زایین لەو شوێنەدا ژیاون ، بەلام وەکو زانراوە بۆ ماوەی ١٠٠٠ ساڵ پێش ئەم مێژووەی بۆ ئەم چینە دەستنیشان کراوە خورییەکان دەسەڵاتێکی سەرەکییان لە وڵاتەکەدا هە بووە. سەرەڕای ئەوەی دۆزینەوەی ئورکیش بە دۆزینەوەی شاخی ئۆلۆمپی ئەفسانەی گریکی بەراورد ئەکرێت بەلام لەوە زۆر گرنگترە چونکە ئۆرکیش پایتەختی سیاسی و ئابووری خورییەکان بووە . زەحمەتە بە دۆزینەوەی ئورکیش بڵێین گرنگ نییە هەروەکو پیتەر شتاین بیلەر برۆفیسۆر لە زمانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد ووتی :(( دۆزینەوەی ئۆرکیش وێنەیەکی جوگرافیای مێژوویی وڵاتی نێوان دوو رووبار روون ئەکاتەوە )) ، ( گێرنود ڤال هەلم) پرۆفیسۆر لە زمانەکانی خۆرهەلات لە زانکۆی فێرس بۆرڵ لە باڤاریاو سەرۆکی پەیمانگای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و یەکەم شارەزا لە زمانی خوری لە جیهاندا بەبیٚ هیچ گومانێك دووپاتی کردەوە کە(( گردی مۆزان شاری ئورکیشە ))،(( لە دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ لە لێکۆڵینەوەی مێژووی زمانی خورییەکاندا زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم خورییەکان گرنگییەکی زۆریان پیٚ دەدریٚ و شایستەی ئەو گرنگی پێدانەن )) ، هەروەها ووتی:(( دۆزینەوەی ئورکیش هیوایەکی باشمان بۆ چارەسەرکردنی نهێنی بنەچەو رەگەزی خورییەکان ئەداتیٚ و بریار لەسەر ئەوە ئەدات کەی لەووڵاتی کەوانەی بە پیتدا دەرکەوتوون.

کاتێك بوسیلاتی و هاوسەرەکەی لە ساڵی ١٩٧٦ دا دەستیان کرد بە کنەو پشکنین لە سوریا مەبەستیان دۆزینەوەی پایتەختی خورییەکان نەبوو ، ئەوان ئیشیان لە (تەرقە) کرد کە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە . پاشان لە (قرایا) کە

دەکەوێتە سەرووی ڕووباری فورات بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە .
لە ساڵی ١٩٨٢دا بەرەو سنووری تورکیاو عێراق ڕۆیشتن بۆ توێژینەوە لەسەر پاشماوەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار لەو ناوچەیەدا کە دەروازەیەك بووە بۆ هێنانی مس و قەزدیر لە چیاکانی تۆرۆس و زاگرۆسەوە .

سەرەتای کاری جیۆرجیۆ بوسیلاتی لە ساڵی ١٩٦٢ لە عێراقدا توێژینەوە بوو لەسەر شوێنی شاری (نیپۆر) کە شارێکی سۆمەری و بابلییە . ئەمڕۆ ئەو کەسە یەکێکە لە بەناوبانگترین شارەزایانی زمانی ئەکەدی و زمانە کۆنەکانی وولاتی نێوان دوو ڕووبارو یەکەم پرۆفیسۆرە لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا لە زانکۆی کالیفۆرنیا لەشاری لوس ئەنجلس ، هەروەها دامەزرێنەری پەیمانگای شوێنەوارە لە هەمان زانکۆدا .

مارلین کیلی بۆسیلاتی کە مێژووی هونەری لە زانکوی کالیفۆرنیا بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ وتووەتەوەو هەردووکیان واتە مارلین و جیۆرجیۆ بۆسیلاتی کە بە هاوبەشی لەسەر (ئورکیش ) لە (The Oxford Encyclopedia ofArcaeology in near east)نوسیویانە . لێرەدا بوسیلاتی ڕوونی کردەوە کە گردی مۆزان گردێکی گەورەی سەرسووڕهێنەرەو بەرزییەکەی ٢٧ مەترەو ١٢٠ هەکتار زەوی داگیر کردووە، گردێکە جێگای تێبینییە بەو قەبارەیە کە تاکو ئێستا کنەو پشکنینی تیا نەکراوە . لێرەدا ڕوونی کردەوە کە هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێك شوێنەوارناسی بەریتانی ماکس مالەوان لە ساڵی ١٩٣٧ دا سەردانی گردی مۆزانی کردو بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لێکۆڵینەوەی لەسەرپاشماوەی چاخەکانی پێش مێژوو دەکرد (٣ )چاڵی تاقیکردنەوەی هەڵکەندووەو بڕیاری کنەو پشکنینی هەموو گردەکەی نەداوەو بە هەڵە سواڵەتەکانی بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان گێڕاوەتەوە ، ئەمەش ئەو بڕوایەی لا دروست کردووە کە ئەو چینانەی کەوتوونەتە ژێرەوە بۆ سەردەمی زۆر کۆن ئەگەڕێتەوە کە لەڕاستیدا وانییە . کیلی بوسیلاتی دەڵێ :(( گڵێنە دۆزراوەکانی گردی مۆزان زۆر بە جوانی دروست کراون ، تا ڕادەیەك لە گڵێنەکانی سەردەمی ڕۆمانییەکان دەچن )) ، هەروەها ووتی : ((ئەوکاتە شوێنەکانی تر کنەو پشکنینیان تیا نەکرابوو هەر بۆیە (ماکس مالەوان) کەوتە ئەو هەڵەیەوە کە ئەمانە بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان))

خێزانی مالەوان نووسەری چیرۆکی پۆلیسی (ئاگاساکریستی) لە یاداشتەکانی خۆیدا بە ناوی (وەرە پێم بڵێ چۆن دەژی) نووسیویەتی کە خۆی زۆری پێخۆشبووە مێردەکەی بڕیاری داوە لە گردی مۆزان کنەو پشکنین نەکەن ، چونکە مێشوولەی زۆری هەبووەو و ئامێری فێنککەرەوە لە نزیکترین

شار کە (ئامۆدا) بووە نەبووە بڕوانە(Aramco World , July / August , 1990)) ، هەروەها (ئاجاساکریستی) نووسیویەتی : (٣ گرد لە پێشبڕکێ دابوون بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئێمە، گردی حەمدون ، گردی جگەربازارو سێیەمیان گردی مۆزان کە ئەمیان لە گردەکانی تر گەورەتر بوو هەروەها لە دوانەکەی تر زیاتر مەزەنەی لێ دەکرا کە پاشماوەی ڕۆمانییەکانی لێ بێت ) ، بەڵام پاشان ووتی :(( ناچاربووین گردی مۆزان لە لیستی ئیشەکانمان دەرکەین کە چەند چینێکی سەردەمی ڕۆمانی لێ بوو، ئێمە مەبەستمان بوو کنەو پشکنینی تیا بکەین ئەمەش چەند وەرزێکی دەویست لەگەڵ کاتێکی زۆرو پارەیەکی زۆر کە بۆمان تەرخان نەکرابوو . پاش کارکردن لە گردی جەگەربازار ماڵەوان تەنیا بیری لە گردی مۆزان دەکردەوە و لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی : (هێشتا سیمای شارستانییەتێکی گرنگ لە ناوچەکەدا ماوە) .

هەروەها نووسیویەتی : (( لە بیری خۆمدا ئەمووت ئاخۆ گەورەیی و دەوڵەمەندی گردی مۆزان نموونەی هەبێت ) دوای نزیکەی ٥٠ ساڵ بوسیلاتی گەشتێکی بۆ گردی مۆزان ئەنجامدا لە توێژینەوەی سواڵەتەکان دا بۆی دەرکەوت کە بە قاڵبێکی کانزایی دروست کراون ، لە ساڵی ١٩٣٠ دا وا بیر دەکرایەوە کە ئەمە سیمای پیشەسازی ڕۆمانییە . بوسیلاتی گەیشتە ئەو رایەی کە ئەو لەتە سواڵەتانە بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان ناگەڕێنەوە بەڵکو بۆ هەزاری سێیەمی پێش زایین دەگەڕێنەوە هەروەها هیچ چینێکی ڕۆمانیشی لێ نەبوو تاکو کنەو پشکنین تیا بکرێ . دوای ئەوە ماڵەوان بۆی دەرکەوت کە ئورکیش لە ئەفسانەیەك زیاترە ، دوو شێری بڕۆنزی بچووك کە هەریەکە نووسینی مێخی لەگەڵ نەخشی خوری کۆنی لەسەربوو لەوانەیە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین بگەڕێنەوە ، لە شاری عامودە لە ساڵی ١٩٤٨دا فرۆشران بە هەردوو مۆزەخانەی لۆڤەرو میترۆ پۆلیتان . دەقی نووسینە مێخییەکەی سەر هەردوو پەیکەرەکە ئەمەیە :

(پاشای ئورکیش پەرستگای شێری دروست کرد) . لەگەڵ ئەوەی شێرەکان لە بازاڕەکانی عامودەدا فرۆشرابوون بەڵام پاشماوەی هەزارەی سێ و دووەمی پێش زایینی لە گردی (شێرموڵا)ی نزیك عامودە بەدی نەکراوە . بوسیلاتی روونی کردەوە کە شارەزاکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە هەڵەیەی کە (شێرموڵا) شوێنی شێرەکانە تەنیا لەبەر ئەوەی لە عامودەوە نزیکە لە لایەکی تریشەوە گردی مۆزان هیچ چینێکی نیشتووی لەسەر نیەو نزیکترین شوێن بۆ عامودە کە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە . گوندنشینەکان مردووەکانیان لەوێ ئەناشت و لەوانەیە شێرەکان لە کاتی ناشتنی مردووەکاندا دۆزرابنەوەو لە پاشاندا لە نزیکترین بازاڕ فرۆشرابن . بوسیلاتی و

ژنەکەی سوور بوون لەسەر ئەوەی بەلایەنی کەمەوە تیمێکی کنەو پشکنین پێك بهێنن نەك لەبەر ئەوەی گردی مۆزان شوێنی شێرەکانە بەڵکو لەبەر ئەوەی لە راستیدا شاری ئورکیشە ، هەروەکو شتاین پلەر ئەڵێ : ( ئەمە بۆچونێکی دڵخۆشکەرە ) . لە کاتی بەسەربردنی نۆ وەرزی پشکنین لە ساڵی ١٩٨٣ وە تیمەکەی بوسیلاتی یەکەمجار دیواری دەرەوەی شوراکەیان دەست نیشان کرد کە (٩ * ١٦ م ) بوو . بڕوایان وابوو کە پەرستگایە ڕێڕەوێك بەرەو ناوەوە دەڕوات و بە چینێکی ئەستووری شێوە چیمەنتۆ سواغ دراوە ، پاشماوەی هیچ ئاوەڕۆیەك دیار نەبوو، ئەندازیارەکان وای بۆ دەچوون کە بیناکە سەقفی هەبووە ،چونکە پاشماوەی هیچ پایەیەك دیار نییە ، بناغەی بیناکە بە بەرد دانراوەو پاشان بە خشتی کاڵ بەرزکراوەتەوە . گابەردێك دۆزرایەوە کە لە ناوەراستیا چاڵێکی تێدابوو لەوانەیە شوێنی قوربانی بێ کە لە راستیدا لەوە زیاتر هیچی تر نەبوو ئەمەش بۆچوونەکەی بوسیلاتی سەلماند کە ئەم بینایە لە بنەڕەتدا پەرستگا بووە .

بۆسیلاتی پاشماوەی چوار سەردەمی ژیانی لە بیناکەدا دۆزییەوە، هەرە کۆنەکەی بە ئاگر وێران کرابوو ، کۆکراوەی کاولکارییەکە لە پشتی بیناکە کۆکرابووەوە لە نێو ئەو پاشماوە کاولکارییەدا پەیکەرێکی بەردی بچووك لە شێوەی شێر دۆزرایەوە وەکو شێوازی شێرە زیوییەکان بوون ، پشتی پەیکەرە بەردینەکان وەکو پەیکەرە زیوییەکان وایە ، بە نەخشێکی قووڵ و شێوەیەکی ناریك وێنە کراوە . چاوی بە قوڵی هەڵکەندراوە و لەوانەیە بە بەردی بەنرخ جوان کرابێت، کیلی بۆسیلاتی بۆی دەرکەوت کە ئەم پەیکەرەی لە بەردی کلس دروست کراوە وەکو دوو پەیکەرە برۆنزیەکە وایە و لە پەیکەرە شێرەکانی تر زیاتر واقیعیانە دروست کراون ، لەبەر ئەوەی شێرەکەیان لە شوێنی قوربانی دۆزییەوە ، بوسیلاتی بیناکەی ناونا (پەرستگای شێر) لەوانەیە بۆچوونەکەی راست بێت کە پەرستگایە ئەویش بە دۆزینەوەی شێرە برۆنزیەکانی لە ساڵی ١٩٤٨ دا . لەگەڵ ئەوەی ئەم بینایەیان بەم ناوە ناونا وە بەڵام نەگەیشتنە ناوەراستییەکەیَ کە (ئۆرکیش)ە.

لەهەر شوێنێکی تازەی وڵاتی نێوان دوو رووبار هەموو شوێنەوار ناسێك ئاواتی هەرە گەورەی ئەوەیە کە ئەرشیف یا تابلێت یا مۆر بدۆزێتەوە لەو شوێنەی ئیشی لێدەکات ، چونکە بە خوێندنەوەی نووسینەکە لە راستی شوێنەکە دڵنیا ئەبێت و تیشك ئەخاتە سەر مێژووی شوێنەکە.

لە ساڵی ١٩٩٢ – ١٩٩٣ دا بوسیلاتی و هاوسەرەکەی بینایەکیان لە نزیك دەروازەی شاردا دۆزییەوە کە گەنجینە بوو ، لەم شوێنەدا شوێن مۆری ، (٦٦) مۆریان لەسەر قوڕو بەرد دۆزییەوە . و ئەمەش کارەکەیانی

ئاسانتر کرد . بوسیلاتی ڕوونی کردەوە کە ئەگەر ئەوان شوێن مۆرەکانیان بە ساغی بدۆزیایەتەوە زۆر بە وورياييیەوە ئەيان گواستەوەو وێنەیان دەگرت و نەخشیان بۆ دەکێشا ، بەلام جێی داخە لە کاتێکدا کە گۆزەکەيان کردۆتەوە هەمووی شکاوە و یان بەشێکی کەوتۆتە ژێرپێی مرۆڤەوە لەناوزەوی ژوورەکەدا . بەلام لەناوشوێن مۆرەکاندا مۆرێکیان دۆزییەوە (تۆپکیش ، پاشای ئۆرکیش )ی لەسەر نووسرابوو ، هەستیان بە خۆشی کرد لە دوایيدا ناوی پاشای خوری و ناوی شارەکەیان دەست کەوت ، نووسینەکانی سەر شوێن مۆرەکان نیشانی دەدەن کە لە سەدەی ٢٣ ی پ . ز ژیاوە، لە پێش هەموو پاشا خورییەکانی تر کە ناسراون ، لە مانگی ١١ ی ساڵی ١٩٩٥ دا دۆزینەوەی ئۆرکیشیان دەرخست ، خوێندنەوەی شوێنی مۆرەکان بە تەنیا کارێکی زۆر قورس بوو نەك لەبەر ئەوەی مۆرەکان شکاون و پارچە پارچەن بەڵکو لەبەر ئەوەی بە هەڵەو گەڕاوی دروست کراون .

بۆسیلاتی مۆرێکی بۆ نەخوێندرایەوە تاکو دانەیەکی لەبەردەم ئاوێنە دانەنا ، بەلام بۆچی خورییەکان لە ئۆرکیش مۆرەکانیان بە پێچەوانەوە دروست ئەکرد بە پێچەوانەی مۆرە لولەییەکانی وولاتی نێوان دوو ڕووبار ، بوسیلاتی ووتی ((ئەمە پرسیارێکە بە ملیۆنێ دۆلارە، ئەمە کارێکی زۆر تایبەتە لەبەر ئەوەی ئەم کارە بە تەنیا لە ئۆرکیش ڕوویداوە ؛ ئەمە زۆر گرنگە.

لە سەرەتای هەزارەی سێدا نووسینی مێخی لە لایەن سۆمەری ، ئەکەدی ، خورییەکان بەکار هێنراوە بۆ نووسینی زمانە جیا جیاکانیان وەکو نووسینی عەرەبی کە بەکار دێت بۆ نووسینی عەرەبی، فارسی ، ئوردی یان نووسینی ڕۆمانی کە بە زمانی جیا جیای وەکو ئینگلیزی و تورکی و پورتوگالی بەکار دێت .

لە سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵێکی زۆر لە تابلێتە مێخییەکان دۆزرانەوەو پاش خوێندنەوەیان دەرکەوت کە سەرچاوەیەکی بنەڕەتین و زانیاری تەواویان لەسەر شارستانیە کۆنەکان تێدایە .

دکتۆر میر جیۆسەلڤینی بەڕێوەبەری پەیمانگەی ماسینیەن و ئیجی و ئەنادۆڵی لە ڕۆما ڕوونی کردەوە کە خورییەکان لە دوای ٢٥٠٠ پ . ز لە کەوانەی بەپیت لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی چیاکانی تۆرۆس و زاگرۆسدا دەرکەوتن ئەو شوێنەی کۆنترین مێژووی تیایە، هەروەها نووسیویەتی : (( خورییەکان بە هۆی مێژووی شارستانییەتی سۆمەرییەکانەوە و بە هۆی دەقەکانی پاشا ناوخۆییەکانی ناوچەکەشەوە ناسراوبوون . سالڤینی تێبینی کرد کە خورییەکان لەسەرەتای چوونە ناو بواری شارستانییەتی وولاتی نێوان دوو ڕووبارەوە ڕۆشنبیرییەکی تێکەڵیان لە سۆمەری و ئەکەدی هەبووە . بۆ

ئەم وێنەیەی سەردەمی ئەکەدی کۆن پێویستە پشت بە زانیارییە نوێیەکان ببەسترێ کە لە لایەن جیۆرجیۆو مارلین بوسیلاتی لە گردی مۆزان دۆزرانەوە، لەگەڵ یەکەم بەڵگەنامەی ئەرشیفی تۆپکیش پاشای ئورکیش .

وا دەرئەکەوێ تۆپکیش ناوێکی خوریییە، لە کاتێکدا ناوی هاوسەرەکەی (ئۆکنیتوٚم)ە کە ناوێکی ئەکەدییەو بەناوی کچی لازوەرد دێت ، بۆسیلاتی وای بۆ دەچێ لەوانەیە ئەمە شوکردنێکی شاهانە بێت . لەگەڵ بایەخدانێکی سیاسی کە پاشایەکی خوری خانمێکی لە باشوور هێنابێت و بە زمانی ئەکەدی قسەی کردبێت . لەبەر ئەوە بوسیلاتی تەنیا لەیەك بەشی گەنجینەکەدا کنەو پشکنینی کردوو ئەوەی دۆزییەوە، لەوەش زیاتر شوێن مۆری (١٢٣) مۆری دۆزییەوە کە تیایدا ناوی (ئۆکنیتوم) ژنی پاشای تۆپکیش یان ژمارەیەکی تری خانمی خانەوادەی تیابوو . بوسیلاتی گەیشتە ئەو رایەی کە ئەم شاژنە کەلوپەلەکانی لەم ناوچەیە کڕی بێت . بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەم شاژنە ئەوەندە سەر گەرم نەبووە بۆ ئەوەی کەلو پەلەکانی لەم گەنجینەیە دابنێ بەڵکو چەند خزمەتکارێك کە یەکێکیان ناوی (نانی)یە هەستاون بە هێنانی ئەم کەلوپەلانە لە ناوچە نزیکەکانەوە . ئەم کەلوپەلانە نێردراون بۆ شاژن و ناوی ئەوی لەسەر نووسراوە . سووربوون لەسەر ئەوەی ناوی (ئۆکنیتم) خێزانی پاشایە وای لە کیلی و بوسیلاتی کرد کە بڕوا بەوە بکات کە یاسایەکی تایبەتی دانرابێ بۆ خێزانی پاشا . هەروەکو ئەوەی لە ئۆگاریتدا کاری پێدەکرا . کاتێ دایکی پاشا بڕیارێکی تایبەتی هەبوو . لە راستیدا بۆسیلاتی تاکو ئێستا هیچ شتێکی نەدۆزیوەتەوە کە بگەڕێتەوە بۆ دایکی شاژن ، هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە فرەژنی نیشان بدات لەبەر ئەوەی زۆرینەی مۆرە لولەییەکانی تر وێنەی خەڵك نیشان ئەدەن کە خۆیان ئامادە کردووە بۆ خواردن یاخود خزمەت دەکەن . شوێنەوارناس وای بۆ دەچێت کە ئەم شوێنە شوێنی ئیش کردن بێ.

خورییەکان کێ بوون ؟ ئێمە دەزانین کە خورییەکان لە نزیکەی هەزارەی سێدا ژیاون لە هەمان کاتدا سۆمەرییەکان لەباشوور و سامییەکانی ئیبلا لە باکووری خۆرئاوا ژیاون . بوسیلاتی روونی کردەوە کە شارەزایانی زمان بڕوایان وایە پەیوەندی لە نێوان زمانی کۆنی خوری (کە نەسامیەو نە هیندۆ ئەورووپییە)و لە زمانی جۆرجیدا هەیە . لەوانەیە خورییەکان لە ناوچەی قەفقاسەوە دەرکەوتبێ و بەرەو ناوچەی ئەنادوڵ هاتبێ . بوسیلاتی ئەم ناوچەیەی ناونا (دەرەوەی کەوانەی بە پیت) ، سۆمەرییەکان لە ناوچەیەکی ووشکدا ژیاون و بۆ دروستکردنی خانووەکانیان پشتیان بە خشتی کاڵ بەستووە . ئیبلاییەکان لە کەنار رووباردا ژیاون . خورییەکان لە ئورکیش لە

چیاکانی ئانادۆڵەوە کانزایان دەهێناو لە دروستکردنی بیناکانیاندا بەردیان بەکار دەهێنا .

لێکۆڵینەوەکانی بوسیلاتی لەسەر بابەتەکانی ئەفسانەی خورییەکان وای نیشان ئەدات کە لێکچوونێك لەگەڵ باری دەروونی دانیشتوانی چیاکانی باکووردا هەبێت،( کۆماربی) خواوەندی سەرەکی شاری ئورکیش کوڕێکی هەبوو بە ناوی (ئۆلیکۆمی)، ناوەکەی بەمانای بەردی بازڵت دێت . وێنەکەی وەکو وێنەی تەقینەوەیەك کراوەو باڵی بەسەر زەویدا کێشاوە . بازڵت رووبەرێکی زەوی داپۆشیوەو کە لەوانەیە لە تەقینەوەی ئەستێرەیەکی ترەوە کە ئێستا خامۆشە دەرچووبێت . نزیکەی ١٠٠ کم لە گردی مۆزانەوە نزیکە . بوسیلاتی وای بۆ دەچێت ئەمە ئەفسانەیەو کاتی دیمەنی هەڵچوونی گرکانەکان دێنێتەوە یاد .

ناوی کوڕەکەی تری کۆماربی ( زێوە) کە نیشانەی توانای خورییەکان بەسەر کانزادا نیشان ئەدات . بوسیلاتی بڕوای وایە (زیو) لە ئەفسانەی خوریدا بەبێ سوود گەڕا بەدوای باوکیدا کە لە ئورکیش دەژیا ، بەڵام لە کۆندا لە چیاکاندا ژیاوە . ئایا ئەشێ ئەمە ئاماژەیەك بێت بۆ بازرگانی کردنی ئورکیش بە کانزاوە؟ .سەرەتیر ، خەنجەر ، دەرزی ، بروش لە مسی ساغ هەروەکو شێوەیەکی ئەنکی تەنەکەو برۆنز و مس تێکەڵ بە زەرنیخ لە گردی مۆزان دۆزراونەتەوە . لەگەڵ خەملاندنی دانیشتوانی ئورکیش بە (١٠ ـ ٢٠) هەزار کەس ئەو شارەی کە رێگای بازرگانی هەرێمایەتی و رێگای کانزای هەبوو لەبەر ئەوە خورییەکان رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە ژیانی ئابووری گەلانی سۆمەری و ئیبلایەکاندا . ئورکیش بە پێی پێویست گەشایەوە بە هۆی هێنانی زێرو زیو بۆ گەنجینەکەی لە کاتێکدا وڵاتی نێوان دوو رووبار کێڵگەیەکی باش بوو بۆ گەنم . لەبەر ئەوەی هیچ ئیشارەتێك بۆ گۆڕانێکی ئێجگاری نییە و هیچ زانیارییەك لەسەر شەڕێکی کاولکاری نییە بوسیلاتی بڕوای وایە کە شارەکە لە نزیکەی (١٥٠٠ پێش زایین) چۆڵ کراوە یان بە هۆی گۆڕانکاری کەش یاخود بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو . بەڵام ئورکیش کاریگەری خۆی لەسەر مێژوو هەر هەبووەو مێژوونوسان بەردەوام کاریگەری خواوەندەکانی خورییەکانی بۆسەر پەرستگای هیتییەکان تۆمار کردووە . کیلی بوسیلاتی بڕوای وایە کە هیتییەکان بەردەوام بیروباوەڕەکانیان لەسەردەمە جیا جیاکاندا لە خورییەکانەوە وەرگرتووە . هەروەها لە توێژینەوەکانیدا لەسەر شوێنی مۆرە لولەییەکانی گردی مۆزان بۆی دەرکەوتووە کە لێکچوونێك لە هەندێ لایەندا هەیە تاکو ئێستا نەزانراو بووە لەهونەری هەزارەی سێیەمدا . کیلی بوسیلاتی دەڵێ : خورییەکان هەستاون بە لێکدانی ناوی ئەو

کەسـانەی لەسـەر مـۆرە لولەییـەکان وێنـەیان کردوون ، کە ئێمە وای بۆدەچین ئەم کارە



نـەختێك درەنـگ دەسـتی پـێ کردبـێ ، سـەرەرای ئەمـەش ئێمـە بـە هـۆی شـوێن مۆرەکانەوە ئەتوانین زنجیرە سەردەمە یەك لە دوای یەکەکان دەست نیشان بکەین . تێبینی کـرد کـە شـاژن بـەوە جیـا دەکرێتـەوە کـە پرچێکـی تـاکی هەیـەو سـەری رازاوەتـەوەو منـاڵێکی شـاهانەی لـە باوەشـدا دانـاوە لـە کـاتێکدا جێنشـین کـە بـە تاجەکـەی دەناسرێتەوە دەستی لەسەر ئەژنۆی بـاوکی داناوە . کیلی بوسیلاتی بە دەنگێکی بـەرزو بەخۆشـییەوە روونـی کـردەوە کـە (بـیری سەرەکی) لای خورییەکان سووربوونە لەسـەر وێنـەکردنی ئاژەڵـەکان بـە شـێوەیەکی سروشـتی، جوانـترین پەیکـەر وێنـەی جووتیارێك نیشان ئەدات کە بە قاچی پاڵ بە ئامێرێکەوە ئەنێ و ئەمەش شێوازێکی تازەیە و بەچەند سـەدەیەك پێش هونەرمـەندەکانی باشووری خۆرئاوا کەوتووە . بوسیلاتی ووتی:

((سـوپاس بـۆ شـوێن مۆرەکـان ، ئێسـتا خوریـیـەکان نـاوو شـێوەیان هەیـە . ئێسـتا دەزانین کە چۆن بوون، دەزانـین کـە بوونیان هەبوو . جێنشینی پاشا دەموچاوێکی سەرنج راکێشی هەبووە بەڵام شێوەیەکی رێك و پێکی نـەبوو . لـەوەرزی داهـاتوودا بۆسـیلاتیو ژنەکەی بە نیازن کنەو پشکنین لە پارچەیەکی تری گەنجینەی بەسـتراو بە ژووری پاشاوە بکـەن و ئاواتـەخوازن لـەو گەنجینەیـەدا کۆمـەڵێك شـتی تـر بدۆزنـەوە . ئایـا وەرزی داهاتوو وەکو وەرزەکانی تر بە سوود ئەبێت کە تاکو ئێستا گردی مۆزان لە (١٪)ی کنەو پشکنینی تیا کراوەو شتی تر زۆر ماوە لەم شارستانیەتەوە فـێری ببـین دەربـارەی ئـەم شارستانیەتە .

لە گۆڤاری (Aramco World , Vol, 48 , No 3 , May - Gune 1997) وەرگیراوە.

# خورماڵ و شوێنەوارە دێرینەکانی

**نووسینی/ مێژوو نووسێك**

خورماڵ (١)یەکێکە لەو ناوچە شاخاوییانەی کە دەڕوانێت بە سەر دەشتی شارەزوورداو لە دامێنی کۆمەڵە شاخێکدایە کە هەردوولای خۆرهەڵات و خۆرئاوای گرتووە . تیایانا هەیە لە لووتکەی ئەو شاخانە زۆر بەرزن لەوانە (کونە سوچەر) ، (سەر پورە) ، (کڵاو زەڕ) ، (تاشلی) ، گڵە زەرد) ، لەناو ئەو شاخ و گردۆڵکانەدا چەند شوێنێکی وا هەن کە بۆ کشتوکاڵ بە کەڵکن لەبەر زۆری ئاو لە ناوچەکەدا .(٢) دارو درەختێکی زۆری وەك گوێزو توو ، و هەنار .. هتد دەبینرێن کە شیوو دۆڵ و قەدپاڵی شاخەکانیان گرتووەتەوە .

لە ناوچەکەدا ژمارەیەکی زۆر ئەشکەوت دەبینرێن ، پێ دەچێت شوێنی دانیشتنی مرۆڤ بوو بێت لە چاخە بەردینە زووەکاندا (٣). ناوچەی خورماڵ بەشێکی گرنگی ناوچەی شارەزوورەو ناوی لەسەرچاوە مێژوییە کۆنەکاندا هاتووە و گەلێ شەڕی خوێناوی بە خۆوە دیوە چونکە سەرە ڕێگای ڕۆم و عەجەم بووە کە هەر یەك لەمانە هەوڵیان داوە بۆ داگیر کردنی یان گەیشتن بە شوێنەکانی تر .

هەندێك لە مێژوو نووسان وای بۆ دەچن کە ئەم ناوچەیە شوێنی نیشتەجێی گەلی لۆلۆ (٤) بووە ، کۆنترین سەرچاوەش بۆ ئەمە نووسراوە مێژووییە کۆنەکانە کە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە . کۆمەڵێك لە مادەکانیش لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا گەیشتوونەتە ئەم ناوچەیە . لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکاندا ناوچەکە گرنگییەکی تایبەتی هەبووەو وەکو شارێك بە (نیم ئەزراە) ناسراوە لەبەر ئەوەی دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕێگای پاشا ساسانییەکان کە لە تەیسەفونەوە بەرەو شاری شیز لە ئازەر بایجان کەوتوونەتە ڕێ بۆ زیارەت کردنی پەرستگای سەرەکی زەردەشتی لە کاتی چوونە سەر تەختی هەر پاشایەکدا گرنگی ناوچەکە لە مێژوودا لە چاخە ئیسلامییەکاندا کەمتر نەبوە لە چاخە کۆنەکان .

گەڕۆك ، موسەعەری کوڕی موهەلهەل وەسفی شاری (نیم ئەزراە) دەکاو دەڵێ: لە شاخێکەوە نزیکە بە شەعران واتە (هەورامان) یان زەڵم (کەژی زەڵم) ناسراوە ئەم وەسفە

لەگەڵ پاشماوەکانی خورماڵدا یەك دەگرنەوە (٥).

لە گەشتێکماندا بۆ ناوچەی خورماڵ بە ئامانجی بەسەرکردنەوەی شوێنەوارەکان توانیمان هەندێ شوێنەواری تازە تۆمار بکەین ئەو شوێنەوارانەش لێرەدا دەکەین بە دوو بەشەوە .

١- شوێنەوارەکانی گوندی سەرگەت :(٦) گوندی سەرگەت دەکەوێتە خۆرهەڵاتی خورماڵ دەتوانین لە ڕێگای گوندی (گوڵپ) ەوە بیگەینێ کە دەکەوێتە خۆرئاوای . گوندی سەرگەت دەکەوێتە ناو دۆڵێکی پڕ ئاوو درەخت و بە کۆمەڵێك لوتکەو زنجیرە شاخ دەوری دراوە لەوانە (لوتکەی سوَڤ نەبی) کە دەکەوێتە لای باکوورو زنجیرە شاخی (شێراو) لە خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا کە ناسراوە بە (هەمە شوانە) ، دۆڵەکە بە لای باکووردا وردە وردە تەسك دەبێتەوە پێش ئەوەی بگاتە (دەرەی مەڕ) (وێنەی ژمارە١) لە باکووری خۆر ئاوای



دا چەند ئەشکەوتێك بەرچاو دەکەون هەتا ئێستا کنەو پشکنینی زانستییانەیان تیا نەکراوە کە لە ناویاندا ئەشکەوتی گاوران دێ.

لێرەدا تەنیا لەسەر ئەو ئەشکەوتە دەدوێین . بۆ گەیشتن بە ئەشکەوتەکە ، ڕێگایەکی پێچاو پێچی هەورازی بەردەڵانی سەختمان گرتە بەر تا گەیشتینە بەردەمی بەشی خوارەوەی پەرستگاکە واتە پلیکانە هەڵکۆڵراوەکان لە بەری شاخەکە کە بەرزی پەرستگاکە بۆ زەوی لەو ئاستەدا ١٣ مەتر دەبێت . شێوەی ڕێگاکە لێرەدا لە پیتی (L) ی ئینگلیزی هەڵەو گەڕاوە دەچێ (وێنەی ژمارە/٢).



ئەوەی ماوەتەوە لە پلیکانەکان ژمارەیان (٤٧) پلیکانەیە بە داخەوە ئاوو هەوای کوردستان و بەفرو باران کاری زۆری تێ کردوون و زۆرینەیان تێکچوون و هەندێکیان بە دەستی مرۆڤ شکێنراون . درێژی هەر پلیکانەیەك (٢٥) سەنتیمەترەو پانییەکەشی (٢٣) سەنتیمەترەو بە هەمان دەستور بەرزییەکەشی . ئەم پلیکانانە دەمانگەیەنێتە بەشی خوارەوەی دەمی ئەشکەوتەکە بە دووری هەروا دوو مەترێك لێیەوە . لێرەدا بە داخەوە پاشماوەی پلیکانەکان نامێنێ لەوە دەچێت بە دەستی ناحەزان تێکدرابن .

(وێنەی ژمارە/٣) کە دەچیتە ناو پەرستگاکە خۆت لە بەردەم ژوورێکی نیمچە چوارگۆشەی گچکەدا دەبینییەوە درێژییەکەی نزیکەی دوو مەترێك دەبێت و پانییەکەشی نزیکەی



٢,٥مەترە . بە هۆی دەرگایەکی چوار گۆشەی گچکە کە درێژییەکەی (٢) مەتر زیاترەو پانییەکەی بە هەمان دەستوور ، دەگەیتەوە بە ژووری دووەم کە درێژییەکەی نزیکەی (٣) مەترەو پانییەکەشی لەسەر هەمان شێوەیە .

دیواری ئەم ژوورە بە جوانی لە بەردەکە تاشراوەو هەتا سنوورێکی زۆر گۆشەکانی بە رێکی دەرهێنراون بە پێچەوانەی ژووری یەکەم کە ئەو گرنگییەی لە داتاشین پێنەدراوە . لە دیواری دواوەی ژووری دووەم کوانووی ئاگر دەبینییەوە کە لە بەردی دیوارەکە لە شێوەی سێ کوچکەیەکدا دەرهێنراوە هەروەها پاشماوەی سەکۆی ئاگرەگەو رەشی ئاگرەکەش بە بنی زەوییەکەیەوە دیارەو دەبینرێ ، جگە لەوەش دووکەڵی ئاگرەگە دیواری هەردوو ژوورەکەی رەش کردووە ، لە بەشی خوارەوەی رێگاکەشدا واتە خۆرئاوای توانیمان پاشماوەی (٣) دوڵ بدۆزینەوە . ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج دانە ئەو دۆڵانە بە چەشنی پلیکانەکان تێك چوون ئاوو هەوای ناوچەکە شێواندوونی یان دەستی مرۆڤ ئەو کارەی پێکردوون و .(وێنەی ژمارە /٤) وا پێدەچێت کەش و هەوای ناوچەکە لە زستاندا زۆر خراپ بێ و کاریگەری گەورە بکاتە سەری



پاشماوەی ئەو کارتێکردنەش بە ئاشکرا بە ناوچەکەوە دیارە .

بە بەراوردێك لە نێوان پەرستگای گاورانی گوندی (سەرگەت) و پەرستگای قەڵای دەرەکورە ، یان میری سور لە هەمان ناوچە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەردووکیان لەسەر شێوەیەك درووست کراون ، لە گەڵ ئەوەشدا کە هەندیك جیاوازی لە درێژی و پانی ژوورەکاندا بەرچاو دەکەون .

ژووری یەکەمی پەرستگای ئەشکەوتی گاوران هەر وەکو ئاماژەمان پێدا درێژییەکەی نزیکەی دوو مەترەو پانییەکەشی نزیکەی ٢,٥ مەتر واتە ژوورێکی نارێکە بەڵام ژووری یەکەمی پەرستگای دەرەکورە درێژییەکەی ٢,١٠ مەترەو پانییەکەی ٣,٢٠ مەتر واتە لە قەوارەدا لە یەکترەوە نزیکن ، ئەگەر نیمچە جوداییەکیش هەبێت هەر بۆ ئەوەیە نارێك دەرهێنراون .

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە گرنگی بە داتاشینی دیوارەکانی ژووری

یەکەمی هەردوو پەرستگاکە نەدراوە. لێرەدا جارێکی تر نیمچە جیاوازییەک لە نێوان باڵەکانی ژووری دووەمی پەرستگای گاوران و پەرستگای دەرەکورەدا دروست دەبێت کە پێوانەی هەردوو ژوورەکە بە جودا دەرهێنراون . لە پەرستگای دەرەکورەدا درێژی دیواری ژووری دووەم چوار مەترەو پانییەکەشی ٢,٢٠ مەترە بەڵام لە پەرستگای گاوران دا درێژی دیوارەکەی بە نزیکەی (٣) مەتر دائەنرێ و پانییەکەی یان بەرزییەکەشی بە هەمان دەستووره . ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجدانە ژووری دووەمی گاوران لە ژووری دووەمی پەرستگای دەرەکورە رێکتر دەرهێنراوە . لەگەڵ ئەو جیاوازییەشدا هەردوو ژوورەکە لەقەوارەدا لە یەکەوە نزیکن.

ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژە پێدان و جیاوازییە زیاتر جێگای کوانووی ئاگرەکەیە لە هەردوو لادا . سێ کوچکەی کوانووی ئاگری پەرستگای دەرەکورە دەکەوێتە نێوان ژووری یەکەم و دووەم کە بە هۆی دیوارێک بە یەکەوە نووساون ، سێ کوچکەکەشی لە نێوانیاندا دەبینرێ بەڵام سێ کوچکەی کوانووی ئاگری پەرستگای گاوران دەکەوێتە ناوەڕاستی بەشی دواوەی دیواری ژووری دووەم کە لە بەردەکە دەرهێنراوە .

لە پەرستگای دەرەکورەدا کونێکی بازنەیی کراوەتە بنمیچی گۆشەی ژووری یەکەمی پەرستگاکە ، لەوە دەچێت تایبەت بوبێت بە بردنە دەرەوەی دووکەڵی ئاگرەکە بەڵام ئەو دیاردەیە لە پەرستگای ئەشکەوتی گاوراندا نابینرێ . ئەوەی لە هەردوو پەرستگاکەدا یەک دەگرنەوە ئەوەیە کە دیواری هەردوو لایان ئاگری تیا سووتاوەو ئاگرەکەش لە قووڵاییدا بووەو نەبینراوە . جگە لەوەش لە بەشی خوارووی هەردوو لادا واتە لە رێگاکانیاندا ژمارەی دۆڵەکان (٣) دانەن کە ئاگریان تیا کراوەتەوە، ئەم ژمارەیەش شوێنێکی پیرۆزی هەیە لە ئایینی زەردەشتییا چونکە کۆڵەکەی ئاینەکە لەسەر (٣) شت دامەزراوە . ماوەتەوە بڵێین پلیکانە بەردینە هەڵکەندراوەکان کە هۆیەکن بۆ گەیشتن بە هەردوو پەرستگاکە لە هەردوولادا لە شێوەی (L) ی ئینگلیزی هەڵەو گەڕاوە دروست کراون . ئەوەی لێرەدا جودایی دروست دەکات ژمارەی پلیکانەکانە ئەوەی پەرستگای ئەشکەوتی گاوران (٤٧) پلیکانەیە بەڵام لە پەرستگای قەڵای دەرەکورەدا (٢٧) پلیکانەن ئەمە نیشانی دەدات پەرستگای ئەشکەوتی گاوران زیاتر لە بەرزیدا دروست کراوە ، پلیکانەکان لە هەردوو لادا چەشنی یەک دەرهێنراون تەنیا لە درێژیدا نەبێت کە پلیکانەکانی پەرستگای ئەشکەوتی گاوران گچکەترن .

شوێنەوارەکانی گوندی نارنجەڵە :

شوێنەوارەکانی گوندی نارنجەڵە بریتین لە پاشماوەکانی ناو قەڵای سەنگی سیاو چوار دەورەکەی . ئەم قەڵایە دەکەوێتە باشووری گوندی نارنجەڵە لە دووری نزیک دوو کیلۆمەتر لێوەی . بەرزی قەڵاکە لە زەوییەوە دەمەترێک دەبێت و پێک هاتووە لە پاشماوەیەکی بەردین لە نێوانیدا تلیشێک دەبینرێ بۆ سەردەمە خاکناسییە کۆنەکان

دەگەڕێتەوە کە کارتێکردنی ئاوو هەواو بەفرو بارانی بە سەرەوە دیارە . (وێنەی ژمارە /٥) .

لە بەشی سەرەوەی لوتکەی قەڵاکەدا دوو ئاگردانمان دۆزییەوە کە پاشماوەی



دووکەڵیان پێوە دیار بو ئەمەش نیشانەی ئاگرەکە کە لەو سەردەمە زووەدا بۆ مەبەستی پەرستن بە کاریان هێناوە . شێوەی ئاگردانەکان بازنەیی هەڵکەندراون بەرزی یەکەمیان (٢٠) سەنتیمەترە و تیرەکەشی (٢٣) سەنتیمەترە . (بڕوانە وێنەی /٦)



ئاگردان یان دۆڵی دووەم قوڵییەکەی (١٤) سەنتیمەترەو تیرەکەشی (٢٠) سەنتیمەتر. لێرەشدا پاشماوەی ڕەشی بە ئاگردانەکەو چواردەورەکەیەوە دیارە وا دەرئەکەوێت ماوەیەکی زۆر ئاگری تیا سوتابێت ، ئەمەیش نیشانەی بوونی پەرستگای زەردەشتی لە ناوچەکەدا نیشان دەدات. (بڕوانە وێنەی /٧).



لە بەردەمی قەڵاکەشدا بە لای ڕاستدا دوو ئاگردان یان دۆڵی ترمان دییەوە کە لە شێوەی بازنەیەکدا هەڵکۆڵرابون ، قوڵی دۆڵی یەکەم ٥ سەنتیمەتر بوو چەشنی ئاگردانەکانی تر پاشماوەی ڕەشی دووکەڵی پێوە دیار بو ، ئاگردانی دووەمیش چەشنی ئاگردانەکانی تر لە بەردەکە هەڵکەندرابو بەڵام تۆزێ قوڵتر ، قوڵیەکەی ١٧ سەنتیمەترو تیرەکەشی (٢٠) سەنتیمەتر دەبو . (بڕوانە وێنەی ژمارە/٨)



جگە لەو ئاگردانانەی کە باسمان کردن لە خۆرهەڵاتی قەڵاکەداو لە نزیکییەوە دۆڵێکی تر دۆزرایەوە لەوانی تر گەورەترەو قوڵییەکەی (٣٠) سەنتیمەترەو تیرەکەشی (٢٨) سەنتیمەتر . (بڕوانە وێنەی ژمارە/٩) .



بەراوردێك لە نێوان ئەو ئاگردانانەو ئاگردانەكانی ناوچەی بازیان ، یان ئەوانەی ناوچەی قەرەداغ كە لەناو ئەشكەوتە هەڵكەندراوەكان دەرهێنراون دەگەینە ئەو ئەندامەی كە ئاگردانەكانی قەڵای سەنگی (٧) سیاو لە رووی پێوانەیانا لە ئاگردانەكانی ئەشكەوتی ژمارە (٤) ی بازیان گچكەتر دەرهێنراون .

ئاگردانەكەی بازیان قوڵییەكەی (٥٥) سانتیمەترەو تیرەكەی (٦٠) سانتیمەترە . بەراوردێكی دیكەش لە نێوان ئاگردانەكانی قەڵای سەنگی سیاوو ئاگردانی ژمارە (٤) ی ئەو ئەشكەوتەی دەكەوێتە باشووری گوندی تازە دێ لە ناوچەی قەرەداغ دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئاگردانی ئەشكەوتەكەی تازەدێ كە تیرەكەی (٦٤) سانتیمەترەو قوڵییەكەی (٤٥) سانتیمەترە گەورەتر لەوانی تر دەكەوێتە بەرچاو (٨) .

سەرەنجام : لەبەر تیشكی هەموو ئەو زانیارییانەی سەرەوە دەگەینە ئەو خاڵانەی خوارەوە :

١- پەرستگای ئەشكەوتی گاوران لە گوندی سەرگەت چەشنی پەرستگای ئەشكەوتی قەڵای دەرەكورەی میری سور وایەو لە خاسییەتە سەرەكییەكاندا ، یەك دەگرنەوەو هەمان دەستور بۆ سەردەمی ئەشكانییەكان دەگەڕێتەوە . (٢٥٠ پ . ز - ٢٢٥ ز) .

٢) پێوانەیەكی یەكسان لە هەڵكۆڵینی ئەو ئاگردانانە واتە دۆڵانە بەكار نەهاتووە بەڵكو ئارەزوو لە قوڵی و تیرەی دەمی ئاگردانەكەدا دەوری بینیوە ، نموونەش بۆ ئەمە پێوانەیەكی تایبەتییان هەیە لە قوڵی و تیرەدا .

٣-ئاگردانەكانی قەڵای سەنگی سیاوی گوندی نارنجەڵە ئەوە دەگەیەنێت كە دانیشتوانی ناوچەكە لەو سەردەمە زووەدا پەیرەوی ئایینی زەردەشت بوون بەڵام ئەوەی لێرەدا نادیارە شوێنی پەرستگایەكە شوێنەواری لەناو قەڵاكەدا نەماوە پێ دەچێت كەوا پەرستگاكە لەسەردەمێكی دواتردا بە دەستی ناحەزانی ئایینەكە لەناو چووبێت واتە روخێنرابێت . بە سەیركردنی بەشی پێشەوەی قەڵاكە كە لە شێوەی نیمچە ئەشكەوتێكی گچكەدا دێتە بەرچاو ئەوە نیشان دەدات بە پێی ئەو بەڵگانەی بە دیواری شوێنەكەوە دیارە شوێنی پەرستگایەك بووبێت وێران كرابێت . (بڕوانە وێنەی ژمارە /١٠)



بەڵگەی بۆچوونەكەشمان لەگەڵ بوونی ئاگردانەكانا لە قەڵاكەو چوار دەورەكەی یەكدەگرنەوە . لە نزیكی ئەو قەڵایەش لە دووری چەند كیلۆمەترێك لەسەر رێگای بیارە - خورماڵ شوێنەوارێك هەیە بە ناوی (ئاتەشگا) واتە شوێنی ئاگر ، دەكەوێتە سەر

تەپۆڵکەیەك ئەگەر لێرەدا کنەو پشکنین بکرێ پێ دەچێت پاشماوەی پەرستگایەك دەربکەوێت و پەیوەندی بە ئاگردانەکانی قەڵای سەنگی سیاوەوە هەبێت .

پەراوێزەکان :

١- بۆ رەگوریشەی ناوی خورماڵ و ساخ کردنەوەی قسەو بۆچوون زۆرە ، بەلای منەوە راست ترینیان رای مامۆستایان فەرەنسیس و عەوادە کە ، دەڵێن :ناوی خورماڵ لە (گوڵ عەنبەر) ەوە هاتووەو واتاکەی لە فارسیدا بە گوڵاڵە سورە دێ . بۆ ئەم بۆچوونەشیان پەنایان بردووەتە بەر رای سپایزەر کە ، وتوویە : ناوی ئێستای لە (گوڵ عەنبەر) ەوە هاتووەو بووەتە (گورمباڵ) و (گورماڵ و) (خورماڵ) .

بڕوانە : جمال بابان . اصول اسماء المدن والمواقع العراقية ج ا بغداد ١٩٧٦ ص ١٦٢ .

٢- رزوق عيسى .كتاب مختصر جغرافيه العراق ١٩٢٢ گ ١ . ص ٢٩١ .

٣- طه باقر و فؤاد سفر . المرشد الي مواطن الآثار والحضارة . الرحلة السادسة بغداد - حلبجة . بغداد ١٩٦٦ ص ٢٢ .

٤- لۆلۆ .. یەکێکن لە کۆنترین گەلانی ناوچەی زاگرۆس بە چەند شێوەیەك ناویان لە مێژووی کۆندا هاتووە . کۆنترین ئاماژە بۆیان بۆ چاخی (٢٣) ی پێش زایین بۆ سەردەمی فەرمان رەوایەتی (نەرام سین) ی ئەکەدی دەگەڕێتەوە.

بڕوانە : الدكتور جمال رشيد احمد . دراسات كورديه فى بلاد سوبارتو . بغداد ١٩٨٤ ص ١٠٩ .

٥- د . حسام الدين النقشبندى . المدن القديمه المندرسه فى محافظة السليمانيه وتعيين مواقعها . مجله كاروان ٣٤ تموز ١٩٨٥ السنة الثالثة ص ١٢٥ .

٦- مامۆستایان تەها باقرو فوئاد سەفەر رایان وایە کە ناوی (سەرگەت لە (سەرخەت) یا وەکو (سەرحەد) ەوە هاتبێت هەر وەکو دانیشتوانی گوندەکەش وا دەڵێن کە بە مانای هێڵی سنوور دێ . لای ئێمە ئەم بۆچوونە جێی گومانەو پێ دەچێت پەیوەندییەك لە نێوان ناوەکەو (گاتا) ی پیرۆزی ئاینی زەردەشتی یا هەبێت . بونی پەرستگای زەردەشتی ئەشکەوتی گاوران لە گوندەکەدا ئەم رایە بەهێز دەکات .

٧- قەڵای سەنگی سیاو .. بە مانای قەڵای بەردی رەش دێ، شێوەی قەڵاکە لە دورەوە رەش دێتە بەرچاو.

٨- بۆ ئەو بەراورد کردنە سوود لەم سەرچاوانە بینراوە :

ا- باسێك لەسەر شوێنەوارە دەرکەوتووەکانی گوندی عامورەو میری سور لە ناوچەی خورماڵ لە پارێزگای سلێمانی . گۆڤاری هەزار مێرد ژمارە (٢) ساڵی یەکەم ١٩٩٧ ل ٧٩ ، ٨٠ .

ب- ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی ناوچەی بازیان . گۆڤاری هەزار مێرد ژمارە (٢) . هەمان سەرچاوەی پێشوو . ل ٤٦ .

جـ . ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی ناوچەی قەرەداغ گۆڤاری هەزار مێرد . ژمارە (٤) ساڵی یەکەم حوزەیران ١٩٨٨ . ل ٨٥ .

# ئاگری پەرستگای زەردەشتی سپی لە قەڵای شیلە

## شوێنەوارناسیێک

قەڵای شیلە یەکێکە لەو شوێنەوارانەی کە ، دەکەوێتە باشووری قـەزای شـارۆچکەی کۆیە هەروەها دەکەوێتە باشووری گوندی هەرمۆتە جگە لەوەیش گوندی شیلە خۆرئاوای لێگرتووەو لە خۆرهەڵاتیشدا چەمی‌کانی رێحانەی پڕ ئاوو دارو درەخت نزیکییەتی . (بڕوانە نەخشەی ژمارە (١).



شوێنەواری شیلە لە دوو گـردی شێوە خڕ دێتە بەرچاو، یەکەمیان بە قەڵای شیلەی گـەورە ناسـراوە درێژییەکـەی ٤٥ مـەترەو پانییەکـەی ٣٥ مـەتر . لای خۆرهـەڵاتی بەرزییەکەی، لەلاکانی تری زیاترەو نزیکـەی ٥٠ مەترێکـەو زۆر لێـژە ، لاکـانی تریشـی بەرزییـەکانیان کـەمترو جیـاترن ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ کاری کێڵان کە لەو شوێنانەوە ئەنجام دراون . (بڕوانە وێنەی ژمارە (١))



گـردی شـیلەی گـەورە لـە باشـووردا درێـژ دەبێتەوە تا دەگاتەوە بە گردی شیلەی بچوک ئـەم گـردەی دواییـش لـە شـێوەی لاکێشـدا دەکەوێتـە بـەرچاوو ئـەمیش هـەمان دەسـتور کێـڵان کـاری کردوٚتـە سـەر لاکـانیی و نـزم بووەتەوە . لەوە دەچێت هـەردوو گردەکە لە کۆندا گردێك بوبێ بەڵام هۆکانی جیاکردنەوە بە هـۆی ئـاوو هـەواو بـەفرو باران هـەروەها کـاری کێـڵان هـەروەکو ئاماژەمـان پێدا لـە

یەکتری جیای کردونەتەوە .

لە گردی قەڵای شیلەی گەورەدا پاشماوەکانی سواڵەتی سەردەمی ساسانییەکان و پێش ئەوان بەرچاو دەکەون لە گردی شیلەی گچکەشدا سواڵەتە بۆیاخ کراوەکان و بەردە ئەستێ لە شێوەی جۆری چەرموو و جۆرەکانی تری چاخەکانی پێش مێژوو لە جۆری مایکرۆلیسی و جۆرەکانی تری زەرزی و کاوری خان و تورکەکە دۆزرانەوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەم قەڵای شیلەی گچکەیە واتە ئەو بەشەی قەڵاکە لە سەردەمە کۆنەکانی پێش مێژودا وەکو شوێنەوارێك بە دانیشتوان ئاوەدان بووەو کۆنترە لە قەڵای شیلەی گەورە .

قەڵای شیلەی گەورە وەکو گردێکی بەرزو بڵند لە دورەوە لە هەموو شوێنێکی ناوچەکەدا دەبینرێ هەروەها لە ناوچەیەکدایە ، کەوتووەتە سەر ئەو رێگایەی کە هێڵی کەرکوك بە کۆیەو دیوی رانیەو قەڵادزەو دۆڵی خەلەکانەوە دەبەستێ ئەمەش وایکردووە ئەو لایەنەی ئەو قەڵایەی بە دەستەوە بوبێت توانیویە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ناوچەکەدا بڵاو بکاتەوە هەروەها وەکو بنکەیەکیش لەوێوە پارێزگاری ناوچەکەی پێکراوە . ئەوەی زیاتر گرنگی بەو شوێنەوارە داوە بوونی ئاوە لە کانی رێحانەی لای خۆرهەڵاتی کە پڕە لە دارو درەخت هەروەکو ئاماژەمان پێدا لەوەش دەچێت ناوچەکە لە کۆندا پڕ دارستان بوبێت بەڵام ئێستاکە روتەنە بە هۆی کاری مرۆڤی تێکدەرەوە .

ئاوو هەوای ناوچەکە مام ناوەندییەو زەوییەکەشی بۆ کشتوکاڵ بە پیت و بەرەکەتە . بەهەر لایەکی ناوچەکەشدا بڕۆی پڕە لە گردو تەپۆڵکەو شوێنەواری دێرین ئەمەش نیشانەی کۆنی مێژوویەتی .

شیلە لە زمانی کوردییا بە پێی ئەو زانیارییانەی لە دانیشتوانی گوندی شیلەی نزیك بە شوێنەوارەکە دەستمان کەوت لە وشەی (چیلە) وە هاتووە کە بە دیوارێك دەوترێت بە وشکە کەڵەك هەڵچنرابێت . وەکو ئاشکراشە لە کۆنەوە واتە لە سەردەمی میدییەکانەوە هەتاکو ئێستاش خانوو بەرەی کوردی هەر بەو شێوەیە لە ناوچە شاخاوییەکاندا دروست دەکرێت .

کاری کنەو پشکنین لە قەڵای شیلەدا :

ئەو زانیارییانەی لەوەو پێش لەسەر قەڵای شیلە وە دەستمان کەوتبون ئەوەیان دەگەیاند کە شیلە قەڵایەکی بەرهەڵستی بو بێت لە ناوچەکەدا ، ئەمەش بووە هاندەرێك کە پاڵی پێوە نایین کاری کنەو پشکنینی تیا ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی زیاتر لێی تێ بگەین کە ئایا راستە بەشی سەرەوەی ئەو شوێنەوارە قەڵایەکی لە خۆگرتووە لە جۆری قەڵاکانی چرچە قەڵاو جوڵندی و قەڵای کچێ و قەڵای کورێ. کنەو پشکنین لە قەڵای شیلەی گەورەدا (١) لە ١٩٩٨/١٠/١٧ دەستی پێکردو ماوەی دوو هەفتەی خایاند ئەمەش زیاتر ئەو چینە بەرزە دەرکەوتووەی لە پاشماوەی دیوار گرتەوە کە دەکەونە بەشی خۆرهەڵات و باکووری قەڵاکە . کنە کردنەکەمان روبەرێکی زەوی ٢٦+٢٤ مەتری گرتەوە کە تیایدا

توانیمان پاشماوەی پەرستگایەکی زەردەشتی دەر بخەین کە بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە ئەم پەرستگایە لەم بەشانەی خـــوارەوە پێـــك دێـــت :

١- حەوشەی چوار هەیوان کە لە هەموو لاکانییـــەوە دەوری دراوە (٢) . بڕوانـــە نەخشەی ژمارە/٢.



٢- سەکۆ ، یان میحراب کە بە چوار کۆڵەکە چوار لای گیراوە . ( بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣).



٣- هەیکەل یان شوێنی داگیرساندنی ئاگر لە گەڵ پاشکۆی ژوورەکانی ، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤) بۆ قسەکردن لەسەر بەشە



جیا جیاکانی ئەم پەرستگایە لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین کە حەوشەی پەرستگایەکە . درێژی باڵێکی ١٢ مەترەو شوێنی هاتنە ژوورەوەی، لە دەروازەیەکەوە دەگەێتە باشووری پەرستگاکەو درێژییەکەی دوو مەترەو پانییەکەی ٨٠ سانتیمەترە . دیواری لای چەپی دەروازەکە بە گۆشەیەك دێتەوە درێژییەکەی ٦٠و١ مەترەو پانییەکەی ٨٥ سم ، ئەم گۆشەیە بە دیوارێکەوە نووساوە کە لای خۆرئاوای گرتووەو بەرەو ناوەوەی

پەرستگاکە بە درێژی دەڕوات کە بە دیواری لای چەپ ناوی دەبەین ، پانییەکەی ٨٠ سانتیمەترەو . بەرزییەکەشی ٥٠ سانتیمەترەو لە بەشی سەرەوەیدا ٧٠ سانتیمەترە دیوارەکە بە بەردو گەچ دروست کراوەو رووی ناوەوەی بە گەچ کەفماڵ کراوە . ئەم دیوارە لەگەڵ دیوارێکی تردا یەکدەگرنەوە کە لە باشوورەوە بەرەو خۆرهەڵات دەکشێ هەروەها لەگەڵ دیواری شورەی پەرستگاکەش یەك دەگرنەوە . ئەو دوو دیوارە بە هەردووکیان لە دوو لاوە واتە لای خۆر ئاواو باشووری خۆرهەڵات دیواری دەرەوەی حەوشەی پەرستگاکە پێك دەهێنن .

لە دەروازەی دەرەوە کە دەڕۆینە ژوورەوە بە هەیوانێك یان ڕاڕەوێکدا تێدەپەڕین کە بە هەیوانی باشووری خۆرئاوا ناوزەدی دەکەین پانییەکەی ١/٦٠ مەترەو لێرەوە بەرەو دوا دەگەین بە چوار کۆڵەکە یەکەمیان درێژییەکەی ٤٥و١ مەترەو پانییەکەی ٨٠ سانتیمەترەو روەو لای ڕاست گەڕاوەتەوە گۆشەیەکی دروست کردووە پانییەکەی ١/٢٠ مەترەو بەرزییەکەی ٤٥ سانتیمەتر دووری ئەم کۆڵەکەیە لە کۆڵەکەی دووەم ١/٣٥ مەترەو چوار گۆشەیە درێژی باڵێکی مەترێکەو بەرزییەکەی ٥٠ سانتیمەترە هەروەها دووری کۆڵەکەی دووەم لە سێیەم ١/٦٠ مەترەو پێك هاتووە لە شێوە چوارگۆشەیەکی ناتەواو درێژییەکەی ١/٢٠ مەترەو پانییەکەی ١/٠٥ مەترەو بەرزییەکەی ٦٥ سانتیمەترە . لە دووری ١/٦٠ مەتر پایەی چوارەم دێ کە شێوەی (L) ی ئینگلیزی وەرگرتووە روەو خۆرئاوا خۆرهەڵات کە گۆشەیەکی وەستاوی دروست کردووە . ئەم کۆڵەکەو پایانە کە باسمان لێوە کردن لەگەڵ درێژە دیوارەکەی باشوور خۆرئاوا هەیوانی ژمارە (١) پێك دەهێنن کە لە کۆندا پێی دەچێت سەربانەکەی گومەزی هاتبێتەوەو بە بەردو گەچ دروست کراوە . لێرەوە هەیوانی دووەم دەست پێدەکات کە لە خۆرئاواوە روەو خۆرهەڵات دەکشێ تا دەگاتەوە بەر دەرگای ژووری سەکۆ یان میحراب کە بە چوار کۆڵەکە دەوری گیراوە ، دەتوانین بە هەیوانی خۆر ئاوا خۆر هەڵات ناوی بنێین . ( بڕوانە وێنەی ژمارە ٢)



هەروەکو ئاماژەمان پێدا ئەو گۆشەیەی کە شێوەی (L) ی ئینگلیزی وەرگرتووە بە درێژی خۆرئاوا خۆر هەڵات دەکشێ درێژییەکەی دوو مەترەو پانییەکەی مەترێك . ئەو بەشەی گۆشەکەی دروست کردووە روەو خۆرهەڵات دەکشێ درێژییەکەی ٢/١٠ مەترەو پانییەکەی ١/١٠ مەترەو بەرزییەکەی مەترێکە.

لێرەدا دیواری باشوور خۆرئاوای پەرستگاکە کە دیواری حەوشەیەو هەیوانی یەکەمی کەوتووەتە سەر لەگەڵ درێژە دیواری خۆرئاوا خۆر هەڵات یەکدەگرنەوەو

گۆشەیەکی وەستاوی پێنک هێناوە درێژییەکەی ٤ مەترەو پانییەکەی ١/١٠ مەترەو بەرزییەکەی ٨٠ سەنتیمەتر. کۆتاییەکەی بە دەروازەیەك لە گەڵ گۆشەی دیواری پێشەوەیدا دێ کە درێژییەکەی ١/١٠ مەترەو پانییەکەی ٨٥ سەنتیمەترەو دەتوانی لە رێگەیەوە بگەیتەوە بە دیواری بەشی خۆر ئاوا باکووری ژووری میحراب کە لێرەدا ڕاڕەوێك دەبینرێ بە بەردی چاك نەکراو فەرش کراوە ، درێژییەکەی لە هەموو لاکانیەوە ٢٤ مەترە پانییەکەی ٩٠ سانتیمەترە .

ئەو درێژە دیوارەی پشتی ژووری میحراب کاتی خۆی بەرەو خراپ بوون و روخاندن چووە بۆیە پاشماوەی چاککردنی پێوە دیارە . هەروەکو ئاماژەمان پێدا لە نێوان ئەو دیوارەی درێژییەکەی ١/٩٠ مەترەو پانییەکەی مەترێك و بەرزییەکەی ٨٠ سانتیمەترە لەگەڵ ئەو دیوارەی پێشەوەیدا کە درێژییەکەی ٢/٤٠ مەترەو پانییەکەی ١/١٥ مەترەو بەرزییەکەی ١/٥٠ مەترە، تاقێك لە بەرزی مەترێك لە دیواری باشووری ژووری میحراب دەبینرێ ؛ لە نێوان ئەو راستە دیوارەو دیوارەکەی پێشەوەیدا کە درێژییەکەی ٤٠و٢ مەترەو پانییەکەی ٢٠و١ و بەرزییەکەی ٨٥ سانتیمەترە دەروازەیەك بەر چاو دەکەوێ درێژییەکەی ١/٧٠ مەترەو پانییەکەی ١/١٠ مەترە ، دەگاتەوە بە بەشی باشووری ژووری میحراب .

لە بەرامبەریدا لە دوای ئەو گۆشەیەی کە شێوەی پیتی (L) ی ئینگلیزی وەرگرتووە (٣) کۆلەکەی چوارگۆشەیی دی دەبینرێن کە یەکەمیان دوای ١/٣٥ مەتر دێ درێژییەکەی مەترێکەو بەرزییەکەی ٤٠ سانتیمەترە هەروەها دوای ١/٥٧ مەتر پایەی چوارگۆشەی تر دێ کە درێژی باڵێکی مەترێکەو لە سەرەوەی پاشماوەی کۆلەکەیەکی بازنەیی دەبینرێ کە بەرزییەکەی مەترێکە

لە دوای ٢/٢٥ مەتر نێوان پایەی سێیەم دێ کە درێژی باڵێکی ١/٢٠ مەترەو بەرزییەکەی ١/٣٠ مەتر لە بەشی سەرەوەی کۆلەکەیەکی بازنەیی دەبینرێ تیرەکەی مەترێکە . لێرەوە لەگەڵ پاشماوەی دیواری باکووری خۆرهەڵاتی هەیکەل واتە شوێنی ئاگرەکە هەیوانی سێیەم دەست پێ دەکات کە لە باکوورەوە بۆ باشوور دەکشێ . (بڕوانە وێنەی ژمارە (٣) دوای ئەم هەیوانە



پاشماوەی دیواری دواوەی هەیکەل دەست پێ دەکات کە لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات دەکشێ هەروەك و باسمان لیوەی کرد درێژییەکەی (٦) مەترە بەڵام ٢/٤٠ مەتر دەچێتە ناو هەیوانەکەوە کە بەرزییەکەی (٩٥) سانتیمەترەو پانییەکەی ١/١٠ مەترە ، لەم هەیوانەدا کە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ باشوور دەکشێ خوت لە نێوان پاشماوەی دیواری

هەیکەل و ئەو پایە چوارگۆشەی پێشەوەیدا دەبینی کە پشتی داوە بە ڕاستە دیوارێك و بە دیواری پشتەوەی شوێنی ئاگرەکەوە نووساوە واتە هەیکەل لە بەشی سەرەوەی کوڵەکەیەکی بازنەیی دەبینرێ کە تیرەکەی مەترێکە ، لە نێوان ئەم کوڵەکەیەو پاشماوەی دیواری باشووری هەیکەل کە ڕووەو خۆرهەڵات دەڕوات درێژییەکەی لە ٣/٥٠ مەتر زیاترەو پانییەکەی مەترێکە درێژی پاشماوەی دیوارەکەش مەترێکەو پانییەکەی (٦٠) سانتیمەترەو بەرزییەکەی ١/٣٥ مەترە ئەم نێوانە دەتوانین بە هەیوانێکی گچکەی لاکێشی دابنێین . لە نێوانی پاشماوەی ئەم دیوارەو دیوارێکی تردا کە درێژییەکەی ٢/٢٥ مەترەو پانییەکەی مەترێکەو بەرزییەکەی ٧٠ سانتیمەترە هەیوانێکی گچکەی لاکێشی تر دەبینرێ ، پاشماوەی دیوارەکەش لێرەدا شێوەی پیتی (L) ی ئینگلیزی پێچەوانەی وەرگرتووە کە درێژییەکەی مەترێکەو پانییەکەی (٨٠) سانتیمەترەو بەرزییەکەی (٧٠) سانتیمەترە ڕووەو خۆرئاوا بە شێوەی گۆشەیەکی وەستاو هاتووەتەوە پانییەکەی مەترێکەو درێژییەکەی (٦٠) سانتیمەترەو بەرزییەکەی (٩٠) سانتیمەترە لێرەوە لەگەڵ پایەکەی پێشەوەیدا کە چوار گۆشەیە دەروازەیەك دەبینرێ درێژییەکەی ١/٦٠ مەترەو پانییەکەی مەترێك لە ڕێگەیەوە دەگەیتەوە بە هەیوانێکی لاکێشی لێرەوە هەیوانی چوارەم دەست پێ دەکات کە لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا دەکشێ یان بە پێچەوانەوە . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤) کە پێك هاتووە لە چوارپایەو لە بەشی سەرەوەی سیانیاندا پاشماوەی پایەی بازنەیی هەن ئەمانە هاوشانی دیواری



دەرەوەی باشوور دەڕۆن کە نێوانی هەر یەکێکیان ١/٨٠ مەترەن و درێژی ئەو باڵەی باشووریش کە لەسەر حەوشەکەیە ١٠ مەتر دەبێت و پانییەکەی مەترێکە . ئەو هەیوانەش سەرەکەی گومەزی بووەو شێوەیەکی نیو بازنەیی وەرگرتووە . نێوانی ئەو پایە چوارگۆشانە ١/٧٠ مەترەن و پانییەکانیان مەترێکن لەگەڵ گۆشەی باشوور خۆرئاوا نزیك دەبێتەوە کە نێوانیان ١/٧٠ مەترەن و پانییەکەی ١/٢٠ مەترە .

ژووری سەکۆی چوار کوڵەکەیان میحراب : ئەم ژوورە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی پەرستگاکەو پێك هاتووە لە سەکۆیەك و چوار کوڵەکە کە هەرچوار گۆشەکەی گرتووە . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥) لە بەشی خۆرئاوای



سەکۆکەدا واتە دواوەی لە هەردوو گۆشەکەیکدا دوو کۆڵەکەی چوار گۆشەیی دەبینرێن کە لە بەشی سەرەوەیاندا دوو بنکە کۆڵەکەی لولەیی دەبینرێن . درێژی باڵێکی کۆڵەکە چوار گۆشەییەکان ١/٢٠ مەترن و بەرزییەکانیان (٨٠) سانتیمەترن . دووری ئەم دوو کۆڵەکەیە لە گەڵ دیواری خۆرئاوای ژوورەکەدا ١/٨٥ مەترەن جگە لەوەیش تیرەی ئەو دوو کۆڵەکە لولەییەش ١/١٠ مەترەن . ئەو دوو کۆڵەکەیە هەر یەکێکیان ٣٠ سانتیمەتر لە گۆشەی سەکۆکەوە دورن . جگە لەوەیش دوری بەشی دواوەی سەکۆکە کە نیوە بازنەییە لەگەڵ دیواری دواوەی ژوورەکە ٢/٣٠ مەترە . ئەم سەکۆیە لە روی زەوییەوە مەترێك بەرزەو تیرەکەی ٦/٤٠ مەترەو درێژی پێشەوەی ٢/٤٠ مەترە . لە ناوەڕاستداو لە بەشی پێشەوەی سەکۆکەدا دوو دیواری باریکی گچکە دەبینرێن سەکۆکەی کردووە بە (٣) بەشەوە درێژی هەر یەکێکیان لای راست و چەپ (٦٥) سانتیمەترەو ناوەراستیشی (٨٠) سانتیمەترە .

درێژی یەکێك لەو دیوارانە (٨) سانتیمەترەو پانییەکەی ١٥ سانتیمەترە لە ناوەڕاستی سەکۆکەدا بۆ ناوەوە تاقێکی گچکە دەبینین پانییەکەی ٢٠ سەنتیمەترەو درێژییەکەی (٨٠) سانتیمەترو بەرزییەکەی ٢٧ سانتیمەترە . ئەو شوێنە پێی دەچێت بۆ دانانی پەیکەری ئاهۆرامز دابێت بۆ ئەوانەی بە چوار دەوریا سوڕاونەتەوەو قوربانییان پێشکەش کردوە . واتە وەك رووگایەك مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە . لە هەردوو گۆشەی پێشەوەی سەکۆکە دوو کۆڵەکەی شێوە چوار گۆشە دەبینرێن کە هەر یەکێکیان گۆشەیەکیان لە دوری ١/١٠ مەتری گرتووە .

کۆڵەکەی لای باکوور درێژی باڵێکی ١/١٠ مەترەو بەرزییەکەی مەترێك ئەوەی لای باشووریش درێژی ١و٢٠ و بەرزییەکەی ٩٠ سانتیمەترەو پانییەکەی مەترێك . دوو کۆڵەکەکەی پێشەوە کە لەگەڵ ئەوانەی دواوە لەسەر ریزێك دەبینرێن ٣ مەتر لەوانەی دواوە دورن هەروەها نێوانیان لەگەڵ دەرگای باشووردا ١/٥٥ مەترە . ئەم سەکۆیە کە ڕوی لە خۆرهەڵاتە بەشی پێشەوەی پاشماوەی دیوارەکانی ژوورەکەی نەماوە بەهۆی ئەوەی دزەکانی شوێنەوار دیوارەکانیان بڕیوە ئەوەی لێی ماوەتەوە راستە دیوارێکە درێژییەکەی ٦ مەترەو دەچێتەوە سەر هەیکەل واتە شوێنی ئاگری پەرستگاکە لێرەدا هەندێ پاشماوەی دیوار دەبینرێن وا دەرئەکەون ئەمانە لە رێگەی دەروازەیەکەوە یەکبگرنەوە کە درێژییەکەی ١/٧٠ مەترەو پانییەکەی ٥٠ سانتیمەترە هەروەها بەرزییەکەشی دەگاتەوە بەرێرەوی دەروازەی هەیکەل یان شوێنی هەڵایسانی ئاگرەکە .

هەیکەل ، یان شوێنی ئاگر (کوانوو) :

ئەم بەشەی پەرستگاکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی قەڵاکەو شێوەکەی هەروەکو ئاماژەمان پێدا چوار گۆشەیە ، درێژی باڵێکی (٦) مەترە . لە نێوان دیواری ناوەوەی هەیکەل و دیواری دەرەوەی شورەی قەڵاکەدا ڕاڕەوێك هەیە دوای پاککردنەوەی لە خۆڵەمێشی سوتاو دەرکەوت

که ئەو راڕەوە بەرەو باکوور دەکشێ کە درێژییەکەی ۹/٦٠ مەترە . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٦) شورەی قەڵاکەش بەردەوامە لە



کشاندا هەتاکو دەگات بە ١٨/٤٠ مەتر بەرزی دیوارەکەش لێرەدا (٢) مەتر دەبێت .

ئەو دیوارە لە بەشی پێشەوەی تو لە رێگایەکدایە کە لە بەشی باکووریدا دەگاتەوە بە دەروازەیەك پانییەکەی ٦٥ سانتیمەترەو لە کۆمەڵێك پلیکانە پێك هاتووە درێژی هەر یەکێکیان (٩٠) سانتیمەترەو پانییەکەی ٥٠ سانتیمەترە . پلیکانەکان دەمانگەیەنێت بە دەروازەیەکی تر درێژییەکەی ٤٨ سانتیمەترەو پانییەکەی ٥٤ سانتیمەترە . لە گۆشەی خۆرهەڵاتی باکووردا بەرەو خوار دەبینەوە هەروەها بەشێ لە دیوارەکەش بەردەوام روەو باکوور دەکشێ لێرەدا پانییەکەی ١/٢٥ مەترە . شوێنی دابەزینەکە واتە بەرەو خوار دەکەوێتە نێوان دوو دیوار درێژی پاشماوەکەی ١/٤٥ مەترەو پانییەکەی مەترێکە ، بە داخەوە پاشماوەی پلیکانەکان لێرەدا دیارنین بە هۆی ئەوەی دزەکانی شوێنەوار لە کاتی هەڵکەندنی بەشە جیا جیاکانی پەرستگاکەدا گڵیان کردوّتە سەری و شاردویانەتەوە . لە نێوان دیواری باکوور و باشووردا روەو خۆرهەڵات دەروازەیەك هەیە که دەگاتەوە بە هەیکەل پانییەکەی مەترێکەو درێژییەکەی کەمترە لە دوو مەتر . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧) دیواری خۆرهەڵاتیش کە پێك



هاتووە لە دوو دیوار کە دیواری دەرەوەی شورەکەو دیواری ناوەوەی هەیکەل تیا یەکیان گرتووەتەوە درێژییەکەی نزیکەی ٨ مەتر دەبێت ، هەروەها دیواری باشووریش درێژییەکەی ٥/٣٠ مەترە . لە بەشی دەرەوەی باشووری هەیکەل پاشماوەی دوو ژوور دەبینرێ درێژی باڵی ژووری یەکەم ٤/٤٠ مەترەو پانییەکەی ٢/١٠ مەترە بەشی باشووری لەگەڵ دیواری شورەی خۆرهەڵاتدا یەك دەگرنەوە . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٨) لە



دیواری خۆرئاوایدا لە ڕێگەی دەروازەیەك كە درێژییەكەی ٦٥ سانتیمەترەو پانییەكەی ٩٠ سانتیمەترە دەگاتەوە بە هەیوانێك پانییەكەی ١/٢٠ مەترەو درێژییەكەی نزیكەی ٦ مەترە . لە نێوان ئەم ژوورەو ژوورێكی تردا كە دیوارێك جیای كردونەتەوە درێژییەكەی ٥/٥٠ مەترەو پانییەكەی (٨٠) سانتیمەترەو بەرزییەكەی ١/٤٠ مەتر دەمانگەیەنێتە ژوورێكی تر درێژی باڵێكی ٥٠و٥ و پانییەكەی ٨٠و١ و بەرزییەكەی ٩٠ سانتیمەترە . بەشی پێشەوەی ئەم ژوورە وەكو ژوورەكەی پێشو دەگاتەوە بە دیواری دەرەوەی شوراكە هەروەها لەم ژوورەشدا بە هۆی دەروازەیەك كە پانییەكەی ٦٥ سانتیمەترە و درێژییەكەی ٩٥ سانتیمەترە دەگەینەوە بە هەمان هەیوانی پێشو كە باسمان لێوەی كرد ، كە لە ڕێگەیەوە دەگەیتەوە بەو دەروازەیەی كە ، كەوتووەتە سەر حەوشەی پەرستگاكە هەردوو ژوورەكەش بە گەچ كەفماڵ كراون . (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩) .



ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێ ئەوەیە كە لەسەربانی هەیكەل یان شوێنی ئاگردكە پاشماوەی دیواری دوو ژوور دەبینرێن كە دەرگای ژووری یەكەمیان دەكەوێتە سەر ئەو ڕێگایەی كە دەگاتەوە بە دەروازەی بەشی خۆرهەڵاتی باڵی ژووری سەكۆ یان میحراب . دەروازەی ئەو ژوورە ڕوو لە خۆرهەڵاتە . بڕوانە وێنەی ژمارە (١٠)



دیواری ئەو ژوورە لەگەڵ دیواری هەیكەل یەكدەگرنەوەو دەبنە دوو دیوار پانییەكەی ٢٠و١ مەترەو درێژییەكەی ٢/٢٥ مەتر ؛ لەو ژوورەوە لە ڕێگەی دەروازەیەك دەگەینەوە بە ژوورێكی تر ، درێژییەكەی ٩٠ سانتیمەترەو پانییەكەی ٣٥ سانتیمەتر . ئەم ژورە لە شێوەدا لاكێشییەو درێژی باڵێكی ٢/٩٠ م و پانییەكەی ٢/٢٥ مەترە . ئەو دوو ژوورە لەوە دەچن بەرزترین شوێن بن لە پەرستگاكەدا . (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٥) .



## پاشماوە دۆزراوەکانی پەرستگای قەڵای شیلە

پاشماوە دۆزراوەکانی پەرستگای قەڵای شیلە کە لە ئەنجامی کنەو پشکنیندا لە قوڵاییە جیا جیاکانیدا دەرکەوتن لەمانەی خوارەوەدا کۆبوونەتەوە :

١- مۆرێکی درێژ کوڵەی لولەیی سپی لە بەردی مەرمەڕی سپی دروست کراوە درێژییەکەی ٥و٢ سانتیمەترەو پانییەکەی ٢/٥٠ سانتیمەتر . بەشی سەرەوەی شێوەی نیوە بازنەیەکەو دەمەکەی لە ناوەڕاستیا کونێکی بازنەیی گچکەی تیا دەرهێنراوە قوڵییەکەی ١/٥ سانتیمەترە ، ئەم مۆرە شێوەی چاوێکی لەسەر دەرئەچێت . ئەگەر بەسەر قورێکدا بیبەی. لە کاتی کنەو پشکنیندا لە دەرگای دەرەوەی حەوشەی پەرستگاکە لە قوڵایی ٤٠ سانتیمەتر دۆزرایەوە .پێدەچێت ئەم مۆرە هێمای ئاگر بێت کە ئاگر چاوی خۆرە لە ئاییني زەردەشتییا . بڕوانە وێنەی ژمارە (١١) .




ب - مورووییەکی نیمچە خڕ لە ناوەڕاستدا کون کراوەو لە بەردێکی بە نرخەو هەندێ نەخشی سروشتی لە سەرە پێ دەچێت دەنگی تەزبیح بێت موغەکان بە پێی نەریتی خۆیان لە ملیان کردبێ .(بڕوانە وێنەی ژمارە (١٢)) .



تیرەکەی نزیک بە ٦ سانتیمەترەو بەرزییەکەی ١/٥ سانتیمەترە . ئەم موورووە لە خەندەقی درێژە دیواری دەرەوەی حەوشەکە لای خۆرئاوا بۆخۆرهەڵات لە قوڵایی نیو مەتر دۆزرایەوە .

جـ - لەتە دراوێکی زیوی کۆن کە بۆ سەردەمی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسوری عەباسی دەگەڕێتەوە . دراوەکەش لە بەشی دەرەوەی دیواری شورای باشووری خۆرهەڵاتی پەرستگاکە دۆزرایەوە لە قوڵایی ٢٠ سانتیمەتر.



د - چەقۆیەکی باریکی درێژ کوڵەی ژەنگن پێی دەچێ لە ئاسن دروست کرابێت . درێژی دەمەکەی ١٠ سانتیمەترەو درێژی دەسکەکەشی ٦ سانتیمەترە . پانی دەمەکەی لە ناوەڕاستدا سانتیمەترێکەو هەتا وەکو بەرەو دەمەکەشی بڕۆین کەمتر دەبێتەوە جگە لەوەیش پانی دەسکەکەی لە سانتیمەترێک کەمترە . ئەم چەقۆیە لە قوڵی ٨٠ سانتیمەتر لە هەیوانی خۆرهەڵات باشوور دۆزرایەوە بڕوانە وێنەی ژمارە (١٣) .



هـ - بەردی مەنجەنیق : ئەو بەردە مەنجەنیقانەی لە کاتی کنەو پشکنیندا لە

ژووری هەیکەل واتە شوێنی ئاگرەکە کە رووی لە خۆرهەڵاتەو لە ژێر مەترێك گڵ و خۆڵی سوتاو دۆزرانەوە ژمارەیان شەش بەردن بەم شێوەی خوارەوە :

ا- بەردێکی خڕی رەشباو قورسییەکەی ٥٥٠ گرامەو لە رویەکیدا چاڵێکی بازنەیی گچکە هەڵکەنراوە تیرەکەی ٢٣ سانتیمەترەو بەرزییەکەی ١٠ سانتیمەترەو پاشماوەی رەشی پێوە دیارە . وا دیارە لە کاتی داگیرساندنی ئاگری پەرستگاکەدا بۆی هاوێژرابێت بڕوانە وێنەی ژمارە (١٤) .



ب - بەردێکی خڕی مەیلەو سپی باو لە هەندێ شوێنیا ئاسەواری شکاندنی پێوە دیارە پێی دەچێت لە کاتی هاویشتنیاو کەوتنی بە زەویدا هەندێ پارچەی لێ بوبێتەوە . قورسییەکەی ٤٥٠ گرامەو تیرەکەی ٢١سانتیمەترەو بەرزییەکەشی ٥ سانتیمەترە.

ج - بەردێکی شێوە خڕ ئاسەواری شکاندنی پێوە دیارە و رەش باوە . قورسییەکەی ٣٥٠ گرامە . ئەم بەردە لە کاتی هاویشتنیاو کەوتنی بە زەویدا پێی دەچێت شکابێت . ئاسەواری دوکەڵیشی پێوە دیارە وا دیارە لە کاتی هەڵایسانی ئاگری پەرستگاکەدا بۆی هاوێژرابێت . تیرەکەی ٢٠ سانتیمەترەو بەرزییەکەی ٤ سانتیمەتر .

د - بەردێکی خڕی رەش باو لە بەشی سەرەوەیداو لە لایەکیا پاشماوەی شکاندنی پێوە دیارە لەوە دەچێت هۆکەی بۆ بەهێزکەوتنی بە زەویدا بگەڕێتەوە . قورسییەکەی ٣٥٠ گرامەو تیرەکەی ٢١ گرام و بەرزییەکەی ٤ سانتیمەترە بەردەکەش پاشماوەی ئاسەواری دوکەڵی پێوە دیارە .

هـ - بەردێکی خڕی رەش باو قورسییەکەی ٢٥٠ گرامەو ئاسەواری شکاندن بە لاکانییەوە دیارن ئەمەش پێی دەچێت لەکاتی هاویشتنیاو کەوتنی بە زەویدا تەڵەزمی لێ بوبێتەوە . ئەم بەردە، تیرەکەی ١٩/٥سانتیمەترەو بەرزییەکەی٤ سانتیمەترە.

و - بەردێکی خڕی گچکەی خاك باو شکاندنێك بە بەشی سەرەوەیدا دیارە . قورسییەکەی ١٠٠ گرامەو تیرەکەی ١٤ گرام و بەرزییەکەی ٣ سانتیمەترە . وا دیارە بەردێکی قۆچەقانی بێت بۆ سەر پەرستگاکە هاوێژرابێت .

سواڵەتەکان : لە بەشە جیا جیاکانی پەرستگاکەدا بە تایبەتی لە ژووری میحراب و ژوورەکانی پاشکۆی هەیکەل کۆمەڵێکی زۆر لەتە سواڵەتمان لە قولاییە جیا جیاکاندا دۆزییەوە . زۆر هەوڵمان دا گۆزەو گلێنەی ساغمان دەستکەوێت بەڵام بێ سوود بوو ، لێرەدا دەتوانین نموونەی سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلە لەم پارچە سواڵەتانەدا کۆبکەینەوە .

١- پارچەیەك لە دەمی سواڵەتی کوپەیەکی گەورەی مەیلەو سوور ئەستورییەکەی ٣/٥ سانتیمەترەو پانییەکەی

٢ سانتیمەترە . قوڕەکەی پاکەو بە باشی سور کراوەتەوەو ئاسەواری سورکردنەوەکەشی پێوە دیارە ، ئەم پارچەیە لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە (١) ی پێدراوە  بڕوانە وێنەی ژمارە (١٥) .



٢- پارچەی دیزەیەك ، قوڵفەیەکی نیوە بازنەی گچکەی پێوەیە . قوڕەکەی قاوەییەکی ڕەش باوەو پاکەو ئاسەواری سورکردنەوەی بە باشی پێوە دیارەو ڕەشی کردووە . ئەستورییەکەی نیو سانتیمەترەو نیوەی تیرەی قوڵفەکەی ٧ سانتیمەترە ، ئەو پارچەیە وا نیشانی دەدات بە شێوەیەکی ساکار دروست کراوەو لە دروست کردنیا چەرخ بەکار نەهێنراوە . لە تۆماری پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە(٢)ی پێدراوە.

٣- پارچەیەك سواڵەتی کوپەیەکی گەورە کە پشتێنەیەکی لە شێوەی پرچدا بۆ کراوەو بە نینۆك هێڵی تیا نەخشێنراوە . ئەستورییەکەی ٢ سانتیمەترەو قوڕەکەی سورێکی قاوەیی باوە ئاسەواری سورکردنەوەی باشی پێوە دیار نییە ، لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە (٣) ی پێدراوە .

٤- پارچەیەك سواڵەتی کوپەیەکی گەورە ئەستورییەکەی ١/٥ سانتیمەترەو قوڕەکەی زەرد باوەو بەسەر سوردا دەڕوانێ وا دیارە ساکار دروست کراوە . لە ڕووی دەرەوەی ئەم پارچە سواڵەتەدا (٣) هێڵ دەبینرێ کە بە نینۆك کێشراون هەروەها (٣) هێڵی تریش لە تەنیشت یەکتردا لە شێوەی (٨) دا دەبینرێ کە پشتێنەیەکی تەوقاو تەوقی یەککرتوویان دروست کردووە ، هەروەها لە ژێریەوە پشتێنەیەکی دیاری تر هەیە . دیوی ناوەوەی سواڵەتەکە لەوە دەچێت ڕووی لە باران بوو بێت بۆیە بە باشی پێوەی دیارە قوڕی ئەم سواڵەتە پاکەو پاشماوەی کاو گەچی پێوە دیار نییە . لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە (٤ ) ی پێدراوە .

٥- بنکی یەکێك لە سواڵەتە شکاوەکان کە لەوە دەچێت بازنەیی بو بێت بە پەنجە بە سواڵەتەکەیانەوە نووساندووەو شوێن پەنجەی پێوە دیارە . قوڕی ئەم سواڵەتە زەردێکی سورباوەو پاشماوەی گەچی تیا دەبینرێ . ئەم پارچە سواڵەتە بەشێکە لە گۆزەیەك کە باش سور نەکراوەتەوە هەروەها ساکاریش دروست کراوە ئەستورییەکەی ٢ سانتیمەترە . لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە(٥)ی پێدراوە.

٦- دەمی پارچە سواڵەتێکی شکاو کە شێوەی بازنەیەکی وەرگرتووەو دەمەکە بۆ دواوە ڕۆیشتووەتەوە . پانییەکەی ٣ سانتیمەترەو ئەستورییەکەی ١/٥ سانتیمەترە ، قوڕەکەی زەردێکی سورباوەو پاشماوەی وردە هێڵی پێوە دیارە ، سواڵەتەکە ساکارەو بە شێوەیەکی هونەری جوان دروست کراوە

هـەروەها لەسـەر خـۆو بـە جوانـی سـور کراوەتـەوە . بە رووی نـاوەوەی ئـەم پارچـە سـواڵەتەدا پاشمـاوەی کـارتێکردنی بـارانی پێـوە دیـارە . لـە تۆمـاری سـواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە (٦) پێدراوە .

٧- پارچـە سـواڵەتێک لـەوە دەچێـت بەشێک بێت لەگۆزەیەکی شێوە بازنەیی بە هێڵێک ملەکەی لە لاشەکەی جیا بووەتـەوە . قورەکەی سور بـاوەو پاشمـاوەی گـەچی تیا دەبینرێ . هەروەها بە باشی دروست کراوەو لەسـەر خـۆ سـور کراوەتـەوە ئەسـتوری سواڵەتەکە سانتیمەترێک زیاترە . لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە (٧) ی پێدراوە .

٨- پارچەیەک سواڵەتی دەمی گۆزەیـەک کە شێوەکەی بازنەییـەو دەمەکـەی بـۆ دواوە ڕۆیشـتووەتەوەو پاشمـاوەی هێڵێکـی دەرکـەوتووی تـەوقاو تـەوقی تیـا دەبیـنرێ . قورەکـەی زەرد بـاوەو پاکـەو گلێنەکـەش بـە باشـی سورکراوەتەوە کە پاشماوەکـەی بـە دیوی ناوەوەی دیارەو ڕەشی کردووە . پانی دەمـی سـواڵەتەکە دوو سـانتیمەترەو ئەستوورییەکەی ١/٥ سانتیمەترە لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە ٨ ی پێدراوە .

٩- پارچەیـەک سـواڵەت کـە دەمـی گۆزەیەکەو بۆ دواوە ڕۆیشتووەو شێوەی نیوە بازنەیـەکی وەرگرتـووە ئەسـتورییەکەی ٥و٢ سـانتیمەترەو ئەسـتوری لاشەکەشـی ٥و١ سانتیمەترە . قورەکەی سورباوەو پاکـەو بە باشی دروست کراوە هەروەها لە ئاگرێکی بە تینـدا سـورکراوەتەوە ئەمـەش بـە بەشی نـاوەوەی دیـواری سـواڵەتەکەوە دیـارە کـە ڕەشـی کـردووە ، لـە تۆمـاری سـواڵەتەکانی پەرسـتگای قـەڵای شـیلەدا ژمـارە (٩) وەرگرتووە .

١٠- دەمی لەتە گۆزەیەک کە شێوەی نیو بازنـەیی هەیـەو بـۆ دواوە ڕۆیشـتووەتەوە دەمەکەی هێڵێکی نەخشاندووە کە شێوەی لاکێشی وەرگرتـووە . ئەستووری دەمەکـەی ١/٥ سانتیمەترەو پانییەکەی لە دەرەوەدا ٢/٥ سـانتیمەترە قورەکـەی .پاکـەو لـە دەرەوەدا زەرد باوەو بە (٣) هێڵی پێچاو پێچ لە شێوەی هەشتدا تەوقاو تەوقی ملەکەی جوان کردووە . بەشی ناوەوەی سواڵەتەکە سورباوە . ئەم گۆزەیـە لەسـەر خـۆ سـور کراوەتـەوە . لـە تۆمـاری سـواڵەتەکانی پەرسـتگای قـەڵای شیلەدا ژمارە (١٠) ی پێدراوە .

١١- بەشێکی بچووک لە دەمی پارچەی کوپەیـەکی گـەورە . دەمەکـە لەشێوەی نیـوە بازنەیەکدایەو بە ئەستوری بۆ دواوە چوەتەوە . پانییەکـەی ٣/٥ سـانتیمەترە و دەمەکـەی شـێوەی هێڵێکـی لاکێشـی وەرگرتـوە . ئەستوری لاشـەی سواڵەتەکە ٤ سـانتیمەترەو قورەکـەی پاکـەو سـورباوەو جـوان دروست کـراوەو بـە باشـی سـورکراوەتەوەو پاشماوەکەشـی بـە دیـواری دەرەوەی گلێنەکـەوە دیـارە کـە ڕەشـی کـردووە . لـە تۆمـاری سـواڵەتەکانی پەرسـتگای قـەڵای شیلەدا ژمارە ١١ ی پێدراوە .

١٢- بەشێکی بچوك لە دەمی گۆزەیەك کە بەرەو دوا لە شێوەی نیوە بازنەیەکدا چووەو شێوەی لاکێشی وەرگرتووە . پانییەکەی ٢/٥ سانتیمەترە .

ئەم گۆزەیە ملەکەی بە (٦) هێڵی بازنەیی دەرکەوتووی تەوقاو تەوق نەخشێنراوە . ئەستوری دیواری گڵێنەکە ٢/٥ سانتیمەترە و قوڕەکەی زەردباوەو پاکەو بە شێوەیەکی جوان دروست کراوە هەروەها لەسەرخۆ سور کراوەتەوە . لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە ١٢ی پێدراوە.

١٣- پارچەیەك گڵێنەی رەشی تەنك کە (٣) هێڵی بازنەیی تیا دەبینرێ . گڵەکەی پاك نییەو پاشماوەی گەچی تیا دەبینرێ . لەوە دەچێت قوڕی ئەو گڵێنەیە پاشماوەی خوڵەمێش بێت . کە لە هەیکەلی ئاگرەکەدا زۆر بوو . ئەم سواڵەتە ئەستورییەکەی سانتیمەترێکەو لە ژێر دیواری خۆر ئاوا خۆرهەڵاتی ژووری میحراب لە قوڵی مەترێك دۆزرایەوە . بە شێوەیدا وا دیارە بە باشی سور کراوەتەوە . لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە ١٣ی پێدراوە.

١٤- بنکێکی بەتاڵی گڵێنەیەکی گچکەی تەنکی شکاو شێوەی بازنەیی هەیەو تیرەکەی ١٠ سانتیمەترە . قوڕەکەی زەرد باوەو بە باشی دروست کراوە بەڵام لە ئاگرێکی لاوازدا سورکراوەتەوە لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە ١٤ی پێدراوە.

١٥- پارچەیەکی گچکەی دەمی سواڵەتێکی تەنکی رەش کە تەوقاو تەوقی نەخشێنراوە . ئەستوری دیوارەکەی ٥ وە سانتیمەترەو لەوە دەچێت هەمان دەستور وەکو پارچە گڵێنەکەی پێشو قوڕەکەی لە خوڵەمێشی پەرستگاکە بێت و لە ئاگرێکی بەهێزشدا سور کرابێتەوە . لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە ١٥ی پێدراوە .

١٦- سواڵەتێك لە شێوەی بازنەیدایەو قوڕەکەی شێوەی خاکییەو پاك نییە پانییەکەی ٨ سانتیمەترەو درێژییەکەی ١١ سانتیمەترەو قوڵییەکەی ٢/٥ سانتیمەترەو بەباشی سور نەکراوەتەوە . پاشماوەی رەشی بە دیوارەکانییەوە دیارە لەوە دەچێت لە کۆندا کانزای تیا توێنرابێتەوە بە پێی ئەو دەسکە شکاوەی کە لەناویا دەبینرێ کاتێك لەسەر ئاگرەکە بووە پێیان گرتوە . لە تۆماری سواڵەتەکانی پەرستگای قەڵای شیلەدا ژمارە ١٦ ی پێدراوە .

بەردی گرێژنەی دەرگا : لە کاتی کنەو پشکنینی پەرستگای قەڵای شیلەدا چەند بەردێکی روپانی شێوە بازنەیی دۆزرانەوە کە لە ناوەڕاستیانا چاڵێکی گچکە هەن لە بەردەکە هەڵکەندراون هەروەها لەتەخشتێکی سور کراوەشمان دۆزییەوە کەهەمان دەستور ئەو چاڵەی تیا هەبوو هەموو ئەمانە بۆ گرێژنەی دەرگاکە لە ژێرەوەی بو بێت یان لە سەرەوەی کە توانیویە هاتوچۆ بە دەرگاکە بکات بۆ کردنەوەو داخستنی . بەردەکانیش ئەمانەن .

١- بەردێکی شێوە خڕ- هەندێك شکاندن بە لاکانییەوە دیارە ، تیرەکەی ٦٢ سانتیمەترەو بەرزییەکەی ٤ سانتیمەتر. لە

ناوەڕاستیا چاڵێك هەیە تیرەکەی ١٠ سانتیمەترەو قوڵییەکەی یەك سانتیمەتر . بە پێی تەختی بەردەکە پێ دەچێت لە ژێر گرێژەنەی خوارەوەی دەرگاکە دانرابێت.

٢- لەتە بەردێکی شێوە خڕ تیرەکەی ١٨ سانتیمەترەو بەرزییەکەی ٤ سانتیمەتر. لە سەری شوێنە شکاوەکەیەوە پاشماوەی چاڵێك هەیە ، قوڵییەکەی ٥و٠ سانتیمەترە . پێی دەچێت ئەم بەردە لە بەشی ژێرەوەی گرێژەنەی دەرگا دانرابێت بڕوانە وێنەی ژمارە (١٦) .



٣- بەردێکی شێوە خڕی شکاو درێژییەکەی ١٣ سانتیمەترەو پانییەکەی ١٠ سانتیمەترە . لە ناوەڕاستییا چاڵێك هەیە لە شێوەی بازنەدایە قوڵییەکەی ٦ سانتیمەترەو تیرەکەی ٢٠ سانتیمەتر پێی دەچێت لە بەشی سەرەوەی دەرگا دانرابێت بۆ ئەوەی گرێژەنەکە لەناویا بسوڕێتەوە .

٤- پارچە بەردێك شێوەیەکی لاکێشی ناتەواوی هەیەو لە زۆر لاوە شکاوە ئەوەی لێی ماوەتەوە درێژییەکەی ١٥ سانتیمەترەو پانییەکەی لە پانترین شوێنیا ١٠ سانتیمەترەو بەرزییەکەشی بە هەمان دەستور . لە ناوەڕاستییا چاڵێکی تیایە قوڵییەکەی سانتیمەترێکەو تیرەکەی ٨ سانتیمەتر پێی دەچێت لەژێر گرێژنەی دەرگا دانرابێت .

٥- لەتەخشتێکی سورکراوەی ئەستور لە (٣) لاوە شکاوە ئەوەی لێی ماوەتەوە پانییەکەی ١١ سانتیمەترەو درێژییەکەی ٩ سانتیمەترە . چاڵێکی تیایە لێوارەکەی شکاوە قوڵییەکەی ٢ سانتیمەترەو تیرەکەی ١٨ سانتیمەتر . پێی دەچێت بۆ گرێژنەی دەرگا دروست کرابێت کە لە ژێریا دانراوە (بڕوانە وێنەی ژمارە (١٧)) .



رای ئێمە بەرامبەر پەرستگای قەڵای شیلە : دوای تەواوکردنی کنەو پشکنین لە پەرستگای قەڵای شیلەدا هەروەها بە پێی ئەو پاشماوە ئاسەوارییانەی کە لە شوێنەوارەکەدا دەرکەوتن یان دۆزرانەوە . ئەوە دەگەینن کە ئەو پەرستگایە بە پێی گرنگی بەرزی شوێنەکەی کە لە هەمو ناوچەکەدا دەبینرێ گرنگییەکی گەورەی بووە لە مێژووی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکەدا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی زەردەشتی هەروەها ڕۆژانەش خەڵکی ناوچەکە ڕوویان تێکردووەو خوا پەرستییان کردووە ئەم کارەش بە قەوارەی گەورەی پەرستگاکەوە وەکو شوێنێکی ئایینی پێوەی دیارە . دیارە پەرستگاکەش لە دوا دوای تەمەنیدا بەرەو داڕوخان و خراپ بوون چووە

ئەمەش بە ئاشکرا بە دیواری باشوور باکووری ژووری سەکۆی چوار کوڵەکەی پەرستگاکەوە دیارە چونکە ئەو دیوارە کاری چاککردنەوەی تیا ئەنجام دراوە واتە روخاوە بۆیە چاکیان کردۆتەوە . هەر لێرەشدا تاقێك لەو راستە دیوارەدا دەبینینەوە کە لەوەو پێش بۆ روناکی بەکار هێنراوە گرتوویانە ، جگە لەوەیش راستە دیواری حەوشە کە لە باشوورەوە بۆ باکوور دەڕوات روخان و چاککردنەوەی پێوە دیارە وا پێی دەچێت لە کەوتندا بو بێت . ئەوەی لە دیوارەکانی ژووری میحراب رەچاومان کرد ئەوەبو کە بە درێژی دیواری باشوور باکووردا پاشماوەی سوتاندنیان پێوەیە هەروەها چینێکی ئەستوریش خۆڵەمێشی سوتاو لە خۆر ئاوا خۆرهەڵاتی ئەو ژوورەدایە . جگە لەوەیش ئاسەواری ئەو سوتاندنە بە دیواری باکووری ژووری هەیکەلەکە دیارەو ژوورەکە دەچێتەوە سەر پاشکۆی ئەو ژورانە کە بە هۆی دەروازەیەکەوە دەچێتەوە سەر ئەو ڕاڕەوەی دەروازەی هەیکەل یان بەشی سەرەوەی . جگە لەوانەیش پاشماوەی سوتاندن بە دیوارو بنیچی هەیکەل یان شوێنی ئاگرەکەوە دیارە لەگەڵ بونی چینێکی ئەستور خۆڵەمێشی سوتاو لەناو هەیکەل و ڕاڕەوەکەیدا کە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ باکوور دەکشێ . لەناو هەیکەل دا ژمارەیەك خرە بەردمان دییەوە کە بەردی مەنجەنیقن .

پیرۆزی پەرستگاکە لەوەدا دەرئەکەوێت کە هەمو ئەو گۆڕە کوپەڵەییانەی لە قوڵاییە جیا جیاکانی پاشکۆی ژوورەکانی هەیکەل و ئەو دەروازەیەی کە دەچێتەوە سەر راستە دیواری ژووری سەکۆ کە لە خۆر ئاواوە بۆ خۆرهەڵات دەڕوات کە پاشماوەی ئیسقانی سوتاوو خۆڵەمێشیان تیابو دۆزییەوە . ئەمانە مانای ئەوە دەگەیەنی کە خاوەنی گۆڕەکانن واتە مردووەکان بەختەوەر بوون کە ئەو شوێنە پیرۆزەیان بەرکەوتووە بۆ خستنیانە ناو کوپەڵەو ناشتنیان لە ژێر دیوارەکانیدا .

لە ماوەی کنەو پشکنیندا کە لە شوێنە جیا جیاکانی پەرستگاکەدا ئەنجام دار واتە لە ژووری میحراب و پاشکۆی هەیکەل و دیواری باشوور خۆرهەڵاتی شورای قەڵاکە هەروەها لەو چوار هەیوانەی کە دەچنەوە سەر حەوشەی پەرستگا کە لە پارچە سواڵەت بەولاوە گۆزەو گڵێنەی ساخیان تیا نەبو ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکانی ناوەوەو دەرەوە کە کارتێکردنی گەورەیان هەبوە بۆ سەر پەرستگاکە .

سەرئەنجام : دوای هەموو ئەو زانیارییانەی کە لەسەر پەرستگاکەی قەڵای شیلە لێی دواین دەگەینە ئەو خاڵانەی خوارەوە :

١- ئەو حەوشەیەی کە بە چوار هەیوان لە پەرستگاکەدا دەوری دراوە نیشانەیەکی هونەری بیناسازی ساسانییەو لەو چاخەداو دەرکەوتنی بۆ سەردەمێکی دواوەی ئەو چاخە دەگەڕێتەوە واتە بەو پێیە تەمەنی پەرستگاکە بۆ چاخی (٥) ی زاینی بە دواوەیە .

٢- ئەو بەردی مەنجەنیقانەی کە لە ژووری هەیکەل واتە ژووری ئاگرەکە دۆزرانەوە ئەوە دەسەلمێنن کە پەرستگاکە

لای خۆر هەڵاتییەوە بە بەردی مەنجەنیق لە لایەن دوژمنانی ئایینەکەوە لێی دراوەو دواتر هێرش کراوەتە سەری و داگیرکراوەو کەل و پەلەکانی ناوی لە قاپ و قاچاغ و گڵێنەی تر شکێنراون بەڵگەش بۆ ئەمە پارچەی هەموو ئەو قاپ و قاچاخە گڵێنانەیە کە لە پەرستگادا دۆزرانەوە لەوانەش زیاتر بەولاوە شتێکی تری گرنگی تیا نەبو کە شایەتی باسکردن بێت . دوای هەمو ئەو دەستدرێژیانەو تالان کردنانە پەرستگاکە سوتێنراوە بە بەڵگەی ئەوەی پاشماوەی ئەو سوتاندنە بە بەشە جیا جیاکانی ژووری میحراب و هەیکەلەوە دیارن.

دیارە هێرش کردنە سەر پەرستگاکەش لە لایەن موسلمانەکانەوە بووە لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب (د . خ ) کە هاتوونەتە کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام . ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەشەڕ لە هەرێمەکەدا بڵاو بووەتەوە .

پەراوێزەکان :

١- بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە ١٦٣٣/١٢ لە ١٩٩٨/٩/٢٠ کۆمیسیۆنێك پێکهات لەم بەڕێزانەی خوارەوە بۆ کاری کنەو پشکنین لە شوێنەواری سەر مەیدان لە گوندی سوێرەڵەی قەزای کۆیە هەروەها لە شوێنەواری قەڵای شیلە بەم شێوەیەی خوارەوە : سەرۆکی کۆمسیۆن کەمال نوری مەعروف یاریدەدەری سەرۆك هاشم حمە عەبدوڵا . سەرپەرشتیاری کار عەزیز حمە لاو عەبدولڕەحمان .

٢- حضارة العراق . الجزء الثالث ، تاليف نخبة من الباحثين العراقيين بغداد ١٩٨٥ . ص ٢٥٠ .

٣- باسی ئەو شەڕانەو داگیرکردنی هەرێمەکە لە لایەن خالیدی کوڕی وەلیدەوە لە ٢٠ ی جومادی یەکەمی ساڵی ٢٥ ی کۆچی بە دواوە بوە .

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : ولاتگیری رەشە خاکی عیراق (فتوح سواد العراق) مەلا جەمیلی رۆژبەیانی کردوویە بە کوردی و پەراوێزی بۆ داناوە . چاپی یەکەم ١٩٩٧ . لاپەڕە ١٦ بە دواوە. لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری. زنجیرە ١ .

# شوێنەواری سەرمەیدان لە گوندی سوێرەڵەی دەشتی کۆیە

کەمال نوری مەعروف
هاشم حمە عەبدوڵلا

شوێنەواری سەرمەیدان لە دەشتی کۆیە کە ناسراوە بە ( بانوی بڵند) دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی گوندی سوێرەڵە ، لای خۆرهەڵاتییەوە شیوی چەمی بلکان دەوری داوە هەروەها لە باشووریشدا گوندی پێبازوك دێ . (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١) ئەم شوێنەوارە لاکێشییەکی ناتەواوە درێژی باڵەکانی ١١٥ ، ٧٥ ، ١٠٥ ، ٥٠ مەترن .



ناوچەکە کە بۆ سووتاندن و خەڵوز کردن و سوودیان لێ بینیوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە /١). ئاوو هەوای ناوچەکە لە هاویندا وشکو



گەرمەو لە زستاندا ساردوو پڕ بارانەو بە تاو دەبارێ ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی لافاو کە بە شیوو دۆڵ و زەوی و زاری ناوچەکەوە دیارە . زەوی ناوچەکەش فشەڵەو کەمتر باران دەگرێتە خۆی واتە کەمتر ئاو ژێر زەوی دەکەوێت . لە ناوچەکەشدا نزیك بە شوێنەوارەکە تاوێرە بەردی گەورەی لمی زۆر دەبینرێ بە تایبەتی لای باکوورو خۆهەڵاتییەوە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە لە چاخە کۆنەکانی سەردەمی پلاستۆسیندا

زەوی ناوچەکە پێك هاتووە لە گڵێکی سووری قاوەی باو پێ دەچێت لە کۆندا ئاوو هەوایەکی گەرمی هەبووبێت ، ناوچەکەش لەسەردەمە کۆنەکاندا پڕ دارو درەخت بووە بەڵام ئێستاکە نەماون جگە لەو دارو درەختە کەمەی کە هەن لەسەر زنجیرە شاخی هەیبەت سوڵتان کە نزیکیەتی و دەکەوێتە باشووریەوە ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانی

ناوچەیەکی بارانــاوی بــەردەوام بــووە کــە بــە هۆیەوە لافاوو گڵ و خۆڵی شاخەکانی نزیکی هێنــاوەو قــوڕو لیتــەی بــە زەوییــەکاندا بــڵاو کردووەتــەوە ئەمــەش نیشــانەی ســەرچاوەی درووســت بوونــی زەوییــە لــە قــوڕو لیتــەی شاخەکان کە دەشت و دۆڵ و شیوەکانی پڕ کردووەتەوە .

ئێستا ناوچەکە کەم ئاوەو ئــەوەی لــە ســەرچاوەی ئــاو هەیــە زۆرینــەیان بــە کــەڵکی خواردنــەوە نایــەن لەبــەر ئــەوەی سوێرەو بــە چینێکی گەچیندا ڕۆیشتووە .

دوای پشکنینی شوێنەواری سەرمەیدان (٣) جۆر پاشمــاوەی شــوێنەواری دێرینــەمان تیــا دۆزییــەوە کــە دابــەش بــوون بــەم شـــــــیوەیەی خـــــــوارەوە :

١- پاشمــاوەی گــۆڕێــك کــە ، دەکەوێتــە باشــووری خۆرئــاوای ســەرمەیدان (١)(بڕوانــە وێنەی ژمارە/٢) .



٢- پاشماوەی قەڵایەك لە باکوورەوە بۆ باشوور دەکشێ.

٣- پاشمــاوەی بــەردە ئەســتێ کــە لای خۆرهــەڵاتی تەپۆلکەکــەی داپۆشیوە (بڕوانــە وێنەی ژمارە (٤). بۆ قسەکردن لەسەر خاڵی



یەکــەم پێویســتە ئامــاژە بــەوە بدەیــن کــە لــە سەرەتای تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا هەواڵمان پێگەیشــت کــە دزەکــان شــوێنەواری ســەر مەیدانیان هەڵکەندووە بە ئامانجی دۆزینەوەی ئاســەوار هــەر ئــەوەش بــووە هــاندەرێك کــە لێپرســـــراوی مەڵبــــەندی (٢) ی هــــەولێری یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان پــەیوەندی بکات بە بەرێز وەزیری رۆشنبیری بۆ ئــەوەی بــە دەنگیانــــەوە بچــین و ئاســــەواری نــاو شوێنەوارەکە واتە ئەوەی ماوە لە پاشماوەی ئاســەواری گۆڕەکــە ڕزگــاری بکــەین ئێمــەش دوای دابــین کردنـــــی پێداویســـــتییەکانی ئیشــکردن لــــە ١٠ تــــاوەکو ١٩٩٨/١٠/١٥ دەستمان کرد بە کاری کنەو پشکنین تێیدا .

گۆڕەگــە پێــك هــاتووە لــە شــێوەیەکی لاکێشـــی درێژییەکــــەی ٧٠و٣ مـــــەترەو پانییەکــــەی ٣و٢ مــــەترەو لــــە بــــاکووری خۆرئاوایدا دەروازەیەك هەیە بەرزییەکەی لە زەوی گۆڕەکەوە ٥٠ سانتیمەترە و پانییەکەی ٧٠ ســانتیمەترە هــەروەها درێژییەکــەی ٦٨ ســانتیمەترەو بــەرزی دیوارەکەیشــی لــێرەدا ١٠و١ مەترە .

دیواری ژووری گۆڕەکە کــە لــە بــاکووری خۆرهەڵاتــەوە بۆ بــاکووری خۆرئــاوا دەڕوات ، لــێرەدا دیوارەکــە ٦٠و١ مــەتری تــر درێــژ دەبێتــەوە و کــۆی درێژییەکــەی دەگاتــە ٣٠و٥ مــەتر بــەوەش گۆشــەیەکی وەســتاو درووست

دەکات لێرەوە دیوارەکە بەرەو خوارو بۆ باشووری خۆرئاوا ماوەی ٦٥و٢ مەتری تر دەڕوات دوای ئەوەی پاشماوەی دیوار نامێنێ وەکـو بچڕانێـک هـەبێت وایـە.

پاش ئەو ژوورە گچکەیە کە دەکەوێتە نێوان دیواری باکوور باشووری گۆڕەکەو ئەو دیوارەی دی پێشوو کە دێتەوە سەر ژوورە گچکە واتە دیواری باکوور باشووری ٥٠و١ مەترە . لێرەدا گۆڕێك و ژوورێکی گچکە دروست دەبێت کە دەتوانین ئەمەی دراییان یان بە ڕاڕەوێك دابنێین بۆ گەیشتن بە گۆڕەکە یان بە ژووری چاوە ڕێکردن ناوی ببەین کە لەوێوە کەسوکاری مردووە کە لە ڕێگای دەروازەکەوە دابەزیونەتە ناو گۆڕەکە بۆ ئەنجامدانی کاری نزاو دیاری بردن (بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣) .



لەناو گۆڕەکەدا (٤) تاقی گچکە دەبینرێن سیانیان دەکەونە ناوەڕاستی دیوارەکانی باکوورو خۆرهەلاتی ئەوی دیکەشیان دەکەوێتە ناو دیواری خۆرئاواو باشوور . درێژی تاقی رۆژهەلات ٦٠ سانتیمەترەو پانییەکەی ٣٣ سانتیمەترە ئەوەی باکوور پانییەکەی ٣٢ سم درێژییەکەی ٦٧ سانتیمەترە ، لە درێژە دیواری خۆرهەلاتی گۆڕەکەدا درێژە دیوارێکی تر بە تەنیشتییەوە دەبینرێ ، کە بە بەردو قوڕ هەلچنراوە درێژییەکەی ٧٠و٣ مەترەو پانییەکەی ٨٠ سانتیمەترە . پاشماوەی ئەم دیوارەش دەچێتەوە سەر دیوارەکانی باشووری قەلاکە.

پاشماوەی دیواری گۆڕەکە لە باشوورەوە بەرزییەکەی ٨٠و٢ مەترە و پانییەکەی ٦٠ سانتیمەترەو لە خۆرهەلاتیشەوە ئەوەی لە دیوار ماوە بەرزییەکەی ٢ مەترەو بە هەمان ئەستوور پانییەکەی ٦٠ سانتیمەترە جگە لەوەیش دیواری باکوور بەرزییەکەی ٦٠و١ مەترە .

بناغەی گۆڕەکە لە ناوەوە بەرزییەکەی ٥٠ سانتیمەترە کە هاوشانی تەختی دەروازەی گۆڕەکە دەبێتەوە .

تەختی ژوورەکان بە خشتی سوورو بە قوڕ خشتڕێژ کراون . لێرەدا دوو جۆر خشتی سوور بەکار هێنراوە یەکەمیان چوار گۆشەیەکی تەواوە درێژی لایەکی ٣٣ سانتیمەترەو ئەستوورییەکەی ٨ سانتیمەترە ، بەم جۆرە خشتە، فەرشی ناو ژوورەکان کراوە ، دووەمیان، خشتەکە لایەکی پانەو دوولاکەی تری تەسکن ، پێوانەکەی ٢٨،٣٣ سانتیمەترەو ئەستوورییەکەی ٧ سانتیمەترە . خشتی وای تێدایە ئەستوورییەکەی ١٠ سانتیمەترە ، ئەم جۆرە خشتەش زیاتر بۆ دروست کردنی دیوار بەکار هێنراوە . پێی دەچێت سەری گۆڕەکەو ژوورە گچکەکەش بە پێی پاشماوەکانی گومەزی بووبن ، واتە بەخشت چنراوبن .

